# وتەیەك
# لەبارەی ئەم كتێبەوە

خوێنەرانی خۆشەویست!

١٠ ساڵ لەمەوبەر، شەوی ١٧ی سیپتامبری ١٩٩٢ (٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١) دوكتور سادق شەرەفكەندی، سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، فەتاح عەبدولی نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، هومایوون ئەردەڵان، نوێنەری حیزب لە وڵاتی ئاڵمان‌و نووری دیهكوردی شەحسییەتی چەپی ئێرانی‌و دۆستی لە مێژینەی حیزبی دێموكرات، لە رێستۆرانی "میكۆنووس" لە شاری بیرلین‌دا كەوتنە بەر دەستڕێژی تیرۆریستەكانی كۆماری ئیسلامی‌و شەهید كران. دوكتور شەرەفكەندی‌و ئەو سێ هاورێیەی كە لەگەڵی‌دا شەهید بوون، تازە لە كونگرەی ئەنتێرناسیۆناڵی سوسیالیست كە هەر لەو شارەدا بەرێوە چووبوو، گەڕابوونەوە. ئەوان لە كاتی دانیشتن‌و بیروڕاگۆڕینەوە لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانی چەند رێكخراوێكی ئێرانی‌دا، بوون بە ئامانجی پیلانێكی تیرۆریستی كە بەرێوەبەرانی رێژیمی ئێران لە مێژ بوو لە بەرزترین ئاستدا، نەخشەیان بۆ كێشابوو.

دوكتور شەرەفكەندی بە هەق جێنشینێكی لێوەشاوە بۆ رێبەرێكی لێوەشاوەی وەك دوكتور قاسملووی نەمر بوو. رێبەرانی كۆماری ئیسلامییش باش ئەو ڕاستی‌یەیان دەزانی، بۆیە لە بەرزترین ئاستدا بڕیاری لەنێو بردنیان داو نەخشەیەكی وردو بەربڵاویان بۆ ئەو مەبەستە چەپەڵەیان كێشاو ئیمكاناتێكی زۆریان بۆ جێبەجێ كردنەكەی تەرخان كرد كە بە داخەوە تێشی‌دا

سەر کەوتن. بەڵام نەیانزانی کە هەوڵی شێلگیرانەو هەست بە بەرپرسایەتی کردنی پۆلیسو دەزگای قەزایی ئاڵمان بە مەبەستی روونکردنەوەی راستییەکانو بایەخ پێدرانی پەروەندەی تیرۆری میکۆنووس لە ئاستی ئەڵمانو ئوروپاو دنیادا، رێگا نادەن ئەو رێژیمە تیرۆریستو تیرۆریستپەروەرە وەك زۆر جاری دیکە، بە هاسانی لە دەست عەداڵەت ڕا بکا. سەرەنجام پاش نزیکەی ٥ ساڵ لێکۆڵینەوە، دادگای بێرلین رۆژی ١٠ ئاوریلی ١٩٩٧ حوکمی مێژوویی خۆی لەبارەی پەروەندەی تیرۆری میکۆنووسدا، رێبەرانی رێژیمی ئێرانی وەك تیرۆریست ناسیو پەردەی لەسەر چۆنیەتیی کارکردنی ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامی لا دا.

دوکتور شەرەفکەندی، لە بۆتەی خەباتی سەختو لە نێو جەرگەی تێکۆشان، لە هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕانەدا، پلەکانی بەرپرسایەتیو بەڕێوەبەریی لە حیزبدا یەك بە دوای یەکدا بڕیو لە هەموانیشدا لێوەشاوەییو سەرکەوتوویی خۆی بە جوانی نیشان دا. ئەرکێکی گرنگ کە چەند جارو لە چەند قۆناغی جیاوازدا لەسەر شانی بوو، بەرپرسایەتیی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێرانو مەسئوولییەتی کۆمیسیۆنی تەبلیغاتی حیزب بوو. بۆ چەند ساڵێکیش بەرپرسو سەرنووسەری "کوردستان" ئورگانی کومیتەی ناوەندیی حیزب بوو. لەڕاستیدا نووسینی وتارو بابەتی سیاسیو ویراستاریو پێداچوونەوەی زۆر لەو بابەتانەی ئورگانە تەبلیغاتییەکانی حیزب بڵاویان دەکردنەوە، بەشێك لە کاری رۆژانەی دوکتور شەرەفکەندی بوون.

کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزب، بە بۆنەی ١٠ ساڵەی شەهید بوونی ئەو رێبەرە نەمرە، بە پێویستی زانی لەگەڵ رێزنان لە خزمەتەکانی دوکتور شەرەفکەندی لە سەنگەری نووسین بە تایبەتی لە "کوردستان"دا، هەڵبژاردەیەك لە وتارەکانی کە کاتی خۆی لە "کوردستان" ئورگانی کۆمیتەی ناوەندیی

حیزبو رادیۆی دەنگی كوردستانی ئێراندا بڵاو بوونەوە، لە تۆێی ئەم كتێبەدا چاپو بڵاو بكاتەوە.

دیارە بڵاوكردنەوەی سەرجەمی نووسینەكانی ئەو نەمرە چەندین كتێبی لەو چەشنە هەڵدەگرێ، بەڵام بەو هۆیەوە كە زۆر لەو رووداوو مەسەلانەی دوكتور شەرەفكەندی لە سەری نووسیون، كاتی خۆی مەسەلە بوونو ئێستا ئەو گرنگی‌یەیان نیە، تەنیا ئەم كۆمەڵە وتارەمان لێ هەڵبژاردن تا خوێنەران وێڕای ئاشنایەتی لەگەڵ سەبكو شێوەی نووسینو روانگەو بیروبۆچوونەكانی دوكتور شەرەفكەندی، لە هەڵوێستو روانینی حیزب لە بارەی هێندێك رووداوو مەسەلەی ڕابردووش ئاگادار بن.

هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاكی دوكتور شەرفكەندیی نەمرو

بەردەوامیو سەركەوتن بۆ رێبازە پڕ لە شانازی‌یەكەی

**كۆمیسیۆنی چاپەمەنیی**

**حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران**

کوردستان

# سەنگەرێکی دیکەی تێکۆشانی رێبەری شەهیدمان

قادر وریا

نووسەری، یەکێك لە مەرجەکانی "جامع" بوونی هەر ڕێبەرێکی سیاسیی دنیای ئەمڕۆیە. ئەگەر باوەڕمان بەوە هەبێ کە نووسین‌و کاری رۆژنامەنووسیی سیاسی دەتوانن لە تەبلیغو بەرەوپێش بردنی مەبەستە سیاسی‌و شۆڕشگێڕانەکان‌دا چەکێکی کاریگەر بن، قبوولْ دەکەین کە ئەو ڕێبەرە سیاسی‌یانەی توانای بەکارهێنانی وەها چەکێکیان هەیە، دەتوانن خزمەتێکی گەورە بە تێگەیاندنی خەڵك لە بیروباوەڕی خۆیان‌و حیزبەکەیان بکەن‌و ئەوانەش کە لەو توانایە بێبەشن لەگەڵ چ کەمایەسی‌یەکی گەورە بەرەوروون.

رێبەری شەهیدی حیزبەکەمان دوکتور سادق شەرەفکەندی (کاك سەعید) لە مەیدانی نووسین‌و رۆژنامەنووسییش‌دا تواناو دەسەڵاتێکی شیاوی ڕێزو ئافەرینی هەبوو. ئەو لە ماوەی تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی لە نێو حیزبدا چەند جارو لە سەر یەك چەند ساڵ ئەرکی بەرپرسایەتیی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزب‌و "کوردستان" ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانی لە سەر شان بوو.

بۆ ئەوەی نووسەر یان رۆژنامەنووس بتوانێ لە رێگای نووسینەکانی‌یەوە ئاگایی خوێنەران لە بوارە جوراوجۆرەکان‌دا بەرەو ژوور بەرێ، پێویستە لە ئاستێکی بەرزی ئاگایی سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌دا بێ. جا ئەگەر ئەو نووسەرە بەرپرس‌و بەڕێوەبەری رۆژنامەی ئۆرگانی حیزبێکی سیاسیی بەنفووزو

ڕێبەری جووڵانەوەیەكی بەهێزی شۆڕشگێڕانەش بێ، ئاشكرایە بێجگە لە زانینو ئاگایی گشتی، دەبێ سیاسییەكی كارامەش بێ. پێویستە بە تەواوی شارەزای سیاسەتەكانی حیزبەكەی بێ، بتوانێ مەسەلە گرینگو ئاڵۆزەكان شی بكاتەوە، ڕووداوەكان لە ڕوانگەی حیزبەوە هەڵسەنگێنێو گرینگتر لەوانەش ئەو توانایەی هەبێ نووسینەكانی بكاتە ڕێنوێنو ڕێنیشاندەری ئەندامانو لایەنگرانی حیزبو كۆمەڵانی خەڵك. دوكتوری شەهید هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی هەبوون. بۆیە بە حەق نووسەرێكی سەركەوتوو، سەرنووسەرێكی شارەزاو بەرپرسو بەڕێوەبەرێكی لێوەشاوەی "كوردستان" بوو.

دوكتور شەرەفكەندی خاوەنی پلەیەكی بەرزی زانستی بووو لە ئاكامی دەیان ساڵ خوێندنو فێربوونو مامۆستایەتیو فێركردن لە قۆناغە جیاجیاكاندا، لە زانیاریی جۆربەجۆر گەنجینەیەكی گرانبەهای وەسەریەك نابوو. كەوابوو هەر لە ڕۆژی هەوەڵی تێكۆشان لە نێو حیزبی دێموكراتدا خاوەنی زۆر لەو زانیارییانە بوو كە بۆ نووسەرانی ئاسایی پێویستن. بەو حاڵەش ئەو هەتا نەهاتبووە نێو حیزب، كاری نووسینی ساسیی نەكردبووو لە نێو حیزبدابوو كە لە ماوەیەكی كورتدا توانی ببێ بە نووسەرو ڕۆژنامەنووسێكی بەتوانا.

هۆیەكی ئەسلیی پێشكەوتنی دوكتور سەعیدی نەمر لە مەیدانە جۆربەجۆرەكانی تێكۆشانی حیزبیدا، بوونی ئەو گەنجینە بەنرخەی زانستو زانیاری بوو كە ئیشارەمان پێ كرد. بەڵام ئەو هەموو زانستو زانینە هەرگیز نەببووە هۆی لەخۆبایی بوونی ئەوو وای لێ نەكردبوو لە فێربوونی زیاتر خۆی بێنیاز بزانێ. هەر بۆیەش لە خوێندنەوەی تازەترین چاپەمەنیو كتێبی نێوخۆو دەرەوە، لە بیستنی بەرنامەی خەبەریی رادیۆكان، لە دیتنی فیلمە نوێیەكانو

له فێربوون لەو ئینسانانەی حاشا له پسپۆڕیو زانایییـان ناکرێ، غـافڵ نـەبوو. لـەو پێوەندییـەشدا دیاره زانینـی چـەند زمـان دەروویـەکی فرەوانـتری بـۆ ڕەخساندبووو دەست ڕاگەیشتنی ئەوی به زانیارییه تازەکان هاسان کردبۆوه.

ئـەو تایبەتمەندییانـه لـه لایـەکو لـه لایـەکی دیکـەش بوونـی دوکتـور شەرەفکەندی له کومیتەی ناوەندیو دەفتـەری سیاسیی حـیزبدا ببوونـه هـۆی ئەوه "کوردستان" لەو ساڵانەدا که سێبەری ئەو تێکۆشەره مەزنـەی بەسـەرەوه بوو، نەخشـێکی چالاکی لـه شـیکردنەوەی سیاسـەتو هەڵوێسـتەکانی حـیزبدا هەبێو خۆشەویستیو پرستیژی خۆیو حیزبەکەیله نێو خوێنەرانیو لایەنگرانو دۆسـتانی حـیزبی دێموکراتـی کوردسـتانی ئـێراندا بپـارێزێو پـەره پـێ بـدا. دوکتـوری نـەمر کـه بـۆ خـۆی لـه ڕێبـەری کردنـی حـیزبو داڕشـتنی سیاسـەتو بڕیارەکانیدا لـه چـەند کەسـی هـەوەڵی حـیزب بـوو، لـه کـاتی بەرپرسـایەتیی کۆمیسـیونی چاپەمـەنیدا، "کوردسـتان"و بڵاوکراوەکـانی دیکـەی حـیزبی، هاوئاهەنگ لەگەڵ خەتی سیاسیی حیزب سەرپەرستی دەکرد.

کاتێك باسی تێکۆشانی کاك سەعید له سەنگەری "کوردستان"و کۆمیسـیۆنی چاپەمەنیدا دەکەین، ناچارین برێك وردتر ڕۆژانو شـەوانی لـەبیر نـەچۆوەی ئـەو ماوەیەو شێوەی کـاری ئـەو مامۆسـتایەمان وەبـیر بێنینـەوه. لـەو سـاڵانەدا کـه دوکتور سەعید بەرپرسایەتیی بەشی چاپەمەنیی حیزبی لەسەر شان بوو، کەم وا هـەبوو لـه دەفتـەری سیاسـیی حـیزبدا ئـەرکو بەرپرسـایەتیی دیکەشـی پـێ نەسپێردرابێ. زۆر جار له یەك کاتدا هەم بەرپرسـی رادیـۆ بـوو، هـەم بەرپرسـی ڕۆژنامـه. ئـەوەش دەزانـین کـه دوکتـور سـەعید ماوەیـەکی زۆر ئـەرکی قورسـی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبیشی لەسەر شان بـوو. تەنانـەت جـاری وا هـەبوو هـەر سێ بەرپرسایەتیی لـه یـەك کـاتدا ڕادەپـەڕاند. لـەو جـۆره کاتانـەدا کـه سـکرتێری گشـتیی حـیزب دوکتـور قـاسملووی نـەمر لـه سـەفەردا دەبـوو، هـەم

كارەكانی ئەوی ئەنجام دەدا، هەم وتاری بۆ رادیۆ دەنووسیو بە بەرنامەكانی رادیۆدا دەچۆوەو هەم وتاری بۆ "كوردستان" دەنووسی. بە نووسینو وەرگێڕانی ئەندامانی دەستەی نووسەرانی "كوردستان"دا دەچۆوەو هەڵەو كەموكووڕییەكانی لادەبردنو هەتا ئەو كاتەی رۆژنامە لە ژێر چاپ دەهاتە دەر چاوی لەسەر هەڵنەدەگرت. بۆ ئێمە كە شانازیی هاوكاربوون لەگەڵ ئەو ئینسانە پڕكارو بەتواناییەمان پێبڕابوو بەڕاستی حێی پرسیار بوو كە ئەو چۆن دەتوانێ گوێ بۆ رادیۆكان بگرێ؟ كەنگێ چاو بە چاپەمەنیی تازەدادەخشێنێو كەی ئێستراحەت دەكاو. . .

لە هۆیەكانی گەورەیی رێبەرانی شەهیدی حیزب یەكیان ئەوەیە كە لەبەر دەستی خۆیاندا كەسانی ئەوتۆیان پێگەیاندوە كە ئەگەر بە تەنیاش نەبێ، بە هاوكاریی یەكتر بتوانن كەلێنی نەبوونی ڕێبەرانو مامۆستایانی كۆڕی خەباتیان پڕ بكەنەوە. دوكتور شەرەفكەندی لە ماوەی بەڕێوەبردنی "كوردستان"دا گرینگییەكی زۆری بە ڕاهێنانو فێركردنی ئەو كەسانە دا كە عەلاقەیان بە نووسینو كاری رۆژنامەنووسی هەبوو، هەر بۆ ئەوەی بە كارەكەیان دلگەرم بنو ترسیان لە نووسین بشكێ، بە وردی نووسراوەكانیانی دەخوێندەوە، كەموكووڕیيەكانی بۆ دەستنیشان دەكردنو هێندێك جاریش پاش دەسكارییەكی زۆر رێگای بڵاوبوونەوەی دەدان.

دوا جار كە بەرپرسایەتیی كۆمیسیۆنی چاپەمەنیو سەرنووسەریی "كوردستان" ئۆرگانی كومیتەی ناوەندیی حیزب كەوتە سەرشانی كاك سەعید، دوای كونگرەی هەشتەمی حیزب بوو. دیارە وەك پێشوو ئەركی بەڕێوەبردنی رادیۆی دەنگی كوردستانی ئێرانیشی هەروا لەسەر شان بوو. لەو دەورەیەدا زۆربەی ئەندامانی دەستەی نووسەرانی "كوردستان" تازەكار بوون. دوكتوری شەهید بۆ ئەوەی هاوكارانی تازەكار هەم لە باری فكرییەوەو هەم لە باری

نووسینەوە پێشـکەوتنی زیـاتر وەدەسـت بێنـن، کۆبوونـەوەکانی دەسـتەی نووسـەرانی رۆژنامـەی کـردە کلاسـێکی دەرس. کـاتێك لێـك کـۆ دەبووینـەوە تـا سووژەو بابەتـەکانی ژمـارەی تـازەی "کوردسـتان" بێنینـە بـەر بـاس، مەسـەلە تازەکانی بۆ شی دەکردینەوەو ئاسۆی بیری فراوانتر دەکردین کە دەبێ چۆنو لە چ رێگایەکـەوە لەگـەڵ مەسـەلەکان هەلسـوکەوت بکـەین. دوای نووسـرانی وتارەکانو خوێندنەوەیان لە لایەن ئەندامانی دەسـتەی نووسـەرانەوە، ئـەو جـار کۆبوونەوەی هەڵسەنگاندنو باس لە سەر وتارەکانمان پێك دێنا. بە وردی گوێـی بۆ سەرنجو تێبینیو نەزەرەکانمان ڕادەگرت، یەك یەکی نووسراوەکانی هـەم لـە باری نێوەرۆكو هەم لە باری شێوەی نووسـین دێنایـە بـەرباسو "مامۆسـتایانە" دەستی دەگرتین تا بەسەر لاوازیو کەموکوورییەکانماندا سەرکەوینو هـەر لـەو کاتەشدا کامڵتر بڕوانینو بیر بکەینەوە.


سـەرکەوتنی تێکۆشـانی حـیزبیی ئـەو تێکۆشـەرە نـەمرە لـە بـوارە جۆربەجۆرەکاندا، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگـەڵ مودیرییـەتی ئـەو هـەبوو. دوکتـور سـەعید لـە بەشـەکانی ژێـر سەرپەرستیی خـۆیدا، رێگـای تەمبـەڵیو تەوەزەلیی بە هاوکارەکانی نەدەدا، چاوپۆشی لە کەمووکورییەکانیان نەدەکرد، ئەو کارەی بە هاوکارانی دەسپارد کە لە تواناییاندا بوو، ئەهلی کاری بـە بەرنامـە بـووو لـە بـەفیڕۆدانی وەخـتو ئینـێرژی تـووڕە بـوو. بۆیـە لـەو سـاڵانەشدا کـە بەرپرسایەتیی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیو دەرکردنی رۆژنامـەی "کوردسـتان"ی لـە عـۆدە بـوو، نموونـەی بەرپرسـێکی سـەرکەوتووو رێبـەرێکی خـاوەن "تدبـیر"و هـەموولابین بـوو. لێوەشـاوەیی ئـەو لـە سـەنگەری "کوردسـتان"و چاپەمـەنیی حیزبدا نموونەیەك بوو لە تواناو "استعداد"ی ئەو ڕێبەرە لـە هـەموو بوارەکـانی تێکۆشانی حیزبیدا.

"كوردسـتان" یادگـارە كۆڵنەدەرەكـەی ڕێبـەرە خۆشەویسـتەكانمان، ڕەنـجو شـەونخۆنیو مـاندوویی مامۆسـتاكانیو بـە تایبـەتی زەحمـەتی دوا نووسـەری شەهیدی خۆی دوكتور سادق شەرەفكەندی، لە دڵـی مێـژووە پڕشـانازییەكەیدا دەپارێزێو بەڕێزەوە یادیان دەكاتەوە. "دەستەی نووسەران"و هەموو هاوكـارە دڵسۆزەكانی "كوردستان" بە فرمێسكی قەڵەم شینی ساڵڕۆژی لەدەست چوونـی ڕێبەرو نووسەرو هاوكاری بە توانای ساڵانی پڕبیرەوەرییان دەگێڕن.

سڵاو لە گیانی پاكیو یادی بەڕێز بێ.

ئەم وتارە خەرمانانی ساڵی ١٣٧٢ لە ژمارەی ١٥٢ی ڕۆژنامەی "كوردستان"دا بڵاو كراوەتەوە.

## دوکتور سادق شەرەفکەندی ١٣٧١ ـ ١٣١٦ (١٩٩٢ ـ ١٩٣٨)



**لە دوا سەفەری بۆ ئورووپادا (سەفەری بێگەڕانەوە)**

**هاوینی ١٣٧١**

# خەیاڵی خاو!

ڕێژیمی ئاخوندی، ڕژێمی درۆو ڕیا، ئەم ڕۆژانە هەر لەو كاتـەدا كـە فرمێسـكی حـەرام بـۆ كوردەكـانی عـێراقی هـەڵدەڕێژێ، بـۆ خـۆی لـە كوردسـتانی ئـێراندا فشارو زەبرو زەنگی فاشیستیی بەو پـەڕی خـۆی گـەیاندوە. دیـارە ئـەو ڕێژیمـە دژی گەلیە لـە مـاوەی ٨ سـاڵی ڕابـردوودا كـە لەگـەڵ عـێراق لـە شـەڕدا بـووەو تەنانەت پێش دەسـت پێكرانـی ئـەو شـەڕەش، سیاسـەتو هەڵوێسـتو رەفتـارو كردەوەی سەبارەت بە گەلی كورد هەر بەم شێوەیە ڕیاكارانەو دوو ڕوویانە بووە؛ یانی لە لایەك دڵسۆزیی بەدرۆ بۆ گەلی كـورد لـە كوردسـتانی عـێراقو لـە لایـەكی دیكە ئینكاری هەر حەقێكی دیكە بۆ گەلی كوردو فشارو زەبرو زەنگ بۆ سەر ئەو گەلە لە كوردستانی ئێرانو لە نێو خۆی ئێراندا. بـەڵام لـەم ئاخرانـەدا، یـانی بـە تایبەت پاش تەقەوەستانی رەسمی لە نێوان ئـێرانو عـێراقدا، سـەركوت كردنـی گەلی كوردو فشارو زەبرو زەنـگ بـۆ سـەر خـەڵكی كوردسـتانی ئـێران، هـەروەك گوتمان لە هەموو ئەندازەیەكی پێشوو تێپەڕیوە.

فشاری ڕێژیمی ئاخوندی لە كوردستاندا بەربڵاوو هەمە لایەنەیە. لە راسـتیدا ڕێژیم تەواوی ئەو ڕێگایانەی لە مـاوەی چـەند سـاڵی ڕابـردوودا بـۆ بەربـەرەكانی لەگەڵ جووڵانەوەی كوردستان گرتوویەتە بەرو تەواوی ئـەو شـێوە كارانـەی لـەو پێیەدا ڕەچاوی كردوە ئێستا هەموویان پێكەوەو یەكجێ بە كار دەبا. هەم درۆو دەلەسـە هەڵدەبەسـتێو پـەنا بـۆ عـەوام هەڵخەڵـەتاندن دەبـا، هـەم لـە چـەكی ژەنگاویی هەستی مەزهەبیی خەڵكی ساویلكە كەڵك وەردەگرێ، هەم پووڵو پارە بۆ كڕینی ئەفرادی خۆ فرۆشو بەكرێ گرتنـی جاسـووسو سـیخوڕ خـەرج دەكـا، هەم فڕو فیشاڵ هەڵدەبژێرێو هەڕەشەوگوڕەشە دەكا، هەم جینایـەت بـە دوای

جینایەت سەبارەت بە خەڵکی ئاسایی‌و بێدیفاع ئەنجام دەداو سەرەئەنجام سەکوت‌و زەبرو زەنگ لە بەرامبەر هێزی پێشمەرگەدا تا ئەو جێگایەی لە دەستی بێ، پەرە پێدەدا.

بەکرێگیراوان‌و هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم ئێستا لە سەرانسەری کوردستان‌و، بە تایبەت لە گوندەکان‌داو بە مەبەستی بەرگری لە هاوکاریی خەڵك لە گەڵ حیزب‌و هێزی پێشمەرگە ئەوپەڕی هێزی خۆیان بەکار دەبەن. ڕاگەیاندراوی پڕ لە هەڕەشەوگوڕەشە چاپ دەکەن‌و لە گوندەکان لە دیواری ماڵەکان‌و مزگەوتەکانی دەدەن. بە دایم‌و بە بێ پسانەوە تاقمی چەکداری جینایەتکارو رەفتار فاشیست لە گوندەکان دەگەڕێن‌و نەك هەر ئەو هەڕەشەوگوڕەشانە دووپات دەکەنەوە، بەڵکوو بە کردەوەش خەڵك ئازارو ئەشکەنجە دەدەن، بێحۆرمەتی‌یان پێ دەکەن، لێیان دەدەن، ماڵیان بە تالان دەبەن، دەیان‌گرن‌و بە وەزعێکی زۆر خراپ بۆ زیندانیان دەنێرن. بە تایبەت سەبارەت بە کەسانێك کە شکیان لێیانەو پێیان وایە هاوکاری حیزب‌ن‌و یارمەتیی پێشمەرگە دەدەن. ئاشکرایە کە بەکرێگیراوانی رێژیم بۆ ئەنجامی ئەم کارە فاشیستی‌یانە پێویستی‌یان بە هیچ بەڵگەو دەلیلێك نیەو، هەروەك گوترا تەنیا مەیلی خۆیان‌و شك‌و گومانیان لە کەسێك بەسە بۆ ئەوەی ئیجازەی هەر کارێکی دژی ئینسانی سەبارەت بەو کەسە بە خۆیان بدەن.

لە پەنای ئەوەدا، دیارە ڕاوکردنی لاوەکان بۆ بە سەربازی‌گرتن‌و بە تایبەت بۆ ناچار کردنیان بە جاشەتی لە کوردستان‌دا بە توندو تیژی درێژەی هەیە. رێژیم نەك هەر دەیهەوێ بە خەیاڵی خۆی خەڵك لە هاوکاری کردن لە گەڵ حیزب‌و هێزی پێشمەرگە بپرینگێنێتەوە، بەڵکوو لە ڕێگای زۆرو زەبرو زەنگەوە تێ دەکۆشێ لە بەرامبەر هێزی پێشمەرگەدا رایان بگرێ‌و بەم جورە خەڵکی کوردستان بکاتە دوو بەش کە لە بەرامبەر یەکتردا رابوەستن‌و یەکتر بکوژن.

لە نێو هەموو خەڵكی كوردستاندا بنەماڵەو خزمو كەسی كادرو پێشمەرگەكان رەفتارێكی تایبەتی‌یان لە گەڵ دەكرێ. ئەوانە یەك بە یەك دەخرێنە ژێر فشار كە بە هەر جۆرێك بێ كورو كچەكانیان لە ریزی خەبات بكێشنەوەو بیان‌هێننەوە تەسلیمیان بكەن. لەم پێیەشدا هەم نەرمی‌و رووی خۆش نیشان دەدەن‌و قەول‌و وەعدەی دڵخۆشكەر دەدەن‌و هەم هەڕەشەی زیندانی كردن‌و وەدەرنان‌و تەبعیدیان لی دەكەن. هەڵبەت بە كردەوەش ئەم هەڕەشانە تا رادەیەكی زۆر بەجێ دەگەینن‌و تا ئێستا زۆر ژن‌و منداڵی كادرو پێشمەرگە بە درندەترین شێوە لە ماڵ‌وحاڵ‌و جێگای خۆیان دەركراون‌و بەرەو ئاوارە بوون پاڵ پێوە نراون، یان گیراون‌و لە زیندانەكاندا كەوتوونەتە ژێر ئەشكەنجەو زەخت‌و زۆر.

ئیعدامی زیندانیانی حیزبی، یانی ئەوانەی كە لە نەزەری رێژیمەوە بە ئەندام‌و هاوكاری حیزب دەناسرێن، بە درندەیی‌یەكی كەم وێنەوە هەر درێژەی هەیە. رێژیم بە شێوەیەكی بەربڵاو دەستی كردوە بە ئیعدامی كەسانێك كە ٣ تا ٤ ساڵە لە زیندان دان‌و بۆ زۆربەیان هیچ بەڵگەیەكی روونی لە سەر هاوكاری كردن لەگەڵ حیزب بە دەستەوە نیە. ئێمە هەر لەم ژمارەیەدا نموونەیەك لەم كردەوە جینایەتكارانەیە كە لە ناوچەكانی كوردستانەوە بە دەستمان گەیشتوون، چاپ دەكەین كە هەرچەند نیشاندەری هەمووی ئەو ئیعدامانە نیە (چونكە رێژیم خەبەری ئێعدامەكان بە رەسمی بڵاو ناكاتەوە، یان بە جۆرێك لە كاتێكدا رایان دەگەینێ كە درەنگ‌و نادەقیق بە حیزب دەگەن)، بەڵام هەر لەم ڕادەیەشدا بێگومان جێگای نەفرەت‌و بێزاریی هەموو ئینسانێكی بە هەست‌و بەشەرفن.

هەڵبەت دەزانین كە ئیعدامی خەباتگێڕان‌و ئازادیخوازان بەو شێوە بەربڵاوە لە لایەن رێژیمی دژی گەلی ئاخوندی‌یەوە نە كارێكی بێ‌سابیقەیەو نە لەم رۆژانەدا تایبەتی تێكۆشەران‌و خەباتگێڕانی حیزبی دێمۆكراتی كوردستانە. بەڵام ئەو

ئێعدامە بەربڵاوانە بەو شێوە دڕندانەیە، وێڕای ئـەنواعی فشـارو زەخـتو زۆر بـۆ سەر خەڵکی کوردستان کە ئیشارەمان بە هێندێکیان کـرد مانـای تایبـەتی خـۆی باشتر دەردەخا.

لە کەنار تەواوی ئەو زەبرو زۆرە بۆ سەر خەڵکی ئاسایی کوردسـتاندا دیـارە فشاری نیزامیو سەرکوتکەرانە بۆ سەر هێزی پێشمەرگەش بـە شـێوەیەکی کـەم وێنە پەرەی گرتوە. رێژیم هەتا پێش تەقەوەسـتان لەگـەڵ عـێراق، لانـی کـەم ٣ هـەزار پایـەگای نـیزامیی گـەروەو بچووکـی لـە کوردسـتاندا دامـەزراند بـوو کــە ژمارەی نەفەراتی ئەو پایەگایانە بە حیساب کردنی هێزە چـەکدارەکانی پادگانـە گەورەکان لە دووسەد هەزار کەس تێدەپەڕێ. بەڵام ئێستا پـاش تەقەوەسـتانی شەڕ لەگەڵ عێراق ژمارەیەکی یەکجار زۆرتری لە هێزە دژی گەلیو بەکرێگیراوانی، بە تایبەت لەوانە کە چەکداری "عقیدتی"یان پـێ دەڵێـن، لـە جێگاکـانی دیکـەڕا هێناوەتە کوردستانو ئەم کارە رۆژ بە رۆژ پتر پەرە پێ دەدا. لە راستیدا ئەگەر کوردسـتان هـەتا ئێسـتا وەك پادگـانێکی گـەورەی نـیزامی وابـوو، ئێســتا ئیـتر پادگانێکە کە بۆ ئەو هەموو هێزە چەکدارەی تێی ئاخنراوە، تەنگەبەر بۆتەوە.

لە ماوەی ئەم ساڵانەی ڕابردوودا رێژیم بە کەڵك وەرگرتن لە پـووڵو پـارە لـە لایەكو هەڕەشەو فشــار لـە لایـەکی دیکـە ڕایەڵکـەی جاسووسـیو سـیخوڕیی لـە کوردستاندا پێك هێناوە کە ئێستا ئــەو ڕایەڵەیـەی بـە جیـددی وەکـار خسـتوە. ئەرکی ئەو جاسووسو سیخوڕانە ئەوەیـە کـە هاوکـاریی خـەڵك لـە گـەڵ حـیزبو هێزی پێشمەرگە، رێگاکـانی هـاتوچۆو هـەروەها جێگـای مانـەوەو حەسـانەوەی پێشـمەرگەو بـە گشـتی هـەر جـۆرە هاوکاریـیەك کـە لـە سـەر خـــەباتی هــێزی پێشـمەرگەو تێکۆشـانی ئـەفرادی حـیزبیو بەشـداریی خـــەڵك لــە جووڵانــەوەدا وەدەسـتیان دەکـەوێ، بــە هــێزە ســەرکوتکەرەکانی رێژیـم ڕابگەیـەنن. لـەم

دواییيانەدا هەوڵی ڕێژیم بۆ پەرە پێدانی ئەو ڕایەڵــە جاسووسـیـیەو بـەكارگرتنی ژمارەیەكی هەرچی زیاتر لە ئەفراد بۆ ئەم مەبەستە بەوپەڕی خۆی گەیشتوە.

بەڵام ئایا هەمووی ئەو هەوڵدانە فاشیستییەو ئەو هەموو زەبرو زەنگە ڕێژیـم بە كوێو بە چ دەگەیـەنێ؟ وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بـۆ هـەر كەسـێك كـە كـەمێك روونبینیی سیاسیی هەبێو ئاگاداریيەكی كــەمو زۆری لـە سـەر رەوتـی مێـژووو قانوونە بێ ئەم لاو ئەولاكانی گەشە كردنی كۆمەڵی ئینســانی پـەیدا كردبـێ، زۆر روونـە. فشـارو زەبروزەنـگو كوشـتارو سـەركوتو جینایــەت، هــەر چــەند بــۆ ماوەیەكی كاتی مومكینە وەك پەڵە هەورێكی ڕەش پێشـی رۆژی روونـاك بگـرێو بۆ سەردەمێكی كورت بەرگری لە بەرەوپێش چوونی چەرخی زەمـان بكـا، بـەڵام هیچ هێزیك نەك هەر ناتوانێ ڕەوڕەوەی مێژوو بۆ پاشەوە بكشـێنێتەوە، بـەڵكوو ناتوانێ تەنانەت بۆ ماوەیەكی درێژیش پێشی گەڕانو بەرەوپێش چوونـی بگـرێ. ددانەكانی چەرخی زەمان زۆر هێزی كۆنەپەرەستو دژی گەلیو فاشیستییان لــە ژێر خۆیاندا هاڕیوەو وردو خاش كردوە كە ڕێژیمی لەرزۆكو بێبناغەی ئـاخوندی لە چاو ئەوان هەر بە حیسابیش نایە!

گەلی قارەمانو شوڕشگێری كورد سەلماندوویەتی كە لـە ژێـر هیـچ فشـارێكدا سەر بۆ داگیركەر نەوی ناكاو لە هەر ئاگرێكدا بسووتێ لە خۆڵەمێشەكەی سەر لە نوێ ئاگری شوڕشو ڕاپەڕین بە گڕترو گەرمتر لە پێشوو بەرز دەكاتەوە. حـیزبی شوڕشگێری دێمۆكـرات، حـیزبی خۆشەویسـتی گـەلی كـورد تـا ئێسـتا بـە روونـی نشانی دادوە كە ئــەو هــەموو زەبروزەنگـە نـەك هـەر ناتوانـێ پێشـی تێكۆشـانی قارەمانانەی كادرو پێشمەرگەكانی بگرێ، بەڵكوو دەبێتە هۆی ئـەوە كـە خـەبات لێبڕاوانەترو ڕێكو پێكتر لە پێشووش درێژەی هەبێ.

تەنیا ڕێژیمی دژی گەلیو بە دوور لە هەموو راستییەكانی زەمان وەك ڕێژیمــی ئاخوندین كە پێیـان وایـە بـە زەبـرو زەنـگ، فشـارو كوشـتار دەتوانـن گـەلێكی

ڕاپەڕیوو قارەمانی وەك گەلی کـورد ناچار بکـەن دەسـت لـە داخـوازە ڕەواکـانی ئینسـانیی خـۆی هـەڵبگرێو واز لـە خـەبات بـۆ ئـازادیو دێمۆکراسـی بێنـــێ، چ خەیالێکی خاو!!

ئەم وتارە لە ژمارەی ١٤١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"(خەرمانانی ١٣٦٧)دا بڵاو کراوەتەوە.

# مۆژدەی سەڵتەنەتخوازەكان بە گەلانی ئێران

سەڵتەنەتخوازەكانی ئێرانی لەم دواییانەدا دەنگیان زۆر لێ دێ‌و جموجۆڵێكی زۆر لە خۆ نیشان دەدەن. بێگومان گەلێك لە خوێنەران رەنگە پێیان وابێ هیچ پێویستی‌یەك بە باس لە سەر سەڵتەنەتخوازان نیە. چونكە خەڵكی ئێران بە تێكڕایی بە وردو درشت‌و لاوو پیرەوە لە جەرەیانی شۆڕشی ساڵی ٥٧دا نەزەری خۆیان سەبارەت بە سەڵتەنەت بە ڕوونی دەربڕی‌و لێبڕاوانە نیشانیان دا كە سەڵتەنەت‌و سەڵتەنەتخوازی ئیتر لە ئێراندا جێگای نەماوەو دەبێ بۆ هەمیشە بنەبڕ بێ. بەڵام هەر ئەوە كە ئێستا سەڵتەنەتخوازان سەر لە نوێ وەهەوڵ‌و تەقەللا كەوتوونەوە، خۆی بە مانای ئەوەیە كە ئەو بڕیارە روون‌و لێبڕاوانەیە هێندێك خاڵی جێگای باسی تێدا پەیدا بوونەوە.

لەڕاستی‌دا ئێستا ئەگەر سەڵتەنەتخوازان دەوێرن بێنە مەیدان‌و خۆ نیشان بدەن، لەبەر ئەوەیە هەست دەكەن لە ئێرانی ئەمڕۆدا شتێك سەبارەت بە ١٠ ساڵ لەمەوبەر گۆڕاوە. سەڵتەنەتخوازان دیارە پووڵ‌و پارەیەكی زۆریان هەیە، پشتیوانی بەهێزی وەك ئەمریكایان هەیە كە ئیمكاناتێكی زۆریان دەتوانێ بۆ تەرخان بكا. بەڵام نە سەڵتەنەتخوازان پووڵ‌و پارەی خۆیان لە خۆڕا خەرج دەكەن‌و نە ئەمریكاش ئیمكاناتی خۆی هەروا لە ئیختیاری ئەوان دەنێ. سەڵتەنەتخوازان‌و پشتیوانەكانیان ئەگەر هیوایان نەبێ كە بە پووڵ‌و پارە دەتوانن تەبلیغات‌و پڕوپاگەندەیەكی بەربڵاو وەڕێ بخەن‌و بەو پڕوپاگەندە نەزەری كەسانێك بۆ لای خۆیان ڕابكێشن، سەرمایەی خۆیان هەروا بە بادا نادەن‌و خۆیان بە خۆڕایی ماندوو ناكەن.

یانی بە کورتی، ئەگەر سەڵتەنەتخوازان بەرەبەرە خەریکن لەم لاو لەولاوە لە پەناو پەسیوان دێنە دەرو سەر لە نوێ حیکایەتی پڕ لە شەرمو شوورەییو پڕ لە جینایەتو خەیانەتی "شا"و "شایەتی" دێننەوە گۆڕێ، بێگومان هەست دەکەن کە هی وا هەیە گوێ بۆ ئەو قسانە ڕادەگرێو کەسی وا هەیە کە بۆ ڕزگاری لەو تاریکخانەیە تێیدا دەژی، رووناکایییەك لە لایەن سەڵتەنەتەوە چاوەڕوان دەکا! ئەمەش بە هیچ جۆر شتێکی سەیرو چاوەڕوان نەکراو نیە. ٩ ساڵ دەسەلاتدارەتیی سەرەڕۆیانەو کۆنەپەرستانەی ئاخوندەکان، ٩ ساڵ جینایەتو خەیانەت، ٩ ساڵ کوشتارو وێرانی، ٩ ساڵ بێ مەسئوولییەتی سەبارەت بە چارەنووسی خەڵکی ئێران، بەڕاستی وای کردوە کە خەڵك جاروبار یادێکی بەخێر لە شاو رێژیمەکەی بکەن!

دەڵێن لە جەهەندەمدا دووپشکی وا هەیە کە ئینسان لە ترسی ئەوان پەنا بۆ ماری ژەهردار دەبا! حیکایەتی رێژیمی ئاخوندیو رێژیمی پاشایەتی راست هەر ئەوەیە. (چونکە وادیارە یەکێك لە مەبەستەکانی ئاخوندەکان ئەوەیە کە جەهەننەمی ئەو دنیا هەر لە ئێستاوە لەم دنیایەدا بۆ خەڵك پێك بێنن.) خەڵك هێشتا زوڵمو زۆر، دیکتاتۆری، بێعەدالەتیو خەیانەتەکانی شاو دارودەستەکەیان لە بیر نەچۆتەوە! سەڵتەنەت لە نێو مێشكو بیری گەلانی ئێراندا پێشینەیەکی رەشی هەزاران ساڵەی هەیەو ئەو پێشینە دوورو درێژو پڕ لە زامو دەردە هەروا بە هاسانیو بە زوویی پاك نابێتەوە. بەڵام کاتێك بە چاوی خۆیان دەبینن‌و بە رەگو پێستیانەوە هەست پێ دەکەن کە رێژیمی ئاخوندی تەنیا لە ماوەی ٩ ساڵدا بە ئەندازەی دەیان ساڵ سەبارەت بە ئێران خەیانەتی کردوەو جینایەتی خولقاندوە، بە ناچار ئاخێك لە دەروون هەڵدەکێشن‌و وەیادی کفن دزی هەوەڵ دەکەونەوە!

ئەمەیە كە سەڵتەنەتخوازەكان هان دەدا وەجموجۆڵ كەون‌و خۆ نیشان بدەن. بۆ فریودان‌و هەڵخەڵەتاندنی خەڵكیش هێندێك قسە بە دەمەوە دەگرن‌و هێندێك دروشم دەدەن كە دیارە پڕو پووچی‌و بێ نێوەڕۆكی‌یان بۆ هەر كەسێك كە چووكترین تێگەیشتوویی‌و تێبینیی هەبێ، روونە.

سەڵتەنەتخوازەكان زۆرنای سەڵتەنەتی بێحكوومەت كردن لێدەدەن. یانی حكوومەتێكی مەشرووتەی ڕاستەقینە بە شێوەی هێندێك وڵاتی ئورووپایی وەك ئینگلستان‌و سوئێدو بلژیك‌و هولەند كە لەواندا "شا" بە كردەوە هیچ دەسەڵاتێكی ئەوتۆی نیەو تەنیا ناوو عینوانێكی هەیە. بەڵام بێمانایی‌و بێبناغەیی ئەم ئیدیعایە لە رۆژ رووناكترە. چونكە لە لایەك، ئێران بەو پێشینە دوورو درێژە تاڵەی لە سەڵتەنەت هەیەتی‌و بەو وەزعە تایبەتی‌یە كۆمەڵایەتی‌یەی كە بەرهەمی مێژوویەكی كۆنی دیكتاتۆری‌و نەبوونی ئازادی‌و پاشكەوتوویی‌یە، چلۆن لەگەڵ وڵاتی وەك ئینگلستان‌و سوئێد دەخرێنە یەك میزانەوە؟ یانی لە ئێراندا بە بێ هیچ بنج‌و بناوانێكی دێموكراسی، "شا" چۆن دەتوانێ حكوومەت نەكاو نەبێتە دیكتاتۆر؟

لە لایەكی دیكەش گریمان وەزع وابوو كە شا هەر سەڵتەنەت بكا نەك حكوومەت، یانی وەك سوئێد هەر بۆ تەشریفات داندرابێ. بەڵام وڵاتێكی وێرانی وەك ئێران‌و خەڵكێكی چارەڕەشی وەك خەڵكی ئێران مفتەخۆری ئاوای بۆ چیە؟ شتی ئاوا تەشریفاتی‌و بیكارە بەڵام پرخەرج ئەگەر لە رووی تێروتەسەلی‌یەوە نەبێ بە چ كارێك دێ؟

ڕاستی ئەوەیە كە لە وڵاتێكی وەك ئێراندا "شا" نەك هەر ناتوانێ بە شایەتی كردنی بێحكوومەت قەناعەت بكا، بەڵكوو قەت ناتوانێ دێموكرات بێ‌و لە

سـەرەڕۆیی‌و دیکتـاتۆری دوور بکەوێتـەوە. لـە وڵاتـانی وەك ئـێراندا ئـەوە سەرۆككۆمار یانی هەڵبژاردەی خەڵك هەموو دەبنە دیکتـاتۆر، چ بگـا بـە شـا کـە خۆی بە سێبەری خـودا دەزانـێ! لـە وڵاتێکـی وەك ئـێرانداو، بـە تایبـەتی لـەم چەرخ‌و زەمانەدا کە خەڵك بە پێی پێشینەی دوورو درێژو ئەزموونی مێژوویـی لـە هەرچی "شا" و "شایەتی"یە بێزارن، شا بە کردەوە خاوەنی هیـچ بنچینەیـەکی کۆمەڵایـەتی نیـەو لـە ئاکـامدا ناچـارە بـۆ ڕاگرتنـی خـۆی دەسـتەو داوێنـی پشتیوانێکی دیکەی غەیری خەڵکی وڵاتەکەی، یانی هێزی دەرەوە بێ کە ئەویش ئیمپریالیزم‌و دەوڵەتە چەوسێنەرەکانی جیهان‌و بەس. سەڵتەنەت‌و بەسـتراوەیی بە بێگانە لە ئێران‌و وڵاتـی وەك ئـێراندا دوو شـتی لـە یـەك جیـا نـەکراون‌و هـەر کەسێك غەیری ئەو ئیددیعایە بکا یان زۆر نەزانە یان ڕیاکـارو درۆزنـەو دەیهـەوێ لـە سـایەی ڕێژیمـی شـایەتی‌دا دزی‌و درۆزنـی بکـاو خـەڵك بچەوسـێنێتەوە. هـەر وەکوو سەڵتەنەت‌و دیکتاتۆریش لێك جیانەکراون‌و هیچ کامیان بەبێ ئـەوی دیکـە لە ئێران ناگونجێ.

لە نێو تەبلیغاتی سەڵتەنەتخوازکاندا خاڵێك هەیە کە بە تایبەت بۆ ئێمـە وەك گەلی کوردو باقیی گەلانی بێبەش لە مافی میللی لە ئێراندا جێگای سـەرنجە. بـە ئیددیعای سەڵتەنەتخوازان سەڵتەنەت لە ئێراندا پـارێزەری یەکپارچـەیی ئـێران‌و وەسیلەی پێکەوە گرێدانی ژیانی هاوبەشی خەڵکی ئێرانە. مانای ئەم قسەیە زۆر روونە. سەڵتەنەتخوازەکان دەیانەوێ بڵێن کە ئەگەر شا لە ئـێراندا نـەبێ، ئـێران لەت لەت‌و پارچە پارچە دەبێ‌و شتێك لە ئێران نامێنێتەوە.

هـەر لـەم دواییانـەدا "فـەرەح"خـانم یـانی"شـا بـانووی" زۆر موحتـەرەمی پێشوومان شەکری شکاندوە کە: "ڕێژیمێکی سـەڵتەنەتی قـانوونی ڕێگـا چـارەی گیروگرفتی ئێرانەو شـا هەمیشـە وەك شـتێك وابـووە کـە کەمایـەتیی مەزهـەبی‌و

تاییفەیی لە ئێراندا پێکەوە نووساندوە. هەروەك دەبینن "کۆنە شا بانوو" هەر لە ئەساسدا ئەوە کە لە ئێراندا گەلانی وەك کوردو بەلووچو تورکو تورکمەنو عەرەب هەن، قبووڵ ناکاو بە تاییفە ناویان دەبا! لە بانووش خۆ دیارە غەیری ئەوە چاوەڕوان ناکرێ؛ بەڵام بێجگە لەمە کێ هەیە کە لە مانای ئەم "سمیتە" نەگا؟ ئەم وەسیلەیە بۆ بەناو ڕاگرتنی یەکیەتیی ئێران کە "کۆنە شا بانوو" بە سمیت ناوی دەبا، بەراستی غەیری زەبرو زەنگو سەرکوتو کوشتار چ شتێکی دیکەیە؟

بەڵێ، شا بە کوشتاری بێڕەحمانەو بە لە ژێرپێ نانی هەر چەشنە مافێکی دێموکراتیو نەتەوەیی گەلانی غەیرە فارس لە ئێراندا ئەو یەکپارچەییو یەکگرتوویی‌یە رواڵەتی‌یەی راگرتبوو! بەڵام ئێستا سەڵتەنەتخوازەکان پێویست ناکا موژدەمان بدەنێ کە ئەگەر شایەتی دامەزرێتەوە، دیسان ئەو بەزمە زیندوو دەبێتەوە. ئەو بەزمە نەمردوەو ئێستاش هەر لە گۆڕێ دایە. رێژیمی ئاخوندی هەر ئێستا ئەم کارە دەتوانین بڵێین بە شێوەیەکی دڕندانەتریش دەکا. کەوابوو بۆ ئەم خزمەتە بە گەلانی ئێران، زەحمەتکێشانی شاو شاپەرستەکان لازم نیە.

ئەم وتارە لە ژمارە ١٤١ی رۆژنامەی "کوردستان"(خەرمانانی ١٣٦٧)دا بڵاو کراوەتەوە.

# فیشاڵی "بازسازی"

ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران به یەك مانا دەتوانین به ڕێژیمی "قسەو دروشم" ناو بەرین. ڕێژیمێك كه لەودا پێوانەی ئەساسی بۆ لێوەشاوەییو كارامەیی بریتییە له شارەزا بوون له قسەكردنو دروشم دان، نێوەڕۆكی قسەكەش گرینگییەكی ئەوتۆی نیە. گرینگ شكڵو شێوەی قسەكەیە، به جۆرێك كه بتوانێ به هاسانی هەستی گوێگری ساویلكه ببزوێنێو سەرنجی ڕابكێشێ هەتا ئەو كاتە كە بەرەبەرە نێوەڕۆكی بەتاڵی ئەو قسەیە دێ دەردەكەوێ. ئینجا قسەیەكی دیكەو دروشمێكی تازەو . . .هتد.

لەو كاتەوە كه ڕێژیمی ئاخوندی به قبووڵی بڕیارنامەی یەكساڵ پێشتری شوورای ئەمنییەت پێی له شكستی خۆی له مەیدانی شەڕ لەگەڵ عێراقدا ناوە، به تایبەت لەم یەك مانگەی ڕابردوودا قسەی تازەو بنێشتەخۆشكەی زاری هەموو كاربەدەستانو كارگێڕانی ڕێژیم "بازسازی" (سازكردنەوە) بووە. قسەیەك كه سەبارەت به قسه زلەكانی پێشوو ڕەنگه بۆ خەڵكی داماوی ئێران دڵخۆشكەرتر بێ. بەڵام بێگومان هەر بەو نیسبەتەش بێنێوەرۆكترو بەتاڵترە.

چونكه "بازسازی" مانایەكی پانو بەرینی هەیەو لەڕاستیدا "سازكردنەوە"، "ساغ كردنەوە"، "نوێكردنەوە"، ڕێكخستنەوە"، وەڕێ خستنەوە"، "وەكارخستنەوە"و زۆر شتی دیكه لەم بابەته دەگرێتەوە. یانی به كورتی پێداهاتنەوەیەكی گشتی به وەزعی وڵات له هەموو لایەنه جۆراوجۆرەكانیدا. بەڵام جیا لەوە كه ئاخوندەكان بەڕاستی مەیلو مەبەستی ئەنجامدانی ئەم كارەیان هەبێ یان نا، روونه كه ڕێژیم بۆ ئەم كارە نه لێبڕاوییەكی ئەوتۆی دەتوانێ هەبێو نه ئیمكاناتی ماددیی له دەست دایەو نه خاوەنی زانایی‌و لێوەشاوەیی پێویستە.

بۆ نموونەی لێبڕاوی دەتوانین ئیشارە بە یەکەمین تاقیکردنەوەی ڕێژیم لە مەیدانی "بازسازی"ی هێزە چەکدارەکانیدا بکەین:

مەبەستی بەڕێوەبەرانی پایەبەرزی ڕێژیم لە بازسازیی هێزە چەکدارەکان وادیار بوو بریتییە لە هەڵوەشاندنی سوپای پاسداران. ڕاستی ئەوەیە کە پێکهێنانی هێزی چەکداریی پاسدار لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی ڕێبەندانی ساڵی ٥٧دا دەتوانین بە یەکێك لە کارە پێویستەکانی ئەوکات دابنێین. لەوکاتدا خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران بەگشتیو حکوومەتی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو بە تایبەتی، حەقیان بوو لە ئەرتەش دڵنیا نەبن. ئەرتەشێك کە هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە گۆپاڵی دەستی ڕەزاشاو حەمەڕەزای کوڕی بۆ دیکتاتۆریو زەبرو زەنگ نواندن لە سەر خەڵك بوو، ئێستا کە سایەی شاهەنشاکەی لە سەر نەمابوو مەترسیی لێ دەکرا پتر لە ژێر فەرمانی ئەربابو مامۆستا ئەسڵییەکەی یانی ئیمپریالیزمی ئەمریکادا بێ هەتا لە خزمەت خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێراندا. لەو هەلومەرجەدا پێکهێنانی هێزێکی چەکداری گەلی کە پارێزەری دەسکەوتەکانی شۆڕشو دەسەڵاتی تازە بێ، وەك پێویستییەکی شۆڕشگێرانە چاوی لێ دەکرا. بەڵام جیا لەوە، سوپای پاسداران هەر لە سەرەتای پێکهاتنییەوە لە مەبەستی ئەسڵی لای داو بوو بە گۆپاڵێکی دەستی ئاخوندەکان بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەو سەرەڕۆیانەو پاوانخوازانەیان. ئێستاکە بەرەبەرە نزیکەی ١٠ ساڵ لە دامەزرانی ڕادەبرێ، بە پێی ئوسووڵو بە لەبەر چاو گرتنی ڕووداوەکان، ئاشکرایە کە دەبێ بە چاوێکی تازە سەیری بکرێ.

سوپای پاسداران ئێستا بە بەسیجەوە بۆتە ئۆرگانێکی چەکداری گەورە کە سەربەخۆ لە ئەرتەش دامودەزگایەکی پانو بەرینی بۆ خۆی پێك هێناوە. چ وڵاتێکی هەرە دەوڵەمەندو بە ئیمکانی دنیا توانای تەیارکردنو بەڕێوەبردنی دوو

ئەرتەشی چەكداری گەورەی هەیە هەتا ئێرانی وەرشكستەو موفلیسی ئاخوندی ئەو توانایەی هەبێ؟

بێجگە لە توانای ماددی، ئێستا ئیتر هەموو كەس دەزانێ كە وەزعی سوپای پاسداران لە باری بەڕێوەچوونو كارو كردەوەدا لەوپەڕی خراپی دایە. بێنەزمو تەرتیبیو بێسەرەوبەرەیی، بێورەییو بێبیروبڕوایی، دزیو درۆزنیو بەرتیلخۆریو قاچاغچیگەری، زۆڵمو زۆرو كردەوەی فاشیستی نواندن سەبارەت بە خەڵكو، سەرەنجام پەرەپێدانی دووبەرەكیو ناكۆكی لەگەڵ ئەرتەشو باقیی هێزە دەوڵەتیيەكانی پارێزەری ئەمنییەتی نێوخۆی وڵات وەك پۆلیسو ژاندارمەری تەنیا گۆشەیەكی بچووك لەو بوحرانەیە كە سوپای پاسداران تووشی هاتوە. بە شێوەیەك كە بێگومان ئەو سوپایە دەتوانین بە عاملێكی هەرە سەرەكیی شكستی سەرشۆڕانەی ئێران لەشەڕ لەگەڵ عێراقدا بزانین.

بەڵام، رێژیم بۆ هەڵوەشاندنی سوپای پاسداران بە چ رێگایەكدا رۆیشتو بە كوێ گەیشت؟

كارگێڕانی رێژیم لە یەكەمین هەنگاو بۆ هەڵوەشاندنی سوپای پاسداران گەڵاڵەی پێكهێنانی وەزارەتخانەیەكیان بە ناوی "وەزارەتی دیفاعو پشتیوانی" داڕشت كە وا دیار بوو لەو وەزارەتخانەیەدا سوپای پاسداران لە بەرامبەر ئەرتەشدا نەخشێكی دەرەجە ٢ی دەبێ، ناوی پشتیوانی ئەرتەشی لە سەر دادەنرێ. ئەم گەڵاڵەیە بە مەجلیسیش درا، بەڵام دیتمان كە لە لایەك باس لە سەر ئەو گەڵاڵەیە لە مەجلیسدا، هەرچەند لە پێشدا فەوریەتی پێ درابوو، حەواڵەی چەند مانگی دیكە كرا. لە لایەكی دیكەش دەنگو هەرایەكی لە سەر ساز بوو كە هەموو دەمڕاستەكانی رێژیمی ناچار كرد بە پەلەپەلو بە نۆبە بە خزمەت فەرماندەرانی سوپای پاسداران كە كۆبوونەوەیەكی گەورەیان لە تاران پێك هێنا بوو بگەنو لە ترسان تا ئەو جێگایەی لە دەستیان دێ بە قەدو باڵای

پاسداران هەڵبڵێن. سەرەنجام خودی خومەینی ناچار بوو پەیامێكی دڵداریدانەوە بۆ پاسدارەكان بنێرێو قەولیان پێ بدا كە هەتا مابێ نەهێڵێ دەرگای دووكانی ڕۆڵە پاسدارەكانی دابخرێ. لە حاڵێكدا كەس گومانی لەوەدا نیە كە بۆ دەستێوەردان لە سوپای پاسداران لە پێشدا ڕەزایەتی خومەینی وەرگیرابوو.

لە ئاكامدا هەروەك دەبینین مەسەلەی بازسازیی سوپای پاسداران جارێ بە تەواوی سەرپۆشی لە سەر دانراوە. چونكە دەركەوت كە سوپای پاسداران وەك ئەو دێوە دەچێ كە جادووگەرەكە یانی خودی ڕێژیم لە نێو شووشە ئازادی كردوە، بەڵام ئێستا بۆی لە شووشە ناكرێتەوە. ئەمەش دیارە شتێكی چاوەڕوان نەكراو نیە. لە ڕێژیمێكدا كە هەر ئاخوندەی بۆ خۆی دەمڕاستێك بێو لە ناكۆكیو دووبەرەكیی نێوخۆیییان بۆ بە دەستەوە گرتنی پتری دەسەڵاتدا، عەوامفەریبی چەكی هەرە گرینگیان بێ، كێ دەوێرێ هێزی چەكداری پاسدار لە خۆی بڕەنجێنێ؟

جەرەیانی بازسازی لە هێزە چەكدارەكانو بە تایبەت لە سوپای پاسداراندا نموونەیەكی زۆر روون لە نەبوونی تواناو لێبڕاویی ڕێژیم بۆ بازسازییە، بەڵام مەسەلەكە تەنیا لە لێبڕاویدا نیە. نەبوونی شارەزاییو لێوەشاوەییش بۆ خۆی لەو پێوەندییەدا نەخشێكی زۆر زۆر گرینگی هەیە.

بۆ بازسازی گەڵاڵە دارشتنی وردو هەموو لایەنە پێویستە. لە ئێرانی ئاخوندیدا كێ ئەم گەڵاڵانە دادەڕێژێ؟ هەروەها بۆ بەڕێوەبردنی ئەو گەڵاڵانە ئەفرادی لێزانو كارامەو پسپۆڕ پێویستە. ئەم ئەفرادە لە ئێرانی ئەمڕۆدا لە كوێ پەیدا دەبن؟

ڕێژیمێك كە بە هۆی بیروبۆچوونی كۆنەپەرستانەو كردەوەی پاوانخوازانەو سەرەڕۆیانەی خۆی، زۆربەی پسپۆڕانو كارزانانی وڵاتی لە بوارە

جۆراوجۆرەکاندا لە سەر کار وەلا ناوە، لـە زیندانـی هاویشـتوون، بـە جووخـەی ئێعدامـی ئەسـپاردوونو یـان ناچـاری کـردوون ئـاوارەی وڵاتـانی هـەندەران بـــن، ڕێژیمێك کە بەو وەزعەی لە ئێراندا پێکی هێناوە ناتوانێ چاوەڕوانی ئەوە بێ کە کەس لە خوێندەوارانو پسپۆڕانی ئێرانی لـە دەرەوەی وڵاتڕا بێنـەوە، ڕێژیمێـك کە دانشگاکانی کردۆتە مزگەوتو پلەی خوێندنو بارهاتنی بـە تایبـەت لـە بـاری عیلمی‌یەوە بەو ڕادە بەرچاوە هێناوەتە خوار ئـەو بازسـازی‌یەی ئیدیعـای دەکـا دەیهەوێ بـە فکـرو بـە دەسـتی کـێ ئـەنجامی بـدا؟ فەرمایشـی وەك "ئـابووریی ئیسـلامی" یـان "بازسـازیی نـە شـەرقیو نـە غـەربی" یـان "گەڵاڵـە داڕشـتن لـە چوارچێوەی ئیسلامدا" کاتێك دێنە گۆڕەپانی کردەوە چ مانایەك دەدەنو چیـان لـێ شین دەبێتەوە؟

بەڵام خاڵی سێهەمو گرینگترین خاڵ لە بازسازیدا، بیگومان ئیمکاناتی ماددی یانی پووڵو سەرمایەیە. ئێرانی وەرشکستی ئاخوندی ئەم سەرمایە پێویسـتە لـە کوێڕا دێنێ؟

هـەمووومان دەزانـین کـە داهـاتی ئەسـڵیی وڵات بریتی‌یـە لـە داهـــاتی نـــەوت. بەستراوەیی ئێران بە داهـاتی نـەوت ئەگـەر لـە زەمـانی شـادا لـە ڕادەیـەکی زۆر سـەرەوەدا بـوو، ئـەم بەسـتراوەیی‌یە ئێسـتا ئیـتر کـامیلو تـەواوە. نـــە بنکـــەو بنیاتێکی سەنعەتی لە کاردا ماوە کە بەرهەمێکی ئەوتۆی هەبێو نە لە کشتوکاڵ شتێك ماوە. دیارە بە قسەی ئاخوندەکان ڕۆژ بە ڕۆژ کانگـای بـەنرخترو جێگـای داهاتی پــتر بـۆ ئـێران دەدۆزرێتـەوە. لـە گۆشـەیەکی ئـێراندا کانگـای ئـەوەندە گەورەی زیڕیان دیتۆتەوە کە بەم زووانە ئــێران دەکاتـە یەکـەمین وڵاتـی خـاوەن زێڕی دنیا. لە جێگایـەکی دیکـە چاویـان بـەوەندە مـس کـەوتوە کـە داهاتەکـەی بەشی حەوت پشتی خەڵکی ئێران دەکاو گەلێك لەم فڕوفیشاڵانە. بەڵام کێ هەیە کە نەزانێ ئێستا تەنیا کانگای داهاتی ئێران نەوتەو بەس؟ کەچی نرخی نەوتیش

لـە بـازاڕی دنیـادا بـەو جۆرەیـە كـە دەی‌بینـین! ئەگـەر زۆر بـە خۆشـبینی‌یەوە بڕوانین، لەوانەیە كە بێینە سەر ئەم باوەڕە، ئاخرەكەی پاش چەند مانگی دیكـە "ئۆپێـك" دەتوانـێ لـە سـەر ڕادەیـەكی دیـاریكراو بـۆ نـاردنی نـەوت بـە بـازاڕی جیهانی‌و بەشی هەركام لە وڵاتانی ئەندامو هەروەها لە سـەر نرخێكـی دیـاریكراو بڕیارێك بداو ئەم بڕیارە بـە هـۆی یـەكدەنگی لـە نێـو ئـەندامانی خـۆی‌دا بـەڕێوە بەرێ. بەڵام دیارە كە ئەم كـارە ناتوانـێ موحتـاجی‌و ئاتـاجیی ڕێژیـم چارەسـەر بكا. گریمان نرخی نەوت لە بازاڕی جیهانی‌دا گەیشتە دوو بەرابەری نرخی ئێستا، یانی بگاتە ١٨ هەتا ٢٠ دولار بۆ هەر بۆشكەیەك. ئێرانێك كە بـە تـەواوی وێـران‌و ڕووخاوە، ئێرانێك كە پێویستیی بە میلیاردهـا دولارو دەیـان سـاڵ كـار هەیـە بـۆ ئەوەی تازە بگاتە وەزعی زەمانی شا، ئەو داهاتە بە كوێی ڕادەگا؟

پێمان وایە ئەم ئیشارە كورتە بەسە بۆ ئەوەی بە روونی نیشـان بـدا كـە ئـەو بازسازی‌یەی ڕێژیمی ئاخوندی دەهۆڵی بۆ هەڵگرتوە تا چ ئەندازە بێ نێـوەڕۆك‌و بـێ بناخـەو هـەتا چ ڕادەیـەك بێ‌ئاكـامو بـێ بەرهەمـە. كـاری ڕێژیمـی ئـاخوندی هەروەك لە مـاوەی ئـەم ١٠ سـاڵ دەسـەلاتدارەتی‌یەدا سـەلماندوویەتی تێكـدان‌و ڕووخاندن‌و وێران كردن‌و لە نێو بردنە نەك سازكردن‌و ئاوەدان كردنەوە. بەڵام لە جەرەیانی ئەم ڕووخاندن‌و وێران كردنەدا ڕاستی ئەوەیە كە ڕێژیمی ئاخوندی بنی خۆشی كۆڵیوەو دیوارێكی بە تـەواوی لـەرزۆكی لـێ ماوەتـەوە. كـەوابوو ئەگـەر بمانەوێ دەست بە ئاوەدان كردنـەوە بكـەین، پێویسـتە لـە پێـش‌دا ئـەم دیـوارە لەرزۆكەش بە یەكجاری تێك بڕووخێنین. ئەمەیە سەرەتای هەر "بازسازی"یـەكی ڕاستەقینە لەو كەلاوە گەورەیەدا كە ئێرانی ئێستا بێ!

ئەم وتارە لە ژمارە ١٤٢ی ڕۆژنامەی "كوردستان"(ڕەزبەری ١٣٦٧)دا بڵاو كراوەتەوە.

# دیکتاتۆری و سەربەخۆیی

وەزعی شپرپیوی رێژیمی ئاخوندی بە لەبەر چاو گرتنی دروشمەکان و ئیدیعاکانی کارگێڕانی ئەو رێژیمە زۆر مەسەلەی جێگای باس و لێ ورد بوونەوە دێنێتە گۆڕێ کە مەسەلەی نێوان دیکتاتۆریی حکوومەت و بەستراوەیی‌یەکەی یەکێك لەوانەیە.

لە مانگی ڕەزبەردا "خامنەیی"، "ڕەفسەنجانی"، ئەردەبیلی"و "مووسەوی" سەبارەت بە ڕوون بوونی سنووری چوار چێوەی "بازسازی" نامەیەکیان بۆ خومەینی نووسی کە خومەینی لە وەڵامدا سیاسەتی "نە شرقی نە غربی"ی وەك بناخەی مانەوە و پتەویی کۆماری ئیسلامی و شتێك کە لە هیچ هەلومەرجێکدا نابێ وازی لێ بهێنرێ، دەست نیشان کرد، دروشمێك کە ئاخوندەکان لە سەرەتای بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات ڕا لەگەڵ هێندێك دروشمی دیکە بە زاریانەوە گرتوە و بە جێ و نابەجێ دووپاتیان کردۆتەوە.

بەڵام، با بزانین لە مەیدانی کردەوەدا مانای واقیعیی ئەم دروشمە چی‌یە؟

یەکەمین خاڵ کە لەم پێوەندی‌یەدا پێویستە روون بکرێتەوە ئەوەیە کە دروشمی "نە شرقی نە غربی" وەك خەتێکی سیاسی بۆ ئێران ئەگەر بە مانای نەبەستراوەیی (عدم تعهد) یانی ئەو ئەسڵە بێ کە بەردی بناخەی رێکخراوی وڵاتانی نەبەستراو (غیر متعهد) دەناسرێ، شتێکی بێ نێوەڕۆك نیە. هەر چەند نە خاڵێکی تازەیە کە ئاخوندەکان کەشفیان کردبێ و نە ئەوەندەش روون و بێ گرێ و گۆڵە کە جێگای هیچ باس و خواسێکی تێدا نەبێ. مەسەلەی "نەبەستراوەیی" کە لە ئەساسدا لە سەر بیروبۆچوونی وجوودی دنیایەکی

سێهەم لە نێوان دوو دنیای دیكە، یانی بەرەی وڵاتانی سوسیالیستی بە سەرۆكایەتیی یەكیەتیی سۆڤیەت لە لایەكو، بەرەی وڵاتانی سەنعەتیی سەرمایەداری بە سەرۆكایەتیی ئەمریكا لە لایەكی دیكە دامەزراوە، ڕێگایەكی سەربەخۆ بە بێ بەشداری لە پەیمانە نیزامی ـ سیاسییەكانی سەروە هەركام لە دوو دنیای شەرقو غەرب پێشبینی دەكا. نەبەستراوەیی نەك بە مانای دوژمنایەتی یان خۆ پاراستن لە پێوەندی گرتن، بەڵكوو بە مانای پێوەندی گرتنێكی بەربڵاو، بەڵام ئازادانەو سەربەخۆ لە هەر بارێكەوە كە بە قازانجو مەسڵەحەتی وڵات بزانرێ، لەگەڵ هەر دوو لایەنی شەرقو غەرب.

بەبێ ئەوەی پێویست بێ بچینە نێو ئەو باسە كە سنووری روونی بەینی بەستراوەییو نەبەستراوەیی لە چیو لە كوێ ڕا دەست پێ دەكا، ڕاستی ئەوەیە كە بە لەبەر چاو گرتنی وەزعی ژێئوپۆلیتیكی (جغرافیایی ـ سیاسی)ی ئێران، ئەو نەبەستراوەییەی ئیشارەی پێ كرا ڕەنگە لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا بەجێترین خەتی گشتیی سیاسی بۆ ئێران بێ. بەڵام پرسیارێك كە لێرەدا دێتە گۆڕێ ئەوەیە كە: ئایا ڕێژیمی ئاخوندییش مەبەستی لە دروشمە "نە شرقی و نە غربی"یەكەی هەر ئەم نەبەستراوەییەیە كە ئیشارەمان پێ كرد؟ لە پاشانیش ئایا ئەو ڕێژیمەو بە گشتی هەموو ڕێژیمەكانی وەك ئەو دەتوانن بە كردەوە خاوەنی سەربەخۆییەك بن كە دەستەبەری ئەو نەبەستراوەییە بێ؟

هەروەك گوتمان "نەبەستراوەیی" زۆرتر لە باری سیاسییەوە دەتوانێ مانایەكی هەبێ، ئەگینا لە باری نەزەریو بە تایبەتی لە باری ئابوورییەوە بیروبۆچوونی دنیای سێهەم لە نێو دوو دنیای دیكەدا بناخەیەكی لەرزۆكی هەیە. چونكە ئەگەر دنیای غەرب بە دنیایەكی سەرمایەداریو دنیای شەرق بە دنیای سوسیالیزم دابنێین، دنیایەكی دیكە بەینی شەرقو غەرب لە سەر ئەساسی چ

سیستمێکی ئابووری دامەزراوە، یان دەتوانێ دابمەزرێ؟ لە حاڵێکدا وایدەچێ کە ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران دروشمی "نە شرقی و نە غربی"ی ڕاست بە مانای ڕەد کردنەوەی هەر دوو نیزامی سەرمایەداریو سوسیالیزم دەگرێ.

"نە شەرقی، نە غەربی، جەمهووریی ئیسلامی" لە نەزەر ئاخوندەکانەوە یانی دامەزراندنی دنیایەکی ئیسلامی لە نێوان دوو دنیای ئیستکباریی شەرقو غەربدا، بە نیزامێکی تایبەتیی ئابوورییەوە کە ئابووریی ئیسلامی بێ، جیا لە سەرمایەداریو سوسیالیزم. بەڵام ئاشکرایە کە ئەگەر ئابوورییەك بە ناوی ئابوریی ئیسلامی هەبێ، سیستمەکەی لە دنیای ئەمڕۆدا لە واقیعدا لە سیستمی سەرمایەداری بەدەر نیە. ئەسڵی ڕەوا بوونی مالیکییەتی شەخسیو ئازادیی دەوڵەمەند بوونو کۆ کردنەوەی سەرمایە (بە شەرتی دانی مالیاتی شەرعیو دەوڵەتی) خۆی شاهیدی حاشاهەڵنەگرتووی ئەم ڕاستییەیەو شوێنەوارەکەشی ئەمڕۆ لە دووبەرەکیو گێرەوکێشەی نێوان ئاخوندەکان لە سەر مەسەلەی سنووری دەخالەتی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریی وڵاتدا بە تەواوی دیارە.

مومکینە ئیددیعا بکرێ کە باس لە سەربەخۆیی یان نەبەستراوەیی ئابووری لە وڵاتێکدا ئەگەریش لە روانگەی نێوەرۆکی نیزامی ئابوورییەوە باسێکی بێبناخە بێ، لانیکەم لە روانگەی شێوەی پێوەندیی ئابووری لەگەڵ وڵاتانی دیکەو، دەرەجەی ئەو پێوەندییەوە بێ ئەساس نیە. ئەمە راستە، بە شەرتێك کە "نەبەستراوەیی" بە مانای سەربەخۆیی تەواو یان "خودکفایی" نەگیرێ. لە دنیای ئەمڕۆدا هیچ وڵاتێك ناتوانێ دیوارێکی نفووز تێنەکراو بە دەوری خۆیدا بکێشێ. بەرهەمی خودکفایی ئابووری ئیددیعای ئیسلامی (یان ئاخوندی) وەزعی شپرزەی ئێستای ئێرانە کە پێویستیی بە باس کردن نیە، هەرچەند هێشتا ١٠ ساڵ لەم بە ناو خودکفایییە تێنەپەڕیوە!

ئەوەی لە بارەی "نەبەستراوەیی" بە مانای "خودكفایی" ئابووری گوترا، لە بوارەكانی دیكە وەك نیزامی، عیلمیو فەرهەنگییشدا دیارە بە تەواوی راستە. شەڕی چەند ساڵە لەگەڵ عێراق بە هەموو كەسێك، تەنانەت بە ئەفرادی زۆر دوور لە واقعییاتی دنیای ئەمڕۆش وەك ئاخوندەكانی نیشان دا كە وڵاتێكی وەك ئێران لە باری نیزامیو بە تایبەت لە نەزەر كەرەستەی نیزامییەوە تا چ ئەندازە بەستراوە بە دەرەوەیە. لە باری عیلمییشەوە كە بۆ عیلمو زانست ئەمڕۆ تەنیا یەك دنیا هەیەو بەس! مەگەر ئەوە كە ئێستا روانینو تێگەیشتنمان لە عیلم لە هەمان پلەی عیلمیی زەمانی "ابو علی سینا"و "ابوریحان"دا بێ!

**

بەم جۆرە تەنیا نەبەستراوەیییەك كە هەروەك گوترا بە مانای "سەربەخۆیی" بناخەیەكی ئوسوولیی دەتوانێ هەبێ نەبەستراوەیی سیاسییە. بەڵام بۆ نەبەستراوەیی، یان بڵێین سەربەخۆیی سیاسی، یەك مەرجی هەرە ئەساسی پێویستەو ئەویش دێمۆكراسییە. لە وڵاتانی وەك ئێراندا حكوومەتێكی دیكتاتۆر ئەگەریش لە سەرەتادا بتوانێ ڕواڵەتێكی سەربەخۆ بە خۆیەوە بگرێ، بێگومان ناتوانێ بۆ ماوەیەكی درێژ لە باری سیاسییەوە سەربەخۆ بمێنێ. هەرچەندەش لەم بارەیەوە دروشمی پڕ زەرقو بەرق بداو فڕو فیشاڵی هەڵخەڵەتێنەر بڵاو بكاتەوە. دەلیلی ئەم كارەش ڕوونە: هەر حكوومەتێك لە هەر وڵاتێكدا بە ناچار دەبێ سەرچاوەیەكی بۆ هێزو دەسەڵاتەكەی هەبێ. بۆ حكوومەتێكی دێمۆكرات ئەو سەرچاوەیە بریتییە لە كۆمەڵانی خەڵك. یانی حكوومەت پشتی بە هێزی خەڵكی وڵاتەكەیەوەیە. بەڵام حكوومەتێك كە پشتی بە خەڵكەوە نەبێ، ناچارە پشت بە هێزێكی دیكە ببەستێ، ئەگینا بە بێشك عۆمرێكی درێژی نابێ. ئێمە نموونەی حكوومەتی دیكتاتۆریی "شا"مان لە وڵاتی

خۆماندا دیتوەو ئەنواعی حکوومەتە دیکتاتۆرەکانی جیهان لە ئەمریکاو ئەفریقاو ئاسیاشدا دەبینین کە چلۆن بۆ ڕاگرتنی خۆیان‌و درێژەدان بە دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەیان سەبارەت بە خەڵکی وڵات بە تەواوی خۆیان بە حکوومەت یان حکوومەتە بە هێزەکانی دەرەوە بەستۆتەوە.

لە دنیای پڕ پێچ‌و خەمی ئەوڕۆدا ئەو شتە سەرەکی‌یە کە دەتوانێ دەستەبەری سەربەخۆیی ڕاستەقینەی سیاسی لە وڵاتی ئێراندا بێ "دیمۆکراسی"یەو، "بەستراوەیی" ئاکامی بێ ئەملاوئەولای دیکتاتۆری‌و سەرەڕۆیی‌یە. تەنانەت لە باری ئابوورییشەوە کە هەروەك گوتمان "خودکفایی" مانایەکی روونی نیە، ئەوە دێمۆکراسی‌یە کە نەخشی هەرە کاریگەر دەگێڕێ، وڵاتێك ناتوانێ خۆ لە پێوەندیی ئابووری لەگەڵ وڵاتانی دیکە ببوێرێ. بەڵام بۆ ئەوەی ئەو پێوەندی‌یە نەبێتە بەستراوەیی، پێویستە کە خەڵکی وڵات لە کاروباری ئابووری‌و بەرهەمهێناندا چالاکانەو دڵسۆزانە بەشداری بکەن. ئەمەش وەدی نایە مەگەر لە سایەی دێمۆکراسی‌یەوە. یانی کاتێك کە خەڵك حکوومەت بە هەڵبژاردەو نوێنەری خۆیان بزانن‌و هەست بە کاریگەر بوونی بەشداریی خۆیان لە کاروباری بەڕێوە بردنی وڵاتدا بکەن. نموونەی وڵاتی گەورەو پێشکەوتووی یەکیەتیی سۆویەتمان ئەم ڕۆژانە لە بەر چاوەو دەبینین کە رێبەرانی یەکیەتیی سۆویەت بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتی ئەسڵیی وڵاتەکەیان کە گیروگرفتی ئابووری‌یە، چلۆن تێ‌دەکۆشن لە پێش‌دا لە باری سیاسی‌یەوە مەسەلەکە حەل بکەن. یانی لە ڕێگای قووڵتر کردن‌و پتر پەرە پێدانی دێمۆکراسیی سیاسی‌یەوە بەرەو ئامانجی ئەسلی‌یان کە گەشەپێدانی وەزعی ئابووری‌یە بچن.

ئەزموونی گەلانی جیهان ئەمڕۆ بە روونی نیشان دەدا کە ئەو دەرمانە سێحراویەی ئەمڕۆ دەتوانێ چارەسەری هەموو نەخۆشی‌یەکانی ژیانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی بکا، "دێمۆکراسی"یە. رێژیمی سەرەڕۆ دژی گەلیی ئاخوندی کە

رۆژ بە رۆژ پتر لە كۆمەڵانی خەڵكی ئێران دوور دەكەوێتەوە، بە چ هێزو چ ئیمكاناتێكو چ پشتیوانێكەوە دەتوانێ درێژە بە دەسەڵاتی ڕەشی خۆی بدا غەیری هێزێك كە لە دەرەوەی ئێران ڕا پشتی بگرێو ئیمكاناتێك كە لە لایەن ئەو پشتیوانە خاریجی‌یەوە لە ئیختیاری بنرێ؟

ئەم وتارە لە ژمارە ١٤٣ی رۆژنامەی "كوردستان"(خەزەڵوەری ١٣٦٧)دا بڵاو كراوەتەوە.

# ساڵڕۆژی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ

رۆژی ١٩ی سەرماوەزی ئەمساڵ (١٠ی دیسامبری ١٩٨٨) چلەمین ساڵڕۆژی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ بوو. بەم بۆنەیەوە لە زۆر وڵاتی دنیادا رێوڕەسمی تایبەتی بەڕێوە چوو، بە تایبەت لە شاری "پاریس" راست لەو جێگایە کە چل ساڵ لەمەوبەر، لە ساڵی ١٩٤٨دا ئەو بەیاننامەیە بە ئیمزا گەیشتبوو، رێوڕەسمێکی گەورە بە بەشداریی "فرانسوا میتران" سەرۆك کۆماری فەرانسەو "پرێز دوکوێلار" سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان‌و ژمارەیەك لە شەخسییەتە بە ناوبانگەکانی جیهان کە لە رێگای مافی مرۆڤدا تێکۆشانی بەرچاویان هەیە پێك هات.

بە ناوی بەیاننامەی مافی مرۆڤ، تا ئێستا چەندین سەنەد لە دنیادا بڵاو بوونەتەوە. یەکێکیان بریتی‌یە لە سەنەدێك کە دووسەدو چەند ساڵ لەمەوبەر هاوڕێ لەگەڵ بەیاننامەی سەربەخۆیی ئەمریکا بۆ دیاریکردنی مافی هاووڵاتیانی ئەمریکا نووسراوە. پاشان "بەیاننامەی مافی مرۆڤ‌و هاووڵاتیان" کە دووسەد ساڵ لەمەوبەر لە شۆڕشی مەزنی فەرانسەدا بڵاو بۆوەو لە ساڵی زایینیی داهاتوودا (١٩٨٩) وێڕای جێژنەکانی دووسەد ساڵی شۆڕش لە فەرانسەدا یادی دەکرێ. دیارە ئەم بەیاننامەیەی مافی مرۆڤ کە لە ساڵی ١٧٨٩ی زایینی، یانی لە سەرەتای شۆڕشی مەزنی فەرانسەدا نووسراو ڕاگەیەندرا، پاشان دوو جاری دیکە هەر لە جەرەیانی شۆڕش‌دا دەستی تێبراو کامیل‌تر کرا. یەکیان ساڵی ١٧٩٣و ئەوی دیکەیان لە ساڵی ١٧٩٥دا.

بەڵام ئەو سەنەدە کە بە ناوی "بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ" ئەمڕۆژانە چلەمین ساڵی جێژن گیرا،پاش شەڕی دووهەمی جیهانی لە لایەن رێکخراوی

نەتەوەیەكگرتووەكانەوە ئامادەو پەسند كراوە. یانی لە زەمانێكدا كە شەڕی دووهەمی جیهانی پاش ئەو هەموو كوشتارو وێرانیو زەجرو عەزابە بۆ خەڵكی دنیا كۆتایی پێ هاتبوو. فاشیسمی مووسوولینیو نازیسمی هیتلەر تێك شكابوونو ئاواتو ئارەزووی بەرابەریو یەكسانیو رێزدانان بۆ ئینسانو مەقامی ئینسان لە دڵو دەروونی خەڵكی دنیادا وەك ئاگرێكی گەرمو بەتین بڵێسەی دەدا.

پێویستە بگوترێ كە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، هەرچەند لە لایەن رێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكانەوە ئامادەو بڵاو كراوەتەوە، بەڵام وەك ئەسلەكانی بناغەی خودی ئەو رێكخراوەیە لەبەر چاو گرتنو عەمەل پێكردنیان بۆ هەموو ئەندامان ئیجباری نیە. ئەو بەیاننامەیە پتر وەك هێندێك خالی ئەساسیو ئوسووڵی چاو لێ دەكرێ كە لەبەر چاو گرتنو بەڕێوە بردنیان بە باش دەزانرێ. بۆیە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ هەر لە سەرەتاڕا لە لایەن هێندێك لە حكوومەتەكان وەك یەكیەتیی سۆویەتو وڵاتانی دیكەی سوسیالیستی، عەرەبستانی سعوودیو ئەفریقای جنووبی ئیمزا نەكرا.

سەرەڕای ئەمە، ڕاستی ئەمەیە كە خاڵە ئەساسییەكانی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا بەرەبەرە وەك ئوسووڵی زۆر بەنرخی مافی ئینسان لە هەموو دنیادا جێگای تایبەتی خۆیان كردۆتەوەو بە دەسكەوتێكی هەرە گەورەی كۆمەڵی مرۆڤایەتی دەناسرێن. نووسینو شیكردنەوەی دەقی ئەو بەیاننامەیە بە هەموو خاڵەكانییەوە، دیارە لێرەدا ئیمكانی نیە. هەر ئەوەندە دەتوانین بڵێین كە جەوهەرو نێوەڕۆكی مافی مرۆڤ لە دوو خاڵی ئەساسیدا كورت دەكرێتەوە كە بریتین لە ئازادیو یەكسانی.

بەشەر ئازاد دێتە سەر دنیاو دەبێ بە ئازادی بژی. تەنیا چوارچێوەیەك كە بۆ ئازادیی ئینسان دەتوانێ دابنرێ ئەوەیە كە نابێ ئازادیی كەسی دیكە بخاتە مەترسیەوەو لە ژێر پێی بنێ. پاشانیش ئەفرادی بەشەر هەموو یەكسانن‌و دەبێ مافی یەكسانیان هەبێ.

ئەم دوو خاڵە ئەساسی‌یە هەردووكیان لە بەندی ١٢ی بەرنامەی حیزبی دێموكراتی كوردستان ئێران‌دا لە ژێر عینوانی "مافەكانی دانیشتووانی ناوچەی خودموختار" بە كورتی بەڵام بە روونی گەڵاڵەو دەستنیشان كراون. دەقی ئەم بەندە لە بەرنامەی حیزبدا بەم جۆرەیە:

"هەموو ئەو ماف‌و ئازادی‌یانە كە لە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ‌و پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەكانی سەربەم بەیاننامەیەدا هاتوون وەك: ئازادیی عەقیدەو بەیان، ئازادیی چاپەمەنی، ئازادیی پێكهێنان‌و تێكۆشانی حیزب‌و رێكخراوە سیاسی‌یەكان، یەكیەتی‌یەكان، شووراكانی كرێكاری‌و جووتیاری‌و سینفی، ئەنجوومەنە دێموكراتی‌یەكان، ئازادیی هەڵبژاردنی كارو جێگای دانیشتن‌و ئازادیی ئایین‌و مەزهەب لە ناوچەی خودموختاری كوردستان‌دا هەروەك هەموو ناوچەكانی دیكەی ئێران دەستەبەر دەكرێن.

هەموو دانیشتوانی كوردستان، بە ژن‌و بە پیاوەوە، هەروەك دانیشتووانی ناوچەكانی دیكەی ئێران بە بێ هیچ جیاوازی دانانێكی جینسی، قەومی، رەگەزی‌و مەزهەبی لە مافی كۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و سیاسی‌و فەرهەنگیی وەك یەك كەڵك وەردەگرن. . . "

***

هەروەك گوتمان، ئوسوولی ئەساسیی مافی مرۆڤ ئەمڕۆ لە سەرانسەری جیهان‌دا وەك ئوسوولێكی یەكجار بەنرخ‌و خۆشەویست جێگای خۆیان گرتوە.

بەڵام بە داخەوە ئەمە بە هیچ جۆر بەو مانایە نیە كە لە سەرانسەری جێهاندا بەو جۆرەش كە پێویستە لەبەر چاو دەگیرێن‌و بەڕێوە دەچن.

ئەمڕۆ، هەر لەو كاتەدا كە زۆر جێگای جیهان بە شكۆیەكی تەواوەوە چلەمین ساڵڕۆژی بەیاننامەی مافی مرۆڤ جێژن دەگیرێ، لە زۆر جێگای دیكەشدا ئوسوولی ئەو بەیاننامەیە بە خراپترین شێوە لە ژێر پێ دەنرێن. كۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی رێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان‌و رێكخراوی عەفووی نێونەتەوەیی، دوو رێكخراوی جێگای ئێعتباری خەڵكی جیهان باشترین شاهید بۆ ئەم واقعییەتە تاڵەن.

راست لە كاتێكدا كە جێژنی ٤٠ ساڵە بوونی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ ئاوا بە شكۆوە بەڕێوە دەچێ، لە ئێرانی وێران‌و چارەڕەشی ئێمەدا هەر رۆژەی دەیان كەس دەستە بە دەستە بە تاوانی ئەوە كە خاوەنی بیروبڕوایەكی غەیری بیروبڕوا پاشكەوتووەكەی ئاخوندە دەسەڵاتدارەكانن ئێعدام دەكرێن! سەدان ئینسان لە ژێر دەستی ئەشكەنجەگەرانی رێژیمی خومەینیدا خراپتر لە هەموو حەیوانێك رەفتاریان لەگەڵ دەكرێ! گەلی كورد بە تاوانی داواكردنی سەرەتاییترین مافی ئینسانیی خۆی قەڵاچۆ دەكرێ.

هەرچەند رێژیمی ئاخوندیی ئێران لە بواری لەژێر پێ نانی مافی مرۆڤدا، بە پێی راپۆرتی رێكخراوە بەشەر دۆستەكانی جیهان لە ریزی یەكەم دایە، بەڵام دیارە تەنیا نیەو لە جیهانی پێشكەوتووی ئەمڕۆدا بە داخەوە زۆر وڵات‌و حكوومەتی دیكەش هەن كە لە لایەك بە ڕواڵەت وەك حكوومەتی ئێران بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤیان بەڕەسمی ئیمزا كردوە، لە لایەكی دیكەش بە

کردەوە بەو پەڕی دڕندەیی‌و بێ‌مەسئوولییەتی‌یەوە ئوسووڵی ئەو بەیاننامەیە لەژێر پێ دەنێن!

سەرەڕای ئەمە ئاوڕدانەوەیەك لە ڕەوتی مێژووی ئینسانی نیشان دەدا کە بەشەر رۆژ بە رۆژ پتر بەرەو مەقامی بەرزی ئینسانی‌و یەکسانی‌و برایەتی دەچێتە پێش. لە ڕەوتی بی‌وچانی ئینسان بەرەو پلەی هەرە بەرزی ئینسانییەتدا دیارە کۆسپ‌و تەگەری وەك هیتلەری‌یەکان‌و حیزبۆڵڵاهی‌یەکانی ئەمڕۆی ئێران زۆر دێنە پێش. بەڵام خەباتی شێلگیری گەلانی مافخوراو بۆ ئازادی‌و یەکسانی، کە رۆژ بە رۆژ پتر برایەتی یانی هاودەردی‌و پشتیوانیی گەلانی دیکەی جیهان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، بێگومان سەرەنجام سەردەکەوێ‌و ئوسوولی ئەساسیی مافی مرۆڤ یانی ئازادی‌و یەکسانی هەر رۆژەی زیاتر لە رۆژی پێش لە جیهان‌دا سەقامگیر دەبێ. گرینگ ئەوەیە کە دنیا تازە بەرەو پاشەوە ناکشێتەوە، ڕەوتەکە ـ هەرچەند تووشی پێچ‌و پەناش بی ـ هەر بەرەو پێشەوەیە.

ئەم وتارە لە ژمارە ١٤٤ی رۆژنامەی "کوردستان"(سەرماوەزی ١٣٦٧)دا بڵاو کراوەتەوە.

# ساڵی تازەی جیهانی

ساڵی ١٩٨٨ زایینی کۆتایی پێهاتو ساڵی ١٩٨٩، ساڵی تازەی جیهانی دەستی پێکرد. بەم بۆنەیەوە ڕاگەیەنە گشتییەکانی جیهان بە بەربڵاوی خاڵە بەرچاوەکانی جەرەیانی ساڵی رابردوویان خستەوە بەر نەزەرو بە تێرو تەسەلی بە رووداوە گرینگەکانی ئەو ساڵەدا چوونەوە.

ئەو پێدا چوونەوەیە نیشانیدا کە ئەگەر بکرێ شتێك وەك تایبەتمەندیی گشتیی ساڵی ٨٨ دەستی لە سەر دابنرێ ئەو شتە بریتییە لە رەوتێکی بەرەو سوڵحو ئاشتیو کەمتر بوونەوەی بڵێسەی شەڕو ناکۆکی لە ناوەندە بوحرانییەکانی چوار گۆشەی دنیادا.

هۆیەکی ئەساسیی ئەو رەوتە گشتییە بەرەو سوڵحو هێمنایەتی لە جیهاندا، بێگومان نیزیکیو هاوکاریی دوو هێزی هەرە گەورەی دنیای ئەمڕۆ یانی یەکیەتیی سوویەتو ئەمریکا بوو. چەندین دیدارو وتووێژی راستەوخۆو دۆستانەی رێبەرانی ئەو دوو وڵاتە لەم ساڵانەی دواییدا سەرئەنجام بەرهەمەکانی خۆی تا ڕادەیەك لە ساڵی رابردوو نیشان دا.

لە ئەفریقا، شەڕی چەندین ساڵەی نێوان "ئانگولا"و ئەفریقای جنووبی گەیشتە وتووێژو پێکهاتنێك کە هێزەکانی کووبایی یارمەتیدەری ئانگولا بەرەبەرە ئەو وڵاتە بەجێ بێڵنو لە بەرامبەردا ئەفریقای جنووبییش دەست لە "نامیبیا" هەڵبگرێو ئەم وڵاتە بە سەربەخۆیی بگا. لە ئەفریقای شیمالی شەڕ لەو بەشە کە بە "سەحرای رۆژئاوا" ناسراوە بە دوای ئاشت بوونەوەی "ئەلجەزایر"و "مەراکیش" یەکەمین هەنگاوەکانی بەرەو کوتایی پێهاتن

هەڵێناوەو ڕێبەرانی جووڵانەوەی سەحرای ڕۆژئاوا کە بە پشتیوانیی ئەلجەزایر بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەیان لەگەڵ مەراکیش لە شەڕدان، بۆ وتوویژ لەگەڵ "سوڵتان حەسەن" سەفەرێکیان بۆ پێتەختی ئەم وڵاتە کرد.

لە ناوچەی ئێمەدا، لە لایەك شەڕی خوێناویی هەشت ساڵەی نێوان ئێرانو عێراق کوتایی هات. لە لایەکی دیکە ئەرتەشی سوویەت بەرەبەرە لە ئەفغانستان دەستی بە کشانەوە کردوە. تێکۆشان لە لایەن یەکیەتیی سوویەتەوە بۆ دیتنەوەی ڕێگا چارەیەکی ئاشتیخوازانەو ئوسووڵی بۆ گیروگرفتی ئەفغانستان بە جیددی بەردەوامە. سەرەنجام مەسەلەی فەلەستین، بە هێندێك هەڵوێستی زۆر گرینگی سیاسی، کە لەم مانگانەی دواییدا لە لایەن ڕێکخراوی زرگاریخوازی فەلەستینەوە گیرانو سەرنجو پشتیوانیی زۆربەی هەرە زۆری دەوڵەتانو گەلانی دنیایان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا، هیواو هومێدیان بۆ چارەسەر کردنی ئەو مەسەلە لە مێژینەیەو پێکهاتنی سوڵحو ئاشتییەك لە نێوان دەوڵەتی ئیسرائیلو فەلەستینییەکاندا لە هەموو کاتێك پتر کرد.

لە ئاسیادا، چین خەریکە لە لایەك ناکۆکییەکانی خۆی لەگەڵ یەکیەتیی سوویەت حەل دەکاو لە لایەکی دیکە لەگەڵ دراوسێی گەورەی دیکە یانی هیندووستان ئاشت دەبێتەوەو پێوەندیی دۆستانە دادەمەزرێنێتەوە. هەروەها دیداری دۆستای ڕێبەرانی هیندووستانو پاکستان نیشانەی مەیلی ئەو دوو حکوومەتە بۆ کۆتایی هێنان، یان لانی کەم کەمتر کردنەوەی توندوتیژی ناکوکیی دێرینەی نێوانیانە. کێشەی چەند ساڵەی کامبوج کە لەودا "ویەتنام" بە پشتیوانیی یەکیەتیی سوویەت لەگەڵ "خمێری سوور" کە لە لایەن چینو ئەمریکاوە یارمەتیی دەدرێن لەشەڕدایە، گەیشتۆتە قۆناغی وتوویژو قەرارە هێزەکانی ویەتنام لە جەرەیانی ساڵی داهاتوودا بە یەکجاری کامبوج بەجێ بێڵن.

لە ئەمریكای مەركەزی كە یەكێك لە ناوەندە قەیرانی‌یەكانی جیهانە، هەوڵێكی زۆر بۆ جێگیر كردنی سوڵح‌و ئاشتی دراو، بە تایبەت هەم لـە "نیكـاراگوا"و هـەم لە "ئیل سـالوادۆر"دا وتووێژ لـە نێـوان حكوومـەت‌و ئۆپـوزیسـیونی چـەكدار بـۆ گەیشتن بە ئاشتی‌و پێكهاتنێك بەردەوام بوو.

ئەم رەوتە گشتی‌یە بەرەو سوڵح‌و ئاشتی لە جیهاندا هاوڕێ بـوو لەگـەڵ زەق بوونەوەی نەقشـی رێكخـراوی نەتەوەیـەكگرتووەكان‌و هـاتنی ئـەو رێكخـراوە بـۆ ریزی هەرەپێشـەوەی هێزەكـانی كاریگـەر لـە چارەسـەر كردنـی گیروگرفتـەكانی جیـهاندا. دیـارە لـە چوونـە سـەری بـەرچاوی ڕێـزو ئێعتبـاری رێكخـراوی نەتەوەیـەكگرتووەكان لـە سـاڵی رابـردوودا، كـە بـە تایبـەت لـە دانـی جـاییزەی سـوڵحی "نوبێـل" بـەو رێكخـراوەدا خـۆی نوانـد، یەكیـەتیی سـوویەت‌و ئـەمریكا دەوری ئەساسـی‌یان هـەبوو. دانـی ئـەو نەقشـە كاریگـەرە بـە رێكخـراوی نەتەوەیەكگرتوەكان نیشانی دا كە ئەو دوو هێزە گەورە لەم رێگایەوە دەیانـەوێ تا ئەم جێیەی بۆیان دەگونجێ، خۆیان لە دەرگیریی راستەوخۆ رزگار بكەن، بـە تایبەت لەو جێگایانەی كە هەست دەكەن بۆ خۆیان بە تەنیاو یەك لایەنە نـاتوانن بەسـەر گیروگرفتـەكاندا زاڵ بـن. بـە وتەیـەكی دیكـە نەقشـێك كـە نەتەوەیـەكگرتووەكان لـە چارەسـەر كردنـی گیروگرفتـەكانی جیـهاندا گـێڕای، ڕەنگدانەوەیەك بوو لە مەیل‌و داخوازی یەكیەتیی سوویەت‌و ئەمریكا بۆ دانی ئـەو نەقشە بەو رێكخراوەیە، ئەگینا ئەگەر بـۆ نموونـە یەكیـەتیی سـوویەت لـە سـاڵی رابـردوودا یارمـەتیی مـاددیی خـۆی بـە هێزەكـانی سـوڵحی رێكخـراوی نەتـەوە یـەكگرتووەكان كـە نزیكـەی ٣٠ سـاڵ لەمەوبـەر لـە جـەرەیانی دەخالـەتی ئـەم رێكخراوەیـە لـە گـێرەو كێشـەی كۆنگـۆی بێلژیـك "زەئـیری ئێسـتا"دا بڕیبـووی

دەست پێ نەکردباوەو ئەمریکا بەشێك لە قەرزی ٦٠٠ میلیۆن دولاریی خۆی لە مانگەکانی ئاخری ساڵدا پێنەداباوە، هەڵسووڕانی کاروباری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو هێزی سوڵحی ئەو رێکخراوەیە چلۆن دەیتوانی بەو شێوەیە سەرکەوتوو بێ؟ یان لە کاتێکدا ئەمریکا دەخالەتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مەسەلەی "ئاپارتاید" (جیاوازیی نەژادی) لە ئەفریقای جنووبیو هەروەها دەخالەت لە ئەمریکای مەرکەزیدا بە قازانجو مەسڵەحەتی خۆی نەزانێ، دیارە ئەم رێکخراوە لەو جێگایانەدا کارێکی ئەوتۆی ناتوانێ لە دەست بێ.

**

هەروەك دەبینین سیاسەتو هەڵوێستی رێبەراتیی یەکیەتیی سوویەت بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی جیددی لە پێوەندییەکانی نێونەتەوەیی خۆیدا نەقشی سەرەکیی لە پێکهاتنی ئەو وەزعە گشتییە کە ئیشارەمان پێکرد لە جیهاندا هەبووە. هۆیەکانی لە پێش گرتنی ئەم سیاسەتە هەر چەندە زۆرو جۆراوجۆر بن، گومانی تێدا نیە کە هۆی ئابووری سەرەکیترینیانە. وەزعی ناتەواوی ئابووریی یەکیەتیی سوویەت لە لایەك پێویستیی پێکهێنانی فەزایەکی ئاواڵەتری سیاسیی لە نێوخۆی وڵاتدا بە جیددی هێناوەتە گۆڕێ هەتا بتوانێ دەستەبەری بەشداریی هەمە لایەنەو دڵسۆزانەی خەڵکی ئەو وڵاتە لە هەوڵو تێکۆشان بۆ چارەسەر کردنی کەموکووڕییەکاندا بێ. لە لایەکی دیکە سوڵحو ئاسایشو پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ غەرب دەتوانێ هەم تێکنولۆژیو ئیمکاناتی عیلمیو سەنعەتیی غەرب بۆ گەشەپێدانی پتری ئابووریی یەکیەتیی سوویەت بەکار بگرێو هەم ئەو خەرجە گەورەیە کە لە رێگای موسابەقەی تەسلیحاتیدا سەرف دەکرێ، تەرخانی بردنە سەری پلەی ژیانی خەڵك بکا.

ئەوەی ئێمە لە ساڵی رابردوودا دیتمان، هێندێك لە شوێنەوارەكانی موسبەتی ئەو سیاسەتو بۆچوونە بوون. ئیمزای پەیمانی لەنێو بردنی چەكی ئەتۆمیی مەودا نێونجی لە ئۆرووپادا لە نێوان یەكیەتیی سوویەتو ئەمریكادا هەر چەند هەنگاوێكی گرینك لە شل كردنەوەی موسابەقەی تەسلیحاتیدا بە حیساب هات، بەڵام بە كردەوە بارێكی ئەوتۆی لە قورسایی خەرجی تەسلیحاتی لە سەر شانی دوو لایەندا لانەبرد. كەم كردنەوەی خەرجی تەسلیحاتی كاتێك دەتوانێ رەقەمێكی بەرچاو بێ كە ئەم كەم كردنەوەیە لە چەكی ستراتیژیكو هەروەها لە چەكی ئاساییدا بە ئەنجام بگا. ئەمەش دیارە بە ناچار كۆتایی پێهێنان بە شەڕەكانی ناوچەیی لە دنیادا بە دواوە دەبێ كە نموونەكانمان ئیشارە پێكرد. كێشانەوەی نیو میلیون سەربازی ئەرتەشی سوور لە ئورووپای شەرقییش كردەوەیەكی دیكە لەم بوارەدا بە حیساب دێ.

**

هەر ئەم واقعییەتە هیوا لە دڵی خەڵكی جیهاندا پێك دێنێ بۆ ئەوەی رەوتی روو بە گەشەی سوڵحو ئاشتی لە ساڵی داهاتووشدا هەر بەردەوام بێو لە چوار گۆشەی دنیادا سەركەوتنی زۆر زیاتر وەدەست بێنێ.

بەڵام راستییەكی حاشاهەڵنەگر كە لەو نێوەدا نابی لەبەر چاوان ون بێ ئەوەیە كە: سوڵحو ئاشتیو هێمنایەتیو ئاسایش تەنیا بە سوڵحو رێككەوتن لە نێو دەوڵەتاندا وەدی نایە. چونكە بەداخەوە حكوومەتەكان هەمیشە نوێنەری خەڵكی وڵاتەكەیانو ئاڵاهەڵگری ویستو داخوازەكانی ئەوان نین. ناكوكییە ئەساسییەكانی جیهان بە درێژایی مێژوو ناكوكیی كۆمەڵایەتی بوونو هەن. یانی ناڕەزایەتیی ئەفرادی كۆمەڵگای ئینسانی لە وەزعێكی نابەدڵ كە تێیدا دەژین. هەوڵو تێكۆشان بۆ زرگار بوون لەو وەزعە بۆ گەیشتن بە ئازادیو بەختەوەرییە

کە بوون بە هۆی شورشە گەورەکانی جیهانو پێکهاتنی ئاڵوگوڕی قووڵی بنەڕەتی لە جیهاندا. کەوابوو کاتێك دەتوانین بە راستی قسە لە بەروپێش چوونی سوڵحو ئاشتی‌یەکی بەردەوام لە دنیادا بکەین کە ئاشتی‌و ئاسایش بۆ گەلانی جیهان بە دیاری بێنێ. بۆ وێنە، کێ دەتوانێ ئیددیعا بکا کە بە تەواو بوونی شەڕی ئێرانو عێراق، گیروگرفتەکانی خەڵکی ئەو ناوچەیەش بە یەکجاری کۆتایی پێ هاتوە؟ کێ دەڵێ کە وەزعی شپرزەی نێوخۆی ئێرانو ئەو ناکوکی‌یە کۆمەڵایەتی‌یە بەرچاوەی ئێستا لە وڵاتەکەماندا بە دەیان شێوە خۆ دەنوێنێ، سەرەنجام نابێتە هۆی تەقینەوەیەکی گەورە کە لە شەڕ لەگەڵ عێراق بۆ سوڵحو ئاشتیی جیهانی پڕ مەترسی‌تر بێ؟ ئەگەر ئاکامی تەقەوەستان لە نێوان دوو دەوڵەتی ئێرانو عێراقدا کوشتارو نابوودیی گەلی کوردو لە ژێر پێنانی مافە ئینسانی‌یە سەرەتایی‌یەکانی میلیونەها ئینسانی کوردبێ، ئایا ئەوە ناوی سوڵحو ئاشتی‌و ئاسایشە؟

تا کاتێك زۆڵمو زۆر هەبێ، تا کاتێك چەوساندنەوەی جۆربەجۆری چینایەتی، نەژادی، نەتەوەیی، مەزهەبی‌و جینسی باوبێ، تا کاتێك دیکتاتۆری‌و سەرەڕۆیی لە لایەكو یەخسیری‌و کوێلەتی‌و دیلی‌و ژێرچەپۆکی‌و هەژاری لە لایەکی دیکە لە گۆڕێدا بێ، شەڕو ناکوکی هەر دەبێ‌و هەر دەشبێ ببێ! چەوسێنەرو زاڵمو سەرەڕۆ هیچ کاتێك بە مەیلی خۆیان دەست لە چەوساندنەوەو زۆڵمو دیکتاتۆری هەڵناگرن. مەگەر بە زۆری‌و لە ئاکامی شکست لە خەباتێکی توندوتیژدا نەبێ! کەوابوو، سوڵحو ئاشتیی گشتیی جیهانی‌و هەر لەو کاتەدا شەڕو خەبات بۆ وەدەستهێنانی ئازادی‌و بۆ لە نێو بردنی زۆڵمو چەوساندنەوە نەك هەر لێك جیاواز نین، بەڵکوو دوو لایەنو دوو ڕوانگەی یەك مەسەلەن کە یەکیان تەواوکەری ئەوی دیکەیە. ئەو مەسەلەیەش بریتی‌یە لە ئازادی‌و بەختەوەریی مرۆڤ.

بەو بۆچوونەو بەم ئاواتەوەیە كە ماڵاوایی لە ساڵی رابردووو بەخێر هاتنی ساڵی تازەی جیهانی دەكەین.

ئەم وتارە لە ژمارەی ١٤٥ی رۆژنامەی "كوردستان"(بەفرانباری ١٣٦٧)دا بڵاو كراوەتەوە.

# دووی ڕێبەندان

دووی ڕێبـەندانی هـەموو ســاڵێك رۆژی بـیرەوەریو رێـز لێنــانی "کۆمــاری کوردستان"ە. کۆمارێکی خودموختار کە رۆژی دووی ڕێبـەندانی سـاڵی ١٣٢٤ لـە مەیدانی چوارچرای مەهاباد لە رێوڕەسمێکی رەسمیدا دامەزرانەکەی ڕاگەیەندرا، بەڵام بە داخەوە زیاتر لە ١١ مانگ لـە سـەر پێـی خـۆی ڕانەوەسـتاو رۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی دواتر بە هاتنەوەی ئەرتەشی حەمەرەزا شا بۆ مەهاباد کۆتایی بە تەمەنی هێنرا.

لە بارەی کۆمـاری خودموختـاری مـەهابادەوە تـا ئێسـتا زۆر شـت گوتـراوە. دۆستانو دوژمنان، خـاوەن نـەزەرانو توێژینـەرە بێلایـەنو نـا بێلایەنـەکان لـە بارەی هەلومەرجی تایبەتی ئەو سەردەمە، ئەو هۆیانە کە لە پێکهاتنی کۆمـاردا کاریگەر بوون، چۆنیەتیی دامـەزرانو ڕاگـەیاندنی بـەرەسمی، رەوتـی کارەکـانو ئاکامەکەیەوە زۆر وتاریان نووسیونو زۆر نووسراوەیان بڵاو کردوونەوە. هەروەها ئەو کارانە کە لە کۆماردا کـراون، لـە بـاری جۆراوجـۆرەوە خراونەتـە بـەر بـاس. داخوا چۆن ئەو کۆمارە بوو بە هۆی فەزایەکی زۆر دێموکراتیك کە خـەڵك لـەوێدا خۆیان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا بە بەشدار دەزانیو لـە بـەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتیو تاکـە کەسـیی خۆیـاندا ئـازاد بـوون؟ چـۆن کەسـایەتیی ئینسانیی خۆیان بۆ یەکەم جار وەك هەیـە هەسـت پـێ کـردو چێژیـان لـێ دی؟ چۆن خوێندنــەوەو نووسـین بـە زمـانی زگمـاگی بـرەوی پـەیدا کـرد، فەرهـەنگو ئەدەبی کوردی پەرەی گرتو بەرەو پشکوتن چوو؟ دەرەتان بۆ بەشداریی ژنــان لە کاروباری کۆمەڵایەتیو سیاسیدا پێك هات، بۆ پێگەیاندنی لاوان وەك هێزێکی

چالاكو پاشەرۆژساز مایەیەكی زۆر دانراو، سەرەنجام چۆن هێندێك ماناو مەفهوومی وەك سەربەخۆیی، ئازادی، دێموكراسیو كەسایەتیو مافە ئینسانییەكان لە دروشمێكی رووتەوە بوونە واقیعییەتێكی بەرچاو. مێژوو تەواوی ئەمانەی لە سینگی خۆیو لە لاپەڕە هەرگیز نەمرەكانیدا تۆمار كردوەو هەر بۆیە لێرەو لەم بیرەوەرییە كورتەدا دووپات كردنەوەو شیكردنەوەیان بە پێویست نازانین، بێجگە لە تاقە خاڵێكی بنەڕەتی كە ڕەنگە باس كردنی بە تایبەتی لە هەلومەرجی ئێستادا بێجێ نەبێ.

راستییەكەی ئەوەیە كە زۆر جار دەبێ مێژوو دروست كردنو مێژوو نووسین وەك دوو كاری جیا لە یەكتر چاو لێ بكرێن. بە جۆرێكی دیكە بڵێین، ئەوانە مێژوو دروست دەكەن، بە جۆرێك نوقمی كاری خۆیانو ئاشقی كاروباری رۆژانەی خۆیانن كە كەمتر سەرنج دەدەنە بایەخی مێژوویی كارە داهێنەرانەكەی خۆیانو شوێنەوارێك كە ئەم كارە لە دوارۆژدا دەیبێ. ئەگەر چاوێك بە بەڵگەكانی سەردەمی كۆماردا بخشێنین، هێندێ دیمەنی سەرنج ڕاكێشمان لەو راستییە بەرچاو دەكەوێ.

گۆڤاری "كوردستان" كە لە پێشدا هەر بە ١٥ رۆژ جارێك بڵاو دەبۆوە، دووهەمین ژمارەی لە رۆژی ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٢٤دا بڵاو كراوەتەوە. بەڵام نە لەو ژمارەیەو نە لە ژمارەكانی دواتریدا هیچ باسێكی لە رووداوی گرینگی چوار رۆژ پێش ٣٠ی سەرماوەز، واتە رۆژی ٢٦ی سەرماوەز نەكردوە، رۆژێك كە خەڵكی مەهاباد هێرشیان كردە سەر "شارەوانی" دوانیشانەی حكوومەتی دیكتاتۆرو سەركوتكەری پەهلەویو بە چەك كردنی ئەو پۆلیسانەی تێیدا بوونو دابین كردنی ئاسایشی شار لە لایەن خۆیانەوە بەردی بناخەی "سوپای

میللی"یان دانا كه دواتر ناوی "**هێزی پێشمەرگە**"یـان لەسـەر دانـا؛ ڕۆژێكـی زۆر مـەزنو پـڕ بـیرەوەری بـۆ گـەلی كـورد كـە ئێسـتا كراوەتـە "**ڕۆژی پێشـمەرگەی كوردستان**"و هەموو ساڵێ بە شكۆیەكی تەواوەوە دەكرێتە جێژن.

نموونەیەكی دیكە لەو بارەیەوە ڕاگەیاندنی رەسمیــی كۆمـاری كوردسـتان لـە ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ئەو ساڵە دایە.

یەكـەمین ژمــارەی ڕۆژنامــەی "كوردســتان" ئورگــانی حــیزبی دێموكراتــی كوردستان ڕۆژی ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤ بڵاو كرایەوەو لـەوە بـەدوا هـەر دوو روژ جـارێك (حـەوتووی ٣ ژمـارە) بـەڕێكوپێكی دەرچـوو. بـەڵام ئـەو ڕۆژنامەیـە كـە لەراستیدا بە ئورگانی رەسمیی كۆماری كوردسـتان دادەنـرا، تـەنیا لـە ژمـارەی دەیەمی خۆیدا كە ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندان بڵاو بۆتـەوە، واتە نزیكـەی دوو حـەوتوو پـاش دووی ڕێبـەندان باسـی رێوڕەسمـی ئـەو ڕۆژە دەكـاو باســی ئــەو رووداوە یەكجار گرینگە مێژوویی‌یە بە شێوەیەكی زۆر كورتو بە بڵاو كردنەوەی بەشـێكی كەم لە قسەكانی پێشەوا قازی محەممەد دەگێڕێتەوە.

بـەڵام داخـوا ئـەو جیاوازی‌یـەی نێـوان "مێـژوو نووسـین"و "مێـژوو دروســت كردن" توانیویەتی شوێنەواری ئەو هەنگاوە كــەم وێنـە شۆڕشـگێڕانەیە لـە سـەر بەرەكانی دواتر كەم بكاتەوەو بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی كـوردو خـەباتی خەڵكی كوردستان لە پێنـاوی ئـازادیو دێموكراسـی لـە سەرانسـەری ئـێراندا لـە رەوتی سروشتیی خۆی بخا؟

كردەوەی ڕەســەنی شۆڕشـگێرانە ڕەنگـە لـە وەختـی خۆیـاندا بـەو جـۆرەی پێویستەو دەبێ، خۆیان نەنوێننو تێكۆشەرانی ڕاستەقینەی رێگای دادپەروەریی كۆمەڵایەتیو حەقیقەتی ئینسانی لە جەنگەی تێكۆشانی خۆیاندا ڕەنگە سـەرنج نەدەنە ئەوە كە چ رێگایەكی سەختو دووریان بڕیـوە، هـەنگاوی چـەند گرینـگو

كارسازیان هەڵێناوەتەوەو چ ڕێگایەكی پڕ كەندو كلۆیان بۆ پێداڕۆیشتنی بەرەكانی دوای خۆیان تەخت كردوە. بەڵام ئەگەر دامەزرێنەرانی حیزبی دێموكراتو كۆماری كوردستانو هەڵسووڕێنەرانی حیزبو كۆمار ئێستا پاش چلو سێ ساڵ بڕواننە ئەو ڕێگا پڕ شانازیە كە ڕۆڵەكانیان لەو ماوەیەدا بڕیویانەو تەماشای ئەو خەباتە حەماسە خولقێنانەیە بكەن كە ئێستا بەڕێوەی دەبەن، چ هەستێكی ڕەزامەندیو سەربەرزیان تێدا پێك دێ؟

بەم بۆچوونەوەیە كە لە چلوسێهەمین بیرەوەریی ڕاگەیاندنی كۆماری خودموختاری كوردستان لە مەهاباددا بە شانازیەوە ئاوڕ لەو ڕێگایە دەدەینەوە كە بڕیومانەو بە چاوی پڕ هیواو دڵنیاییەوە دەڕوانینە ئەو دواڕۆژە كە بە دوای خەباتو تێكۆشانی ئەمڕۆماندا دێ.

ئەم وتارە لە ژمارە ١٤٦ی ڕۆژنامەی "كوردستان"(ڕێبەندانی ١٣٦٧)دا بڵاو كراوەتەوە.

# رابردووو دواڕۆژی ئەفغانستان

ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندانی ئەمساڵ دوادەستەی سەربازانی شووڕەوی خاکی ئەفغانستانیان بەجێ هێشتو بەم جۆرە بە تەنیا هێشتنەوەی حکوومەتی "نجیب‌الله" لە بەرامبەر "مجاهدین"دا ڕواڵەتێکی تەواو "ئەفغانستانی"یان دا بە شەڕی ئەو وڵاتە. بەڵام زیاتر لە ٩ ساڵ پێش ئێستا کاتێك ئەرتەشی سوور بە ناوی "وەڵام دانەوە بە داوای کومەگی حکوومەتی شورشگێڕی بەبرەك کارمەل" هاتە ئەفغانستان (٢٤ی دیسامبری ١٩٧٩ ـ ٣ی بەفرانباری ١٣٥٨) کێ دەیتوانی سەرئەنجامێکی ئاوا بۆ دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی شووڕەوی پێش‌بینی بکا؟

ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە کە لەو کاتەدا ـ بە تایبەت لە ئەفغانستان ـ کەم کەس هەبوو لە سەرکەوتنی نیزامیی هێزی هاوبەشی حکوومەتی ئەفغانستانو ئەرتەشی سوور بەسەر بەرهەڵستی کونەپەرستانەی "مجاهدین"ی ئەفغانستانو جێگیربوونی یەکجاریی ڕێژیمێکی سۆسیالیستی لەو وڵاتەدا گومانێکی ئەوتۆی هەبێ.

لەو سەردەمەدا یەکیەتیی شووڕەوی لە باری نێوخۆیی‌یەوە بە دەورەی بێدەنگی‌و ئارامیی "برێژنێفی"دا تی‌دەپەڕی. بێدەنگی‌و ئارامی‌یەك کە وڵاتی شووراکانی بێخەیاڵ لە هەر چەشنە گیروگرفتێکی جێگای باس نیشان دەدا. بێجگە لە یەکیەتیی شووڕەوی، لە وڵاتانی سوسیالیستیی ئورووپاش‌دا بێجگە لە لەهێستان کە لەگەڵ مەسەلەی "بزووتنەوەی هاوپێوەندی"، واتە داخوازی بەشێکی گەورە لە کرێکاران بۆ پێکهێنانی سەندیکای غەیرە دەوڵەتی‌و سەربەخۆ بەرەو ڕوو بوو، وەزعەکە لە سەر یەك ئارام دەهاتە بەر چاوو گیروگرفتە ئابووری‌و سیاسی‌یەکان وەك تارمایی‌یەك نیشان دەدران کە دەبوو تەنیا لە ژێر سەری وڵاتانی سەرمایەداری چاوت لە باڵە فڕەکەی بێ.

لــە ڕادەی جیــهانییش‌دا سوســیالیزم ڕۆژ بــە ڕۆژ زیــاتر جــێ پێــی خــۆی دەكردەوە. لە ئەمریكای لاتین بێجگە لە كووبای سەقامگیرو دامەزراو، نیكاگواش دوای سەركەوتنی ساندێنیستەكان چوو بووە پاڵ هێزە سوسیالیســتی‌یەكان. لــە ئــەفریقا ئــانگولاو مووزامبیــك‌و ئــەتیووپی وەك ســێ قوتبــی بــەرچاوی سیســتمی سوسیالیستی، مزگێنیی پاشەرۆژێكی پڕهیوایان بۆ پەرەئەســتاندنی سوسـیالیزم لەو قاڕەیەدا دەدا. لە ئاسیای جنووبی ڕۆژهــەڵات هــێزە ویەتنامی‌یــەكان خمێرە سوورەكانیان لــە نوختــە ســەركی‌یەكانی كــامبۆج دەركردبــووو بــە كومــەگی حكوومــەتێكی دۆســت‌و بەســتراوە بــە خۆیــان لــە كــامبۆجدا ســەرگەرمی ئــارام كردنەوەو سەقامگیر كردنەوەی وەزعەكە بوون.

لــە هــەمووی گرینگــتر لــە بنــەوپاڵی شــووڕەوی‌و ئەفغانسـتان‌دا، ئـێرانی شــا، پێگــەی پتــەوو جێگــای متمانــەی ئیمپریــالیزمی ئــەمریكا بــە دوای شۆڕشــێكی بــەربڵاوی گــەلی‌دا ڕووخــا بــووو لــە ئــێرانی تــازەدا هەســتی دژی ئیمپریالیســتی بەوپەڕی خۆی گەیشــتبوو. لــەو لاشــەوە وڵاتــە یــەكگرتووەكانی ئــەمریكا هێشــتا گێــژی زەبــری شــكانی قورســی خــۆی لــە ویــەتنام بــوو، لــەوە دەترســا كــە بــە شێوەیەكی كاریگەر دەست لە كاروباری دەرەوەی سنوورەكانی خــۆی وەربــداو كەم‌و زۆر دەستی بە كڵاوی خۆی داگرتبوو با نەی‌با.

بێجگە لە هــەمووی ئەوانــەش تــا ئــەو كاتــە نــەبینرابوو كــە ئەرتــەشــی ســوور جێگایەك داگیر بكاو پێش ئەوەی كە بە تەواوی دڵنیا بێ كە وەزعەكە سەقامگیر بووە، لە ژێر فشاری نیزامی‌دا لێی وەدەر كەوتبێ. لە بەرچاو گرتنی تەواوی ئــەم دیاردانــە وای دەكــرد هــەموو خــاوەن نــەزەرێك چارناچــار ســەقامگیربوونی سوسیالیزم لە ئەفغانستان‌دا وەك دیاردەیەكی بێ بەرەودواگەڕانەوە سەیر بكا.

بـەم پێشـینەیەوە، ئێسـتاکە ئەرتەشـی شـوورەوی پـاش ٩ سـاڵان بـە سەرنەکەوتوویی‌و بە ناکامی ـ بەڵام خۆشـحاڵ لـەوە کـە خـۆی لـە گێـژاوی شـەڕ ڕزگـار دەکـا ـ لـە ئەفغانسـتان دەچێتـە دەر، لـە بـاری هـۆ یـان هۆیـەکانی ئـەم ناکامی‌یـەوە دەتوانـین چ بلێـین؟ و چ دەرسـێك دەتوانـین لـەم تاقیکردنەوەیـە وەربگرین؟ دەرسێك کە نیشان بدا داخوا ئەو خەتاو لاڕێ بوونـە کـە لـەو نێـوەدا ڕوویان داوە، وەك ناحەزانی سوسیالیزم دەیانەوێ نیشانی بدەن، لـە جەوهـەرو نێوەڕۆکی سوسیالیزمەوە هاتوون یـان لـە ڕاسـتی‌دا بەرهـەمی ئـەو هەڵـەو کـارە چەوتانەن کە بە ناوی سوسیالیزمەوە ئەنجام دراون؟

یەکـەمین نوختـە لـەو پێوەندی‌یـەدا بێگومـان هەڵسـەنگاندنێکی ئوسـووڵی‌و مونسـیفانەی ڕاسـتی‌و ناڕاسـتیی دەسـتێوەردانی ڕاسـتەوخۆی ئەرتەشـی شووڕەوی‌یە. هەروەك بـاس کـرا بیـانووی ئـەو کـارە وەڵام دانـەوە بـە داخـوازی کومەگی حکوومەتی ڕەسمیی ئەفغانستان‌و پێویستیی پابەند بـوون بـە ئەسـڵی هـاوپێوەندیی نێونەتـەوەیی بـوو. بـەڵام ئاشـکرایە کـە ئـەم بیانوویـە لەگـەڵ ڕێوشـوێنی قبوڵکراوی نێونەتـەوەیی لـە بـارەی دەسـتێوەرنەدان لـە کاروبـاری نێوخۆیی وڵاتانی دیکەدا ناتەبایی هەیەو بە کردەوەش ڕێگـا بـۆ ئـەمریکاو وڵاتـە ئێمپریالیسی‌یەکانی دیکە دەکاتەوە کە بتوانن دەستێوەردانی نیزامیی خۆیان بە مەبەستی سەرکوتکردنی بزووتنەوە ڕزگاریخوازی‌یەکانی جیهان‌و هێنانە سەر کار یان پاراستنی حکوومەتەکانی بەستراوە بە خۆیان پاسـاو بـدەن. چونکـە ئەگـەر حەقێك بۆ لایەك هەبێ، بۆچی ئەو حەقە بۆ لایەکەی دیکە ڕەت دەکرێتەوە؟

دووهـەمین خـاڵ لـەو پێوەندی‌یـەدا ئەوەیـە کـە: بـە زۆری سـەپاندنی بیروباوەڕێکی وەك مارکسیزم بە سەر خەڵکێکی وەك خەڵکی ئەفغانستان‌دا چـۆن پاساو دەدرێ؟ خـەڵکێك کـە زۆربـەی زۆریـان بـە تونـدی نوقمـی دەمـارگرژی

(تعصب)ی مەزهەبیو گرفتاری بەندو داوی پێوەندیی عەشیرەتگەرین. ئایا ئەو هەموو كوودیتا یەك لەدوای یەكە (تەرەكی دژی داود، حفیظالله امین دژی تەرەكی، بەبرەك كارمەل دژی حفیظالله امینو . . . )و سەرەنجام دەستێوەردانی راستەوخۆی ئەرتەشی سوور بۆ سەركوتكردنی گشتیی نەیارەكان ئەو شتەیە كە پێی دەڵێن شۆڕشی سۆسیالیستی؟

بە ڕاستی جێی پرسیارە كە چۆنە مەسەلەیەكی وا سادەو ساكار لەبەر چاو نەگیرێ كە سەپاندنی دلخوازترین شتی دنیا بە كردەوە دەبێتەهۆی دروست بوونی دژكردەوە بەرامبەر بە خۆی؟ و بۆچی چاوەڕوان بوون كە بۆ نموونە بە زۆر پیخوێندنی ماركسیزم لە قوتابخانەكانی ئەفغانستاندا ببێتە هۆی برەو پەیدا كردنی ماركسیزمو، نەبێتە هۆی بێزاریی قوتابییەكانو كەسوكاریانو زیاتر لە جاران ڕوویان پێ لە بیروباوەڕی كۆنەپەرەستانەی مەزهەبی نەكا؟

لە بەشی زۆری ماوەی ٩ساڵی رابردوو، لە ئەفغانستانی كەمو زۆر داگیركراودا، دەكرێ بڵێین هەر چەشنە كردەوەیەكی سەركوتكەرانە بە ڕەوا دانراوە. بەو دەلیلە كە بەرهەڵستیی ئەفغانستان بەرهەڵستییەكی بە تەواوی كۆنەپەرستانەو بەستراوە بە ئێمپریالیزمی جیهانیو كۆنەپەرستیی ناوچەیە. بەڵام لە لایەك بۆچی دەبێ بە خۆ نازینی نەتەوایەتیو هەستی نیشتمانپەروەرانەی خەڵكی وڵاتێك بۆ دیفاع لە خۆیان بەرامبەر بە هێزێكی بێگانە ئەوەندە بە كەم بگیرێ؟ ئەویش خەڵكێكی وەك خەڵكی ئەفغانستان كە لەو بارەیەوە ڕابردوویەكی زۆر پرشنگداری مێژوویییان نیە! لە لایەكی دیكەش بۆچی دەبێ كۆنەپەرستیی ناوچەو ئیمپریالیزمی رۆژئاوا بتوانن زۆرایەتییەكی بەرچاوی خەڵكی ئەفغانستان بكێشنە مەیدانی خەباتێكی توندوتیژو خوێناوی دژی حكوومەتو سیستمێك كە بە پێی قاعیدە دەیهەوێ پێشكەوتنو

خۆشگوزەرانیو دادپەروەریی کۆمەڵایەتییان بۆ بە دیاری بێنێ؟ ئەمە چ سوسیالیزمێکە کە لە ترسی ئیمپریالیزم دەبێ بە زۆرو لە رێگای دامەزراندنی دیکتاتۆرییەکی ئاشکرای نیزامییەوە دیفاعی لێ بکرێ، نەك بە پشتیوانیی ڕەوابوونو حەقانییەتێك کە لە جەوهەری خۆیدا هەیەتی؟

سەرەنجام دوا خاڵ پرسیارێکە کە بێگومان لە مێشکی زۆر کەسدا هەیە، هەر چەند بە ڕاشکاوییش باسی نەکرێ. پرسیارەکەش ئەمەیە: یەکیەتیی شووڕەوی کە ئەمڕۆ بە حەق خۆی لە گێژاوی شەڕی ئەفغانستان نەجات دەدا، چ بەرپرسایەتییەکی بەرامبەر بە چارەنووسی حکوومەتی ئێستای ئەفغانستانو لە سەر یەك بەرامبەر بە هێزی چەپی ئەفغانستان، واتە هەموو ئەو کەسانە کە لەو ماوەیەدا چ لەبەر بیروباوەڕی خۆیانو چ بە هۆیەکی دیکەوە هاوکارییان لەگەڵدا کردوە، لە سەر شانی خۆی هەست پێ دەکا؟ بە جۆرێکی دیکە بڵێین ڕاستە کە ئێستا دەرکەوتوە دەورەی بێدەنگی "برێژنێفی" بۆ یەکیەتیی شوورەوی لە ڕاستیدا دەورەیەکی راوەستان (رکود) بووە کە لە دنیای ئێستادا بە تایبەت بۆ وڵاتێکی وەك یەکیەتیی شوورەوی بەکردەوە بە مانای بەرەو دواگەڕانەوەو بەجێ مانێکی خێرا لە کاروانی پڕ ڕاپەڕی دنیای ئەمڕۆیەو ئاکامەکەشی لە وەزعی نالەباری ئابووریی ئێستای یەکیەتیی شوورەویدا دەبینینو ڕاستیشە کە ئەم وەزعە بۆتە هۆی پەیدابوونی فەزایەکی پرێسترۆیکاو گلانسۆست کە هەم کشانەوەی هێزەکانی شوورەوی لە ئەفغانستانی پێك هێناوەو هەم دەرەتانی هێنانەگۆڕی ئەم جۆرە باسانەشی خوڵقاندوە؛ بەڵام داخوا ئەم "واقعبینی"یەی یەکیەتیی شوورەوی بە مانای لەبیرخۆبردنەوەی هەموو عۆدەدارییەکی سیاسیو ئەخلاقیو چوونە دەر لە ژێر باری هەموو بەرپرسایەتییەکی شورشگێرانە، ئیدئۆلۆژیکیو ئینسانییە؟ و داخوا ئەگەر وابێ، چوونە دەری هێزەکانی شوورەوی لە ئەفغانستان هەروەك ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا دەیەوێ نیشانیبدا،زۆر وەك هەڵاتنی ئەمریکایییەکان لە ویەتنام ناچێ؟

**

ئێستا بزانین لە بارەی پاشەڕۆژی ئەفغانستانەوە دەتوانین چ بڵێین؟

ڕاستی‌یەكەی ئەوەیە كە ئێستا تەنیا شت كە لەو بارەیەوە دەتوانرێ بە دڵنیایی‌یەوە پێشبینی بكرێ، داهاتوویەكی ناروون ناسەقامگیرو خوێناوی‌یە ! چونكە هەر چۆنێك بی گومان لەوەدا نیە كە ئەوە لە ژێر ناوی "مجاهدین"دا خۆی بە ڕێبەری بەرگریی ئەفغانستان دادەنێ، كۆنەپەرستە؛ ئەویش كۆنەپەرستی‌یەكی مەزهەبی كە تا ڕادەیەكی زۆر هی سەدەكانی نێوەڕاستە. ئەم كۆنەپەرستی‌یەی سەدەكانی نێوەڕاست ئەگەر بە دەسەڵاتیش بگا، بە پێی بیروباوەڕی خۆی شتێك دەبێ وەك ڕێژیمی ئاخوندی لە ئێرانداو هەمووشمان دەزانین ئەم ڕێژیمە چ شتێكی بۆ ئێران بە دیاری هێناوە.

بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ موجاهیدینی ئەفغانستان بە هیچ جۆر ناتوانن حكوومەتێكی وەك حكوومەتی خومەینی لە ئێراندا دامەزرێنن. چونكە ئەوان‌و ئەفغانستان فەرقیان لەگەڵ خومەینی‌و ئێران زۆرە. ڕێژیمێكی مەزهەبیی سەدەكانی نێوەڕاست بە هەر حاڵ شكڵ‌و نێوەرۆكێكی دیكتاتۆرانەی هەیەو بۆیە پێویستیی بە "دیكتاتۆر" واتە كەسێك هەیە كە لە سەرووی هەموانەوە فەرمان بداو هەموو لایەك بە قسەی بكەن، هەروەك خومەینی لە ئێراندا وایە. لە كاتێكدا موجاهیدنی ئەفغانستان نەك هەر "ئیمام"ێكی وەك خومەینی‌یان بە ژوور سەرەوە نیە، بەڵكوو لە یەكدەستی‌و هەنگاو ڕێكخستنیش زۆر دوورن‌و زۆر ناكۆكیی جۆراوجۆریان لەگەڵ یەكتر هەیە:

یەكەمین ناكۆكیی گرنگ لە نێوان موجاهیدینی ئەفغاندا ناكۆكیی "سوننی"و "شیعە"یەو ئەم ڕۆژانەش زێدەخوازیی شێعەكان كە دیارە بە پشتیوانیی ئێران دڵگەرمن، بە ئاشكرا دەبینین.

دووهەم، ئەوەیە کە سوننی‌یەکانیش کە زۆربەن هەروەك گوتمان نە تاقە ڕێبەرێکی بێ ڕەقیبیان هەیەو نە لە باری بیروباوەڕو بۆچوونی مەزهەبی‌و سیاسی‌و ئاوات‌و ئارەزووەکانیانەوە بە تاقە ڕێبازێك‌دا دەڕۆن. ئەو ڕووداوانە کە لە ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی ڕاولپەندیی پاکستان‌دا گوزەران‌و دەگوزەرێن، بۆ خۆیان بەڵگەیەکی ڕوونی ئەم ڕاستی‌یەن.

سێهەم، ئەوە کە تاقیکردنەوەی مێژوویی نیشانی داوە ڕێبەرایەتیی دەرەوەی وڵاتی بزووتنەوەیەك لەبەر ئەوەی ئێمکاناتێکی زیاتری تەبلیغاتیی لە دەست‌دا هەیە، دەتوانێ تا ماوەیەك خۆی وەك ڕێبەری ڕاستەقینەو بێ‌ڕەقیب نیشان بدا، بەڵام زۆرتر وایە کە ئاخرین قسە ئەو بەرهەڵستی‌یە دەیکا کە لە ژوورەوە لە مەیدانی بنەڕەتیی خەبات دایە. کەوابوو جێی پرسیارە کە داخوا بە ڕاستی کەسانێك لە نێو ڕێبەرانی ناسراوی نێوخۆی ئەفغانستان‌دا بێجگە لە قسەی ڕێبەرانی خاریجەنشین قسەیەکیان نیە بیکەن؟

چوارەم، ئەوە کە بێجگە لە "حساسیت"ە مەزهەبی‌و سیاسی‌یەکان، حەساسیەتە نەتەوایەتی‌یەکانیش لە ئەفغانستان‌دا نەخشێکی گرنگیان هەیە. لە وڵاتێك‌دا کە بە قسەی یەکێك لە ڕێبەرانی حیزبی فەرمانڕەوا ناتوانێ لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی‌دا بۆ وێنە ڕەخنەیەك لە ئەندامێکی تاجیکیی دەفتەری سیاسی بگرێ، بێ ئەوەی ئەو ڕەخنەیە بە بێ‌حۆرمەتی بە هەموو تاجیکەکان دابنرێ، ئاشکرایە کە ناتوانرێ لە ژێر پەردەی حکوومەتێکی مەزهەبی‌دا مەسەلە نەتەوایەتی‌یەکان پشت گوێ بخرێن.

سەرەنجام پێنجەمین‌و دوایین واقعییەت کە دەزگا تەبلیغاتی‌یەکانی ڕۆژئاوا دەیانەوێ بیشارنەوە، بوون‌و نەخشی حکوومەتی ئێستای ئەفغانستان بە گشتی‌و هێزی چەپی ئەم وڵاتەیە. موجاهیدینی ئەفغان وا دەنوێنن کە چەپ لە

ئەفغانستان‌دا هێزی نیەو هیچ بنكەیەكی نێوخۆیی شك نابا. لە ئاكام‌دا بە قسەی وان حكوومەتی ئێستا بەبێ ئامادەیی راستەوخۆی هێزەكانی شوورەوی توانای هیچ چەشنە خۆڕاگری‌یەكی نابێ،و پاش چوونە دەری شووره‌وی‌یەكان دەسبەجێ دەڕووخێ. بەڵام هێزی چەپ لە ئەفغانستان هەم "بالقوه" و هەم "بالفعل" هەیەو حاشاكردن لە بوونی، شتێك نیە جگە لە شاردنەوەی حەقیقەت. ئەم هێزە لە زەمانی زاهیرشاوە تا ئێستا هێزێكی زۆر چالاكو خەباتكەر بووە. جارێ ئەگەر واش دابنێین لە هەلومەرجی ئێستادا بە زۆر لە مەیدان دەربكرێ، گومانی تێدا نیە كە وەك هێزێكی ڕاستەقینەو گرنگ هەر دەمێنێ‌و هۆیەكی بنەڕەتیی سەقامگیرنەبوونی وەزعی ئەفغانستانی پاشەرۆژ دەبێ. پاشان هەر چۆنێك بێ ئەم هێزە ئێستا حكوومەتی بە دەستەوەیە، هێزی چەكداری ئەرتەش‌و ژاندارمی هەیە، پشتی هەم بە تەشكیلاتی دەوڵەتی‌و هەم بە تەشكیلاتی حیزبی گەرمە، كونترۆڵی شارە گەورەكان‌و بەشێك لە گرنگترین ڕێگاو ناوچە ستراتیژیكی‌یەكانی لە دەست دایە، لە ماوەی چەند ساڵ حكوومەتدا لە باری مەسەلە نەتەوایەتی‌یەكانەوە هێندێك مافی بۆ گەلانی ئەفغانستان دەستەبەر كردوە، ژنانی تا ڕادەیەك لە داوونجیری توندی مەزهەبی ئازاد كردوە، لە پێگەیاندنی لاوان‌دا هەوڵێكی بەرچاوی داوەو بە گشتی كۆمەڵێكی وای دروست كردوە كە دەیەوێ دیفاع لە خۆی‌و لە بیروباوەڕەكانی‌و لە دەستكەوتەكانی بكا. دوارۆژ نیشانی دەدا كە ئەم دەستەیە بە كردەوە تا چ ڕادەیەك توانای هەیە دیفاع لە خۆی بكا. بەڵام هەروەك گوترا بە بێ‌شك هیچ بیركردنەوەیەك لە بیركردنەوە لە ئەفغانستانێكی بێ‌هەبوون‌و ئامادە بوونی هێزی چەپ ناواقیعی‌ترو، هیچ خەیاڵێك لە خەیاڵی وەدەرنانی یەكجاریی ئەو هێزە خاوتر نیە.

پێویستیی رۆژگار دەڵێ دوارۆژێكی كەم‌و زۆر سەقامگیر لە ئەفغانستان‌دا تەنیا وەختێك ئیمكانی دەبێ كە حكوومەتێكی دێموكراتی‌و نامەزهەبی، بەڵام

گەلی بە پشــتیوانیی فەرهــەنگو ڕێوشـوێنەکانی "ئــەفغان"و بـە پاراسـتنی مافـە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلانی ئەو وڵاتە لەوێدا دابمەزرێ. بەڵام هەموو شتێك نیشـان دەدا کە تا گەیشتن بەو قۆناخە، جارێ ڕێگایەکی درێژو پڕ کەندو لـەند لـە پێـش دایە!

ئەم وتارە لە ئەسڵدا بە فارسی نووسراوەو "کوردستان" کردویە بە کوردیو لە ژمارە ١٤٧ی "کوردستان"(ڕەشەمەی ١٣٦٧)دا بڵاو کراوەتەوە.

# دووسەدەمین ساڵی شۆڕشی مەزنی فەرانسە

١٤ی ژووئیـەی ئەمسـاڵ (٢٣ی پووشـپەڕ) لووتكـەی زنجـیرە ڕێورەسمێكـی بەشكۆیە كە بـە بۆنـەی دووسـەدەمین سـاڵی شۆڕشـەوە لـە سەرانسـەری سـاڵی زایینیی ئێستا (١٩٨٩)دا لە وڵاتی فەرانسە بەڕێوە دەچێ.

دووسـەد سـاڵ لەمەوبـەر لـە ڕۆژی ١٤ی ژووئیـەی سـاڵی ١٧٨٩دا خـەڵكی ڕاپەڕیوی پاریس هێرشـیان كـردە سـەر قـەڵای "باسـتیل" كـە كرابـووە زنیدانـی ڕێژیمـی پاشـایەتی‌و پـاش تێك شـكاندنی بەربـەرەكانیی پارێزەرەكـانی، ئـەو شوێنەیان گرت.

گرتنی باستیل نە سەرەتای شۆڕشی فەرانسە بووو نە كۆتـایی ئـەو شۆڕشـە، هەروەها نە زەبرێكی كاریگـەر لـە نـاوەندێكی ئـەوتۆی دەسـەڵات بـوو كـە تـین‌و توانی ڕێژیمی فەرمانڕەوا بە شێوەیەكی بەرچاو لە نێو بـەرێ‌و نـە دەسكەوتێكی ماددیی ئەوتۆی هەبوو كە لە باری چەك‌و ئیمكانـاتی دیكـەی نـیزامی‌و ماڵی‌یـەوە توانایەكی بەرچاو بدا بە شۆڕشگێڕان. باستیل زیندانێكی تا ڕادەیەك لـە بـیركراو بوو كە زیاتر بـۆ ڕاگرتنـی ئـەو پیـاو مـاقووڵ‌و نەجیب‌زادانـە بـە كـار دەهـات كـە دەكەوتنە بەر بێ‌لوتفیی شاو بە قسـەی زۆر لـە مێژوونووسـان لـە كـاتی گرتـن‌دا چـەند كەسێك زیـاتری زینـدانی تـێ‌دا نـەبوون. بـەڵام فەرانسـەیی‌یەكان ئـەم ڕووداوەیـان لـە نێـو دەیـان‌و سـەدان ڕووداوی دیكـەی مێـژووی فەرانسـەدا وەك نوێنگەی ڕق‌و بێزاریی قووڵی كۆمـەڵانی خـەڵك لـە ڕێژیمـی گـەندەڵی حكوومـەتی سەرەڕۆ، هەر لەو كاتەدا وەك نوێنگـەی دەسـەڵات‌و توانـای هـێزی یـەكگرتووی گـەل هـەڵبژاردو وەك ڕۆژی سـەربەخۆیی فەرانسـە كردیانـە جێژنـی نیشـتمانیی هەموو ساڵەی خۆیان.

***

له بارەی شۆڕشــی مـەزنی فەرانسـەوە تـا ئێسـتا ئـەوەندەیان شـت گوتـوەو نووسیوەو هەزاران کتێب بە جۆرێك لە روانگەی جۆراوجۆرەوە لێیان کۆڵیوەتەوە کە لەم وتارە کورتەدا نە پێویسـتی بـە گێڕانـەوەو لێکدانـەوەی بەسـەرهاتەکەی هەیەو نە لە جێدا دەرفەتو دەرەتانێك بۆ ئەم کارە لەبەر دەست دایە.

بـە شـێوەیەکی گشـتی دەکـرێ بڵێـین شۆڕشـی مـەزنی فەرانسـە بـە کۆمەڵـە رووداوێك دەگوترێ کە لە ساڵەکانی ١٧٨٨ـ ١٧٨٩ تـا سـاڵی ١٧٩٩ لـەو وڵاتـەدا ڕوویـان داوەو بوونـە هـۆی ئـەوە کـە کۆتـایی بـە تەمـەنی رێژیمـی کــون، واتــە پاشایەتیی سەرەڕۆ بهێنرێو بناخەی کۆمەڵی فەرانسە لە باری جۆراوجۆرەوە بە تەواوی بگۆڕێ.

ئـەو شۆڕشـە هەرچـەند رووداوێکـی بێپێشـینەو تاقانـە لـە ڕادەی جیـهانیدا نەبووو لە دنیایەکی قەیرانیو پڕ لـە ئـالۆزیی ئـابووریو ئـاڵوگۆڕی کۆمەڵایـەتیو سیاسـیدا بـەرپا بــوو، (ئینگلســتان، بێلژیـك، هولـّـەند، ئیرلــەند، شــەڕەکانی ســەربەخۆیی ئــەمریکاو. . . ) بـــەڵام بـــەو حاڵـــەش بـــە هـــەموو هـــەورازو نشێوەکانییەوە بە نموونـەی تـەواوی شۆڕشـێکی بورژوایـی دادەنـرێو هـەروەك پاشتر مارکسو ئینگێلـس لـە مانیفیسـتدا بـە روونـی گوتیـان ئاکـامی ناتـەبایی قووڵـی نێـوان قـەوارەی کۆمەڵایـەتیی فیئـۆداڵ ـ پاشــایەتیی ئــەو ســەردەمەی فەرانســە (دیاریکــەری پێوەندیـیــەکانی بەرهەمــهێنان) لــە لایـــەكو وەزعـــی پەرەگرتوویی هێزە بەرهەم هێنەرو روناکبیرییەکان لـە لایـەکی دیکـە بـوو. لـە بـاری کۆمەڵایەتییـەوە فەرانسـە لـەو سـەردەمەدا بـەڕەسمی بـە سـێ چینــی دیاریکراو دابەش کرا بوو: نەجیبزادەکان، رووحانییەکانو رەعیەتـەکان (چینـی سێهەم). سـنووری ئـەم چینانـە بـە هـۆی هێندێك ئیمتیـازی تایبـەتی لێك جیـا کرابۆوە، هەرچەند لەڕاستیدا هیچ کامێکیان ـ بێجگە لـە رووحانییـەکان ئـەویش تا ڕادەیەك ـ بە چینێکـی یەکدەسـتی کۆمەڵایـەتی (بـە مانـای ئـەمڕۆی وشـەکە) دانەدەنران.

دوو چینەكەی پێشەوە كە لە سەر یەك ١/٥ لە سەدی حەشیمەتی وڵاتیان پێك دێنا هێندێك ئیمتیازی تایبەتیان هەبوو كە ڕیشەیان دەگەڕایەوە سەر ڕێوشوێنە كۆنەكانو ببوونە شتێكی ڕەسمیو قانوونی. ئەم ئیمتیازانە هێندێكیان ئیفتخاریو مەعنەوی بوون وەك هەقی هاتوچۆو مانەوە لە دەربارو وەرگرتنی پۆستە گرینگە تەشریفاتیو دەوڵەتی‌یەكان، هێندێكیشان ماددی بوون وەك تەرخان بوون لە دانیماڵیاتی زەویو ماڵو مڵكو میرات، هەقی وەرگرتنی باجو خەراجی جۆراوجۆر لە ڕەعیەتو جووتیارەكانو شتی دیكە. چینی یەكەم، واتە نەجیبزادەكان كە نەختێك زیاتر لە ٠/٥ لە سەدی حەشیمەتی فەرانسەیان پێك دێنا، سێ دەستە بوون. دەستەی یەكەم، نەجیبزادە گەورەكانی دەربار بوون كە ژمارەیان یەكجار كەم بووو ڕەنگە لە هەزار كەس تێنەپەڕیبن. بەڵام زەوی‌یەپانو بەرینەكانو مڵكە گەورەكانیان بە دەستەوە بوو بێ ئەوەی بە كردەوە نەخشێكی ڕاستەوخۆو كاریگەریان لە كاری بەرهەمهێنانی ئەو مڵكانەدا هەبێ. ئەوانە بە هۆی ژیان لە دەربارو دەوروبەری، بەشی زۆری داهاتی وڵاتیان خەرج دەكردو عادەتەن پلەو پایەی گەورەی دەربارو وەزارتو فەرماندریی سوپاو سەفارەتو ئەو جۆرە شتانە دەدرا بەوان.

دەستەی دووهەم، نەجیبزادەكانی ئۆستانەكان بوون كە لە لایەك داهاتێكی ئەوتۆیان لە زەوی‌یە چووكەكانی خۆیان نەبووو لە لایەكی دیكەش چونكە لە دەربار دوور بوون، نە لە داهاتی گشتیی وڵات شتێكیان پێ دەبڕاو نە دەستیان بە كارە گرینگە ئەرتەشیو ئیداری‌یەكانیش ڕادەگەیشت. لە ئاكامدا لە باری ماڵی‌یەوە زۆر وابوو دەست كورت بوونو لە پیاو ماقووڵەكانی دەربار كە ئەوانیان بە هۆی دەست كورتیو بێبەشیی خۆیان دەزانی، ناڕازی بوون. بەڵام بەو حاڵەش پاپەندی بە خۆنازینو ئیمتیازەكانی پیاو ماقووڵان (اشراف) بوون. بەم دوو دەستەیە دەگوترا نەجیبزادەی ئەهلی شەمشێر.

دەستەی سێهەم، نەجیبزادەی ئەهلی قەڵەم بوون کە بەرپرسایەتیی کارە گرینگە دەوڵەتی‌یەکانیان بە ئەستۆوە بووو لە باری ماڵی‌یەوە خاوەنی داهاتێکی زۆر بوون.

چینی دووهەم، واتە رووحانییەکانیش ژمارەیان لە سەر یەك ئەوەندەی نەجیبزادەکان بوون. بەڵام هەروەك باسی کرا لە نەجیبزادەکان یەکگرتووتر بوونو پێوەندی‌یەکی پتەوتریان لە نێودا هەبوو. رووحانی‌یەکانیش بە دوو دەستە دابەش دەکرێن:

دەستەی یەکەم، رووحانی‌یە گەورەکان بوون کە ملّکێکی زۆرو داهاتێکی بێ‌ئەندازەیان هەبوو. زۆر کەسیان بێجگە لە ئیمتیازە تایبەتی‌یەکانی رووحانییەت لەبەر ئەوەی بە بەشێك لە نەجیبزادەکانیش دەژمێردران، ئیمتیازو دەسەڵاتێکی زۆریان هەبوو.

دەستەی دووهەم، رووحانی‌یە ئاسایی‌یەکان بوون کە نیزیك بە نیوەی حەشیمەتی رووحانی‌یەکانیان پێك دێناو عادەتەن لە نێو چینی سێهەم هەڵدەکەوتن. ئەمانە لە جێدا خەڵکێکی هەژار بوونو ئەگەریش بە پێی شوغڵەکەیان داهاتێکیان بوایە، ناچار بوون ئەو داهاتە بدەنە ئەوانی گەورەتر لە خۆیانو بە مووچەیەکی کەم بسازێن. ئەم هۆیانەو پێوەندیی شوغڵیی نیزیکیان لەگەڵ چینی سێهەم بوونە هۆی ئەوە کە لە رووحانی‌یە گەروەکانو ئیمتیازە تایبەتی‌یەکانیانو لە نەجیبزادەکان بێزاربنو لە ڕەوتی شۆڕشدا لەگەڵ چینی سێهەم بکەون.

سەرەنجام چینی سێهەم نیزیکەی ٩٩٪ی هەموو حەشیمەتی پێك دێناو ئیمتیازەکانی دوو چینەکەی پێشەوەی نەبوو. چینی سێهەمیش بۆ خۆی دەبووە چەند دەستە:

یەكـەم، بورژواكـان (دەوڵەمـەندەكان) كـە هێندێـك شــوغڵی وەك پزیشــكی، وەكیلایەتی، دەفتەرداری، مامۆسـتایەتی، سـەررافیو كـارە ماڵیـیەكانی دیكـەو بازرگانیو شتی دیكەیان هەبوو. ئەمانە لە سەر یەك لە سەدی یـەكی حەشیمەت تێنەدەپـەڕین. بـەڵام لـە بـاری ماڵیـیەوە وەزعێكـی زۆر لـە دەسـتەكانی دیكــە باشتریان هەبوو.

دووهەم، سەنعەتكارانو كرێكاران بە حەشیمەتێكی ٧ تا ٨ لە سـەدی هـەموو حەشیمەتی وڵاتــەوە كـە زۆرتریـان لـە شـارەكان دەژیـان. سـەرەنجام دەسـتەی سێهەم واتە جووتیاران كە ٩٠ لە سەدی هەموو حەشیمەت بوون، بەڵام لەوپـەڕی هەژاریو بێبەشیو بێمافیدا دەژیان.

لـە ژوور سـەری تـەواوی ئـەو دەسـتەو چینانـەدا پادشـا هـەبوو كـە بـە پێـی سۆننەتو رێوشـوێن خـاوەنی دەسـەڵاتی تـەواوو بێسـنوور بـوو. سـنووری دەسەڵاتی شا دەتوانین لە قسە بەناوبانگەكەی لووئیی چاردەهەمڕا تێبگەین كە دەیگوت: "دەوڵەتو وڵات یانی ئەمن خۆم!" یان لە قسەی لووئی شـازدەهەمدا (پادشایەك كە شۆڕش لە زەمانی ئـەودا رووی دا) كـە دەیگـوت: "شـا لـە كـارو كرداری خۆیدا بێجگە لە خواو پێغەمبەر بەرامبـەر هیـچ كـەس مەسئوول نیـە." هەروەها لە وەڵامی یەكێك لە نـەجیبزادەكاندا كـە گومـانی لـە قـانوونی بوونـی یـەكێك لـە فەرمانـەكانیدا هـەبوو، دەیگـوت: "قانوونیـیە چونكـە ئـەمن وام ویستوە!" ئاشكرایە كە لەو حاڵەدا دەربار ناوەندی هەر جۆرە بڕیـاردانێكو هـەر جۆرە پیلانێكو فەسادو دزیو فزیو كارێكی نامەسئوولانەو سـەرەڕۆیانە بـووەو لە بەرامبەردا چینی سێهەم واتە ٩٩ لە سەدی هەموو حەشیمەت بە قـەولی "سـی یەس" كە یەكێك لە رووحانیـیە شۆڕشگێڕو بەناوبانگـەكانو یـەكێك لـە دانـەرانی بەیاننامەی مافی مرۆڤ بووە، لەگەڵ ئەوەی لەڕاستیدا "هـەموو شـتێك" بـووە، لە باری پلەو پایەوە بە "هیچ" دانراوە.

له سەر بناخەی ئەم زەمینە گشتیيە، بورژوازی کە دەیهەویست بە شتێك دابنرێ، قەیرانی ئابووریو وەزعی نابەسامانی ماڵی کە لەگەڵ قەیرانێکی سیاسی (نارەزامەندیی نەجیبزادەکان لە شا) لێك گرێ درابوو، لە دژی دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی پاشایەتی رێنوێنی کردو لە ئاخرو ئۆخری ساڵی ١٧٨٨دا شای ناچار کرد "ئەنجومەنی هەڵبژێراوان" پێك بێنێ کە لە نوێنەرانی هەر سێ چینەکە پێك دەهات. بورژوازی کە خۆی بە بیروباوەڕی نوێ (مونتسکیۆ، ڤۆڵتێر، رۆسۆ، نووسەرانی دائرة المعارفو. . .) چەکدار کردبوو و بۆ ئەم کارە پشتی بە کۆمەڵانی خەڵك (جووتیارانو کرێکارانو سەنعەتکاران)و کەمایەتیيەك لە پیاو ماقووڵەکانو رووحانیيەکان بەستبووو تێدەکۆشا شێوەیەکی تازە لە تەرکیبی کۆمەڵایەتی بدۆزێتەوە کە بناخەکەی لە سەر ئەسڵی ئازادیی تاکە کەسیو بەرامبەری دامەزرابێو بتوانێ بە کردەوە ببێتە هۆی هەڵدانی ئابووریی سەرمایەداری کە تا ئەو دەم بە هۆی چوارچێوە فێئوداڵیيەکانەوە (تەشکیلاتی سۆننەتیو قانوونی مالیکییەت، بەرهەم هێنانو موعامەلە)سست دەچووە پێش.

بەڵام رووداوەکان یەك بە دوای یەکدا هاتنو بوونە هۆی هێندێك ئاڵوگۆڕی سیاسیو کۆمەڵایەتی. لە پێشدا بە هۆی فشاری نوێنەرانی چینی سێهەمەوە (ئەنجومەنی هەڵبژێراوان) کە لەوێدا نوێنەرانی هەر چینێك بە جیاو سەربەخۆ ڕاو تەگبیریان دەکردو نەزەری خۆیان دەدا، بووە "ئەنجومەنی نیشتمانی" (١٧ی ژوئەنی ١٧٨٩)، واتە ئەنجومەنێکی بە دەنگی وەك یەکی هەموو نوێنەرانەوە. ئەم ئەنجومەنە بە ڕاوەستان بەرامبەر بە ویستی شاو بە پەسند کردنی پارێزراوی (مصونیت) بۆ نوێنەران، فەرمانڕەوایەتیی گەلی (لە رێگای نوێنەرانی خۆیەوە) بەرامبەر بە فەرمانڕەوایەتیی بێرەقیبی شا هێنایە گۆڕێ.

درێژەكێشانی ئەم ڕەوتە گەیشتە گۆڕانی ئەنجومەنی دامەزرێنەران (مؤسسان) كە پێشنیارو ئاڵوگۆڕی تازە سەبت بكاو قانوونی ئەساسیی نوێ دابنێ (٩ی ژووئیە). ڕاپەڕینی چەكدارانەی خەڵكی پاریس لە ١٤ی ژووئیەدا كە بوو بە هۆی گرتنی باستیلو دامەزراندنی گاردی نیشتمانی، نیازی كودیتایەكی لە لایەن شاوە بە جارێك پووچەڵ كردەوەو رووماتیەكی بە تەواوی گەلیی دا بە شۆڕش. دوای پاریس، ڕاپەڕین تەنییەوە بۆ شارەكانی دیكەشو وای لێهات كە لە ماوەی نیزیك بە مانگێكدا زۆربەی شارە گەورەكان هاتنە پاڵ ڕاپەڕین. قەیرانی ئابووری، قاتی، داخوازە ئەرزییەكانو "ترسێكی گەورە" كە لە پیلانی پیاو ماقووڵەكانو دەنگۆی بوونی دەستەو تاقمی ڕێگرو خراپكار كەوتبووە نێو لادێیەكان، وەزعێكیان پێك هێنا كە جووتیاران دەست بدەنە چەكو تازە دای نەنێنەوە.

ڕەوتی ئاڵوگۆڕكان رۆژ بە رۆژ خێراتر دەبوو. دوو مانگ دواتر ئیمتیازە چینایەتییەكان لە ئەنجومەنی دامەزرێنەرانڕا هەڵوەشانەوەو بەرامبەریو یەكسانیی فەرانسەییەكان لە جێگەی دانراو پاشان لە ٢٧ی ئەو مانگەدا "بەیاننامەی مافی مرۆڤو هاونیشتمانان" پەسند كرا.

لە سەرەتای مانگی ئوكتۆبردا شاری پاریس ڕاپەڕینێكی خەڵكیی دیكەی بە خۆیەوە دی. دەستەیەك كە لە ٧ تا ٨ هەزار ژن پێك هاتبوون، لە كاتێكدا كە چەند تۆپیشیان پێ بوو، بە قین هەستاوی بەرەو "وێرسای" لە نیزیك پاریس وەرێ كەوتنو پاش داگیر كردنی كۆشكی پاشایەتی، شایان ناچار كرد كە بۆ مانەوە بێتە پاریس. چەند رۆژ دواتریش ئەنجومەنی دامەزرێنەرانیش لە وێرسایەوە گوێزرایەوە بۆ پاریسو بەم جۆرە هەم شاو هەم مەجلیس بە كردەوە كەوتنە بەر دەستی خەڵكی پاریس.

لەوە بەدواوە دەکرێ بڵێین لە سەرانسەری ساڵی دواتــردا (١٧٩٠) ڕۆژگـار لـە هەلومەرجێکی شۆڕشگێرانەدا بەڵام بە بێ ڕووداوێکی پــڕ هەنگامـە تێپـەڕی. لـە تەواوی ئەو ماوەیەدا هەوڵێکی زۆر درا بـۆ ئـەوەی لـە نێـوان نـیزامی پاشـایەتی‌و قـازانجی بـۆرژوازی‌دا ســازانێك پێــك بــێ‌و شــۆڕش لــە چوارچێــوەی گۆڕینـــی پاشایەتیی سەرەڕۆیانە لـە پاشـایەتیی مەشـرووتەدا بمێنێتـەوە. بـەڵام ڕاکردنـی لووئیـی شـازدەهەم لــە ئــاخرو ئۆخــری بــەهاری ســاڵی ١٧٩١دا لــە پــاریس‌و گێڕانەوەی زۆرە ملیی ناوبراو، پاشانیش هێندێك ڕووداوی دیکە کە بـە دوای ئـەو مەسەلەیەدا هاتن ـ تەقە لە خەڵك لە خـۆ پێشـاندانی کۆمـاریخوازان لـە مـەیدانی مەشقی پاریس‌دا ـ نیشانی دا کە ئیمکانی ئەو سازانە چەند کەمە.

سەرەنجام ئەنجومەنی دامەزرێنـەران لـە کۆتـایی مـانگی سـیپتامبری ١٧٩١دا قانوونی ئەساسیی تازەی کە لە چوارچێوەی پاشـایەتیی مەشـرووتەدا ئامـادەی کردبوو، تەحویلی ئەنجومەنی نوێی قانووندانان داو بۆ خــۆی هـەڵ وەشـا. بـەڵام شا ئیدی بە جۆرێك بێ ئیعتبـار ببـوو کـە ئـەو پاشـایەتی‌یە مەشـرووتەیە سـاڵێك زیـاتر خـۆی ڕانـەگرت. دەسـتێوەردانی دەوڵەتـە ئوروپایی‌یـەکان بـــە تایبــەتی ئۆتریـش کـە بـووە هـۆی ئیعلانـی شـەڕ لەگـەڵ ئـەو دەوڵەتـەو هێندێك شـکان‌و پاشەکشـەی سـەرەتایی هێزکـانی فەرانسـەو هەڕەشـەی پیلانێکـی نێوخۆیـی لـە لایەن پیاو ماقووڵەکانەوە، بوونە هۆی خۆشتر بوونی ئاگری ڕق‌و قینی کۆمـەڵانی خـەڵك‌و شـۆڕش لـە ژێـر تـەوژمی کۆمـەڵان‌دا بـــە تایبــەتی لــە شــارەکان‌دا لــە چوارچێوەی شۆڕشێکی بـۆرژوازی بـەولاوەتر چـوو. سـاڵی ١٧٩٢ ئەنجومـەنێکی نیشـتمانیی تـازە بـە نـاوی "کۆنوانسـیۆن" جێگــای ئەنجومــەنی قانووندانــانی گرتـەوە. لـە سـەردەمی سـێ ســاڵەی تەمــەنی کۆنوانســیۆن‌دا (١٧٩٢ ـ ١٧٩٥) پاشایەتی هەڵوەشاو ڕێژیمی کۆماری (٢١ی سیپتامبری ١٧٩٣) دامـەزرا. لووئیـی شازدەهەم ئێعدام کرا (ژانویەی ١٧٩٣)و هەوڵ درا دێموکراسی‌یەکی کۆمەڵایــەتی

جێگیر بكرێ. بەڵام لە ئاكامی ناكۆكیی حیزبە سیاسی‌یەكان‌دا هێندێك كارەساتی خوێناوی ڕوویان دا.

لە پێش‌دا ناكۆكیی تاقمە توندڕەوەكانی "ژێرۆندین"و "مۆنتانیارد" بوو بە هۆی شكانی ژێرۆندێنەكان. پاشان ناكۆكیی نێوان مۆنتانیاردەكانیش بوو بە هۆی ئەوە كە ببنە دوو دەستە. هەتا سەرەنجام ڕۆبسپێرو لایەنگرەكانی، ئەم دوو دەستەیەشیان یەك لە دوای یەك تێك شكاندو "دیكتاتۆری‌یەكی خوێناویی شۆڕشگێڕانە"یان بە تەواوی دامەزراند. بەڵام ڕووخانی ڕۆبسپێر (ژووئیەی ١٩٧٤) كۆتایی بەم قۆناغە هێناو جارێكی دیكە شۆڕش گەڕایەوە نێو چوارچێوە بۆرژوازی‌یەكەی خۆی. كۆنوانسیۆن پاش ئەوەی قانوونێكی ئەساسیی تازەی دانا، هەڵوەشاو جێگای خۆی دا بە حكوومەتێكی دیكە بە ناوی "دیرێكتوار" واتە دەستەی كارگێڕی (١٧٩٥).

گرینگترین تایبەتمەندی‌یەكانی دەورەی چوار ساڵەی دیرێكتوار ناسەقامگیریی سیاسی، هەڵداو پێدای بەردەوام لە نێوان چەپی شۆڕشگێڕو ڕاستی شا پەرست‌دا، قەیرانی توندی ماڵی‌و كۆمەڵایەتی‌و سیاسەتە جەنگی‌یەكانن كە ئاخرەكەی لە نوامبری ساڵی ١٧٩٩دا بوونە هۆی بەرپا بوونی كودیتایەك كە بە "كودیتای برۆمێر" ناسراوە. شۆڕشی مەزنی فەرانسە بە مانای تایبەتی بە دوای ئەم كودیتایە كە بە دەستی ناپیلیۆن بەرپا كرا، دەبێ بە كۆتایی هاتوو دابنێین. كودیتایەك كە دەسەڵاتی ئیجرایی بەرەو دیكتاتۆری پاڵ پێوەنا (دەورەی كۆنسوولی‌و پاشان دەورەی ئیمپەراتۆری)، بەڵام هەر لەو كاتە دەسكەوتە بۆرژوایی‌یەكانی شۆڕشی پاراستن.

**

ئەم دەسکەوتانە کە تەنانەت گەڕانەوەی سی‌و چەند ساڵەی پاشـایەتی پـاش تەواو بوونی دەورەی ئیمپەراتوریی نـاپیلیۆن‌و هـەموو کـەوتن‌و هەسـتانەوەکانی دیکەی چەرخی نۆزدەش نەیان‌توانی وەریان بگرنەوە، کامانە بوون؟

شۆڕشی فەرانسە بەرامبەر بە فـەرمانڕەوایی شـاو نـەجیب‌زادەکان مەسـەلەی فـەرمانڕەوایی نیشـتمانیی هێنایـە گـۆڕێ‌و دایمـەزراند. ئیمتیـازە چینایەتی‌یـە جۆراوجۆرەکـان بـە ئیمتیـازی ئێفتیخـاری‌و ئیسـمی‌و ڕەسمی‌یەکانـەوە بگـرە تـا ئیمتیازە فەردی‌و بەکۆمەڵەکان‌و هەروەها ئیمتیـازە سیاسـی‌و کۆمەڵایەتی‌یـەکان هەڵوەشانەوەو کۆتایی بە تەمەنی دەرەبەگایەتی هات. نێوەرۆکی میللەت‌و وڵات مانایـەکی ڕوونـترو ئاشـکراتری پـەیدا کـردو یەکیـەتیی نەتـەوەیی‌و نیشـتمانیی فەرانسە کە پێش شۆڕش زیاتر هەر ناو بوو، شێوەیەکی ڕاستەقینەو بەکردەوەی بە خۆیەوە گرت. لە بارەی بەرامبەریی مەدەنی‌یەوە قانوونە تایبەتی‌یەکانی هـەر چین‌و هەر نەتەوەو هەر ئەیالەتێك هەڵوەشان‌و کۆمەڵە قانوونێکی گشتی دانـران کـە هـەموو ئـەندامانی نەتـەوە بـە پـەیڕەوی لـەو دانـران. سـێ هـێزی ئیجرایـی‌و قـەزایی‌و قانوون‌دانـان لێـك جیـا کرانـەوە، نامەزهـــەبی بوونـــی حکوومـــەت وەك ئەسڵێك قبووڵ کراو بەڕێوە برا. ئەو ئازادیانە کـە لـە بەیاننامـەی مـافی مـرۆڤ‌و هاونیشـتمانان‌دا بـاس کرابـوون وەك ئـازادیی بیروبـاوەڕ، ئـازادیی قسـە کـردن، ئازادیی چاپەمەنی‌و ئازادیی مەزهەب وەك شتێکی پـیرۆز چاویـان لـێ کـرا. وەك نموونـەی بـەرچاوی ئـازادیی مەزهـەبی دەتوانـین باسـی وەزعـی یـەهوودیانی دانیشتووی فەرانسە بکەین کە تا ئەو دەم بـە چـاوی بێگانـە تەماشـایان دەکـرا، بـەڵام لـە ئاکـامی شـۆڕش‌دا بـە بەشـێك لـە میللـەتی فەرانسـە دانـران کـە مـافی بەرامبەر لەگەڵ فەرانسەیی‌یەکانی دیکەیان هەبێ. دیارە ئازادیی ئـابووریش کـە

ئامانجی بنەڕەتیی بۆرژوازی‌یە جێگیر كـرا. لـە بـارەی جووتیارانیشـەوە دەكـرێ بڵێین تووشی ئاڵوگۆڕێكی گەورە بوون. چونكە لە لایەك لە دانی ماڵیاتە كۆنەكان تەرخان كرانو لە لایەكی دیكەش نەك هەر بوونە خاوەنی ئەو زەویانە كە كاریـان لـە سـەر دەكـردن، بـەڵكوو توانیــان ئــەوەندەی لــە توانایــان‌دا بــوو زەوی‌یــە دەوڵەتی‌یەكانو زەوی‌یەكانی ئەو پیـاو ماقووڵانـە كـە ڕۆیشـتبوون، بـە نرخێكـی هەرزان بكڕن.

دیــارە شۆڕشــی فەرانســەو شــوێنەوارەكانی لــە چوارچێــوەی فەرانســەدا نەمانەوە. بیروباوەڕی نوێ زۆر زوو ئوروپای داگرتو پادشـا ئورووپایی‌یـەكانی تووشی ترسو نیگەرانیو سەرەنجام دژكردەوە كرد. ڕەوتــە شۆڕشـگێڕی‌یەكانو ئەو ئەسڵانە كـە لـە بەیاننامـەی مـافی مرۆڤـی سـاڵی ١٧٨٩دا گونجـا بـوون، لـە خۆیـان‌دا ئـەوەندە بـە توانـا بـوون كـە گـەلانیان خسـتە جموجۆڵو دەســەڵاتی سەرەڕۆیانەی پاشاكانیان لەرزاند. لە لایەك موهاجیرەكان (ئەو پیاو ماقووڵانە كە لە فەرانسە ڕایان كردبوو) بوونە هۆیەك بۆ بڵاو بوونەوەی دەنگو باسی شۆڕشو لە لایەكی دیكــەش هەسـتی كـون پشـكنین (كنجكـاوی) بـوو بـە هـۆی ئـەوە كـە ئورووپایی‌یـانی ئـەهلی لێكۆڵینـەوە بـە شـێوەیەكی بـەربڵاو ڕوو بكەنـە فەرانسـە "زیارەتكەرانی ئازادی!"و وێڕای شارەزا بوون لـە ئامـانجو ئاواتـەكانی شـۆڕش، ئەوان لە سەرانسەری ئورووپادا بڵاو بكەنەوەو پڕوپاگەندەیان بۆ بكەن. هەمووی ئەمانــە بــە تایبــەتی لـــە چــەرخی دواتــردا وردە وردە ســیمای سیاســیو كۆمەڵایەتی‌یان بە تەواوی گۆڕی.

شۆڕشی فەرانسە هەرچەند وەك گوتمان بە گشتی شۆڕشێكی بۆرژوایـی بـوو، بەڵام بوو بە هۆی سەرهەڵدانی هێندێك بیروبـاوەڕ كـە لـە بـیرو مـەیلی بـۆرژوازی بەولاوەتر بوون. بۆیە ئەم شۆڕشە جێگای لە ناوەندی مێژووی تازەی جیهانو لە چوارڕێیانی ئەو خەتـە جۆراوجـۆرە فكـریو سیاسـیو كۆمەڵایەتی‌یانـە دایـە كـە

دنیایان گۆڕیوەو دەیگۆڕن. ئـەم شۆڕشـە ئێسـتاش ئینسـانەکان بـە یـادی ئـەو خەباتو تێکۆشانە کە لەو شۆڕشەدا بۆ ئازادیو سەربەخۆییو یەکسـانی کـراوە، دەخاتە هەژان. شۆڕشی فەرانسە جێگای ڕوانی بیروبـاوەڕە تازەکـان لـە بـارەی پلەی ئینسانو دادپەروەریی کۆمەڵایەتییەوەیەو نوێنگەی هێرش کردن بـۆ سـەر ئیمتیازو سۆننەتە کۆنەکانە. ئەم شۆڕشە چ خۆشیان بویّو چ ناخۆش، هەمیشـە لە ویژدانی ئینسانە تێگەیشتووەکاندا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

ئێمـە ئـەم هەلـە بـە دەرفـەت دەزانـین بـۆ ئـەوەی لـە دڵـەوە پیرۆزبـایی دووسەدەمین ساڵڕۆژی شۆڕشی مەزنی فەرانسە لـە دەوڵـەتو میللـەتی فەرانسـە بکەینو بەختەوەرییو پێشـکەوتنو سـەرکەوتنی هـەرچی زیاتریـان بـۆ بـە ئـاوات بخوازین.

ئەم وتارە لە ئەسڵدا بە فارسی نووسراوەو "کوردستان" کردویە بە کوردیو لە ژمارە ١٥١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"(پووشپەڕی ١٣٦٨)دا بڵاو کراوەتەوە.

# پەیامی سوپاس‌و پێزانینی دوكتور سادق شەرەفكەندی جێگری سكرتێری گشتیی حیزب، بە بۆنەی هاودەردیی خەڵك‌و دۆستان‌و دڵسۆزانی حیزبی دێمۆكرات بە دوای شەهید بوونی دوكتور قاسملووی نەمردا

هاونیشتمانانی بەشەرەف!

خەڵكی دڵسووتاوو ئەمەگناسی كوردستان!

بە ئەركی سەرشانی خۆم دەزانم بە ناوی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی‌و ئەندامان‌و كادرو پێشمەرگەكانی ئەم حیزبەوە سوپاسی گەرمی ئەو هاودەردی‌و هاودڵی‌یەتان بكەم كە بە بۆنەی شەهید بوونی رێبەری خۆشەویستی حیزبەكەمان دوكتور قاسملووی نەمر خۆی نواندو، بە شێوەیەكی بەربڵاوو بێوێنە هەروا خۆی دەنوێنێ.

ئاشكرایە كە ئەو هاودەردی‌یە بێخەوشەو ئەو هەستە پاكە نیشانەی ئەمەگناسی‌یەكە كە لە بیروباوەڕەوە سەرچاوە دەگرێ. بیروباوەڕ بە رێبازی خەباتگێڕانەو لە عەینی كاتدا ئوسووڵی‌و سەربەخۆیی حیزبو، بیرباوەڕ بەو ئامانجانە كە رێبەری هەڵكەوتوومان لە پێناوی وەدیهاتنیاندا سەری داناو گیانی بەخت كرد. ئەم هاودەردی‌یە نیشانەی ئەوەیە كە ئێوە خەڵكی تینووی ئازادی‌و دێموكراسی داخوازەكانی حیزبی دێموكرات بە داخوازی خۆتان دەزانن‌و، خەباتگێڕانی حیزبی دێمۆكرات بە ڕۆڵەی بەحەق‌و خۆشەویستی خۆتان چاو لێ دەكەن.

ئەمە، دیارە هەر لەو کاتەدا کە بۆ ئێمە ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە گشتی جێگـای فـەخرو شـانازی‌یەکی گەورەیـە، ئـەرکێکی زۆر قورسـیش دەخاتـە سەرشانمان: ئەرکی درێژەدانی سادقانەو لێبڕاوانـەی رێگـای شـەهیدانو، ئـەرکی هەوڵدانێکی بێوچان بۆ ئەوەی هەروا جێگای بیروبڕواو خۆشەویستی بمێنینەوە.

هەر بۆیە بە پێویستی دەزانم لەم هەلومەرجە ناسکو مێژوویی‌یەدا جارێکی دیکە ئێـوە خـەڵکی بـە شـەرفو ئـازادیخوازی سەرانسـەری ئـێران بـە گشـتی‌و کوردستان بە تایبـەتی، دڵنیـا بکـەم کـە ئێمـە تێکۆشـەرانی حـیزبی دێموکـرات، حیزبی شەهیدان، ئەم ئەرکە گرانە کە کەوتۆتە سەر شانمان زۆر باش هەست پێ دەکەینو زۆر بە ئاگاهی‌یەوە بڕیـاری یـەکجاریمان داوە کـە هـەموو هـێزو توانـای خۆمـان تـەرخانی پێوانـی رێگـای دوکتـور قـاسملوو، یـانی رێگـای خـەباتی کوڵنەدەرانە لە پێناوی ئازادی‌و دێموکراسی‌و مافە ئینسانی‌یەکان‌دا بکەین تا لەم رێگایەدا ـ کە رێگای سووری شەهیدانە ـ یان سـەربکەوین، یـان بـە شـانازی‌یەوە وەك شەهیدە ئازیزەکانمان سەر دابنێین.

**هاونیشتمانانی ئازادیخوازی ئێران!**

رێژیمی خوێنرێژو خوێنخۆری ئـاخوندی بـە شـەهید کردنـی دوکتـور قـاسملوو دەری‌خست کە نایهەوێ لە نێوەرۆکی رەشو، لە رەفتارو کـردەوەی دژی گـەلی‌و دژی ئێرانیی خۆی‌دا ئاڵوگۆڕێك پێك بێنێ. چونکە مەگەر دوکتـور قـاسملوو لـە چ رێگایەك‌داو بە دوای کام ئامانجدا لە داوی ئەو رێژیمە جەللادە کەوتو تێرۆر کرا؟

دوکتـور قـاسملوو دەیهەویسـت خـەڵکی کوردسـتانی ئـێران بـە وەرگرتنـی خودموختاری لە پێش هەموو شتێك‌دا هەست بە شەخسییەتی ئینسـانیی خۆیـان بکەن. گەلی کورد لە کوردستانێکی خودموختار دایە کە بـە راسـتی‌و بـە کـردەوە دەتوانێ هەست بە برایەتی‌و بە یەکسانی لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران بکا. ئینجـا

بە دڵێكی گەرمەوە ئەركی نیشتمانیی خۆی بەو جۆرە كە لە سەر شانی نیشتمانپەروەرانی راستینە، بە ئەنجام بگەیەنێ‌و لە ئاوەدان كردنەوەی وڵاتی خۆشەویستی خۆی ئێرانی وێران‌و پەرێشانی ئەمڕۆدا نەخشێكی كاریگەر بگێڕێ.

دوكتور قاسملوو ئاواتی ئەوە بوو كە چ زانایی‌و ئەزموون‌و لێوەشاوەیی خۆی وەك ڕۆڵەیەكی هەڵكەوتووی ئەم ئاوو خاكە، چ خەباتگێڕی‌و ماندوویی نەناسیی تێكۆشەرانی حیزبی دێموكرات كە لە هەڵكەوتوترین‌و دڵسۆزترین ڕۆڵەكانی كوردستانی ئێرانن‌و، بە دوای ئەواندا هەموو هێزو توانای گەلی كورد لە كوردستانی ئێران لە خزمەت سەربەخۆیی سیاسی‌و بەرەوپێش‌بردنی ئێران لە باری ئابووری‌و كۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌و عیلمی‌و سەنعەتی‌و بوارەكانی دیكە دابنێ.

بەڵام پەروەردە كراوانی خوێن‌و خەیانەت بەم جینایەتە گەورەیە نیشانیان دا كە نە لە فكری ئێران دان‌و نە گەلی كورد لە ئێران بە ئێرانی دەزانن. ئەوان جارێكی دیكە بە روونی ڕایانگەیاند كە هیچ بایەخێك بە ئوسوولی ئەخلاقی‌و ئینسانی نادەن‌و چووكترین نرخ بۆ رێوشوێنی نێونەتەوەیی‌و پێوەندی‌یەكانی گەلان‌و دەوڵەتانی جیهان دانانێن.

ئێمە وەك حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران سەرەڕای ئەوە كە بە كردەوە چالاكترین هێزی ئۆپوزیسیونی ئێرانی لە مەیدانی خەباتی چەكدارانە لە نێوخۆی ئێراندا بووین‌و هەین، ئاشتیخوازین‌و ئەگەر دەستمان بۆ چەك بردوە، بۆ دیفاع لە خۆمانە، چونكە شەڕیان بە سەردا سەپاندووین. ئێمە لە شەڕو خوێنڕێژی بێزارین، چونكە مانای شەڕ باش دەزانین‌و هەر بۆیە هەمیشە لە سەر ئەو باوەڕە بوین كە مەسەلەی كوردستان هەتا بگونجێ لە رێگای ئاشتیخوازانەوە چارەسەر بكەین. بەڵام كۆنەپەرستانی دوور لە ئینسانییەت‌و عەقڵی سەلیم، بەو كارە دڕندانەیە سەلماندیان كە بۆ چارەسەر كردنی گیروگرفتەكانی ئەمڕۆی ئێران هیچ رێگایەك بە ناوی رێگای ئاشتیخوازانە ناناسن‌و لە نێوان خۆیان‌و خەڵكی ئێراندا تەنیا زۆرو "خشونت" بە حاكم دەزانن‌و بەس!

بەڵـێ، ڕێژیمـی ئـاخوندی، گـەلانی ئـێران بـە ئاشـکرا بـۆ مـەیدانی شـەڕو بەربەرەکانی لەگەڵ خۆی بانگ دەکاو ئێستا ماوەتـەوە سـەر ئێمـە کـە کـەنگێو چۆن لەشکان نەهاتوویی هێزی یەکگرتووی خۆمـانی پـێ نیشـان بدەیـنو تـامی تاڵی شکستو تێك ڕووخانی پێ بچێژین.

ڕۆڵەکانی گەلی بەوەفاو خەباتگێڕی کورد !

ئێوە هەستی نیشتمانپەروەریو ئەمەگناسیی خۆتان سەبارەت بـە ڕێبوارانـی ڕێگای ئازادیو ڕزگاری زۆر باش سەلماندوە، بەڵام هەست هەرچەند زۆر گرینگە، بە تەنیا بەس نیە. هەست دەبی شکڵێکی ماددیو دەستگر بە خۆیەوە بگرێ کـە بتوانێ لە مەیدانی کردەوەدا بە شێوەیەکی کاریگەر خۆی بنوێنێ.

ئێمە هەر لە سەرەتاوە پێمان لە ڕێگـای دژوارو پـڕ هـەورازو نشـێوی خـەبات ناوە، بڕیارمان داوە هەتا ئـاخر نەفـەسو ئـاخر دڵۆپـی خوێـن درێـژە دەری ئـەو ڕێگایە بین. ئەم بڕیارەشمان دیارە دڵگەرم بە پشـتیوانیی ئێـوە داوە. ئێسـتاش بە هەموو هەستو وجوودمانەوە ئەم بڕیارەتان لەگەڵ نوێ دەکەینەوەو دڵنیـاین کە بـە پشـتیوانیی ئێـوە سـەرەنجام سـەردەکەوین. چونکـە دەزانـین کـە هـێزی یەکپارچەی گەل لە بڕان نەهاتوویەو قەت نابەزێ.

ئێمە گەلێکی مـەزڵوومینو زۆرمـان زوڵـم لـێ دەکـرێ. زۆرداران بـە کوشـتنی دوکتور قاسملوو دەیانەوێ بە ئێمە بڵێن کە تەنیا کاتێك مـافی نەفەسکێشـانمان هەیە کە ژێردەستو ژێر چەپۆکەیان بین. بەڵام لـە مێـژە گوتوویانـە کـە قبووڵـی زوڵـم لـە خـودی زوڵـم خراپـترە. ئەگـەر بمانـەوێ هـەموو دەرسـەکانی دوکتـور قـاسملووی نـەمر لـە یـەك دەرسدا کـورت بکەینـەوە ئـەم دەرسـە ئەوەیـە کـە سـەرنجی ئێمـەی بـۆ لای هـێزی خۆمـان ڕاکێشـاو تێـی گـەیاندین کـە ئەگـەر دڵنیاییمان بە خۆمان بێو، پشتی یەکتر بگرین خـاوەنی چ توانایـەکی گـەورەین کە پەیکەری زۆرداران وەلەرزین دەخاو تووشی پەلە قاژەی مەرگیان دەکا !

دەبا ئەم دەرسە بە نرخەمان هەروا لە بەر چاو بێ.

با دایكانی كوردستان رۆڵەكانیان لە باوەشی گەرمو پڕ لە خۆشەویستیی خۆیاندا بە هەستی گەرمی نیشتمانپەروەریو ئازادیخوازی پەروەردە بكەنو چیرۆكی ژیانی دوكتور قاسملووو شەهیدانی رێگای رزگاریyان بە گوێدا بخوێنن.

با باوكانی كوردستان دەرسی ئازایەتیو خەباتگێڕی فێری منداڵەكانیان بكەنو تێیان بگەیەنن كە چەندە خۆشە جێگای هیواو هۆمیدی كۆمەڵەكەیانو گەلەكەیان بن.

با لاوانی كورد ـ كوڕو كچ ـ باش بزانن كە ژیان لە ئەسیریو ژێردەستیداو، بە سەرشۆڕیو شەرمەزارییەوە چەندە بێ قەدرو قیمەتەو لە بەرامبەردا هەڵمژینی هەوای پاكو بێگەردی سەربەرزیو ئازادی چەندە خۆشو دڵڕفێن.

دەبا رۆڵە نەبەزەكانی كوردستان ریزەكانی حیزبی دێموكرات بە هاتنی خۆیان جوانتر لە پێشوو برازێننەوەو بە هەڵگرتنی چەكی شەرەفو سەربەرزی، هێزی پێشمەرگە زۆر لە ئێستا بەهێزترو لەشكان نەهاتووتر بكەن.

ئاشكرایە كە گەلی كورد وەجاخ كوێر نیەو خاوەنی دەیانو سەدان قاسملوو بووەو هەیە. تایبەتمەندیی قاسملوو ئەوە بوو كە لێوەشاوەییو زانایی خۆی لە خزمەت رزگاریو ئازادیی گەلەكەی دانابوو. بۆیە ئێستا لەم كاتەدا كە بێگومان كاتێكی زۆر گرینگ لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی كورد دایە، بە هەموو هەستمەوە داوا لە لاوانی خوێنگەرمو رووناكبیری كوردستان دەكەم كە بێنە مەیدانی خەباتو جێگای بەتاڵی قاسملوو پڕ بكەنەوە. ئەگەر دوژمنانی ئازادی ئاوا لە قاسملوویەك دەترسن دەبێ لە بەرامبەر دە قاسملوودا وەزعیان چۆن بێ؟

ئێمە هەمووman باش دەزانین كە لەو فەزا پڕ زەبروزەنگو سەرەڕۆییو رەشەكوژییەی ئەمڕۆی ئێراندا هیچ داهاتوویەكی روون بۆ هیچ كەس بەدی ناكرێو هەتا سایەی ئەو دیكتاتۆرییە كۆنەپەرستانەیە بمێنێ ژیانێكی ئاسایی

بێدەنگو بێ دەردیسەر بۆ کەس مومکین نیە. ئەگەریش بە ڕواڵەت مومکین بێ لە سەر هەر ئینسانێکی واقیعی پێویستە ئەو ژیانە ـ هەرچەندەش درێژ ـ بە سەرەنجامەکەیەوە لەگەڵ ژیانی کورت بەڵام پڕ لە شانازیو لە مێژوو تۆمار کراوی تێکۆشەرانی مەیدانی خەباتو شەهیدانی ڕێگای ئازادیی گەل، وەك دوکتور قاسملووو عەبدوڵلا قادری هەڵسەنگێنێو بڕیاری خۆی لە بارەی ڕێگەی ژیانیدا بدا.

**هاونیشتمانانی ئەویندراری ئازادی!**

دوکتور قاسملوو لە سەرانسەری ژیانیدا وەك مەلێکی لە هێلانە دەرکراو دڵی بۆ نیشتمانە خۆشەویستەکەیو تێیدا حەسانەوە لێی دەدا. بەڵام بە داخو کەسەرەوە ئەو نیشتمانە خۆشەویستەمان لە وەزعێکی وادا نەدیت کە پەیکەری پاکی شەهیدانی ئازیزمانی بە دڵنیاییەوە پێ بسپێرین. هەر بۆیە جارێ بە ئەمانەت لە جێگایەکی دوور لە کوردستان دامانناون هەتا ئەو ڕۆژەی کە لە سایەی خەباتو تێکۆشانی ئێمەدا خاکی پاکی نیشتمانە جوانەکەمان نەك هەر باوەشی بۆ ڕۆڵە فیداکارو بە ئەمەگەکانی خۆی، بەڵکوو بۆ هەموو ئینسانێکی خەباتگێڕی شەیدای ئازادی ئاواڵە بکاتەوە.

به هیوای ئەو ڕۆژە پیرۆزە.

"کوردستان" ئورگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە ١٥٢، گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٨

هەروەها ڕێکەوتی ١٣٦٨/٥/٢ لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانەوە بڵاو کراوەتەوە.

# ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێمۆكرات

بیستو پێنجی گەلاوێژ وەك جێژنی دامەزرانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران یەكێك لەو ڕۆژانەیە كە جێگایەكی بەرچاویان لە مێژووی خەباتی خەڵكی كوردستاندا بۆ خۆیان كردۆتەوە. بەڵام ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ بێگومان لە نێو هەموو ساڵڕۆژەكانی حیزبدا بایەخێكی تایبەتی هەیە. چونكە چلو پێنجەمین ساڵی تەمەنی حیزبەكەمان لە كاتێكدا دەست پێ دەكەین كە دوو هەستی دژ بە یەكو هەر لەو كاتەدا پێكەوە گرێدراو هەموو گیانمانی داگرتوە. هەستی ئێشو ئازارێكی زۆری برینی تازەی لە دەستچوونی ڕێبەری مەزنمان دوكتور عبدالرحمن قاسملوو لە لایەكو هەستی شانازییەكی پیرۆز لەوە كە سەر بە حیزبێكی ئەوەندە سەربەرزو خۆشەویستین. لە لایەكی دیكە.

ڕاستییەكەی ئەوەیە كە شەهید بوونی دوكتور قاسملوو، سكرتێری گشتیو عەبدوڵڵا قادری ئازەر، ئەندامی بەوەجی كومیتەی ناوەندیو نوێنەری حیزب لە ئورووپا بە دەستی ڕێژیمی جینایەتكاری كۆماری ئیسلامی زەبرێكی گەورە بوو كە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەو دێموكراتیی كوردستانو ئێران درا. بەڵام لە كاتی تووش بوونی هەر ڕووداوێكدا ـ خۆش یان ناخۆش ـ مەسەلەی هەرە گرینگ دژكردەوەیەكە كە بەرامبەر بەو ڕووداوە نیشان دەدرێ. ئەمەش ڕاست ئەو نوختە بنەڕەتییەیە كە ئەمڕۆ لە دژكردەوەی ڕێبوارانی ڕێگای ئازادیو دێموكراسی لە ئێراندا بە گشتیو بە تایبەتی خەڵكی كوردستانو تێكۆشەرانی حیزبی دێموكراتدا بە شێوەیەكی جێگای ئافەرین خۆی دەنوێنێ. چونكە دژكردەوەی ئۆگرانی ئازادیو خەباتگێڕانی ڕێگای مافە ئینسانییەكان جگە لە

دەربڕینی هاودەردییەکی دڵسۆزانەو پڕ لە هەستو نیشاندانی پشتیوانییەکی بەربڵاوو یەکپارچە لە تێکۆشەرانی حیزبیو هاندانیان بۆ درێژە پێدانی شێلگیرانەی ڕێگای قاسملوو، شتێك نەبووە. خەڵکی کوردستانیش بەم بۆنەیەوە جارێکی دیکە نیشانیان دا کە بۆ پساندنی زنجیری ژێردەستیو گەیشتن بە ئازادی پێش هەموو شتێك ئۆمێدیان بە حیزبی پێشڕەوو خەباتگێڕی خۆیان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. کەوابوو بۆ ئەندامانی حیزبو بە تایبەتی بۆ کادرو پێشمەرگەکان واتە یارانی نیزیکی قاسملووی شەهید کە بڕیاریان داوە ڕێگای ڕێبەرو فەرماندەری هەڵکەوتووو کارامەو هاوسەنگەری لێوەشاوەو خۆشەویستیان بە لێبڕاویو شێلگیرییەوە ببڕن، چ هاندەرێك لەو هەڵوێست گرتنە شۆڕشگێڕانەیەی تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادیو خەڵکی تێگەیشتووی کوردستان گەورەترە؟

حیزبی دێموکرات حیزبی شەهیدانە. نەك بە قسە، بەڵکوو بە کردەوە نیشانی داوە کە قوربانیدان نەك هەر لە درێژەدانی خەبات ساردی ناکاتەوە، بەڵکوو لێبڕاوترو شێلگیرتریشی دەکا. ڕێژیمی سەرەڕۆو سەر بە ئیمپریالیزمی پاشایەتی دامەزرێنەری حیزب، پێشەوای مەزنمان قازی محەممەدی لە دار دا بەو خەیاڵە کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەو دێموکراتیی کوردستان پێش پێهەڵگرتن لە نێو بەریو داواکارانی دێموکراسیو ئازادی چاوترسێن بکا. بەڵام دیتمان کە گەلی خەباتگێڕی کورد چ خوێنێکی تازەو زیندووی لە دەماری تێکۆشەرانی حیزبی پێشڕەوو شوڕشگێڕی خۆیدا وەجووڵان خستو چۆن سەرەنجام دەست لە نێو دەستی گەلانی دیکەی ئێران دامودەزگای ڕێژیمی گەندەڵی پاشایەتیی ئاوا بە لێبڕاوی تێکەوە پێچا. ئێستاش ڕێژیمی کۆنەپەرستو خوێنخۆری ئاخوندی کە پاش ١٠ ساڵ سەرکوتو کوشتاری وەحشیانە، خۆی لە بەرامبەری تووڕەیی شۆڕشگێڕانەو بەرگریی قارەمانانەی خەڵکی کوردستاندا بێهێزو داماو دەبینێ،

بە تیرۆری ڕێبەری هەڵكەوتووی حیزبەكەمان نیشانی دا كە هەروا لەو خەونو خەیاڵەدا سەری لێ شێواوە. بەڵام ئاشكرایە ئەم ڕێژیمە دژی گەلیەش بە پێچەوانەی ئەو هەموو كوشتارە كە بە تایبەتی لە ساڵی ڕاپەڕدوودا لە شەخسییەتو هێزە پێشڕەوو شۆڕشگێڕەكانی كردوە، دوارۆژێكی باشتر لە ڕێژیمی پاشایەتیی نابێ. چونكە سەركەوتنی مسۆگەری هێزی گەل حوكمی مێژووییەو تەنیا ئەو شەمشەمە كوێرانە كە لە تاریكایی سەدەكانی نێوەڕاستەوە هاتوون، لەم ڕاستییە بێخەبەرن.

حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران بە كۆڵێك تاقیكردنەوەی چلو چوار ساڵ خەباتەوەو بە تایبەتی بە ئەزموونی ١٠ ساڵ خەباتی بەردەوامو توندو خوێناوی دژی ڕێژیمی هاری ئاخوندی، ئێستا گەیوەتە پلەیەكی ئەوتۆ لە پێگەیشتن كە بتوانێ زەبرو پێشهاتەكانی مەیدانی خەباتو تێكۆشان وەك ڕووداوێكی پێشبینی كراوو خۆ لێ لانەدراو بە چاكی تەحەممول بكا. حیزبی دێموكراتی كوردستان ئێستا ئیدی دارێكی قەد ئەستوورە كە ڕەگو ڕیشەی لە قووڵایی خاكدا داكوتاوەو لكو پۆپی بۆ هەموو لایەك هاویشتوە. بۆیە بە هەڵكردنی ڕەشەبا تێك ناشكێو بڕینی هەر لكێكی هەرچەندیش گەورەو پڕ بەر بێ، لە هەڵدانو بەر گرتنی ناخا.

لە سەرەتای چلو پێنجەمین ساڵی تەمەنی حیزبو لەم كاتە گرینگەی مێژووی حیزبدا هەمووی ئێمە كە شانازیی خەبات لە ریزەكانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێرانماندا پێبڕاوە، جارێكی دیكە بەرامبەر بە گیانی پاكی شەهیدانی ڕێگای رزگاریی كوردستانو سەرانسەری ئێرانو بە تایبەتی دوو شەهیدی مەزنی ڕێبەرایەتیی حیزب دوكتور عبدالرحمن قاسملووو عەبدوڵڵا قادری ئازەر سەری ڕێزو حۆرمەت دادەنوێنین. ئێمە پشت ئەستوور بە پشتیوانیی خەڵكی شۆڕشگێڕی كوردستانو دلگەرم بەو جێگا تایبەتییە كە لە

نێــو ریزەکــانی تێکۆشــەرانی رێگــای ئــازادیو دێموکراســیو دادپــەروەریی کۆمەڵایەتی لە سەرانسەری ئــێرانو جیـهاندا هەمانـە، هــەموو ئۆگرانــی ئـازادیو مافە ئینسانییەکان دڵنیا دەکەین کە خەباتی سەختو هەر لەو کاتەدا بەرهــەقو ڕەوای خۆمان لە پێناوی گەیشــتن بـە دێموکراسـی لـە ئـێرانو خودموختـاری لـە کوردستاندا هەرەوا لێبڕاوانە درێژە پێ دەدەین. لـەم ڕێگایـەشدا وەك هەمیشـە دەستی دۆستایەتیو یەکیەتی بۆ لای هــەموو رێکخـراوو شەخسـییەتە سیاسـییە مەسئوولو پێشکەوتنخوازە ئێرانییەکان درێـژ دەکـەین. بــەڵکوو لــە ســایەی هاوپێوەندیو یەکیەتیی کردەوەدا رێژیمــی رەشـی ئـاخوندی، نوێنگـەی تــەواوی کۆنەپەرستیی کوێرانـەو سـەرەڕۆیی وەحشـیانەی سـەدەکانی نێوەڕاسـت فــڕێ دەدینە ئەو جێگایەوە کە دەبێ بۆی فڕێ درێ، واتە نێو زبڵدانی مێژوو.

ئەم وتارە لە ژمارە ١٥٢ی رۆژنامەی "کوردستان"(گەلاوێژی ١٣٦٨)دا بڵاو کراوەتەوە.

# ئێران،
# ئاڵاهەڵگری تێرۆریزمی نێونەتەوەیی

ئـاخوند رەفسـەنجانی لـە قسـەكانیدا لـە مەجلیسـی ئـاخوندان، زۆر بـە نارەحەتیو توورەییەوە بە قەولی خۆی وەڵامی بیرورای گشتبی جیهانی دایەوە كـە رێژیمـی ئـێران بـە تیرۆریسـتی نێونەتـەوەیی دەناسنو پێیـان وایـە ئـێران ئاڵاهەڵگری تێرۆریزمی جیهانییە.

وادەر دەكەوێ پاش ماوەیەكی درێژ كە ئێران گوێی خـۆی لـەم بارەیـەوە بـە تەواوی ئاخنی بووو هیچ وەڕووی خۆی نەدەهێنا كـە چ نێـو بـانگێكی لـە دنیـادا دەرخستوە، ئێستا زۆری بۆ هاتوەو تامی بێ ئابڕوویی‌و بـێ ئێعتبـاری دەچێـژێ كە ئاوا وەهەناسە بڕكە كەوتوەو دەیهەوێ لەم بارەیەوە دیفاع لە خۆی بكا.

بەڵام ئاخۆ بزانین ئەو قسانەی رەفسەنجانی دەبێتـە هـۆی ئـەوە كـە رێژیمـی ئێران لەم بارەیەوە بشۆرێتەوەو هەموو خەڵكی دنیا دڵی لەگەڵ پاك بكەن.

مەسـەلەی تـێرۆریزمی نێونەتـەوەیی لەڕاسـتیدا مەسـەلەیەك نیـە كـە ئـێران دروستی كردبێ. ئەم مەسەلەیە بە تایبەتی لە ١٥ ـ ٢٠ ساڵی ڕابردوودا كـەمو زۆر باو بووەو بە تایبـەتی لـە ئـەڵمانو ئیتالیـاو هـەروەها لـە نێـو هێندێك دەسـتەو تاقمی فەلەستینییەكاندا رەواجی هەبووە؛ بەڵام هەروەك گوتمان ئەم كارە هـی یـەك یـا دوو نەفـەر یـان تـاقمێكی بچـووك بـووەو ئەگـەر جـار جـار هێندێـك لـە دەوڵەتانی جیـهانیش دەسـتێكیان لـەم كـارەدا هـەبووە زۆر بـە نـهێنی ئـەوەیان كردوەو بە هیچ جۆر نەیان وێراوە بە ئاشـكرایی‌و بـە رەسمـی تـاوانی ئـەو كـارە وەئەسـتۆی خۆیـان بگـرن. هــەتا دامــەزرانی كۆمــاری ئیسـلامی‌و حكوومــەتی

خومەینی کە وەك زۆر بێ قاعیدەیی‌و سەرەڕۆیی دیکە، ئەوەشی کردە سیاسەتی رەسمیی خۆی‌و بە هەموو هێزی‌یەوە لەم چەند ساڵەی دواییدا پەرەی پێ دا:

یەکەم کاری بەرچاوی رێژیمی خومەینی لەم بارەیەوە دەستبەسەرداگرتنی سەفارەتی ئەمریکا لە تاران‌و گرتن‌و زیندانی کردنی کارمەندانی ئەو سەفارەتە بوو کە ئەگەرچی بە ڕواڵەت بە دەست تاقمێك بە ناوی "دانیشجوویانی پێڕەوی خەتی ئیمام" ئەنجام درا، بەڵام کەس نە ئەو کات‌و نە ئێستا شکی نەبووو نیە کە کارەکە بە ئەمرو ڕێنوێنیی خومەینی‌و داروودەستەکەی بە جێ گەیەندرا. ئەم کارە ئەگەرچی نەبوو بە هۆی کوژرانی کارمەندانی سەفارەت‌و لە ئاخردا بە معاملەیەکی تاجرانە لە نێوان رێژیمی خومەینی‌و ئەمریکادا تەواو بوو، بەڵام کردەوەیەکی هەرە بەرچاوی تێرۆریستی بوو. چونکە بە پێی هەموو ڕەسم‌و رێوشوێنی نێونەتەوەیی سەفارەتی هەر وڵات لە وڵاتێکی دیکەدا وەك بەشێك لە خاکی وڵاتی خاوەن سەفارەت بە حیساب دێ‌و نەپاراستن‌و هێرش بردنە سەری وەك هێرش بۆ سەر ئەو وڵاتە دەناسرێ. گرتن‌و ئەشکەنجەدان‌و معاملەکردنیش بە کارمەندانی سەفارت کە ڕاسپاردەی ئەو دەوڵەتەن هەم لە رەسم‌و عادەتی قەدیمیی هەموو گەلێك‌داو هەم لە یاسای نێونەتەوەییدا کارێکی زۆر بێجێ‌و بێقاعیدەیەو معاملەکردن بەوانە غەیری تێرۆریزم نەبێ، هیچ ناوێکی دیکەی لەسەر دانانرێ.

بێجگە لەو کارە کە هەروەك گوتمان، یەکەمین‌و گەورەترین کاری بەرچاوی تێرۆریستی لە لایەن حکوومەتی رەسمیی ئێرانەوە بوو، دیارە هێندێك تێرۆری ئەفرادو ئەشخاسیش لە دنیادا کراوە وەك ئیقدام بۆ تێرۆری بەختیارو چەند کەسی دیکە کە هەموو جارێ ئێران بە رەسمی پشتیوانیی لێ دەکرد.

بەڵام ڕێژیمی ئێران بەوە ڕانەوەستاو بەرەبەرە پەرەیەكی گەورەی بەو كارە دا: ڕفاندنی فڕۆكەی موسافیریی فەرانسەیی بە دەستی چەند كەس كە ئەگەرچی بە ڕواڵەت تەبەعەی لوبنان بوون، بەڵام لە هاتنیان بۆ تاران‌و پشتیوانیی ئێران لەم كارە بە تەواوی دەركەوت كە بەكرێگیراوو پیاوی ئێرانن‌و جارێكی دیكە دەریخست كە ئیتر ئەوە یەك یان چەند كەسێك نین كە ئەو كارە دەكەن، بەڵكوو دەوڵەتێكی رەسمیی وەك ئێرانە كە ئەو كارە دەكاو لە جیاتی شاردنەوە، شانازییشی پێوە دەكا!!

هێرش‌و بومب هاویشتن بۆ چەند جێگای دانیشتن‌و كاری فەرانسەیی‌یان لە ئێران ئەگەرچی بە ناوی تاقمێكی نەناسراوی ئەرمەنی‌یەوە ئەنجام درا، بەڵام كێ بوو نەزانێ كە ئەو كارە لەڕاستی‌دا بە دەستی حكوومەتی ڕەسمیی ئێران ئەنجام دەدرێ‌و هیچ ڕێكخراوێكی ئەرمەنیان ئەوەندە شێت‌و بێ مەنتیق نیە كە لە تارانی خومەینی لێداروو پاسدار لێدراودا تۆڵە لە فەرانسە بكاتەوە، ئەویش مەعلووم نیە كە تاقمی ئەرمەنی چ دوژمنایەتی‌یەكی ئەوتۆی لەگەڵ فەرانسەو فەرانسەیی‌یان هەیە؟

لەم ئاخرانەش‌دا كردەوە تێرۆریستی‌یەكانی لوبنان بە تایبەت ئەو تێرۆرە گەورانەی كە لەگەڵ خۆبەكوشتدانی تێرۆریستەكان ئەنجام دران‌و دەدرێن، ئەگەرچی بە ناوی سازمانی "جیهادی ئیسلامی"ن، بەڵام هەموو كەس دەزانێ كە ئەو سازمانە ڕێكخراوو دەسكردی ڕێژیمی خومەینی‌یەو ئەو تێرۆریستانەش لەڕاستی‌دا بە فتوای خومەینی شەربەتی شەهادەت دەنۆشن‌و بە قەولی رەفسنجانی لە كاتی تەقینەوە لەگەڵ بومبەكان‌دا، یەكسەرو یەكراست بەرەو بەهەشت دەچن.

ئەو تیرۆرانەی دیکە کە "الدعوەی ئیسلامیی عێراق" دەیانکاو هەروەها ئەو زنجیرە تیرۆرەی کە ماوەیەك لەمەوبەر لە کوەیت ئــەنجام دران هــەموویان پـاش لێکۆڵینەوەیەکی کورت دەرکەوتن کە لە حکوومەتی ئێران‌و لە ڕێژیمی خومــەینی سەرچاوە دەگرن.

کــەوابوو ئــەوە کــە لــە دنیــادا ڕێژیمــی خومــەینی بــە ئالاهــەڵگرو بەڕێوەبــەری تیرۆریزمی نێونەتەوەیی ناسراوە نە بێسابیقەو نە بــەبێ بەڵگەیــە. ئــەو کارانــەن کە بوونە هۆی ئەوە کە ڕێژیمی خومەینی لە دنیادا بە تاقی تەنیا بمێنێتەوەو لــە نەزەر بــیروڕای گشــتیی جیــهان‌دا وەك حکوومــەتێکی ئینســان‌کوژو دژی هــەموو یاساو قانوونێکی ئینسانی‌و نێونەتەوەیی بناسرێ.

هەراوهوریای ئاخوند ڕەفسەنجانییش چ بــە تووڕەیی‌یــەوە قســەکانی بکـاو چ زمان لووسی بە کار بهێنێ، هیچیان تۆزقاڵێك ئیعتبار بۆ ئەو ڕێژیمە ساز ناکــەن‌و تەنیا ئاخوندەکان بۆ خۆیانن کە دەبی بۆ یەکتر قسە بکەن‌و بە یەکتر هەڵ بلێن‌و بۆ یەك بگێڕنەوە. دەنا نێوەڕۆکی ئــەو ڕێژیمــە لــەوە ڕەش‌تــرو چەپــەڵترەو ئــەو ڕەشی‌و چەپەڵی‌یەش ئەوەندە بۆ خەڵکی دنیا دەرکەوتوە کە تازە بۆ هیچ کەس شك لەوەدا نەمابێ کە تەنیا ڕێگاچارە ڕووخاندن‌و ســەرەونخوون کردنــی ڕێژیمــی بێ قانوون‌و پیاوکوژی کۆماری ئیسلامیی خومەینی‌یەو بەس.

ئەم وتارە ڕێکەوتی ١٣٦٢/١٢/٢ لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانەوە بڵاو کراوەتەوە.

# كۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێمۆكراتو "سوسیالیزم"

لە ئەساسنامەی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێراندا هاتوه كە: حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە تێكۆشانی خۆیدا لە تیئۆریی زانستی پەرە ئەستاندنی كۆمەڵ پەیرەوی دەكا.

لە بەرنامەی حیزب، پەسندكراوی كۆنگرەی پێنجەمدا هاتبوو كە: "ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران پێكهێنانی كۆمەڵێكی سوسیالیستی‌یە كە وەڵامدەری هەلومەرجی تایبەتی وڵاتەكەمان بێ". هەر ئەم بەندە لە بەرنامەی پەسندكراوی كۆنگرەی شەشەمدا بەم شێوەیە هاتوە: "ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، پێكهێنانی كۆمەڵێكی دێموكراتیكی سوسیالیستی‌یە".

لە پێوەندی لەگەڵ ئەم ماددانەدا بوو كە لە هاوینی ڕابردوودا نامیلكەیەك لە لایەن كۆمیسیۆنی ئینتیشاراتو تەبلیغاتی حیزبەوە بە ناوی **"كورتە باسێك لە سەر سوسیالیزم"** بڵاوكرایەوە بە مەبەستی ئەوەی ڕوون بكرێتەوە كە:

**یەكەم:** بۆچی بە پێویست زانراوە لە بەرنامەی حیزبدا باسی سوسیالیزم بكرێ؟

**دووهەم:** ئەو سوسیالیزمەی كە حیزب دەیهەوێ وەك ئامانجی دوارۆژ پێكی بێنێ، چ سوسیالیزمێكە؟

**سێهەم:** پێوەندیی ئێمە لەگەڵ وڵاتانی سوسیالیستی بە گشتیو یەكیەتیی سۆویەت بە تایبەتی دەبێ چۆن بێ؟

له كۆنگرەی شەشەمدا لەسەر ئەم نامیلكەیە باسێكی پڕنێوەڕۆك كراو لە دواییدا بڕیارێكی لەسەر درا كە لە بەرنامەی ئەمڕۆدا وەك ئاخر بڕیاری كۆنگرەی شەشەم پێشكەشی گوێگرە بەڕێزەكان دەكرێ. بەڵام پێش ئەوەی دەقی بڕیارەكە پێشكەش بكرێ بە پێویستی دەزانین زۆر بە كورتیو وەك ئیشارە، چەند خەتێك لەم نامیلكەیە لەسەر پرسیارە ئەساسییەكان كە لە سەرەوەدا هاتن، پێشكەش بكەین.

له وەڵامی ئەو پرسیارەدا كە بۆچی سوسیالیزم ئامانجە؟ لە حاڵێكدا حیزبی دێموكرات حیزبێكی "ماركسیستی ـ لنینیستی" یان "كومۆنیستی"و بە گشتی حیزبی تایبەتی چینی كرێكار نیە، لە سەرەتای نامیلكەكەدا هاتوە كە: حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران هەرچەند حیزبێكی دێموكراتی ـ میللییە، بەڵام هەر لەو كاتەدا حیزبێكی پێشڕەوە. حیزبی پێشڕەو بەو مانایە كە دەیهەوێ لەگەڵ چارەسەر كردنی مەسەلەی میللیو وەرگرتنی مافی نەتەوەیی گەلەكەمان، مەسەلەی كۆمەڵایەتییش چارەسەر بكا. . . بۆ چارەسەری مەسەلەی میللی، ئێمە بە لە نەزەر گرتنی وەزعی كوردستانی ئێرانو وەزعی تایبەتی ئێرانو وەزعی گشتیی گەلی كورد لە رۆژهەلاتی نێوەڕاستدا، خودموختاریمان هەڵبژاردوەو پێمان وایە بە وەدەستهێنانی خودموختاری مەسەلەی نەتەوایەتیی گەلی كورد لە ئێراندا چارەسەر دەكرێو ئەو كاتە ڕێگا خۆش دەبێ بۆ چارەسەر كردنی گیروگرفتە كۆمەڵایەتییەكانو لەنێو بردنی پاشكەوتوویی گشتیی وڵاتەكەمان. بەڵام لە بارەی مەسەلەی كۆمەڵایەتییەوە بە بڕوای ئێمە ڕێگای چارەسەركردنی مەسەلەی كۆمەڵایەتی بە شێوەیەكی بنەڕەتی، پێكهێنانی سوسیالیزمە. ئەساسی سوسیالیزم لەڕاستیدا لە نێوبردنی چەوسانەوەی

ئینسانە. ئێمەش دەمانەوێ چەوسانەوە بە گشتی لە كۆمەڵدا لە بەین بچێ و لەبەر ئەوە پێكهێنانی سوسیالیزممان وەك ئامانجێك بۆ كۆمەڵی خۆمان لەبەر چاوە.

بەڵام، سوسیالیزم بۆچی ئامانجی دواڕۆژە؟ لە وەڵامی ئەمەدا لە كورتەباسدا هاتوە كە: "بۆ ئێمە دامەزراندنی سوسیالیزم ئەسڵێكی زۆر گرینگە. بۆ گەیشتن بەو ئەسڵەش، ئێستا لە ئاسۆی خەباتی گەلی كورددا سێ قۆناغی ستراتیژیكیمان لەبەر چاوە: قۆناغی یەكەم وەدەستهێنانی خودموختارییە. پاش وەدەستهێنانی خودموختاری، هەتا پێكهێنانی هەلومەرجی پیادە كردنی سوسیالیزم دەبێتە قۆناغی دووهەم. ئەگەر حیزبی دێموكرات بتوانێ ئەو بەرنامەیەی ئێستا هەیەتی، پاش وەرگرتنی خودموختاری لە ماوەی ٢٥ ساڵدا جێبەجێ بكا، سەركەوتنێكی مێژوویی یەكجار گەورەی بەدەست هێناوە. . . بە دوای جێبەجێ كردنی بەرنامەكەمان دەست دەكەین بە دانانی بەرنامەیەكی تازە بۆ دامەزراندنی سوسیالیزم كە ئەوە قۆناغی سێهەمە". كەوا بوو بە كورتی: "دامەزراندنی سوسیالیزم چارەسەر كردنی بنەڕەتیی مەسەلەی كۆمەڵایەتییە، بەڵام ئەوە ئامانجی دواڕۆژەو لە قۆناغی ئێستای حیزبدا ناتوانێ ببێ بە دروشمی ڕۆژ." واتە دروشمێكی قۆناغی دوایی یان ئامانجی دواڕۆژە. . . بەڵام هەر ئەوە كە لە ئێستاوە ڕادەگەیەنین: "ئامانجی دواڕۆژی حیزبەكەمان دامەزراندنی سوسیالیزمە، ڕێبازی گشتیی حیزبەكەمان بۆ دواڕۆژ دیاری كردوەو ئاسۆی سیاسەتو تێكۆشانمان ڕوون كردۆتەوە. ئەوەشمان دیاری كردوە كە لە كۆمەڵی كوردەواریدا كێ پشتیوانمانە؟ لەگەڵ كام چینو توێژێك دەبێو دەتوانین بچینە پێش؟ هەروەها ڕوونمان كردۆتەوە كە لە ئێرانو لە دنیادا دۆستو هاوپەیمانەكانمان كێن؟"

لە نامیلکەی **"کورتە باسێك لەسەر سوسیالیزم"**دا لەپاش ئەمە بەشێك تەرخان کراوە بۆ شیکردنەوەی "سوسیالیزم"و بە تایبەتی لە ژێر سێ عینوانی: "سوسیالیزم‌و سەرمایەداری"، "سوسیالیزم‌وکار"، "سوسیالیزم‌و ئابووری"دا بە ڕوونی شیکراوەتەوە کە نێوەڕۆکی سوسیالیزم چیەو بۆچی دەتوانێ چەوسانەوە لەبەین بەرێ؟

لە پاش ئەم باسانە، نامیلکەی "کورتەباس" بەشێك تەرخان دەکا بۆ باس لەسەر سوسیالیزمی مەوجوود، واتە سوسیالیزمی دامەزراو لە یەکیەتیی سۆویەت‌و لە وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵاتدا. پاش ئەم بەشە نامیلکەی "کورتەباس" دێتە سەر باسی **"سوسیالیزم‌و هەلومەرجی وڵاتەکەمان"**و **"سوسیالیزمی دێموکراتی"**و بەم جۆرە دەست پێ دەکا:

"هەتا ئێرە هەم لەباری تێئوری‌یەوەو هەم لە باری عەمەلی‌یەوە باسی بارە باشەکانی سوسیالیزم‌مان کرد. . . ئێستا دەتوانین بێینە سەر باسی ئەو مەسەلە گرینگە کە ئەو سوسیالیزمەی ئێمە دەمانەوێ دای‌بمەزرێنین، چ جۆرە سوسیالیزمێکە؟ یان باشتر ئەوەیە کە پرسیار بکەین ئایا ئەو سوسیالیزمەی ئێمە دەمانەوێ دروستی بکەین، بە تەواوی عەینی ئەوە دەبێ کە لە وڵاتانی سوسیالیستی‌دا دامەزراوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر بە ڕاشکاوی ئەوەیە کە: نا! ئەوە لەگەڵ وەزعی وڵاتەکەمان‌دا ناگونجێ، چونکە فەرهەنگ‌و سوننەتی گەلەکەمان تایبەتین‌و لەگەڵ فەرهەنگ‌و سوننەتی گەلانی دیکە فەرقی هەیە. بۆیە زۆر ڕوونە کە ئەو سوسیالیزمەی ئێمە دەمانەوێ دای‌بمەزرێنین دەبێ لەگەڵ سوسیالیزمی هەر جێگایەکی دیکە فەرقی هەبێ. بەلەبەر چاو گرتنی هەمووی ئەوانەیە کە ئێمە دەمانهەوێ سوسیالیزمێك دابمەزرێنین کە لەگەڵ هەلومەرجی

تایبـــەتی وڵاتەكــەماندا ڕێــك بكــەوێ. مەســەلەیەكی زۆر ئەساســی كـــە لـــە سوسیالیزمی دامەزراو بە پێی هەلومەرجی تایبەتی وڵاتەكەمان دەبێ لەبـەر چاو بێ، مەسەلەی دێموكراسیو ئازادییە. گەلانی ئێرانو نەتەوەی كـورد بـە سـەدان ساڵ لــە ژێـر دەسـتی ڕێژیمـی ئیسـتبدادیدا ژیـاون. بۆیـە زۆریـان پێویسـتی بـە ئازادیو دێموكراسی هەیەو دەیانەوێ ئازاد بنو بە ئازادی بژین. سوسیالیزم نانی دەداتێ، خانووی دەداتێ، خوێندنو لەشساغیی دەداتێ، بەڵام ئینسان تەنیا بە نـان نـاژی. كـەوابوو لـە بەرامبـەر ئەوانـەدا نـەك تـەنیا نابـێ ئازادییەكـەی لـــێ بستێنێ، بەڵكوو بە پێچەوانە دەبێ زۆر زیاتریشی لە سـەردەمی سـەرمایەداریدا بداتـێ. ئێمـە دەبـێ سوسـیالیزمێك دروسـت بكـەین كـە نـەك تـەنیا دێموكراســی مەحدوود نەكا، بـەڵكوو پەرەشـی پـێ بـدا. . . واتـە ئێمـە دەبـێ سوسـیالیزمێك دامەزرێنین كە دێموكراتیك بێ. ئەوە هەم بە مانای كەڵك وەرگرتن لە دەسـكەوتە ئابووریو كۆمەڵایەتییەكانەو هەم بە مانای كەڵك وەرگرتـن لـە ئـازادیی فـەردیو سیاسیو بەشدار كردنی ڕاستەوخۆی كۆمەڵانی خەڵك لە هەڵسووڕاندنی كاروباری وڵات دایــە. لــە سوســیالیزمی دێموكراتیــكدا فــەرد نــە لــە بــاری ئــابووریو كۆمەڵایەتییەوە دەچەوسێتەوەو نە لە باری سیاسییەوە. هاونیشـتمانی وڵاتێـك كە سوسیالیزمی دێموكراتیی تێدا پێك هاتوە، هاونیشتمانێكی ئازادەو بە ئازادی دەژی.

لێرەدا پێویستە هەڵەیەكیش لـەبارەی "سوسـیالیزمی دێموكراتیـك"دا ڕاسـت بكەینــەوە، چونكــە هێندێــك لـــە مانـــای سوســـیالیزمی دێموكراتیـــك بـــاش تێنەگەیشـتوون. ئــەو ڕاســت كردنەوەیـــەش ئەمەیـــە كـــە: "سوســـیالیزمی دێموكراتیك" لەگەڵ "سوسیال دێموكراسی" فەرقی هەیە. سوسیال دێموكراسی ڕێبازێكە كە بە ناوی سوسیالیزم، سەرمایەداری دەپـارێزێو هـەڵی دەسووڕێنێ؛

به ناوی سوسیالیزم کرێکاران هان دەدا بۆ ئەوەی سەرمایەداری قبووڵ بکەن‌و بە کورتی دەیهەوێ کە گیروگرفتە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌یەکانی کرێکاران لە چوارچێوەی سەرمایەداری‌دا چارەسەر بکا، بێ ئەوەی ئەو چوارچێوەیە تێك بدا. لەحاڵێك‌دا سوسیالیزم بە مانای رووخاندنی سەرمایەداری بە تەواوی‌و پێکهێنانی کۆمەڵێکی نوێ‌یە. ئێمە کاتێك دەڵێین سوسیالیزممان دەوێ، ئەوە خۆی بە مانای رەتکردنەوەی سەرمایەداری‌و لە ئاکام‌دا رەتکردنەوەی سوسیال دێموکراسی‌یە. بەڵام ئەگەر کوتمان "سوسیالیزمی دێموکراتیك"مان دەوێ، مانای ئەوەیە کە هەر دیسان سوسیالیزممان دەوێ بەلام سوسیالیزمێك کە دێموکراسیی لەگەڵ بێ‌و پەرەی پێ بدا.

دوایین بەشی نامیلکەی "کورتەباس" پاش ئەو روون کردنەوەیە لە سەر "سوسیالیزمی دێموکراتیك" لەسەر: "هەڵوێستی ئێمە بەرامبەر بە وڵاتانی سوسیالیستی" باس دەکا. ئێمە لە دەنگی کوردستانی ئێرانەوە چەند رۆژ لەمەوبەر بە بۆنەی کۆچی دوایی "یوری ئاندرۆپۆف" سکرتێری گشتیی حیزبی کومۆنیستی یەکیەتیی سۆویەت وتارێکمان پێشکەش کردو لەم وتارەدا چەند خاڵمان لەسەر سەربەخۆیی بڕیاردانی حیزبی دێموکرات کە لە نامیلکەی کورتەباس‌دا هاتوە، باس کرد. لێرەش‌دا دیسان چەند دێڕێکی دیکە لەم بارەیەوە لە نامیلکەی کورتەباس‌دا دەخوێنینەوە:

لە نامیلکەی کورتەباس‌دا هاتوە: "ئێستا بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ئەوانەی کە گوتران، حیزبی ئێمە دەبێ پێوەندیی لەگەڵ وڵاتانی سوسیالیستی چۆن بێ؟ وەڵام ئەوەیە کە ئەو پێوەندی‌یە دەبێ "دۆستانە" بێ. واتە نە دوژمنمانە وەك هێندێك دەستەو تاقم کە یەکیەتیی سۆویەت بە سوسیال ئیمپریالیست یان بە ئیمپریالیستی تەواو دادەنێن‌و، نە پێڕەویی بێ‌ئەملاوئەولای وەك حیزبی توودە

كە هەرچی لە یەكیەتیی سۆویەتیدا ڕوو بداو هەر سیاسەتێك لە لایەن حكوومەتی سۆویەتییەوە بەڕێوەبچێ، فەوری قبووڵی دەكەن‌و تەپڵی بۆ هەڵدەگرن! دۆستایەتی لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەوە نیە كە هەرچی دۆستەكەمان كوتی بلێین بە چاوان. دیارە ئێمە ئەگەر نەزەری جیاوازیشمان لەگەڵ سۆویەت هەبێ، هەرگیز دوژمنایەتیی ئەو وڵاتە ناكەین، بەڵام مافی ڕەخنەگرتن بۆ خۆمان هەر دەپارێزین. ئایا هەرچی حیزبی دێموكرات دەیكا، بۆ حیزبی كومۆنیستی یەكیەتیی سۆویەت جێگای پەسندە، هەتا ئێمە هەرچی دەوڵەتی سۆویەت گوتی قبووڵی بكەین؟ . . . ئێمە پێمان وایە هیچ كەس بە ئەندازەی خۆمان لە واقعیاتی كۆمەڵی كوردستان شارەزا نیەو هەر بۆیە هیچ كەس لێوەشاوەیی بڕیاردانی لە جیاتی ئێمەی نیە. هیچ ئۆرگانێك چ هی وڵاتێكی تایبەتی‌و چ نێونەتەوەیی، حەقی ئەوەی نیە كە لەبارەی ئێمەدا بە بێ ئێمە بڕیار بدا، هەروەك ئێمەش ئەو حەقە بە خۆمان نادەین كە لە سەر وڵاتێكی دیكە بڕیار بدەین . . . ئێمە سیاسەتی خۆمان بۆ خۆمان دیاری دەكەین، چونكە حیزبێكی سەربەخۆین. چ چووك بین‌و چ گەورە، چ بێهێز بین‌و چ بەهێز، سیاسەتی سەربەخۆی خۆمان ناگۆڕین."

گوێگرە بەڕێزەكان!

ئێستا كە چەند بەشێكتان لەسەر خاڵە ئەساسییەكانی نامیلكەی "كورتەباسێك لەسەر سوسیالیزم" پێشكەش كرا، گوێ ڕابگرن بۆ بڕیاری كۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموكراتی كوردستان لەسەر ئەم نامیلكەیە:

**بڕیاری چوارەم لەسەر نامیلكەی "كورتەباسێك لەسەر سوسیالیزم":**
كۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە چەند كۆبوونەوەی خۆیدا بە درێژی لە سەر نێوەرۆكی ئەو نامیلكەیە كە لە گەلاوێژی ١٣٦٢دا لە

لایەن کۆمیسیۆنی ئینتشاراتو تەبلیغاتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە لە ژێر ناوی "کورتەباسێك لە سەر سوسیالیزم"دا بڵاو کراوەتەوە، باسو وتووێژی کرد. ئاکامی ئەم باسو بیرورا گۆڕینەوەیە ئەمە بوو.

١ـ کۆنگرە بە شێوەیەکی گشتی نێوەرۆکی ئەم نامیلکەیە بە تایبەتی لەبارەی هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵێکی دێموکراتیکی سوسیالیستیی‌یەوە تەئید دەکاو لەو باوەڕە دایە کە ئەم سیاسەتە لەگەڵ ئامانجی دوارۆژی حیزبەکەمان یەك دەگرێتەوە، هەم سەربەخۆیی بڕیاردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تەزمین دەکاو هەم بناخەیەکی باش بۆ دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتانی سوسیالیستیو هەموو هێزە پێشکەوتووەکانی دنیا لە حیزبی ئێمەدا دادەمەزرێنێ.

٢ـ کۆنگرە داوا لە بەڕێوەبەرایەتی تازەی حیزب دەکا لە ڕێگای شیکردنەوەی زیاترەوە نێوەرۆکی ئەم نامێلکەیە بەرێتە نێو هەموو ریزەکانی حیزبو لەو بارەوە یەکیەتیی فکری لە نێو هەموو ئەندامان‌دا پێك بێنێ.

٣ـ کۆنگرە داوا لە رێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شەشەم دەکا کە نامیلکەی کورتەباس پاش چاوپێداخشاندنەوەو گونجاندنی هێندێك لە تێبینی‌یەکانی بەشدارانی کۆنگرە، جارێکی دیکە لە تیراژێکی زۆرتردا بڵاو کاتەوە.

٤ـ کۆنگرە تەوسیە دەکا کە بۆ ئەوە نێوەڕۆکی کورتەباس باشتر بچێتە نێو ئەندامانی حیزبو کۆمەڵانی خەڵك، هەم بەشەکانی جیاوازی زیاتری شیبکرێنەوەو هەم لە رێگای بڵاوکردنەوەی نووسراوەو دانانی سیمینار، کادرەکانو ئەندامانی حیزب بە وردی لەو فکرانە کە لە کورتەباس‌دا هاتوون، ئاگادار بکرێن.

٥ـ هەر لەو كاتەدا ئەركی سەرشانی بەڕێوەبەرایەتیی حیزبە كە بە پێی توانای، بۆ پتەو كردنی دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتانی سوسیالیستی، هاوپەیمانانی ستراتیژیی حیزبەكەمان تێبكۆشن. لە نێوخۆی وڵاتیشدا رێبەرایەتیی حیزب دەبێ هاوكاریی خۆی لەگەڵ ئەو هێزە سەربەخۆو ڕەسەنانە كە بەختیاریی دوارۆژی خەڵكی ئێران لە جێگیربوونی سوسیالیزمدا دەبینن، زیاتر پەرە پێبدا.

٦ـ نەفیی یەكجاریی سیستمی پڕ لە زۆڵمو چەوسانەوەی سەرمایەداری، هەوڵدان بۆ دامەزراندنی سیستمێكی دێموكراتیكی سوسیالیستیو پاراستنی سەربەخۆیی سیاسیو سەربەخۆیی بڕیاردان؛ ئەمەیە سیاسەتی ئوسووڵی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران.

ئەم وتارە رێكەوتی ١٣٦٢/١٢/١٣ لە دەنگی كوردستانی ئێرانەوە بڵاو كراوەتەوە.

# ٢٩ی ڕەشەمە،
# ساڵڕۆژی میللی بوونی سەنعەتی نەوتی ئێران

ڕۆژی ٢٩ی ڕەشەمە، ساڵڕۆژی میللی بوونی سەنعەتی نەوتی ئێرانە. سەرگوزەشتی کانگا نەوتی‌یەکانی ئێران وەك سەرگوزەشتی کانگا نەوتی‌یەکانی وڵاتانی ستەملێکراوی دیکە، پڕە لە کارەساتو هەر لەو حاڵەشدا پەندو دەرس.

نزیکەی ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر، لە کاتێکدا ئێران تووشی ئاڵۆزیو بێسەرەوبەرەیی‌یەکی زۆر بوو، حاکمە سەرەڕۆیەکان پێویستی‌یەکی یەکجار زۆریان بە داهاتو پارە بۆ درێژەپێدان بە حاکمییەتی زاڵمانەی خۆیان بە سەر خەڵکی ڕەنجەڕۆی ئێراندا هەبوو، پادشاکانی قاجار لە فرۆشتنی سەرمایەی ئێران پێکەوە ڕەقابەتیان دەکردو لە بەرامبەر وەرگرتنی پارەیەکی کەم، ئیمتیازی کەڵك وەرگرتن لە سامانی میللیی وڵاتیان دەدا بە خاریجی‌یە تاڵانچی‌یەکان. یەکێك لەو تەخشانو پەخشانانە فرۆشتنی مافی کەرێز لێدان، چاڵاو هەڵقەندن لە زەوی‌دا بوو کە لە ساڵی ١٢٧٩ی هەتاوی واتە ساڵی ١٩٠١ی میلادی بە "مهندس دارسی"ی ئینگلیسی درا. بەم جۆرە پاش ئەوەی ئەم مافە لە لایەن دارسی‌یەوە بە حکوومەتی بریتانیا درا، تاڵانچی‌یە نەوتی‌یەکانی ئینگلیس بوونە خاوەنی یەکێك لە بەنرخترین سامانو سەرمایە ژێر زەوی‌یەکانی ئێران.

لە پاش کودیتای ساڵی ١٢٩٩ی هەتاوی‌و هاتنە سەرکاری ڕەزاشا، لە ساڵی ١٣١١دا، پەیمانی دارسی بە ڕواڵەت لە لایەن ئێرانەوە هەڵوەشایەوە. بەڵام

ئینگلستان مەسەلەکەی بردە کۆمەڵی نەتەوەکان کە لەوێ پەیمانەکە سەر لەنوێ بۆ ماوەی ٦٠ ساڵی دیکە تازە کرایەوەو بەم جۆرە دەست بە سەرداگرتنی نەوتی ئێران لە لایەن بریتانیاوە ڕەسمیەتی نێونەتەوەیی پەیدا کرد.

لە جەرەیانی شەڕی دووهەمی جیهانیو بە دوای ئازاد بوونی ئێران لە چنگی ئیستبدادی ڕەزاخانیو پێکهاتنی فەزایەکی سیاسی تا ڕادەیەك دێموکراتیو ئازاددا، خەباتی خەڵکی ئێران بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی ڕاستەقینەو رزگار بوون لە چنگی چەوسێنەران، پەرەی گرتو بۆ پاراستنی مافەکانی گەلانی ئێران هێندێك سەرکەوتنیش وەدەست هاتن. یەکێك لەوانە ئەوە بوو کە لە ساڵی ١٣٢٣دا بە ڕێبەرایەتیو تێکۆشانی دوکتور "مصدق" قانوونێك بە ناوی "قانوونی مەنعی بەهرەبەرداری لە کانگا سروشتیەکانی ئێران" لە مەجلیس پەسند کرا کە تا ئەندازەیەك پێشی تەماعکاریی تاڵانچییە نێونەتەوەییەکانی گرت.

ئەگەرچی جێگیربوونی بەرەبەرەی سەڵتەنەتی حەمەڕەزا شاو تەواو بوونی شەڕو پەرەگرتنی نفووزی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە جیهانو لە ئێراندا، بوو بە هۆی ئەوە کە ئاگری ئاواتەکانی خەڵکی ئێران بە ناچار بەرەو دامرکان بڕوا، بەڵام خەبات، بە تایبەتی بۆ پاراستنی سەرمایەو سامانەکانی نیشتمانو داسەپاندنی حاکمییەتی خەڵکی ئێران بە سەر ئەو سامانە ژێر زەویانەدا، هەروا کەمو زیاد درێژەی هەبوو.

لە ساڵی ١٣٢٩دا، مەسەلەی ئەستاندنەوەی مافی نیشتمانیی ئێران لە سەنعەتی نەوتدا زۆر بە گەرمی هاتە گۆڕێ کە ئەمە بوو بە هۆی پێکهاتنی کۆمیسیۆنێکی تایبەتی بۆ نەوت لە مەجلیسدا. هەرچەندە حاکمییەتی

شاهەنشاهیو نۆکەرانی بێگانە لە ڕێگای بەرەوپێش چوونی تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانەوەی مافی گەلانی ئێراندا کەندو کوسپی گەورەیان ساز کرد. سەرەڕای ئەمە، کۆمیسیۆنێکی نەوت بە سەرۆکایەتیی دوکتور "محمد مصدق" لە ڕۆژی ٢٩ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٢٩دا توانی قانوونی میللی بوونی سەنعەتی نەوت لە دوو مەجلیسی شووراو سەنادا بە پەسند کران بگەیەنێ. ماوەیەکی کورت لە پاش ئەم پەسند کرانە واتە لە ڕۆژی ١٠ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٣٠دا قانوونی وەلانانی شیرکەتی نەوتی ئێرانو ئینگلیس لە مەجلیسدا پەسند کراو دوو ڕۆژ پاش ئەمەش، دوکتور موسەددیق بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم ئەرکەو بۆ ڕێبەری کردنی خەباتی خەڵکی ئێران لە پێناوی وەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسیو ئابووریی خۆیان بوو بە سەرۆك وەزیر. دوکتور موسەددیق لە ڕۆژی ٢٩ی ڕەشەمەی ئەو ساڵەدا، واتە تەواو ساڵێك پاش پەسند کرانی قانوونی میللی بوونی سەنعەتی نەوت شیرکەتی نەوتی ئینگلیسی لەسەر کار وەلا ناو بەشێکی زۆر بەنرخی لە خاکی نیشتمانی لە دەستی ئینگلیسەکان دەرهێنا.

میللی کرانی نەوت لە ئێراندا، کردەوەیەکی شۆڕشگێرانە بوو کە تەنیا مەبەستی دەست بەسەر داگرتنی خەڵکی ئێران بە سەر یەکێك لە بەنرخترین سەرمایە نیشتمانییەکەیان واتە نەوت نەبوو. ئەو کارە لەڕاستیدا نیشانەی بڕوای قووڵی خەڵکی ئێران بە وەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسیو ئابووریو، هەروەها سەرەتای خەبات دژی دەستو پێوەندەکانی ئیستعماری خاریجی لە نێو وڵاتدا بوو کە لە سەرەوەی هەمووان، دەرباری سەڵتەنەتی دەبێ ناو ببەین. خەبات بۆ میللی کردنی نەوت، لەڕاستیدا خەبات لە پێناوی حاکمییەتی گەلو دامەزرانی دێموکراسی لە ئێراندا بوو کە ئەم خەباتە بە ناچار دەبووایە بە ڕێگای خەبات دژی نفووزی ئیمپریالیزمی جیهانیو لە سەرەوە ئیمپریالیزمی ئەمریکادا بڕوا.

دەنگدانەوەی بێوێنەی خەباتی خەڵكی ئێران لەو ساڵانە لە جیهانداو بە تایبەتی لە وڵاتانی جیهانی سێهەمو ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نیشانەی گرینگیو گەورەیی ئەو خەباتە شۆڕشگێرانەیەی خەڵكی ئێرانە. هەر بۆیە ئیمپریالیزمی جیهانی بە هەموو هێزو توانای خۆیەوە بەربەرەكانیی لەگەڵ حكوومەتی دوكتور موسەددیق دەكرد، هەتاكوو لە ئاخردا توانی بە یارمەتیو بە دەستی نۆكەرانی جیرەخۆری خۆی، لە رۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢دا كوودیتا بكاو حكوومەتی خەڵكیی دوكتور موسەددیق بڕووخێنێ. لەم تاریخەوە هەتا سەرەونخوون كردنی حكوومەتی سەرەڕۆی دیكتاتۆری گەورەی حەمەڕەزا شای خایین، بەشێكی هەر گەورەی سەرمایەو داهاتی وڵاتی ئێمە بە دەستی شیركەتە گەورەو چەند میللییەتەكان بە تاڵان ڕۆیی، ئەوەش كە مابۆوە بۆ قاییم كردنی بناغەی حكوومەتی شاهەنشاهیو پۆشتەكردنی ئەرتەشی ئەمریكایی شا خەرج كرا. شای خایین بە مەیداندان بە ئەمریكاو شیركەتە گەورە نەوتییەكانی جیهانی لە ئێران، لەڕاستیدا ئێرانی كرد بە وڵاتێكی "تحت الحمایە"و ژێر دەست.

تێكەوە پێچرانی تۆماری نیزامی بەستراوە بە ئیمپریالیزمی شا بە هۆی ڕقو توورەیی شۆڕشگێرانەی گەلانی ئێران ئەو چاوەڕوانییەی هێنابووە پێش كە ئەمجار خەڵكی ئێران بە تەواوی حاكمییەت بە دەستی خۆیانەوە دەگرنو دەبنەوە خاوەنی ڕاستەقینەی سەرمایە نیشتمانییەكان. بەڵام دیتمان كە چۆن هێندێك ئاخوندی كۆنەپەرست بە سەرۆكایەتیی خومەینیی دەجاڵ لە ژێر ناوی ئیسلامدا سواری شەپۆلەكانی شۆڕش بوونو بە كەڵك وەرگرتن لە ناڕێكوپێكیو بێ سازمانیی هێزە گەلیو شۆڕشگێرەكان، حكوومەتی دژی گەلیو دژی نیشتمانیی خویان بە سەر وڵاتدا سەپاند. بەهاری ئازادی زۆری نەخایاندو

دێوەزمەی ئیستیبداد ئەمجار لە شکڵی ویلایەتی فەقیهدا دەستی بە مەیدانداری کردو بەم جۆرە ئاواتەکانی خەڵکی ڕەنجەڕۆی ئێران وەڕاست نەگەڕا.

ئێستا پێنج ساڵە کە داهاتی نەوت لە ئێراندا بۆ کۆکو پۆشتەکردنی ئەرتەش‌و کڕینی کەرەسەی شەڕ، بۆ جێگیر کردن‌و قاییم‌تر کردنی حاکمییەتی ئاخوندی، سەرکوت کردنی گەلی ڕاپەڕیوی کوردو درێژەپێدان بە شەڕی بێ‌فاییدە لەگەڵ عێراق خەرج دەکرێ‌و دەچێتە گیرفانی تالآنچی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکان. بێجگە لەوە، ڕێژیم بە درێژەدان بە سیاسەتی دژی گەلیی خۆی، نەخشی بەنرخی دوکتور موسەددیق لە میللی کردنی نەوتدا دەشارێتەوەو تێ‌دەکۆشێ "آیت‌الله کاشانی"ی کۆنەپەرست‌و خایین بە قارەمانی ئەم کارە بناسێنێ، لە حاڵێکدا کە لە سەرنەکەوتن‌و شکانی جووڵانەوەی نیشتمانیی ئێران‌داو لە ڕووخانی حکوومەتی دوکتور موسەددیق‌دا ناوبراو دەستێکی باڵای هەبوو.

ئێستا ٤١ ساڵ پاش میللی بوونی سەنعەتی نەوت، بەهۆی سیاسەتی شەڕخوازانەی ڕێژیمی خومەینی هەموو ناوچە خاوەن نەوتەکانی ئێران بوون بە وێرانە. سەدان هەزار زەحمەتکێشی تینووی ئازادی‌و بەختەوەری، لە جیاتی ئەوەی لە داهاتی نەوت بۆ گەیشتن بە ئاسایش‌و بەختەوەری کەڵك وەرگرن، هەر بە پووڵی نەوت لە لایەن خومەینی‌یەوە چەکدار کراون‌و بۆ "کشتارگاه" واتە مەیدانەکانی شەڕ ناردراون. بەم جۆرە جارێکی دیکە بە ڕوونی دەرکەوتوە کە خەڵکی ئێران هەتا ئەو کاتەی پشت ئەستوور بە هێزە سیاسی‌یە پێشکەوتووو بەرپرسەکانی خۆیان چارەنووسی خۆیان بە دەستەوە نەگرن، ناتوانن لە کانگاو سەرمایەکانی نیشتمانیی خۆیان کەڵك وەرگرن.

لە چل‌ویەکەمین ساڵڕۆژی میللی بوونی سەنعەتی نەوت‌داو، بە لەبەر چاو گرتنی هەلومەرجی مێژوویی ئێستا، جێگای ئەوەیە کە لە ڕووداوەکانی ڕابردوو

دەرس وەرگرینو یەكپارچەو یەكگرتوو بۆ كورت كردنەوەو بڕینی دەستی چەوسێنەرانی خاریجیو ناوخۆیی ڕاپەڕینو جارێكی دیكە ئەركی مێژوویی خۆمان لەمەڕ پاراستنی ئازادیو سەربەخۆیی نیشتمانو بەگۆڕ ئەسپاردنی داییمیی نیزامی دیكتاتۆری لە ئێراندا بە ئەنجام بگەیەنین.

بە هیوای ئێرانێكی ئازادو ئاوەدانو

بە دوور لە سێبەری نگریسی ئیمپریالیزمو نۆكەرانی.

ئەم وتارە ڕێكەوتی ١٣٦٢/١٢/٢٩ لە رادیۆ دەنگی كوردستانی ئێرانەوە بڵاو كراوەتەوە.

# خومەینیو بزووتنەوەی جیهانی ئیسلام

نزیکەی ٥ ساڵو چەند مانگێك لەمەوبەر، کاتێك ڕێژیمی سەرەڕۆی پەهلەوی بە هۆی ڕاپەڕینی یەکپارچەی خەڵکی ئێران سەرەونخوون بووو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هێشتا لە لایەن ئاخوندە دەغەڵەکانەوە بە تەواوی داگیر نەکرابوو، هەمووی ئەو کەسانەی کە لە مەساییلی سیاسیدا خاوەن نەزەرنو سەرنج دەدەنە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی جیهان، بە گشتی لەم باوەڕەدا بوون کە هێندە تێناپەڕێ شەپۆلی شۆڕشی ئێران دەگاتە وڵاتەکانی دیکەی ناوچەش؛ بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی کە لە ژێر حاکمییەتی ڕێژیمی کۆنەپەرست دان، لە ماوەیەکی کورتدا تووشی چارەنووسی ڕێژیمی پاشایەتیی ئێران دەبن. هەورەتریشقەیەکیش کە لە ئاسمانی سیاسیی هێندێك لە وڵاتەکانی ناوچەدا رووی دا، وادەی هاتنی تۆفانی توندوتیژی وەك ئێرانی دەداو وای دەخستە بەرچاو کە وێدەچێ سەرەنجامی ڕەشی سەڵتەنەتی کە بناغەی لە سەر دژایەتی لەگەڵ هەموو دەسکەوتو ئامانجەکانی شۆڕش دامەزرا بووو، لە ژێرپێنانی هەمووی ئەو هیواو هۆمێدانە کە خەڵکی ئێران لە پێناویاندا ئەو هەموو کوێرەوەرییەیان کێشا بووو ئەو هەموو قوربانییەیان دابوو، ترسێکیان لە دڵی خەڵکی ناوچە هاویشت کە نەك تەنیا بەرەو شەپۆلی شۆڕشی ئێران نەچوون، بەڵکوو بە کردەوە لە بەرامبەریدا ڕاوەستان. کار گەیشتە جێگایەك کە خومەینی لەبەر چاوی خەڵك بوو بە پیسترینو بێزراوترین کەسی دنیا. ئەمڕۆ خەڵکی جیهان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە بێبەزەییترین ڕێژیمی دنیا دەناسنو خومەینی بە نموونەی زاڵمیو دڕندەیی دەزانن. بەڵام کاربەدەستانی کۆنەپەرستیو بڵێندگۆ تەبلیغاتییەکانی ڕێژیم، ئەگەرچی لەو ڕاستییە بە خەبەرنو گیروگرفتەکانی کۆماری ئیسلامی باش دەزاننو ئاگایان لە دەریای قووڵو بێبنی بوحرانێك هەیە کە ڕێژیمی تێدا پەلەقاژە دەکا، بەڵام دیسانیش بۆ

فریودانو سەرگەرم كردنی جەماعەتێك كە بۆ خۆیان ناوی "ئۆممەتی حیزبۆڵڵا"یان لە سەر داناون، ماوەیەكە بەشێك لە هەواڵەكانی دەنگورەنگی كۆماری ئیسلامیان بۆ قسەی خۆیان بۆ هەواڵەكانی بەناو "بزووتنەوەی جیهانی ئیسلام" تەرخان كردوە كە لەم بەشە لە خەبەركاندا، خەبەری شەڕی نێوخۆی لوبنان، شەڕ لە ئەفغانستانو هەروەها چەند ناوچەی دیكە لە جیهان بڵاو دەكەنەوە. بەم جۆرە دانەرانی ئەم بەرنامەیە بە ئاشكرایی تێدەكۆشن كە تەواوی ئەو جووڵانەوەو تێكۆشانو شەڕو هەرایە لەگەڵ كۆماری ئیسلامی پێوەند بدەنەوە، بەڵام ڕاستییەكە چیە؟

ئایا خەباتی گەلی فەلەستین لە ڕێگای ئەستاندنەوەی سەرزەویو نیشتمانیاندا، تێكۆشانی بێوچانی پارتیزانەكانی ئەریترە بۆ دیفاع لە مافە نەتەوەییەكانی خۆیان زۆر لەو بزووتنەوەو جووڵانەوانە، هیچ پێوەندییەكیان بە كۆماری ئیسلامیی خومەینییەوە هەیە؟ ئایا خەباتگێڕانی فەلەستینی، شوڕشگێرانی ئەریترەییو چریكەكانی ئەمریكای لاتین لە ئێلسالوادۆرو هێندوراسو شیلی لە ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی سەرمەشقیان وەرگرتوە؟ و ئایا ئەگەر ڕێژیمی خومەینی لە ئێراندا نەهاتبایە سەر كار، ئەو جووڵانەوانە لە دنیادا پێك نەدەهاتن؟

ڕاستی ئەمەیە كە خەڵكی فەلەستین، هەر لە سەرەتای پێكهاتنی حكوومەتی ئیسرائیلەوەو لە هەوەڵین ڕۆژەكانەوە كە وڵاتەكەیان لە لایەن سەهیۆنیستەكانەوە داگیر كرا، بۆ ئەستاندنەوەی خاكو نیشتمانەكەیان دەستیان دایە چەكو ئەو خەباتە كە خوێنی هەزاران ڕۆڵەی هەڵكەوتووی ئەم گەلە ستەملێكراوەی لە ڕێگادا ڕژاوە، تا ئێستاش هەر درێژەی هەیە. نە سازبوونی ئەو جووڵانەوەیەی گەلی فەلەستینو نە درێژەدانی، هیچ كام پێوەندییەكیان بە حكوومەتی ئاخوندی لە ئێراندا نەبووە. بە پێچەوانە ڕێژیمی خومەینی لە ماوەی

٥ ساڵو چەند مانگ دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا، لە هیچ جۆرە دوژمنایەتیو دژایەتی لەگەڵ جووڵانەوەی ئازادیخوازی فەلەستین خۆی نەپاراستوە. یارمەتیدان بەو کەسانەی کە بە هاندانو پشتیوانیی سووریە، چەندین مانگ لەمەوبەر لە دژی ڕێبەرایەتیی شەرعیو قانوونیی سازمانی ئازادیخوازی فەلەستینی هەڵگەڕانەوە، خەنجەرێك بوو کە خومەینی بە هاوکاریی سووریە، لە پشتەوەڕا لە جووڵانەوەی گەلی فەلەستینی دا.

جووڵانەوەی ئازادیخوازیی گەلی ئەریترەش لە "ئێتیۆپی" (حەبەشە) لە زەمانێکدا دەستی پێ کرد کە "هایلە سلاسی" (ئیمپراتوری حەبەشە) لە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی بە یارمەتیی ئیمپریالیستەکان سەرزەویی موسوڵمان‌نشینی ئەریترەی کە لە پێش شەڕدا وڵاتێکی سەربەخۆ بوو داگیر کردو حاکمییەتی نەتەوەییو سەربەخۆیی ئەو وڵاتەی لە بەین برد. خەباتی خوێناویی گەلی ئەریترە گەلێك ساڵ پێش ئەوەی خومەینیو دارودەستەکەی لە خەیاڵی وەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراندا بکەون، هەبووەو نە ئەو جووڵانەوەیە لە کۆماری ئیسلامیی خومەینی سەرچاوەی گرتوەو نە پەرە ئەستاندنو درێژەدانی پێوەندییەکی بە ڕێژیمی مێزەر بە سەراندا هەبووەو هەیە.

شەڕێك کە لە ئەفغانستاندا بە دژی دەوڵەتی مەرکەزی ساز بووەو بەشێکی زۆر بە دەست تاقمێك لە کۆنەپەرستترین توێژەکانی موسوڵمانی ئەفغانی کە بە ئاشکرایی لە لایەن ئیمپریالیزمی ئەمریکاو پایەگاکەی لە ناوچە واتە پاکستان پشتیوانی دەکرێن بەڕێوە دەچێ، شتێکە کە هەم بە مەیلی ئاخوندە کۆنەپەرستەکانەو هەم لە لایەن ئەوانەوە بە شێوەی جۆربەجۆر پەرەی پێ دەدرێ. لێرەدا ئیمپریالیزمی ئەمریکا، هەر ئەو ئیمپریالیزمە کە خومەینی ناوی

ناوە "شەیتانی گەورە" دەست لە نێـو دەسـتی ڕێژیمـی كۆمـاری ئیسـلامیدا بـۆ ڕووخاندنو لابردنی ڕێژیمی ئەفغانستان تێدەكۆشن. لە ئەفغانستاندا خومـەینی بە ئاشكرا بۆتە هاوكاری شەیتانی گەورەو دەیانهەوێ پێكەوە حكوومەتی عەدڵی ئیسلامی لەو وڵاتەدا دامەزرێنن.

كەوابوو ئەوە كـە بڵێندگۆ تەبلیغاتییـەكانی ڕێژیـم هەواڵـەكانی جووڵانـەوەی حەقخوازانەی فەلەستین، ئەریترە، پۆلیساریۆو هەروەها شـەڕی ئەفغانسـتان بـە خۆیانەوە دەبەستنەوە، هۆیەكی دیكەی هەیە. مێژەر بە سەرەكانی حاكم كە بـۆ خۆیان لە نێو وڵاتدا دەستەویەخەی هەزاران گیروگرفتی چارە نـەكراوو هـەزاران بەدبەختی بوون، بۆیە وشەی عینوانـی "بزووتنـەوەی جیـهانی ئیسـلام" بـە كـار دەبـەن كـە بـە قـەوڵی خۆیـان بـە "ئۆممـەتی حـیزبۆڵڵا"و خــەڵكی "همیشــە در صحنە" بڵێن كە: ئەگەر لە ئێراندا بێكاری گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی، ئەگـەر لـە وڵاتی ئێمەدا گرانی لە ڕادەبەدەرە، ئەگەر لە ئێرانی ئاخوند لێدراودا سەرەڕۆییو زۆڵمو توندو تیژییەكی بـێ وێنـە پـەیدا بـووە، ئەگـەر سـەدان بنەماڵـەی ئـێرانی داغدارو ڕەش پۆشن، ئەگـەر ئـابووریی وڵات ڕاوەسـتاوە، فەرهـەنگ شـوێنەواری نەماوە، كشـتوكاڵ بـە نزمـترین پلـەی خـۆی گەیشـتوەو سەراسـەری وڵات بۆتـە گۆڕستانێكی بەرین، ئەوانە هیچ كامیان جێگای مەترسی نین چونكە بزووتنەوەی جیـهانی ئیسـلام بـە ڕێبەرایـەتی "هیـوای بەشـخوراوانی عالـەم" واتــە جــەنابی خومەینی لە حاڵی پەرەئەستاندن دایە.

بــەڵام بــا خومــەینیو داروودەســتەكەی شــەوو ڕۆژ لــە بــارەی كۆمــارە ئیسلامییەكەیاندا زۆڕنـا لـێ بـدەنو بـە درۆو دەلەسـە هـەموو جووڵانـەوەكانی ئازادیخوازانـەی جیـهانو تەنانـەت شــەڕی ئەفغانســتانیش بكەنــە دەســتكردی خۆیان؛ بەڵام ڕاستی ئەوەیە كە لەو دنیا پـانو بەرینـەدا نـەك تـەنیا هیـچ كـەس

چووکترین گرینگی‌یەك بۆ هەراوهوریای خومەینی دانانێ، بەڵکوو بە پێچەوانە دنیا بە گشتی لە چەپی چەپ هەتا ڕاستی ڕاستەوە، لە موسوڵمانی زۆر بە ئیمان هەتا ڕێکخراوی غەیرە مەزهەبی، تێکڕا خومەینیو ڕێژیمەکەی بە نموونەی دڕندەییو دژی ئینسانی بوون دەناسن. ئەوە ڕاستی‌یەکە تەنانەت بۆ خودی خومەینیو دەوروبەرەکەی شاراوە نیە.

ئەم وتارە ڕێکەوتی ١٣٦٣/١/٢١ لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانەوە بڵاو کراوەتەوە.

# بزنی مەلا نەسرەدین!

هەموو كەس دەزانێ كە بناغەی ویلایەتی فەقیه لە سەر "اطاعت"ی بێ ئەملاوئەولای كۆمەڵانی خەڵك لە كەسێك دامەزراوە كە لە مەزهەبی شیعەدا مەقامی ویلایەت، واتە سەرەوەتر لە هەمووانی هەیە. لە كۆمەڵێكدا كە وەلیی فەقیه دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتی بە دەستەوە گرتوە، كەس مافی ئەوەی نیە كە لە سەر هیچ كام لە كاروبارەكانی كۆمەڵدا، چ لە باری سیاسیو كۆمەڵایەتیو چ لە باری ئابووریو نیزامیو تەنانەت لەو مەسەلانەشدا كە پێوەندییان بە ژیانی تایبەتیو نێوخۆیییەوە هەیە، بە شێوەیەكی سەربەخۆو لە سەر ڕێنوێنیی عەقڵو مەیلو زانایی خۆیدا بڕیار بدا. هەر شتێك كە وەلیی فەقیه بفەرموێ، دەبێ بێ ئەملاوئەولا قبووڵ بكرێ. هەر كەس چووكترین گومانی لە ئەمرو فتوای وەلیی فەقیهدا هەبێ، بە كافرو بێدین دەناسرێو بە پێی شەرع دەبێ موجازات بكرێ.

لە كۆمەڵێكی ئەوتۆدا وەلیی فەقیه وەك شوانێك دەچێ كە ئەركی ئاگاداریو بەڕێوەبردنی مێگەلە مەڕی لە سەر شانەو ئەو مەڕەی لە ژێر دەستی ئەو شوانە دان، هەر ئەو خەڵكەن كە ئەمڕۆ خومەینیو داروەدستەكەی ناویان لێ ناون، ئۆممەتی حیزبوڵڵا. ئەو پێوەندییە لە نێوان شوانو مەڕدا ئەمڕۆ ئاكامی پڕ لە زیانی خۆی بە تەواوی نیشان داوە. لە ماوەی ٥ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی خومەینیدا لە هەر جێگایەكو هەر كاتێك مەسەلەیەك هاتۆتە گۆڕی كە پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ چارەنووسی ٤٠ میلیون خەڵكی وڵاتی ئێمە هەبووە، لە دانانو لابردنی كاربەدەستانی ڕێژیمەوە بگرە هەتا درێژەپێدانی شەڕ لەگەڵ

عێراق‌و گەرمتر کردنی ئاگری شەڕ لە کوردستان‌و پەسندی قانوون بە مەبەستی دابەشکردنی زەوی‌و زارو میللی کردنی بازرگانیی دەرەوەی وڵات‌و بەڕێوەبردنی ئەو قانوونە یان هەڵوەشاندنەوەیان، هەموو ئەوانە قبووڵ کردن یان رەتکردنەوەیان بەستراوەتەوە بە نەزەرو بڕیاری جەنابی خومەینی‌و دەوروبەرەکەی کە دەوروبەرەکەشی لە زۆر کاتدا ناچار بوون بچنەوە لای خومەینی‌و ڕێنوێنیی لێ بخوازان.

کەوابوو لە کۆمەڵێکدا کە وەلیی فەقیه دەسەڵاتی بە سەر هەموو شتێک‌و بە سەر چارەنووسی خەڵکدا هەیە، نە هیچ کەس لە خەڵک‌و نە هیچ نوێنەرێک لە لایەن خەڵکەوە چووکترین ئەسەریان لە قبووڵ یان رەتکردنەوەی قانووندا نیە، چونکە هەروەک گوتمان ئەو خەڵکە هەموویان وەک مەڕ وان‌و مەڕیش مافی ئەوەی نیە لە بارەی چارەنووسی خۆیدا نەزەر یان بڕیار بدا.

بە لەبەر چاو گرتنی ئەو راستی‌یەیە کە ئەسڵی پێکهێنانی مەجلیسی شوورا یان هەر کۆڕو کۆگایەکی لەم جۆرە غەیری گاڵتە کردن بە خەڵک‌و لاساکردنەوەیەکی بێ نێوەرۆک لە دێموکراسی هیچ مانایەکی دیکەی نیە، چونکە تەواوی ئەو کەسانەی کە لە شانۆی هەڵبژاردنی مەجلیس‌دا سەر لە سندووقەکانی دەنگدان دەر دەهێنن‌و بەرەو مەجلیس وەڕێ دەکەون، بۆ خۆیان دەبێ پێڕەوی لە وەلیی فەقیه بکەن، ئەویش پێڕەویی بێ ئەملاوئەولا. هەر بۆیە خاوەنی هیچ ئیختیارێکی راستەقینە لە پەسند کردن یان رەتکردنەوەی ئەو قانوونەدا نین کە لە مەجلیس‌دا دێنە گۆڕێ.

نموونەی ئەو کارە ئەو قانوونەن کە سەبارەت بە میللی کردنی بازرگانی دەرەوەو دابەشکردنی زەوی‌و زار لە مەجلیس‌دا پەسند کران. هەر ئەو قانوونانەی کە نۆکەران‌و شایەرانی دەرگای کۆنەپەرستی وەک رێبەرایەتیی

خاییني حیزبي توودەو چریكی ناسراو بە "اكثریت" ئەو هەمووەیان پێ هەڵگوتن. بەڵام سەرەنجام بە ڕواڵەت بە هۆی پەسند نەكران لە لایەن شوورای نیگابانەوەو لە راستیدا بە هۆی رەتكردنەوە لە لایەن وەلیی فەقیه واتە خومەینیی كۆنەپەرست، هەڵوەشانەوە.

لە كۆمەڵێكدا كە وەلیی فەقیه فەرمانڕەوای وڵاتەو دەسەڵاتی نەزەرو بڕیاردان لە سەر هەموو مەسەلەیەكی كۆمەڵی هەیە، قسە لە هەڵبژاردنو هەڵبژێران، باس كردن لە پێكهێنانی مەجلیسو وتووێژ لە سەر پێشنیاری "لایحە" پەسندكردن یان نەكردنی قانوون بە مانای رەتكردنەوەی ئەو ئەسڵەیە كە لە سەرەتای ئەم وتارەدا باسمان كردو بریتی‌یە لە ئەسڵی حكوومەتی ویلایەتی فەقیه. چونكە ئەگەر لە مەجلیسی ئاخوندیدا بە ناو نوێنەرەكان هەموو وەختی خۆیان بۆ باسو وتووێژ لە سەر مەسایلو كەموكوڕیو قانوونەكان تەرخان بكەنو پاش گێرەو كێشەیەكی زۆر شتێك پەسند بكەن، هەمووی ئەو زەحمەتو كوێرەوەری‌یە ئەگەرچی لە لایەن كەسێكەوە كێشرابێ كە جێگای متمانەو دڵنیایی بارەگای ئیستبدادیی ویلایەتی فەقیهین، دیسانیش تەنیا ئیشارەیەكی بچووك لە لایەن وەلیی فەقیهەوە فەوری هەڵدەوەشێتەوەو پووچەڵ دەبێتەوە.

لەكۆمەڵێكدا كە تەنانەت بۆ نەزەردان لە سەر سپی بوونی بەفرو رەش بوونی ڕەژییش فتوای وەلیی فەقیه پێویستە، لە وڵاتێكدا كە بە نەزەری جەنابی خومەینی "اقتصاد" رۆژێك بۆ حەیوانات دەبێو رۆژێكی دیكە هەر بە قسەی ئەو جەنابە، دەبێتە یەكێك لە مەسائیلی زۆر گرینگو هەموو كەس بە پێی چووكترین گومانو ڕاوەستان ناچارە بۆ هەر دووی ئەم فەرمایشانە بەڵێ بەڵێ بڵێ، چونكە نەزەری وەلیی فەقیه "واجب الاطاعە" یە ! ئایا لە وڵاتێكی ئاوادا دوان لە

هەڵبژاردن‌و دامەزراندنی مەجلیسی شووراو پەسند کردن‌و نەکردنی قانوون چ مانایەکی هەیە؟

ئەگەر تا چەند ساڵ لەمەوبەر لە مەجلیسی رەستاخیزیدا، نوێنەرانی هەڵبژێراوی سەرەڕۆ لە ترسی ساواك‌و پۆلیس بە غەیری بەڵێ بەڵێ گوتن‌و پەسندکردنی "لایحە"ی فەرمایشی، توانای ئەنجامدانی هیچ کارێکی دیکەیان نەبوو، ئەمڕۆش نوێنەرانی هەڵبژێراوی دەزگای کۆنەپەرستی خومەینی بێجگە لە ساواما کە هەمان ساواکی زەمانی حەمەرەزا شایە، لەگەڵ سپای پاسداران‌و کۆمیتەکانی ئیمام‌و چەقۆکێش‌و ژێ سێ(ژ۳) بەدەستەکانی حیزبوڵڵاهییش بەرەوڕوون. لە سەرەوەی هەمووانیش وەلیی فەقیە دانیشتوە کە ئیبلاغی ویلایەتی خۆی، بۆ خۆی بە نوێنەرایەتی لە لایەن خواوە ئیمزا کردوەو زۆر بە سووك‌و هاسانتر لە حاکمی پێشووی خۆی واتە حەمەرەزا شا دەتوانێ بە بیانووی دانی فتوا هەموو بڕیارەکانی مەجلیس ئەگەرچی ئەو مەجلیسە سازکراوی خۆشی بێ، بە تەواوی تێك بداتەوە. ئەگەر نوێنەرانی مەجلیس لە زەمانی شای دیکتاتۆردا وەك بووکە چینی دەچوون کە بە یەك ئیشارە لە لایەن شاوە دەستیان بە هێندێك جموجووڵی بێئیرادەو دوور لە فەرمانی خۆیان دەکرد، ئێستا لە حکوومەتی ئاخوندیدا بە ناو نوێنەرانی مەجلیس وەك بزنی مەلای مەزبوورە دچن کە بە دەستووری مەلا سەریان دەجووڵێتەوەو ئەمجارە نوێنەرەکان لە سەرو سیماشدا لە بزنەکەی مەلا دەچن.

ئەم وتارە رێکەوتی ١٣٦٣/١/٢٥ لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانەوە بڵاو کراوەتەوە.

# یەكگرتوویی كۆمەڵانی خەڵك زامنی سەركەوتنە

گەلی كورد وەك گەلێكی گەورەی ستەم لێكراوی دنیاو هەروەها وەك بەشێك لە جیهانی سێهەم، بە هۆی لاواز بوونی فەرهەنگەكەی‌و ناشارەزایی سیاسی‌و كۆمەڵایەتی بە داییم لەگەڵ دووبەرەكی‌و ناكۆكیی نێوخۆ دەستەویەخە بووەو ئەو دوو بەرەكی‌و ناكۆكی‌یە یەكێك لە هۆیەكانی شكستی گەلی كورد لە خەباتی دوورو درێژو لە مێژینەی بۆ ئازادی‌و وەدەستهێنانی مافی ئینسانی‌و نەتەوەیی خۆی بووە.

لە سەرانسەری چەرخی نۆزدەهەم‌و چەرخی بیستەمدا كە جووڵانەوەكانی نەتەوەیی كورد لە بەشە جۆراوجۆرەكانی كوردستاندا پێك هاتوون، زۆر جار ناكۆكی‌و نێوان ناخۆشیی نێوان فێئۆداڵ‌و سەرۆك عەشیرەتەكانی كوردو بەرهەڵستیی بەشێك لە هێزەكانی نێوخۆیی لەگەڵ جووڵانەوەی نەتەوایەتی‌و هاوكاریی ئەو بەشە لە هێزەكان لەگەڵ دوژمنانی كورد، عامیلی شكست خواردنی جووڵانەوە بووەو هەر جارەی لە ئاكامی خەباتی تاقمێك لە عەشیرەتە بەهێزەكان بەرهەمی گیانبازی‌و فیداكاریی هەزاران كوردی ئازادیخواز لە خوێن‌و فرمێسكدا غەرق بووە.

لە تەواوی ئەو دەورەیەدا چەنددەستەبوون‌و ناكۆكی لە دەوری دوو مەسەلەی تایبەتی‌دا بووە: یەكێكیان سیستەمی عەشیرەیی‌و ئەوی دیكەیان شێخایەتی كە بۆ خۆی تێكەڵێك لە پێوەندیی عەشیرەتی‌و بیروباوەڕی مەزهەبی‌یە.

مەسەلەی دووبەرەكی لە نێوان عەشیرەتەكانی كورد مەسەلەیەك نیە كە بۆ خەڵكی كوردستان نەناسراو بێ. لە هەر شكستێكدا كە لە مێژووی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی كورد بە سەر ئەم گەلەدا هاتووەو لە تەنیشت ناوی

سەركوتكەرانو دوژمنانی گەل، هەمیشە ناوی چەندین عەشیرەتی كوردیش دەبینرێ كە هاوكاریی دوژمنیان كردوە بۆ سەركوت كردنو لە نێو بردنی جووڵانەوەكە.

شێخایەتی لە كوردستاندا كە وەك گیا كەڵە لە قەراغ مەزهەبدا شین بووەو گەورە بووەو ئێستاش لە بەشێك لە كوردستاندا، لە نێو كۆمەلانی خەڵك بە تایبەتی لە گوندەكاندا نفووزی هەیە، بە درێژایی سەدان ساڵ بنكەی گرینگی ساز كردنی ناكۆكیو دوو بەرەكی لە نێو چینو توێژەكانی خەڵكی كوردستاندا بووە. مریدەكانی فلان شێخ لە فلان ناوچەی كوردستان تا ئەو ڕادەیە خۆیان بە دوژمنی مریدانی فلان شێخی دیكە لە فلان بەشی دیكەی كوردستان زانیوە كە زۆر دیتراوە بە هاسانی پێك هەڵپرژاونو لە یەكتریان كوشتوە. هەر دەستەیەك بە هۆی مریدەكانی شێخێك بە هۆی ئیمانی زۆر قاییم كە بە شێخی خۆیانو گەورەییو كەراماتی ئەو بوویانە، بە هیچ جۆر حازر نەبوون لەگەڵ مریدەكانی شێخەكانی دیكە تێكەلاویو دۆستایەتییان هەبێ. ئاشكرایە كە بەم وەزعە لە كاتی وەڕێ كەوتنی جووڵانەوەیەكی ئازادیخوازانەی گەلی كورددا مریدانو پەیڕەوانی شێخو تەریقەتە جۆراوجۆرەكان، یان بە گشتی خۆیان لە بەشداری لە جووڵانەوەدا پاراستوە یان ئەگەر مەیلێكیان بۆ بەشداریكردن لە جووڵانەوەدا بووبێ، تەنیا لە پێوەندەی لەگەڵ هەڵوێستی شێخەكەی خۆیاندا بووە.

هاوڕێ لەگەڵ پێشكەوتنی كوردستان لە باری ئابووریو كۆمەلایەتیو فەرهەنگییەوە بەرەبەرە پێوەندییەكانی عەشیرەتییش كزتر بوونو شێخایەتییش نفووزەكەی كەمتر بۆتەوە، ئیسلاحاتی نیوەچڵی ئەرزی لە دەورەی حەمە ڕەزا شادا، هەر چەندە بە یەكجاری نیزامی عەشیرەتیی لە كوردستاندا لە نێو نەبرد، بەلام تا ڕادەیەكی زۆر نفووزی هێنا خوارێ. هەر لەو

حاڵەشدا شای خایین هەوڵی دا هێزی شێخەكانی نۆكەری دەربار زیاتر بكا تا ڕادەیەك كە لە زەمانی شادا هێندێك لە شێخەكانی كوردستان نیمچە دەربارێكیان بۆ خۆیان پێك هێنابووو لە ناوچەی خۆیاندا دەسەڵاتێكی زۆریان هەبوو.

شوێنەواری خراپی پێوەندیی عەشیرەتی لە سەردەمی پێشكەوتووی ئێستاشدا دەبینرێ. ڕێژیمی ئاخوندی لە ناوچەی كوردستاندا كە شوێنەواری پێوەندیی عەشیرەتی ماوە، توانیویەتی هێندێك لە ڕەئیس عەشیرەتەكان بە پارەو وەعدە فریو بداو لە بەرامبەر خەڵكو جووڵانەوەدا ڕایان بگرێ. بەڵام بە خۆشییەوە هەم بە هۆی ئاگادار بوونی كۆمەڵانی خەڵكو هەم بە هۆی لێك پچڕانەوەی نیزامی عەشیرەتی، ئەو كارەی ڕێژیمی خومەینی نەیتوانیوە سەركەوتوو بێو تەنیا كەسانێكی كەم بوونەتە نۆكەری ڕێژیم كە بۆ خۆیان خزمی زۆر نزیكی سەرۆك عەشیرەتە خۆ فرۆشەكانن.

بێجگە لەوەش بەراستی ئەو ژمارە كەمەش لە ڕەئیسە عەشیرەتەكان كە خزمەتی ڕێژیم دەكەن، تەنیا بەو هیوایە نۆكەرییان قبووڵ كردوە كە سیستەمی لە بەین چووی ئەربابو ڕەعییەتی زیندوو بكەنەوە. لە ئاكامدا زۆربەی هەرە زۆری جووتیارانو لادێییەكان نەك هەر لەگەڵیان نەكەوتوون، بەڵكوو لە بەرامبەریشیاندا ڕاوەستاون. چونكە گوندنشینەكانی كوردستان زۆر باش لە نییەتی پیسی ئەو عەشیرەتانە ئاگادارنو دەزانن كە ئەگەر ڕۆژێك عەشیرەتەكان دەسەڵاتیان هەبێ، ئەو زەویانە كە بە هۆی بەڕێوە چوونی قانوونی نیوەچڵی ئیسڵاحاتی ئەرزی بە جووتیاران دراوە، دەستێننەوە. لە خۆڕا نیە كە لە تەواوی ناوچەكانی كوردستاندا زۆربەی زۆری پێشمەرگەو كادرەكانی حیزبی لادێیو گوندنشینو جووتیارن كە لە جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی خۆیاندا، هاوڕێ لەگەڵ ئاواتی وەدیهاتنی داخوازە نەتەوەییەكانیان، مافە كۆمەڵایەتیو ئابوورییەكانی خۆشیان لەبەر چاوە.

بەم جۆرەو بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی مێزەربەسەرەکانی حاکم کە پێیان وابوو بە رەنگی مەزهەبی لێدان لە بەرنامە خاییناـنەکانیان لە کوردستان‌داو بە وەڕێ خستنی هەراوهوریای تەبلیغاتی لە بارەی بە ناو دیفاع لە مانی موستەزعەفان، دەتوانن خەڵکی ئاسایی کوردستان فریو بدەن. تەنانەت بەشێکی بچووکیش لە خەڵکی گوندنشین، نەك هەر ئیددیعای رێژیمیان باوەڕ پێ نەکردوەو هاوکاری‌یان لەگەڵ سەرکوتکەران نەکردوە، بەڵکوو بە تەواوی هێزو ئیمکاناتیانەوە بەشداری‌یان لە جووڵانەوەی شوڕشگێرانەی خۆیان‌دا کردوە. ئاکامی هەوڵی بێ‌پسانەوەی رێژیم بە مەبەستی دابەشکردن‌و دووبەرەکی خستنە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، تەنیا قبووڵ کردنی خەیانەت لە لایەن بەشێکی زۆر کەم لە ئەربابەکانی پێشووو چەند کەسێك بەزیوو بێ‌غیرەتی قسەزل بووەو بەس. زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان بە پشتیوانی لە جووڵانەوەی حەقخوازانەی خۆیان بە رێبەراتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ڕاپەڕیون‌و ڕازی هێزی لەبڕان نەهاتووی جووڵانەوەکەشمان هەر لەوە دایە.

نیزامی عەشیرەتی لەمێژە لە وڵاتی ئێمەدا گۆڕ کراوەو تازە ناتوانێ بگەڕێتەوە. شێخایەتییش نفووزو ئەسەری پێشووی خۆی لە دەست داوەو کۆمەڵانی خەڵك تێگەیشتوون کە تەنیا یەکگرتوویی‌و پشت بە یەك بەستنیانە کە زامن‌و دەستەبەری سەرکەوتوویی‌یە.

ئەم وتارە رێکەوتی ١٣٦٣/٣/٣٠ لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانەوە بڵاو کراوەتەوە.

# ئازادیی دەربڕینی بیروڕا لە كۆماری ئیسلامیدا(*)

لە نێو ئازادیيە دیمۆكراتیيەكان واتە ئەو مافانەی لە ڕێژیمێكی دێمۆكراتیدا بۆ خەڵك ناسراون گرینگتر لە هەموویان ئازادیی بەیانە.

لە ڕێژیمێكی دێمۆكراتیدا، ئازادیيە دێمۆكراتیيەكان بریتین لە ئازادیی نووسین‌و بڵاوكردنەوە، ئازادیی كۆبوونەوەو ئازادیی پێكهێنانی حیزب‌و سازمان‌و دەستەی سیاسی، ئازادیی بەشداری‌و پێكهێنانی سەندیكاو ڕێكخراوی سینفی‌و شوغلی‌و زۆر ئازادیی دیكەی لەم جۆرە. بەڵام گرینگترینی ئەوانە هەروەك گوترا، ئازادیی دەربڕینی بیروڕا واتە ئازادیی "بەیان"ە. چونكە لە سایەی ئەو ئازادیيە دایە كە هەموو كارو كردەوەیەكی حكوومەت‌و كاربەدەستانی حكوومەتی دەخرێنە بەر نەزەری خەڵك، هەڵدەسەنگێندرێن، كەموكووڕەیان دەردەكەوێ‌و لە ئاخردا ئەو شتەو ئەو نەزەرە كە پاش باس‌و لێكۆڵینەوەی گشتیی خەڵك بە زۆربەی دەنگ پەسند كراوە، هەڵ دەبژێردرێ‌و دەبێتە ڕێوشوێن بۆ بەڕێوەبردنی وڵات‌و بۆ كۆمەڵ، بەو دەلیلەیە كە ڤولتێر یەكێك لە گەورەترین فیلسووف‌و نووسەرەكانی فەرانسەوی دەڵێ: "ئەمن حازرم گیانی خۆم فیدا بكەم بۆ ئەوەی ئەتۆ بتوانی نەزەری خۆت كە دژی نەزەری منە، بڵێی‌و دەربڕی"!

نەبوونی ئازادیی بەیان دەبێتە هۆی ئەوە كە ئەو كەسەی یان ئەو تاقمەی بە هەر شێوەیەك حكوومەتیان بە دەستەوە گرتوە، هەرچی پێیان خۆش بێ‌و هەر شتێكی بە فكریان بگا ئەنجامی بدەن بێ ئەوەی بزانن نەتیجەو ئاكامی ئەو بڕیارەو ئەو هەڵوێستە لە كۆمەڵداو لە وڵاتدا چۆن بووەو چۆن دەبێ‌و

کەموکووڕی‌یەکان ـ ئەگەر هەن ـ چۆن‌و لە چ ڕێگایەکەوە دەکرێ چارەسەر بکرێن ئەوە دیکتاتۆری پێك دێنێ، یان ڕوونتر بڵێین: بەرگرتن‌و لابردنی ئازادیی بەیان یەکێك لە تایبەتمەندی‌یەکانی بەرچاوی ڕێژیمێکی دیکتاتۆرو سەرەڕۆیە.

ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان بۆ لە بەین بردنی ئازادی‌یە دیمۆکراتی‌یەکان شێوەی جۆربەجۆریان هەیە. لە گرتن‌و ئەشکەنجەو ئازارو کوشتن‌و بڕین‌ڕا بگرە هەتا هەڕەشەو بوختان پێ هەڵبەستن، هەموو وەسیلەیەك بە کار دەبرێ‌و هەموو ڕێگایەك تاقی دەکرێتەوە. بۆ نموونە باشترە سەرنج بدەینە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی خومەینی کە بە ڕاستی یەکێك لە ڕەش‌ترین‌و سەرەڕۆترین ڕێژیمەکانی دنیایە. ئەم ڕێژیمە لە هەمووی ئەوانە لە سەرەوە باس کرا، بۆ خنکاندن‌و لە بەین بردنی ئازادی‌یە دیمۆکراتی‌یەکان بە دڕندەترین‌و بێ‌ڕەحمانەترین شێوە کەڵك وەردەگرێ. بە تایبەتی دژایەتی لەگەڵ ئازادیی بەیان بەو ڕادەیە گەیشتوە کە هەروەك چەندین جار باسمان کردوە، نەك تەنیا بیروبڕوای غەیری خۆی قبووڵ ناکا، بەڵکوو شێوەی بیرکردنەوەی جیاش ناتوانێ "تحمل" بکا. واتە ئەگەر کەسانێك یان ڕێکخراوی وا هەبن کە پشتیوان‌و لایەنگری ڕێژیمی ئیسلامیی خومەینی بن، بەڵام تەنیا شێوەی بۆچوون‌و بیرکردنەوەیان بۆ گەیشتن بە ئاکامی پشتیوانی لە ڕێژیم لەگەڵ شێوەی بۆچوونی خومەینی‌و ئاخوندەکانی وەك خۆی فەرقی هەبێ، دیسانیش ئەوە قبووڵ ناکرێ‌و دەبێ لە بەین بچن. ڕاونان‌و تەمبێ کردنی دەستەو تاقمی وەك "جاما"و حیزبی توودە بەو دەلیلە بووە. چونکە نەك تەنیا هەموو کەس لە ڕێژیمی خومەینی‌دا دەبێ یەك قسە بڵێن‌و یەك دروشم دووپات بکەنەوە، بەڵکوو دەبێ بە یەك شێوەش فکر بکەنەوەو بۆچوونی هەموو کەسێك بۆ هەموو شتێك هەر وەك یەك بێ!

بەڵام ئەگەر هات‌و کەسانێك هەر نەهاتنە ژێر بار، واتە جار جار پرتەو بۆڵەیان کرد یان نەیان‌توانی خۆیان ڕابگرن‌و یەکێك لە سەدان‌و هەزاران کەموکووڕیی مەوجوود لە وڵاتیان هێنایە سەر زمان، دەبێ چۆنیان پێش بگیرێ؟ لەم

بارەیەوە هەروەك گوتمان، ڕێژیمی خومەینی بەراستی هیچ وەسیلەیەك نامێنێ كە پەنای بۆ نەباو كەڵكی لێ وەرنەگرێ، بە تایبەتی بۆختان پێهەڵبەستن‌و هەڕەشە كردن.

لە وتاری دوێنێی رادیۆی دەنگی كوردستان‌دا باسی یەكێك لەو شێوە بۆختان هەڵبەستن‌و هەڕەشانەمان كرد كە چۆن خومەینی خۆی‌و ڕێژیمە داتاشراوەكەی كردۆتە نموونەو نوێنەری بێگەردو بێ خەوشی ئیسلام‌و چۆن هەر كەسێك دەنگێكی ڕەخنەی لێ بێ، بە ناموسوڵمان‌و دژی ئیسلام تاوانبار دەكرێ!

بەڵام یەكێكی دیكە لەو ڕێگایانەی بۆ هێرش بردنە سەر موخالیفانی ڕێژیم بە پان‌و بەرینی كەڵكی لێ وەردەگیرێ‌و خودی خومەینی زیاتر لە هەموو كەس بە كاری دەبا، تاوانبار كردن بە بێگانە پەرستی‌و جاسووسی بۆ بێگانانە. هەر لە ڕۆژی هەوەڵەوە هەر كەس قسەیەكی كرد كە بە مەیلی خومەینی‌و دارو دەستەكەی نەبوو، بەوەیان تاوانبار كرد كە نۆكەری ئەمریكاو ئیسرائیل‌و شوورەوی‌و عێراق‌و فەرانسەو چی‌و چیە. . . جاری وا هەبوو كە بۆ نموونە حیزبی دیمۆكرات هەم عامیلی ئەمریكاو ئیسرائیل بوو، هەم عامیلی شوورەوی‌و كومۆنیزمی نێونەتەوەیی!! بێ ئەوەی كە لە خۆیان بپرسن، ئاخۆ ئەوە چۆن جور دەر دێتەوە؟ مەبەست بۆختان هەڵبەستن‌و تاوانبار كردن بە نۆكەرایەتیی بێگانە بووەو بەس.

ئاخر نموونەی ئەم شێوە بۆختانە، قسەكانی خومەینی لە پەیام بۆ كرانەوەی مەجلیسی خوبرەگان‌دا بوو كە بە ڕاشكاوی دەڵێ ئەوانەی لەگەڵ حكوومەتی ویلایەتی فەقیهی هاودەنگ نین، نۆكەرو بەكرێگیراوی بێگانەن. گۆیا ئێستا وڵاتانی دنیا لە چەپ‌و ڕاست‌و ئەمریكاو شوورەوی‌یەوە هیچ نیگەرانی‌یەكیان نیەو هیچ ترسێكیان نیە غەیری ئەوە نەبێ كە خومەینی ببێتە وەلیی فقیە، یان جەنابی مونتەزیریی ببێتە جێنشینی!

بەڵام ئایا بەو بوختانو تاوان هەڵبەستنانە دەکرێ رێژیمێکی بێ پایەو ئەساسو دژی هەموو جۆرە قانوونو رەسمو رێوشوێنی ئینسانییەت لە ولاتێکی وەك ئێراندا سەقامگیر بکرێ؟ و پرسیاری لەوە گرینگتر کە ئایا کەسێکی کە لە هەموو شتێکدا دەستی بێگانە دەبینێو هەموو موخالیفێك بە فێرکراوی بێگانە دەزانێ، بە مانای ئەوە نیە کە چووکترین بڕوای بە هێزی گەلو هێزی خەڵکی نێو ولات نیەو بە پێچەوانەی دروشمی "نە شەرقی، نە غەربی"یەکەی، پێی وایە یان دەبێ پیاوی شەرق بێ یان نۆکەری غەرب بۆ ئەوی بتوانی حکوومەت بکەی؟

---

(*) ئەم وتارە لە ئارشیوی رادیۆدا ناوی لەسەر نەنووسرابووو هەر لە ژێر ناوی "لێکدانەوەی سیاسی"دا بلاو ببۆوە. ئەم تیترەی ئێستا لە لایەن کۆمیسیۆنی چاپەمەنییەوە بۆی دانراوە.

ئەم وتارە رێکەوتی ١٣٦٣/٤/٢٦ لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانەوە بلاو کراوەتەوە.

# چەرخی مێژوو بەرەو پێشەوە دەڕوا

چەند ساڵە لە "تئاتر"ی ڕاستەقینە لە وڵاتەكەماندا خەبەرێك نیە. ئەم هونەرە بەنرخەش وەك زۆر لە هونەرەكانی دیكە بە فەرمانی ویلایەتی فەقیه كۆ كراوەتەوە. لە "تئاتر" غەیری "نوحەخوانی" و "شبیەسازی" لە مانگی "محرم"دا شوێنەوارێك نەماوە. بەڵام لە بەرامبەردا نوێژی جەماعەتی ڕۆژانی هەینی بۆتە شانۆیەك كە هەموو حەوتووان بۆ خەڵكی تاران‌و شارەكانی دیكە نمایش دەدرێ. لەو شانۆیەدا هونەرمەندەكان، كاربەدەستانی كۆماری ئیسلامین كە مەساییلی حەوتوو بۆ خەڵكەكەو بینەرانی تەلەویزیۆن‌و گوێگرانی رادیۆ شی دەكەنەوەو نەزەری رەسمیی حكوومەت لە سەر گیروگرفتەكانی نێوخۆو دەرەوەی وڵات رادەگەیەنن.

لە نێو ئەو شانۆگەرانەدا "علی اكبر هاشمی رفسنجانی" نەخشی هەرە سەرەكیی لە ئەستۆیەو بە بێ‌شك هونەرپیشەكەی كۆماری ئیسلامی‌یە. ئەوەش نەك بۆ ئەوە كە هاشمیی رەفسەنجانی لە نزیكانی خومەینی‌یە، رەئیسی مەجلیسی شوورای ئیسلامی‌یە، قسەكەری شوورای عالی دیفاعە، بەڵكوو لەبەر ئەوە كە لە شانۆگەری‌دا پسپۆڕە، لە درۆزنی‌دا لە سەرەوەی هەموو درۆزنان دایە، لە بێ ئابروویی‌دا دەستی هەموو ئاخوندە بێ‌ئابرووەكانی دیكەی لە پشتەوەڕا بەستوەو لە ریاكاری‌دا تەنیا لە خومەینی دەمێنێتەوە.

خوتبەكانی رەفسەنجانی لە رۆژەكانی هەینی‌دا تێكەڵ پێكەڵێكە لە هەڕەشەی پڕوپووچ، درۆی زۆر گەورە، بێ سەرەو بەرەیی‌یەكی بێ‌ئەندازە، لە

قسەی بێ نێوەڕۆكو فڕو فیشاڵێكی لە ڕادەبەدەر، لـە هـەموو شـتێك خراپـتر لـە قسەكانی رۆژی هەینیدا ئەو بێ ئێحترامیو تەوهینانەیـە كـە بـە خـەڵكی ئـێرانی دەكا. چونكە بە بێ خۆف كۆمەڵانی میلیونیی گەلانی ئێران بە سیفر، نەزانو بێ عەقڵ دەزانێ، ئەگینا ئەو هەموو درۆ ئاشكرایەی تەحویل نەدەدان.

هەموو ئەو تایبەتیانــە لـە خوتبـەكانی رۆژی هـەینیی ٥ی پووشـپەڕدا زۆر بـە روونی دەبینرێ.

رەفسەنجانی دەڵێ كە ئـەو شۆڕشـە شۆڕشـێكی ئیسـلامییە نـەك ئـێرانی. وا دیارە بە نەزەری جەنابی رەفسـەنجانی ئـەو ٦٠ هـەزار كەسـەی لـە سەرانسـەری ئـێراندا بــۆ ســەركەوتنی شۆڕشــی ســاڵی ٥٧ شــەهید بــوون، ئــێرانی نــین! رەفسەنجانی عادەتیەتی كە لە راست كوتـن خـۆ بپـارێزێ! چونكـە راستـییەكە ئەوەیە كە شۆڕش، شوڕشی گەلانی ئێران بووو تاقمێك ئاخوندی هەلپەرسـت بـە ناوی ئیسلام دەستیان بە سەردا گرت.

رەفسەنجانی دەڵێ كە: ژنانو پیاوانی كەمایەتییە مەزهەبییەكان بـە ئـازادی هـاتوچۆی ئیدارەكـانو زانكۆكـانو جێگاكـانی كۆبوونـەوە دەكـەنو لـــە هـــەموو جێگایەك ڕێزو ئێحترامیان بۆ دادەنرێ. هەر ئەم قسەیەی رەفسەنجانی بە جوانی نیشان دەدا كە تا چ ئەندازە لە بێ ئابڕوویيو بێ شەرمیدا دەستی ئاخوندەكانی دیكـەی لـــە پشـــتەوەڕا بەســـتوە، چونكــە كەسـێك هەیــە كــە لــە كوشــتاری بەهاییـیەكان، فشـاری زۆر بـۆ ســـەر ئەرمەنیـیـــەكانو تەنانــەت تــەوهینو بــێ ئێحترامی بە "مقدسات"ی موسوڵمانی سۆننی مەزهەب بێ خەبەر بێ؟

رەفسەنجانی دەڵێ: حیجاب بە پێی فتوای هەموو فەقیهەكانو عالمانی دینــی پێویستە. ئەوەش درۆیەكی گەورەی دیكە. چونكە ئەو هەموو وڵاتــە ئیسـلامییە بە چەندین سەد میلیون حەشیمەتەوە لە دنیادا هــەنو فەقیهـەكانی ئـەو وڵاتانـە

هیچ فتوایەكی ئەوتۆیان لــە بـارەی حیجـابدا نـەداوە. لـێرەدا رەفسـەنجانی زۆر فێڵبازانەو بــێ ئابڕوویانــە، ئاخوندەكـانی لایـەنگری ویلایـەتی فەقیـە لـە جێگـای هـەموو فەقیهـەكانی ئیسـلام دادەنـێ. بـە دوای ئـــەوەدا رەفســـەنجانی دەنگـــی هەڵدێنێو دەڵێ: ئێمە ئیجازە نـادەین لـە كووچـەو كـۆڵانو خیابانـاندا وەزعێك بێتە پێش كە ببێتە هۆی گوناه بۆ مندالّی موسـوڵمانان. خیابـانو پـاركو رێگـای هاتوچۆ دەبێ ئەمین بن. رەفسەنجانی لەو قسانەدا دوو راستی دەردەخا. یەكەم ئەوە كە، منداڵە موسوڵمانەكانی ئــەو تەنانـەت پـاش پێنـج سـاڵ مـەغز شـۆریو تەربییەتی ویلایەتی فەقیهی، دیسانیش هــەر چاویـان بـە هێندێك مـووی سـەری ژنێك بكەوێ كە لە ژێر رووسەریدا هاتۆتە دەر، فەوری تووشی گوناه دەبن. بەم جـۆرە بێكـەڵكیو بێئەسـەریی تـەربییـەتی ویلایـەتی فەقیـهی دەردەكـەوێ كــە سەرەڕای ئەو هەموو تەبلیغاتو هەراوهوریاو هەڕەشەو شــەللاقو رەجـم كردنـە، دیســانیش زوڵفـی یـار بـە هاسـانی دڵـی منداڵــە موســوڵمانەكانی رەفســەنجانی دەڕفێنـێ، وەسوەسـەیان دەكـاو تووشـی داوی شـەیتانیان دێنـێ. كـەوابوو بـــە پێچەوانەی ئیددیعا، ئیمانی منداڵە موسوڵمانەكانی رەفسەنجانی نەك هــەر بـەهێز نیە، بەڵكوو زۆریش سستە كە ئەوەش بە مانای سست بوونو وەلەرزین كــەوتنی یەكێك لە بناغەكانی كۆماری ئیسلامییە.

دووهەم: هەر ئەوە كە ژنان توند خۆیان دانەپۆشنو چادرەكەیان توند لە خـۆ نەپێچنو بۆ نموونە كەوشێك لە پی بكەن كە نووكی قامكـەكانیان وەدەر دەخـا، ئەمنییەتی كۆماری ئیســلامی دەكەوێتـە مەترسـییەوە، نیشـان دەدا كـە پایـەی ئەمنییـەتی كۆمـاری ئیســـلامی چـــەند سســـتو لەرزۆكــە. ئــەدی ئـــەو هـــەموو هەراوهوریایەو فڕوفیشاڵە سەبارەت بە سەقامگیربوونی حكوومەتو ئیددیعای بێ شەرمانە كە كۆماری ئیسلامی "با ثبات"ترین وڵاتی دنیایە چی لـێ هات؟

پاش ئەوە رەفسەنجانی بە پێی عــادەت دەست بـە هەڕەشـە دەكـاو دەڵـێ: نەسیحەتكردن ئەندازەیەكی هەیەو ئەگەر پۆلیسو قازیی شــەرع پێتـان نـەوێرن،

ئێمە دەستەو داوێنی خەڵك دەبین. دیارە مەبەستی رەفسەنجانی لە خەڵك چەقۆکێشە حیزبۆڵڵاییەکانن کە خەڵکی ئێران باشیان دەناسن. ئێستا چونکە پایەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بەو هەموو گەورەییەی رەفسەنجانی لە خوتبەکانی خۆیدا ئیددیعای دەکا، لە بەرامبەر چەند خانمێکدا کە بە گەرمای هاوین رووسەریی تەنکیان لە سەر ناوە یان گۆرەویی تەنکیان لە پێ کردوە، ئاوا لەرزۆك بووە؟ ئایا ئەوە خۆی نیشانەی کزیو بێهێزیی لە رادەبەدەری رێژیمی خومەینی نیە؟

رێژیمی ویلایەتی فەقیهی خومەینی رێژیمێکە کۆنەپەرست کە دەیهەوێ وڵاتی ئێمە بۆ چەرخەکانی مێژووی نێوەراست بگێرێتەوە. ئەم کارە نە بۆ کاربەدەستانی ئەم رێژیمەو نە بۆ هیچ رێژیمێکی دیکە مومکین نیە. چەرخی مێژوو رەنگ بێ بۆ ماوەیەکی کورت لە گەران بوەستێ، بەڵام مەحاڵە کە بەرەو دوا بسوورێ. زۆر بەهێزتر لە خومەینی زۆر جار ئەوەیان تاقی کردۆتەوە، بەڵام بە هیچ کوێ نەگەیشتوونو چەرخی مێژوو وردی کردوونو سوورانی بەرەو پێشی خۆی درێژە پێداوە. کۆماری ئیسلامیو خومەینیو رەفسەنجانییش بێگومان چارەنووسێکی باشتریان نابێ.

ئەم وتارە رێکەوتی ١٣٦٣/٥/٨ لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانەوە بڵاو کراوەتەوە.

# مەجلیسی شوورای ئاخوندیو كاروباری وڵات

مەجلیسی شوورا لە ڕێژیمی كۆماری ئیسلامیی خۆمەینیدا یەكێك لەو مەسەلانەیە كە بە داییم قسەو باسی لە سەرە. لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی تازە بۆ دەورەی دووهەمی مەجلیس هێشتا سێ، چوار مانگ زیاتر تێنەپەڕیوە. لە بیرمانە كە كاربەدەستانی ڕێژیمو لە سەرەوەی هەمووان خومەینی، چ هەراوهوریایەكی گەورەیان لە بارەی ئەو هەڵبژاردنەدا ساز كردو چۆن لە هاوینی ڕابردوودا لە لایەك تێدەكۆشان خەڵك بۆ بەشداری لە هەڵبژاردندا هان بدەنو لە لایەكی دیكە پێشی گێرەو كێشەو نێوان ناخۆشی لە نێو ئاخوندەكاندا بگرن كە لە سەر هەڵبژێران یان هەڵنەبژێران بۆ مەجلیس دڵیان لە یەكتر بێشێو دوو یان چەند بەرەكی لە نێویاندا ساز بێ.

هەروەك ئەو كات لە چەند وتاردا باسمان كرد، دیار بوو هەر قوڵە ئاخوندێك كە بە ڕاست یان ناڕاست عەبایەكی لەبەر كردەوەو مێزەرەیەكی لەسەر ناوە، خۆی بۆ نوێنەرایەتیی مەجلیس حازر كردوەو دانیشتن لەسەر كورسیی مەجلیسی بە حەقی خۆی زانیوە. بەڵام لە نێو ڕێبەرانی كۆماری ئیسلامیدا مەسەلەكە بەم جۆرە لە گۆڕیدا بوو كە مەجلیس جێگای كێیە؟ ئایا مەجلیس دەبێ پڕ بێ لە ئاخوندی جۆراوجۆر كە بە گشتی شتێكی ئەوتۆ لەبارەی قانووندانانو ئوسووڵی گشتیی بەڕێوەبردنی وڵاتێك نازانن، بەڵام لەبەر ئەوە كە ئاخوندنو كۆماری ئیسلامی بە ڕێژیمی خۆیان دەزاننو ویلایەتی فەقیهیان قبووڵە، یان لەو كەسانەی كە مومكینە زۆر شت لەبارەی شەرعو بە گشتی ئاخوندایەتی نەزانن، بەڵام هەر كامەی لە شتێكداو لە مەسەلەیەكی تایبەتیدا

پسپۆڕن‌و شارەزایی‌یان هەیەو دەتوانن کاتێك قانوونێك لە گـۆڕی دایـە، لێـی ورد بنەوەو نەزەر بدەن؟

ئەوەی کە روون‌و ئاشکرا بێ، دیـارە کـە رەفسـەنجانی‌و مووسـەوی، سـەرۆك وەزیر لایەنگری ئەوەن کە لە مەجلیس‌دا ئەفرادی پسـپۆڕو شـارەزا کـۆ ببنـەوە. چونکە سەرۆك وەزیر بە گوێرەی کارەکـەی دەزانـێ کـە بـەڕێوەبردنی کاروبـاری وڵات چەندە کارێکی گرینگ‌و گرانەو پێویستیی بە لـێزانی‌و کارامەیی هەیە، نـەك شەرع زانین‌و "رەوزە" خوێندن‌و تەسبیح گێڕان.

هەمووومان لە بیرمانە کە لە شانۆی هەڵبژاردن‌دا چەندە فێڵ‌و تەڵەکـە کـرا بـە جۆرێك کە هەڵبژاردنی ١٣ شارو تەنانەت شـاری گـەورە وەك ئیسـفەهان‌و شـیراز هەڵوەشایەوە. شتێکی دیکە کە لەو شـانۆیەدا زۆر بـەرچاو بـوو، ژمـارەی کـەمی بەشداران لە هەڵبژاردن‌دا بوو کە بە جوانـی نیشـانی دا خـەڵك تـا چ ڕادەیـەك لـە نێوەڕۆکی چەپەڵی رێژیم گەیشتوون‌و هەر بۆیە سەری خۆیان بە بەشدار بوون لە هەڵبژاردن‌دا نایەشێنن. بەڵام هەر چۆنێك بوو بـە فێـڵ‌و تەڵەکەیـەکی زۆرو، درۆو دەلەسەو هەراوهوریایەکی لە ڕادەبەر شانۆکەیان تەواو کـردو بەڕواڵـەت هێندێـك کەسـیان بـۆ نوێنەرایـەتیی مـەجلیس دیـاری کـرد کـە بـە گشـتی وا وێ دەچـوو رەفسەنجانی‌و مووسەوی لە مەبەستەکەیان‌دا سەرکەوتوو بوون. واتە لـە جیـاتی هێندێك کەس کە غەیری ئاخوندایەتی‌و مەلایەتی شتێکی دیکـە نـازانن، ئـەفرادی تازەو شارەزا لە هێندێك مەسـەلەی وڵاتـداری‌دا کـە دیـارە لایـەنگری خۆشـیانن، هاتوونە مەجلیسی تازە.

بەڵام ئێستا دەرکەوتوە کـە سـەرەڕای ئـەو هـەموو دەنـگ‌و باسـەی لـە سـەر هەڵبژاردن‌دا وەڕێ کەوتبووو ئێمە بە کورتی ئیشارەمان پێ کرد، ئـەو مەجلیسـە

بە هیچ جۆر ئەو مەجلیسە نیە كە كاربەدەستانی پایەبەرزی وەك رەفسەنجانیو مووسەوی دەیانەویست هەبێو لە ژێر فەرمانیاندا بێ.

لە ناساندنی دەوڵەتی تازە بە مەجلیس‌دا بە سەرۆك وەزیریی مووسەوی، هێندێ دیاردە نیشانیان دا كە بەینی ئەو مەجلیسەو حكوومەت، گێرەو كێشەیەكی توند لە گۆڕی دایەو ئەم مەجلیسە ئەگەر لە مەجلیسی یەكەم پتر دژی حكوومەتی رەفسەنجانیو مووسەوی نەبێ، كەمتر نیە.

لە لایەك ژمارەیەكی بەرچاو لە نوێنەرانی مەجلیس لە باس لە سەر بەرنامەی دەوڵەتو دەنگدان بۆ ئەم دەوڵەتە هەر بەشداری‌یان نەكردبوو. لە نزیكەی ٢٥٠ كەس نوێنەری دیاری كراو بۆ مەجلیس، ٢١٠ كەس بەشدار بوونو ٤٠ كەسی دیكە بەشدار نەبوون كە ئەوە بۆ مەسەلەیەكی گرینگ وەك دەنگدان یان نەدان بۆ دەوڵەتی بەڕێوەبەری كاروباری وڵات دیارە مانای دژایەتیو نارەزایەتی‌یە. لەو ٢١٠ كەسەش كە بەشدار بوون بیستو چەند كەسێكیان دەنگی موخالیفیان بە دەوڵەت داو بیستو چەند كەسی دیكەش هەر دەنگیان نەدا، واتە نزیكەی ٥٠ كەسیش لە بەشداران موافیقی دەوڵەتی مووسەوی نەبوون. لە لایەكی دیكەوە لە كاتی باس لە سەر دەوڵەتو هەیئەتی وەزیران‌دا قسەی زۆر توندوتیژ كران، بە جۆرێك كە بە پێی هەواڵی هەواڵدەری‌یەكان چەند جار كار گەیشتە جێگایەك كە نزیك بوو شەڕو لێكدان ساز ببێ.

هەر بۆیە ئێستا كاربەدەستانی پایەبەرز وەدەستو پێ كەوتوون كە فكرێكو چارەیەك بۆ ئەو مەجلیسە بكەن. لە پێش‌دا خودی خومەینی ئیشارە دەكا كە دیارە لە مەجلیس‌دا باسو رەخنە گرتن دەبێ هەبێ، بەڵام ئەوە نابێ بە جۆرێك بێ كە ئابڕووی كۆماری ئیسلامی بەرێو دوژمنانی ئیسلام كەڵكی لێ وەربگرنو مەبەستی خومەینی لە راستی‌دا ئەوەیە كە مەجلیس بۆ ڕواڵەت ساز كراوەو نابێ

نوێنەرانی مەجلیس پێیان وابێ کە ئازادن هەرچی لە دڵیان دایە وەدەری بخەن‌و هەموو عەیبەکانی حکوومەت ئاشکرا بکەن‌و پەردە لە سەر دزی‌و درۆزنی‌و بێکیفایەتی لابەرن‌و حکوومەتی ئاخوندان بەو جۆرەی کە هەیە بە هەموو خەڵك بناسێنن. بە نەزەری خومەینی نوێنەری مەجلیس دەبێ حقووقەکەی وەربگرێ‌و لەملاوئەولاش بە کەڵك وەرگرتن لە مەقامەکەی هێندێك پارتی‌بازی‌و دزیی دیکەش بکاو جارجاریش بە ڕواڵەت دوو سێ قسە لە مەجلیس‌دا بکاو دوو سێ ڕەخنەی چکۆلەی بێزەرەر بگرێ‌و بەس، ئیدی کاری بە شتی گرینگ نەبێ. ئەوە هەر ئەو نەزەرەیە کە شاش سەبارەت بە نوێنەرانی مەجلیس هەیبوو. لە راستی‌دا نەزەری هەموو دیکتاتۆرو سەرەڕۆیەکە کە حکوومەتێکی دیکتاتۆری دامەزراندوەو هەموو جۆرە مافێکی دێموکراتیی خەڵکی لە ژێر پێ ناوە، بەڵام بۆ هەڵخەڵەتاندن بە ڕواڵەت هێندێك شانۆ وەك مەجلیس‌و هەڵبژاردن‌و شتی ئاوا ساز دەکا کە بێ نێوەڕۆکن‌و تەنیا "ظاهیر"یان هەیەو بەس.

بە دوای خومەینی‌دا مونتەزیرییش وەك هەمیشە دەم تێ وەردەداو پێشنیار دەکا: وا باشە بۆ کۆمیسیۆنەکانی مەجلیس لە هێندێك کەسی پسپۆڕو شارەزا لە مەساییل‌دا بانگهێشتن بکەین کە لەگەڵ نوێنەرەکان‌دا کۆ ببنەوەو لە شتەکان بکۆڵنەوە. مونتەزێری لە ڕیزی ئەو پسپۆڕانەدا نوێنەرانی پێشووی مەجلیسی یەکەمیش دادەنێ کە لە مەجلیسی تازەدا هەڵنەبژێراونەوە، بەڵام بە قسەی ئەو کار دەزانن‌و شارەزان.

بەم جۆرە مونتەزیری پێ لەوە دەنێ کە لە مەجلیسی ئێستادا ئەفرادی زاناو لێزان کەمن‌و ئاخوندەکان کە مەجلیسیان پڕ کردوە، لە باری کاروباری وڵاتداری‌یەوە هیچ نازانن‌و لە لایەکی دیکەش دڵداریی ئەوانە دەداتەوە کە لەم مەجلیسە تازەیەدا هەڵنەبژێراونەوەو خۆیان بە زوڵم لێکراو دەزانن‌و دیارە فشاریان هێناوە کە بەم جۆرە رازی دەکرێن. ئەمە یەکێك لە گۆشەکانی بێ

سەرەوبەرەیی‌و ئاڵۆزی لە وڵاتێك دایــە كـە ئـاخوند وەك كللـۆ داگیریـان كـردوەو نەك هەر لەگەڵ خەڵكی ئێران ناسازێن، بەڵكوو پێكەوەش ناتوانن یەك بگرن.

ئەم وتارە رێكەوتی ۱۳٦۳/٥/۲۳ لە رادیۆ دەنگی كوردستانی ئێرانەوە بڵاو كراوەتەوە.

# فەرهەنگی غەربیو فەرهەنگی ئیسلامی

ماوەیەك لەمەوبەر دەركەوت كە كۆمیسیۆنێكی بچووك لە چوار پێنج دەمڕاستی رێژیم وەك رەفسەنجانیو خامنەییو مونتەزرییو مووسەوی پێك هاتوە بۆ ئەوەی پێشی بێ سەرەو بەرەیی لە قسە كردنو نەزەر دەربڕیندا بگرێ. چونكە وڵات هێندە بێ سەرەو بەرەیە كە هەر قوڵە ئاخوندێك كە هەڵدەستێ خۆی بە دەمڕاست دادەنێو بە عەقڵی "ناقیص"ی خۆی هەرچی بە سەر زاریدا هات دەیڵێ. بە تایبەتی لە شانۆی نوێژی هەینیدا كە كۆڵە ئاخوندەكان ناچارن هەموو هەینییەك هەر چۆنێك بێ چەند قسەیەك بخەنەوە سەر یەكو لە لای خەڵك هەڵی بڕێژن. ئاشكرایە كە لە بەر نەزانیو بێ خەبەری لە وەزعی سیاسیی ئێرانو دنیادا، زۆربەی ئەو بە ناو خوتبانەی رۆژی هەینی غەیری ئابڕوو چوونو سازكردنی شتێك بۆ گاڵتەوگەپ هیچ قازانجێكی دیكەیان نیە. بە قەولی فارسەكان چێشتەكە هێندە سوێر بوو كە ئاشپەزیش پێی زانی. هەر بۆیە ١٠ـ ١٢ رۆژ لەمەبەر خامنەیی لە كۆبوونەوەیەك لەگەڵ ئیمامانی هەینی زۆری نەسیحەت كردن كە بچن موتالیعە بكەنو شت فێر بنو هێندە لە سەر مینبەر قسەی پڕو پووچ تەحویلی خەڵك نەدەن.

بە هەر حاڵ، ئەو كۆمیسیۆنەی باسمان كرد پێك هاتوە بۆ ئەوەی جار بە جار مەسەلەیەك دیاری بكا كە لە سەر رادیۆو رۆژنامەكانو لە رۆژی هەینیدا تەنیا لە سەر ئەو مەسەلەیە باس بكرێو چواچێوەی باسەكەش دیاری بكرێ، بەڵكوو كەمتر ببێتە هۆی ئابڕوو چوون! گۆیا بە هەموو لایەكیش راگەیەندراوەكە حەقیان نیە لە سەر رادیۆو تەلەویزیۆنو شتی وادا بە بێ ئیجازەو ئاگاداری قسە بكەنو نەزەر دەربڕن.

ئێستا وا دیارە مەسەلەیەك كە بۆ قسە كردنو هەراو هوریـا سـازكردن دیـاری كراوە، مەسەلەی هـێرش بردنـە سـەر فەرهـەنگی غـەربی، پاراسـتنی فەرهـەنگی ئێرانیو ئیسلامی‌یە. بۆ نموونە مووسەوی، سەرۆك وەزیر چەند رۆژ لەمەوبـەر لـە پەیامێكدا زۆر لە سەر ئـەو مەسـەلەیە ڕۆیـی. رەفسـەنجانییش لـە شـانۆی رۆژی هەینیی ئەمجارەدا هەر هاتە سەر ئەو مەسـەلەیەو بـە پێـی عـادەتی خـۆی هـەتا توانی گەروی خۆی پێ دڕاند.

هەڵبـەت، دەزانـین كـە ئـەو جــۆرە شـانۆگەری‌یەو هـەراوهوریا لـە بـارەی مەسەلەیەك وەڕێ خستن لــە رێژیمـی خومـەینی‌دا شـتێكی ئاسـایی‌یەو مەبەسـت زۆرتر سەرگەرم كردنی خەڵكو دیتنەوەی بەهانەیەكە بۆ چاونووساندنی ئۆممەتی حیزبۆڵڵا. نێوەڕۆكی قسەكانیش تـا چ ئـەندازە راسـت یـان ناراسـت بـن، هێنـدە گرینگ نیـە. بـەڵام لەبـەر ئـەوەی كـە مەسـەلەی فەرهـەنگ بەراسـتی یـەكێك لـە بناغـەكانی تایبەتمـەندیی هـەر نەتەوەیەكـەو ئاخوندەكـانی كـارگێڕی كۆمـاری ئیسلامی لەم بارەیەوە گەورەترین زەبریان لە فەرهەنگی گەلانی ئـێران داوە، بـە پێویستی دەزانین چەند ئیشارەیەكی پێ بكەین.

فەرهەنگ بە مانـای گشـتیی خـۆی دیـارە زۆر شـت دەگرێتـەوە. لـە شـێوەی رەفتـارو هەسـتانو دانیشـتنو دابورەسمـی لیبـاس لەبـەر كـردنڕا بگـرە هــەتا مووسـیقاو شـینو شـاییو ئـەخلاقو زمـان.جـا ئێسـتا بـا بزانـین ئــەو جەنابانــە (كاربەدەستانی كۆماری ئیسلامی)كە هێندە بەردی پاراستنی فەرهـەنگی ئـێرانی لـە سـینگیان دەدەن،بەراسـتی چیـان بـە سـەر ئــەم فەرهەنگــە دەوڵەمــەندەدا هێناوە؟

ماوەیەك لەمەوبەر خەبەر بڵاوە بۆوە كە پاسـدارە پیـاو كوژەكـانی رێژیـم لـە پێش چـاوی نوێنـەرانی سـەلیبی سـووری جیـهانی‌دا دەسڕێژیان لـە زنیدانی‌یــە

عێراقی‌یەکان لە شاری گورگان‌دا کردوەو چەند کەسێکیان هەر لەوێ کوشتوەو بریندار کردوە. دیارە نوێنەرانی سەلیبی سوور ئەم جەرەیانەیان بە دنیا ڕاگەیاندو ئێستا قەرارە هەیئەتێکی نێونەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوە لەم جینایەتە بێتە ئێران، بەڵام حکوومەتی ئێران قبووڵی ناکاو دەڵێ ئەو هەیئەتە لە پێش‌دا بچێتە عێراقو بە وەزعی زیندانی‌یە ئێرانی‌یەکان لەوێ ڕابگا، پاشان بزانین دەتوانین ئیجازەیان بدەین بێنە ئێران یان نا؟ لەم وتارەدا ئێمە لە باری سیاسی‌یەوە ئەو مەسەلەیە ناخەینە بەرچاو، چونکە زۆر روونە. تەنیا ئەوە دەپرسین کە ئایا کوشتاری زیندانیانی سیاسیی بێدیفاعو بێچەك کە ئەو هەمووە لە وڵاتی خۆی دوورە، لەگەڵ کامە ڕێورەسمی ئینسانییەتو فەرهەنگی ئێرانی دەخوێنێتەوە؟ ئەوەیە مانای فەرهەنگی ئێرانی‌و ئیسلامی؟

ڕەفسەنجانی تەنانەت باسی خۆپاراستن لە فەرهەنگی غەربی‌و پەنا بردن بۆ فەرهەنگی ئیسلامی‌و ئێرانی لە عیلم‌دا دەکا. بەڵام ئەم قسەیە مانای چیە؟ ئێستا ئیتر کێ هەیە کە نەزانێ عیلمو زانست شتێکی جیهانی‌و نێونەتەوەیین‌و لە چوارچێوەی هیچ سنوورێك‌دا نامێننەوە؟ ئەوانەی کە دیانەوێ فێری زانستو عیلمی ئەمڕۆ بن کە تەقریبەن بە تەواوی لە غەربەوەڕا هاتوە، ئاخۆ دەبێ چ بکەن کە بە قسەی ڕەفسەنجانی گیرۆدەی فەرهەنگی غەربی نەبن؟

هەروەها شتێك کە دەمڕاستەکانی ڕێژیم وەك ڕەفسەنجانی‌و نوێنەری مونتەزیری لە زانکۆی تاران‌دا زۆریان باس کرد، پاراستنی فەرهەنگی ئیسلامی‌و ئێرانی لە لایەن ژنانی ئێرانەوەیە، بەڵام ئەگەر ئەو فەرهەنگە بە مانای ئەو وەزعە بێ کە ئێستا ژنانی ئێران تووشی هاتوون، بەڕاستی نەك هیچ ژنێك، بەڵکوو هیچ ئینسانێك لە دنیادا ناتوانێ دڵ بەو فەرهەنگە خۆش بکا. لە ئێرانێك‌دا کە بە

درێژایی مێـژوو ژنـان زۆر جـار حكوومـەتیان بـە دەسـتەوە بـووەو پاشـایەتی‌یان كردوە، ئێستا وایان لـێ هاتوە كە تەنانەت وەدەر كەوتنیان لە ماڵ بـە حیجـابو رووبەندیشەوە دژوار بووە. ئەگەر مانای فەرهەنگی غەربی مانای یەكسان بوونــی مافی ژنان لەگەڵ پیاوانەو رەفسەنجانی‌و ئاخوندەكانی دیكە لەوە نارازین، دەبێ بڵێین كە ئەو فەرهەنگە غەربی‌یــە زۆر بـە خـێرو موبـارەك بـێو ئـەم فەرەهەنگـە ئیسلامی‌و ئێرانی‌یە هەر پێشكەشی خۆیان.

ئەم وتارە رێكەوتی ١٣٦٣/٨/٢٨ لە رادیۆ دەنگی كوردستانی ئێرانەوە بلاّو كراوەتەوە.

# ڕەفعی فیتنە لە نەزەر خومەینییەوە

گوێگرە بەڕێزەکانی دەنگی کوردسـتان دیارە ئاگادارن کە خومـەینی پـاش ماوەیەك خۆونکردنو بێدەنگی، چۆن لە ڕۆژی جێژنـی لـە دایکبوونـی حـەزرەتی موحەمـەددا وەقسـە هاتـەوە. هـەر بۆیـە تێدەکۆشـین جەوهـەری قسـەکانی خومەینی بخەینە بەرچاو. چونکە بە راسـتی پێمـان وایـە ئـەو قسـانە جەوهـەری بیروبڕوای خومەینیو دارو دەستەکەیەتیو ئەساسـی ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی هەر لە سەر ئەم قسانە دامەزراوە.

لەڕاسـتیدا قسـەی خومـەینی هـەمووی لـە بـارەی یـەك مەسـەلەو ئـەویش پێویستیی درێژەدان بە شەڕ بوو. هەر ئەم مەسـەلەیە واتـە ئـەوە کـە خومـەینی پاش ماوەیەك بێدەنگی، یەکەمین قسەی بە پـێ هـەڵگوتن بـە شـەڕو پێویسـتیی درێژەدان بە شەڕ دەست پێ دەکا، بۆ خـۆی نیشـاندەری ئەوەیـە کـە دژایـەتیو موخالیفـەت لەگـەڵ شـەڕ لـە ئـێرانداو لـە نێـو کاربەدەسـتانو دامودەزگـای حکوومەتیدا ئەوەندەی پـەرە ئەسـتاندوە کـە بۆتـە هـۆی نیگـەرانیو تووڕەیـی خومەینی. جێگای سەرنجە کە قسەکانی خومەینی نیشان دەدن دژایەتی لەگـەڵ درێژە پێدانی شەڕ نەك هەر لە لایـەن خـەڵکی ئاساییەوەیە، بـەڵکوو لـە لایـەن هێنـدێ ئـاخوندی گەورەوەیـە کـە قسـەیان لـە لای خەڵکـەوە دەڕواو لــە بـاری شەرعییەوە حیسابیان لە سەر دەکرێ. دیارە خومەینی هەڕەشەیان لـێ دەکـاو بە "ئاخوندی دەرباری یان ئاخوندی خراپتر لە ئاخوندی دەرباری" ناویان دەبـا. بەڵام هەروەك گوتمان هەر ئەوە کە خومەینی پاش ئەو مـاوە بێدەنگییـە درێـژە کە دەزانێ هەموو کەس چاوەڕوانی قسەی تازەی ئەوە، قسەکانی خۆی بۆ وەڵام دانەوە بەو ئاخوندانە تەرخان دەکا، مانای ئەوەیە کە قسەکانیان لە سەر خەڵكو لە نێو دامودەزگای ڕێژیمدا شوێنێکی بەرچاوی داناوە.

بەهەر حاڵ بێینەوە سەر جەوهەری قسەكانی خومەینی. وا وێ دەچێ كە ئەو ئاخوندانەی كە خومەینی بــە دەربــاری، یــان خراپــتر لــە دەربــاری ناویــان دەبــا، بڵاویان كردبێتەوە كە درێژە پێدانی شەڕو دروشمی "شەڕ شــەڕ تــا ســەركەوتن" كارێكی غەیرە شەرعیو بە پێچەوانەی دەستووراتی قورئانە. هەر بۆیە خومەینی ئایەیەك لە قورئان دەگرێو لە سەری دەڕواو تێدەكۆشێ بە كەیفی خۆی مانا بۆ ئەو ئایەتە پەیدا بكاو سیاسەتی چەوتی خۆی لە بارەی درێژە پێدان بە شەڕ بــە دەستووری قورئــان دابنــێ هــەتا كــەس نــەوێرێ دژی ئــەم سیاســەتە قســە بكــا. خومەینی لەم ئایەتەدا كە دەڵــێ "پیــاو بكــوژن" یــان "شــەڕ بكــەن هــەتا فیتنــە نەمێنێ" كەڵك وەردەگرێو زۆر بە روونی دەڵێ: "ئــەركی هــەر موســوڵمانێك كــە بــڕوای بــە قورئــان هەیــە ئەوەیــە كــە هــەتا لــە بــەین بردنــی فیتنــە لــە جیــهاندا ڕانەوەستێو هەر شەڕ بكا." واتە خومەینی تەنیا بە شەڕ كردن لەگــەڵ عــێراقو داگیر كردنی ئەو وڵاتە رازی نیەو دەڵێ: "ئــەوە كــە قورئــان دەڵــێ مەبەســت لــە سەركەوتن بە سەر سەدام یان تەنانەت گەورەتر لە سەدامیش نیە، بەڵكوو شەڕو شەڕە هەتا رەفعی فیتنە لە هەموو عالەمدا."

خومەینی لەوە روونتر قسە دەكاو بۆ ئەوەی نەكا هێندێك كەس دیسان بــاش لە مەبەستی حاڵی نەبووبن، سەر لە نوێ قسەكەی خۆی زیــاتر شــی دەكاتــەوەو دەڵێ:

"ئەگەر ئێمە لە شەڕ لەگەڵ سەدامدا سەركەوتین، تەنیا كەسێكمان لە فیتنــە كــەم كردۆتــەوە. ئەگــەر لــە جێگایــەكی دیكــەش ســــەركەوین دیســـان كەســێكی دیكەمان لە فیتنە كەم كردۆتــەوە. ئەگــەر تەنانــەت لەگــەڵ هــەموو دنیــاش شــەڕ بكەینو سەر بكەوین، دیسان ئەوە قسەی قورئان نیە. قورئان دەڵــێ شــەڕ هــەتا رەفعی فیتنە لە هەموو عالەمدا."

مانای ئەم قسانەی خومەنیی ئەوەیە کە ئەرکی هـەر موسـوڵمانێکە بـە داییـم لەگەڵ هەموو عالەم لە شەڕدا بـێو قـەت لـە شـەڕ ڕانەوەسـتێ. جـا بـەو قسـەیە مۆژدە بێ لە هەموو موسوڵمانانی پەیڕەوی خومەینی کە شەڕ لەگەڵ عێراق تەنیا هـەنگاوی یەکەمـە. هـەنگاوەکانی دیکـە، شـەڕ لەگـەڵ هـەموو وڵاتـانی دنیایـە. خومەینی ئەو مۆژدەیە بۆیە هەر لە ئێستاوە دەدا کە خەڵکی ئێران نیگەران نەبن کە ئەگەر منداڵەکانیان گـەورە بـوون، چییـان لـێ بکـەن؟ سـەیرتر لـە هـەمووی ئەوەیە کـە خومـەینی نەسیحەتی هـەموو ڕێبـەرانی جیهان دەکـا کـە وەرن زوو خۆتان بە کوشت بدەن بە دەسـتی سـەربازانی ئیسـلام، چونکـە بـە قازانجتانـە. خومەینی لەم بارەیەوە دەڵێ:

"ئەگەر ئەمڕۆ سەرۆکی وڵاتـانی ئیسـتکباری بمـرن بـە قازانجتانـەو زۆر لـەوە باشترە کە دە ساڵ درەنگتر بمرن. تەنانەت ئینسانێك کە لە سەر کارێك دەسـتی دەبڕن، دەبێ بزانێ کە بەو کارە، چاکەی لەگەڵ کراوە."

ئەوانـەن قسـەی خومـەینی. واتـە ئەگـەر دەسـتی یـەکێکمان بـڕی، چـاوی یەکێکمان دەرهێناو کەسێکمان ئەشکەنجەداو کوشت، نـەك نابـێ ناڕەحـەت بـن، بەڵکوو دەبێ زۆریشتان پێ خۆش بێ کە چاکەمان لەگەڵ کردوون.

گوێگرە بەڕێزەکان! ئایا بە راستی ئەو قسانە لـە مێشـکی ئینسـانێکی عـاقڵ دێنـە دەر یـان ئینسـانێکی شـێتو دێوانـە؟ ئایـا بـە راسـتی بـۆ خـەڵکی عـاقڵو ئینساندۆستی ئێران عەیبو شوورەیی نیە کە شتێکی ئـاوا دەسـەڵاتی وڵاتـی بـە دەستەوە بێ؟

رووی ئەم قسانە لە پێشدا لـەو موسـوڵمانانەیە کـە خومـەینی بـە ڕێبـەرێکی مەزهەبی دەزانن‌و بڕوایـان پێـی هەیـە. بەراسـتی خومـەینی بـۆ خـۆی هـەم لـەم

قسانەیدا باش دەڵێ كە: "قورئـان‌و كتێبـی خـوا سـفرەیەكی بـڵاون كـە هـەموو كەس كەڵكیان لـێ وەردەگرێ، بەڵام هەر كەس بە شێوەیەك."

شێوەی خومەینی ئەوەیە كە هەموو خەڵكی دنیا بە فیتنە دەزانێ‌و دەیهـەوێ هەموویان بە كوشتن بداو لە بەینیان بەرێ. بۆ ئەوەش بە داخـەوە خـودی خـۆی لە سفرەی بڵاوی قورئان‌و ئیسلام كەڵك وەردەگرێ. جا مەگەر خوا بـۆ خـۆی لـە گورچووی بدا.

ئەم وتارە رێكەوتی ١٣٦٣/٩/٢٢ لە رادیۆ دەنگی كوردستانی ئێرانەوە بڵاو كراوەتەوە.

# رۆژی جیهانیی ژن

رۆژی ٨ی مانگی مارس بەرامبەر بە ١٧ی رەشەمەی هەر ساڵ، رۆژی نێونەتەوەیی ژنانو رۆژی رێزگرتن لە خوشکانو دایکانی خۆشەویست لە سەرانسەری جیهانە.

رۆژی ١٧ی رەشەمە وەك رۆژی جیهانیی ژن بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩١٠ی زایینی واتە ٧٥ ساڵ لەمەوبەر دیاری کراوە. دوو ساڵ پێش ئەو رێکەوتە واتە لە ساڵی ١٩٠٨دا ژنانی کرێکاری ئەمریکایی لە شاری نیۆیۆركدا خۆپیشاندانێکی گەورەیان بە دژی بە کەمگرتنو بێ قەدر دانانی کاری ژنانی کرێکارو بۆ داوا کردنی مافی یەکسانی لەگەڵ پیاوان وەڕێ خست، بەڵام بە توندی کەوتە بەر پەلاماری دڕندانەی پۆلیس.

هەر بۆیە لە ساڵی ١٩١٠دا "کلارا زتکین" شێرە ژنی شۆڕشگێری ئەڵمانی لە دووهەمین کۆنگرەی ژنانی سوسیالیست لە "کۆپێنهاگ" پێتەختی وڵاتی دانمارکدا پێشنیاری کرد کە رۆژی ئەو خۆپیشاندانە واتە ١٧ی رەشەمە وەك رۆژی هەموو ژنانی جیهان بناسرێ و هەموو ساڵێك جێژن بگیرێ کە ئەم پێشنیارە قبووڵ کراو یەکەمین جێژن لە ساڵی دوایی‌دا لە زۆر لە وڵاتانی ئورووپایی‌دا بە شکۆیەکی تەواوەوە بەڕێوە چوو.

لە ساڵەکانی دوایی‌دا خۆپیشاندانی ژنان لەم رۆژەدا پەرەی گرتو بە تایبەتی خۆپیشاندانی ساڵی ١٩١٧ لە رووسیەدا کە لەودا ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی کرێکاریش بەشداری‌یان کردو ژمارەیان لە سەر یەك لە ٩٠ هەزار کەس تێپەڕ بوو، رۆژی ١٧ی رەشەمە وەك رۆژی یەکگرتوویی ژنانو رێزدانان بۆ ئەوان لە سەرانسەری دنیادا بە یەکجاری سەقامگیر کرد.

هەروەك گوتمان خۆپیشاندانی ژنانی شاری نیۆیۆرك لە ساڵی ١٩٠٨ لە ئەساسدا بۆ وەرگرتنی مووچەو جیرەی وەك یەك لە بەرامبەر كاری وەك یەك لەگەڵ پیاواندا بوو. بەڵام بەرەبەرە لە ساڵەكانی دواییدا مەسەلەی وەرگرتنی مافە سیاسییەكانی ژنان یەك بە یەك هاتنە گۆڕیو، وەرگرتنی مافی دەنگدان وەك هەنگاوێكی زۆر گرینگ بوو بە هۆی ئەوە كە ژنان رۆژ لەگەڵ رۆژ پتر بۆ وەرگرتنی مافە سیاسیو كۆمەڵایەتییەكان دیكەیان وەك ئینسانێكی تەواوو هاوشانی پیاوان بچنە پێش. بە جۆرێك كە ئێستا ئیتر لە دنیای پێشكەوتوودا بۆ هیچ كەسێك ئەو گومانە نەماوە كە ئەركەكانی سەرشانی ژنان وەك نیوەی كۆمەڵ، ئەگەر لە ئەركەكانی سەر شانی پیاوان پتر نەبێ، بە هیچ جۆر كەمتر نیەو یەكسان بوونی ژنو پیاو لە باری هەموو مافێكەوەو لێوەشاوەیی ژنان بۆ هەموو كارێك لە هەموو بارێكەوە بە تەواوی سەلمێندرا.

بەڵام، ئەگەر رێز گرتن لە رۆژی ژن ئێستا لە وڵاتانی پێشكەوتووی جیهاندا وەك جێژنێكو ڕەسمێك چاوی لێ دەكرێ، بۆ وڵاتانی پاشكەوتووی وەك ئێران بە تایبەتی ئێرانی ئاخوندیو بۆ كۆمەڵی كوردەواریی خۆمان وەك ئەركێكی گەورەو بەشێكی گرینگ لە خەباتو تێكۆشان دژی پاشكەوتوویی دەبێ بە حیساب بێ.

لە ئێراندا هەموومان دەزانین كە ژنانی خەباتگێرو ئازادیخواز وێڕای خەباتگێرانی پیاو لە بەربەرەكانی لەگەڵ رێژیمی سەرەڕۆی شادا بەشداریيەكی چالاكانەیان هەبووە، زۆر شێرە ژنی شۆڕشگێر شەهید كرانو زۆری دیكەش لە زیندانەكانی ساواكدا ئەشكەنجە دران. لە جەرەیانی شۆڕشی بێوێنەی گەلانی ئێران بە دژی رێژیمی پاشایەتیو لە سەركەوتنی ئەو شۆڕشە مەزنەدا ژنانی ئێران چ خوێندەوارو خویندكارو چ ئەوانەی لە نێو ماڵدا ژیانی بنەماڵەیان

بەڕێوە دەبرد بەراستی نەخشێکی بەرچاوو تێکۆشەرانەیان هەبووو دەورێکی کاریگەریان گێڕا. بەڵام پاش هاتنە سەرکاری رێژیمی ئاخوندی، ژنانی ئێران بە گشتی بە دوو دەستە دابەش بوون. دەستەی یەکەم ئەوانەی کە لە ریزی سازمانە سیاسیـیە پێشکەوتنخوازو شوڕشگێرەکاندا بۆ ئازادی خەبات دەکەنو نیشانیان داوە کە لەم رێگایەدا لە هەموو مەیدانەکانی لایەنە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا لە هیچ پیاوێکی خەباتگێر کەمترو کار لێ نەهاتووتر نین.

دەستەی دووهەم کە زۆربەی ژنانی وڵات دەگرێتەوە، ئەوانەن کە لە نێو وڵاتدا بە توندی کەوتوونە ژێر فشارو تێرۆری دێوەزمەی رەشی حکوومەتی ئاخوندیو بێجگە لەو زۆڵمەی کە وەك هەموو خەڵکی ژێردەستی ئێران لێیان دەکرێ، وەك ژنیش زۆڵمێکی تایبەتییان لێ دەکرێ بە جۆرێك کە تەنانەت ئەوەندە مافە کەمەی کە لە زەمانی شاشدا وەریان گرتبوو، لێیان وەرگیراوەتەوەو ئێستا لە هەموو مافێکی ئینسانی بێ بەشن.

لە راستیدا وەزعی خراپی ژیان لە کۆماری ئیسلامیدا شتێك نیە کە لە کەس شاراوە بێو هەر بۆیەش بە پێویستی نازانین لە سەر شتێك بڕۆین کە بۆ هەموو کەس روونە. کاربەدەستانی رێژیم بۆ خۆشیان پێشل کردنی مافی ژنان نەك هەر ناشارنەوە، بەڵکوو شانازییشی پێوە دەکەنو بە عەینی دەستووراتی ئیسلامی دەزانن، تا ئەو جێگایە کە نوێنەری مەجلیس بە ئاشکرا پیاوان هان دەدا ٣ ژنو ٤ ژن بێننو لە نێو ماڵدا وەك دیل ڕایان بگرن. هەروەها بە پێی فتوای خومەینی کە مەسەلەی "صیغە" واتە ڕاگرتنی ژن بۆ ماوەیەکی کاتی کە مومکینە زۆر کورتیش بێ مەنعی قانوونیی نیە. واتە کڕینو فرۆشتنی ژن وەك کۆیلە یان وەك کالایەك کڕینو فرۆشتنی بکرێ بە قانوونی! ئەوەیە رێز گرتن لە مەقامو پلەی ژن لە کۆماری ئیسلامیدا! هەر بۆیە لە رۆژێکی پیرۆزی وەك ١٧ی رەشەمەدا

جێگای خۆیەتی روو لە دایكانو خوشكانی خۆشەویستمان بكەینو ئەو راستییەیان بۆ دووپات بكەینەوە كە بۆ بەدەستهێنانی ئازادیو گەیشتن بە مافە رەواكانیان تەنیا رێگایەك كە لە پێشیانە بریتییە لە خەباتو تێكۆشانی بێوچان بۆ رووخاندنو لە بەین بردنی یەكجاریی رێژیمی ئاخوندی. گومانی تێدا نیە كە ئەو رێژیمە بەو نێوەرۆكەی كە هەیەتی ئەگەر لە هەموو بارێكەوە بتوانێ ئاڵوگۆڕی بە سەردا بێ، لە باری مافی راستەقینەی ژنانەوە چاوەڕوانیی هیچ هەڵوێستێكی پێشكەوتووانەو هیچ جۆرە گۆڕانێكی لێ ناكرێو هەروەك گوتمان تەنیا رێگا رووخاندنو تەفرو تونا كردنیەتیو بەس. هەروەها پێویستە كە لەم رۆژە پیرۆزەدا چاوێكیش بە وەزعی گشتیی ژنانی بەڕێزو سەربەرزی كوردستانە خۆشەویستەكەماندا بخشێنین.

هەموومان دەزانین كە ژنانی كوردستان لە گوندەكاندا بێجگە لەوەی ئەركی گەورەكردنی مندالو ئیدارەی نێوماڵیان بە تەواوی بە ئەستۆوەیە، ئەساسەن بەردی بناغەی تێكۆشانی ئابووریی گەلی كورد لە كوردستان دان. شێرە ژنانی كوردستان چ لە كاروباری كشتو كاڵو چ لە كاروباری ئاژەڵداریدا كە هەر دووكیان كاری ئەساسیی خەڵكی كوردستانن، بەشێكی هەرە گەورەو دژواریان بە ئەستۆی خۆیانەوە گرتوە كە بە گشتی ئەگەر لە بەشەكانی كاری پیاوەكان گرینگترو زۆرتر بەنێ، كەمتر نیە. ئەمە بە راستی شتێكی روونو ئاشكرایەو بە تایبەتی لە فیلمێك بە ناوی "نانو ئازادی"دا كە لە لایەن بەشی هۆنەریی حیزبی دێموكراتەوە ساز كراوە، گرینگیی بەشداریی ژنان لە ژیانی ئابووریی كوردستاندا زۆر بە جوانی نیشان دراوە.

هەر بۆیە خوشكانو دایكانی خۆشەویستو زەحمەتكێشی كوردستان جێگای شانازیو رێزو ئێحترامێكی تایبەتن. شێرە ژنانی كوردستانن كە رۆڵە نەبەزەكانی

کوردستان لە داوێنی گەرمو پڕ لە ئەوینی خۆیاندا پەروەردە دەکەن، لایلایی نیشتمانپەروەریو کوردایەتیو ئازایەتییان بە گوێدا دەخوێننو بۆ مەیدانی مەردیو نەبەردی ڕەوانەیان دەکەن. بێجگە لەوانە لە جەرەیانی شۆڕشیشدا باوەشی گەرمیان بۆ وەرگرتنی پێشمەرگە خۆشەویستەکانو میوانداری لێکردن، نانو خواردەمەنی پێ گەیاندن، شیووکوڵ بۆکردنو ئاگاداری پێ گەیاندن لە سەر وەزعی دوژمن هەمیشە ئاواڵەیەو بە ڕاستی دەتوانین بڵێین کە قورسایی هەرە زۆری شورشە مەزنەکەمان لە سەر شانی ژنانە.

سەرەڕای هەموو ئەوانە بە داخێکی گرانەوە دەبێ پێ لەوە بنێین کە لە زۆر بارەوە مافی ئەو خۆشەویستانە لە کوردستانە پاشکەوتوو یان لە پاشکەوتوویی ڕاگیراوەکەماندا پێشێل کراوەو دەکرێ.

دابورەسمی ناحەزو ناڕەوا وەك کچی بچووكو ساوا مارە کردن، گەورە بە بچووکە، ژن بە ژنەو بە مێرد دانی کچان بە کەسانێك کە لە باری تەمەنەوە فەرقوجیاوازییەکی زۆر بەرچاویان لەگەڵیان هەیەو بە گشتی بە مێرد دانی بە بێ مەیلو داخوازی کچانو زۆر کاری ناحەزی دیکە لەو شتانەن کە دەبێ بە تەواوی لە کوردستان لە بەین بچن.

هیواداریین خەڵکی حەقخوازو شورشگێری کوردستان لەم بارەیەوە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پتر هەنگاوی شورشگێرانەو عادلانە بەرەو پێش هەڵێننەوەو بە خێرایی بەرەو ڕۆژێك بچنە پێش کە ئیتر لە کۆمەڵەکەماندا شوێنەوارێك لە زوڵمو زۆر لە سەر ژنان نەمێنیو ژنو پیاو هەر دووك لە مافی یەکسان بەشدار بن. دیارە کە لەم پێیەدا ئەرکی سەرشانی ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتە کە زۆر بە جیددیو بە شێلگرییەوە تێبکۆشنو بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پیرۆزە بە هەموو توانایانەوە یارمەتیی برایانو خوشکانو بابانو دایکانی کوردستانە

خۆشەویستەكەمان بدەن. لە بیرمان بێ كە خەباتی ئێمە بۆ گەیشتن بە ئـازادیو بەختەوەری لایەنی جۆربەجۆری هەیە كە خەباتی چەكداری لە دژی دوژمنی داگیركەرو چەوسێنەر تەنیا یەكێك لەوانەیەو خەبات بۆ ئازادیی ژنانیش كە نیوەی كۆمەڵن، یەكێكی دیكە لەو لایەنانەیە كە گرینگییەكەی زۆر لە خەباتی چەكداری بۆ ئازادیی گەلی كورد كەمتر نیە.

ڕۆژی ١٧ی ڕەشەمە، ڕۆژی یەكگرتوویی ژنانی زەحمەتكێشو یەكسانیخوازی جیهان لە هەموو ژنانی ئازادیخواز كە لە پێناوی مافە ڕەواكانی خۆیانو بۆ گەیشتن بە ئازادیو دێموكراسی شانبەشانی پیاوان خەبات دەكەن، پیرۆز بێ.

بەو هیوایە كە ڕۆژی ١٧ی ڕەشەمەی ساڵی داهاتوو لە ئێرانێكی دێموكراتو سەربەستو لە كوردستانێكی خودمۆختاردا جێژن بگرین.

ئەم وتارە ڕێكەوتی ١٣٦٣/١٢/١٦ لە ڕادیۆ دەنگی كوردستانی ئێرانەوە بڵاو كراوەتەوە.

# یادێك له دوو ٢٨ی گەلاوێژ

ئەمڕۆ ٢٨ی گەلاوێژە. لـە مێـژووی نوێـی ئـێراندا دوو بیرەوەریمـان لـە ٢٨ی گـەلاوێژ هەیـە کـە هـەر دووکیـان شـوێنی زۆر گرینگیـان لــە ســەر کوردســتانو تێکۆشانی حیزبی دێموکرات داناوە.

یەکەمیان ٢٨ی گەلاوێژ کودیتای دژی گەلیو ئیمپریالیسـتیی سـالی ١٣٣٢مـان وەبیر دێتێتەوە. لەو ڕوژەدا بوو کە ئیمپریالیزمی ئەمریکاو ئینگلیس پێکـەوە بـە خـەرجی هێندیـك پـارەو کڕیـنی هێندێك خۆفـرۆش، حکومـەتی میلیـی دوکتــور "مصدق"یان بە زۆر لە سەر کار وەلاناو شــای هـەڵاتوویان لـە دەرەوەڕا هێنـاوە ئــێران. بــەم جــۆرە پێشــی پــەرەگرتنی خــەباتی نیشــتمانیی ئێرانیــان بــۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسیو ئـابووریو سـەقامگیر کردنـی دێموکراسـی گرت، خەباتێك کە لە سنووری ئێران تـێ پـەڕیبووو شـوێنی لـە سـەر زۆر وڵاتـی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست دانابوو. ئاکامی ئەو کودیتایە دیارە بۆ هـەمووومان ڕوونە. حەمە ڕەزا شا وەك نۆکـەری ئاڵقەلـەگوێی ئمپریـالیزم هـەموو سـەروەتو سـامانی ئـێرانی لـە ئیختیـاری وڵاتـانی ئیمپریالیسـتیو لـە سـەرەوەی هــەمووان ئـەمریکا نـاو لـە بەرامبـەردا ئیمکـانو ئیجـازەی پـێدرا کـە لـە نێوخــۆی وڵاتدا دیکتاتۆرییەکی خوێناوی دامەزرێنیو بەکـەڵك وەرگرتـن لـە ئەرتـەشو پۆلیـسو دامودەزگای جەهەننەمیی سـاواك هـەموو دەنگیکـی ئازادیخوازیوحـەقخوازی لـە گەروودا خەفە بکا.

ئاشکرایە کە کودیتای شوومی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ شوێنێکی یــەکجار زۆریشی لە سەر خەباتی گەلی کورد لە ئێرانو تێکۆشانی حــیزبی دێموکـرات وەك

حیزبی پێشڕەوو شۆڕشگێری گەلی کورد دانا. جووڵانەوەی گشتیی خەڵکی ئێران بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆییو ئازادی کە لە ژێر عینوانی میللی کردنی سەنعەتی نەوتی ئێراندا بەرەوپێش دەچوو، ببوو بە هۆی بووژانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانو گەشە کردنی تێکۆشانی حیزب. بەرەبەرە کۆمیتەکانی حیزبی دێموکرات پێك هاتبوونەوەو کادرو ئەندامانی حیزب زۆر چالاکانە بۆ رێکوپێك کردنی رێکخراوەکانی حیزبی تێدەکۆشانو حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خەباتی دژی ئیمپریالیستیی گشتیی خەڵکی ئێراندا نەخشێکی بەرچاوی وەئەستۆ گرتبوو.

لە رۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٣٢دا یەکێك لە گەورەترین خۆپیشاندانەکان لە شاری مەهاباد پێك هات. لەو خۆپێشاندانەدا کە بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتو هەروەها هەڵاتنی شا بۆ بەغدا پێك هاتبوو، خەڵك یەکدەنگ هاواریان دەکرد: برۆ ئەی شای خایێن، بەغدا نیوەی رێیەت بێ! لەم رۆژەدا خەڵکی مەهاباد بە یەك دەنگ بڕیاریان دا کە ناوی پەهلەوی لە سەر شەقامی هەرە گەورەی شار هەڵبگیرێو ناوی ٢٥ی گەلاوێژی لە سەر دابنرێو بەم جۆرە خەڵکی بە ئەمەگی مەهاباد یادی دامەزرانی حیزبی خۆشەویستی خۆیانو یادی کۆماری کوردستانیان زیندوو کردەوە. بەڵام هەروەك گوتمان بە داخەوە ئەو خۆشیو شادیە زۆری نەخایاندو ٣ رۆژ پاش ئەوە لە رۆژی ٢٨ی مانگدا دیکتاتۆری باڵی رەشی خۆی بە سەر وڵاتدا کێشایەوەو حیزبی دێموکرات سەر لە نوێ بەرەو خەباتی دوورو درێژی نهێنی کشایەوە.

دیارە لە وتارێکی کورتی رادیۆیی وەك ئەم وتارەدا جێگای ئەوە نیە کە بە وردی باسی هۆیەکانی تێك شکانی جووڵانەوەی نیشتمانیی خەڵکی ئێرانو سەرکەوتنی کودیتای ئیمپریالیستیی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ بکرێ. هەر

ئەوەندە دەتوانین بڵێین کە ئەو کاتە ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستی، یەکگرتووو شێلگیر بوونو لە بەرامبەردا لە نێو هێزەکانی دێموکراتو پێشکەوتنخوازدا دووبەرەکیو پرژو بڵاویو ناشێلگیری زۆر بوو، بە تایبەتی حیزبی توودە کە بەرپرسایەتیی ئەسڵیی لەم بارەیەوە لە ئەستۆیە.

بەڵام دەرسێکی گرینگی مێژوویی دیکەش کە هەر لەو باسە بە روونی دەتوانین وەربگرین ئەوەیە کە هەمووومان دیتمان ئاخرەکەی چارەنووسی شای دیکتاتۆرو سەرەڕۆو نۆکەری ئیمپریالیزم بەو هەموو دامودەزگایەی پێکی هێنابووو بەو هەموو خوێنمژییەوە چ بووو چۆن ڕێژیمی پاشایەتی بۆ ئەبەد لە ئێران لە زبڵدانی مێژوو هاوێژرا. ئەمە نیشان دەدا کە چەرخی مێژوو هەر لە گەڕانو بەرەو پێش چوون دایەو ئەگەرچی مومکینە جارجار کەسانێكو هێندێ شت وەك کۆسپ بۆ ماوەیەك پێشی بەرەوپێش چوونی ئەو چەرخە بگرن، بەڵام بێگومان ئەوە کاتییەو کۆسپی سەر ڕێگای بەرەو پێش چوونی مێژوو هەرچی بێ، ئاخرەکەی لە ژێر پەڕەی چەرخی زەمان‌دا وردو خاش دەبێ.

دووهەمیان ٢٨ی گەلاوێژ کە هەموومان لە بیرمانە، ڕۆژی ڕەشی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی (١٣٥٨)ە کە خومەینی بە دژی گەلی کورد ئێعلانی جیهادی دا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی هەڵوەشاوە ڕاگەیاندو هرووژمی کۆنەپەرستانی ساویلکەی فریوخواردووی لە سەرانسەری ئێرانەوە بۆ سەر خەڵکی کوردستان وەڕێ خست. ئەم ئێعلانی جیهادە بە تایبەت لەو بارەیەوە زۆر سەیرو چاوەڕوان نەکراو بوو کە لە لایەك هێشتا چەند مانگێك پتر لە ڕووخانی ڕێژیمی گەندەڵی پاشایەتی بە هۆی فیداکارییو لە خۆبردوویی گشتیی خەڵکی ئێران تێ نەپەڕی بوو و هەموو کەسو بە تایبەت گەلی کورد پێی وابوو کە سەردەمی ژێردەستییو زۆر لێکراوی تەواو بووە، زەمانی بەختەوەریو

ئازادیو دێموكراسی هاتوە. لە لایەكی دیكەش خومەینیی كۆنەپەرستو دژی بەشەر تەنانەت بۆ خەبات لەگەڵ رێژیمی شاش ئێعلانی جیهادی نەدابووو ئەم كارەی بە تەواوی نێوەرۆكی چەپەڵو دەروونی رەشی خومەینیو ئاخوندەكانی دارو دەستەی دەرخست.

ئاكامی ئێعلانی جیهادی خومەینی بە دژی گەلی كورد لە كوردستانی ئێرانیش بۆ هەموومان روونە. پاش ٣ مانگ بەربەرەكانیی قارەمانانە، خومەینیو لەشكرەكەی ناچار بوون دان بە شكستی خۆیاندا بنێنو بە شێوەی كاتی پاشەكشەیەك بكەن هەتا بتوانن رێكوپێكترو ئامادەتر، سەر لە نوێ بۆ قەڵاچۆ كردنی گەلی كورد هێرش بێننەوە كە دیارە ئێستاش ئەو شەڕ فرۆشییە هەر درێژەی هەیەو پێویستی بە باس كردنێكی تایبەت نیە.

بەڵام هەروەك لە بارەی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢دا گوتمان، گومانی تێدا نیە كە ئاكامی ٢٨ی گەلاوێژی خومەینییش درەنگ یا زوو غەیری شكستو سەرشۆڕی هیچ شتێكی دیكە نابێ. جووڵانەوەی گەلانی ئێران بە دژی سەرەڕۆییو دەسەڵاتی رەشی ئاخوندی ئاخرەكەی سەر دەكەوێو خومەینیو رێژیمەكەی لە زبڵدانی مێژوودا دەكەونە لای شاو رێژیمە گەندەڵەكەی. گەلی كوردیش لە سایەی خەباتی بێ وچانو یەكگرتووی رۆڵە نەبەزەكانی، ئاخرەكەی سەردەكەوێو بووكی دیمۆكراسیو ئازادی لە باوەش دەگرێ. ئەمە جەبری مێژووەو لە بەرامبەر جەبری مێژوودا كەس بۆ ماوەیەكی درێژ توانای خۆڕاگریی نیە. سەركەوتن هەر بۆ گەلانی ئازادیخوازو داواكاری حەقو عەداڵەتەو تێكشكانو سەرشۆڕی هەر بۆ ستەمكارانو كۆنەپەرستان.

ئەم وتارە رێكەوتی ١٣٦٤/٥/٢٨ لە رادیۆ دەنگی كوردستانی ئێرانەوە بڵاو كراوەتەوە.

# ئایا بەڕاستی ئێعتباری ئیسلام بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی گرینگە؟

لە بەرپرسێکی سوپای پاسداران دەپرسن، ئێوە وەك فێرکردن چ شتێك فێری پاسداران دەکەن‌و فەرقیان لەگەڵ ئەرتەش چیە؟ بەرپرسەکە وەڵام دەداتەوە کە ئێمە یەکێك لە دەرسە هەرە گرینگەکانمان بریتی‌یە لە سەر باس‌و لێکۆڵینەوە لە شەڕەکانی زەمانی پێغەمبەری ئیسلام وەك شەڕی ئۆحۆدو بەدرو خەندەق‌و ئەوانە!

یەکێکی دیکە لە بەرپرسان دەڵێ: ئێمە بۆ ئەوە بۆ ئەرتەش‌و سوپای پاسداران‌و بە گشتی هێزەکانمان چەك‌و چۆڵ پەیدا دەکەین‌و لەم بارەیەوە دەمانەوێ تەیار بن، چونکە لە ئیسلامدا دەستوور دراوە کە زۆر باش لە خۆتان دیفاع بکەن‌و خەرجی بۆ بکێشن!

لەم جۆرە قسانە لە نێو وتەکانی کاربەدەستانی ڕێژیمدا زۆر دەبیندرێ. یانی بە کورتی هەر کەس بیهەوێ قسەیەك بکا، چ بە ماناو چ بێ مانا زوو لە پەنای ئەو قسەیە "ئیسلامی"یەکیشی پێوە دەچەسپێنێ‌و خۆی پێوە ڕادەنێ.

بەڵام با بزانین مەبەست‌و مانای ئەم جۆرە قسانە کە دوو نموونەمان هێناویە چیە؟و ئەو کەسانەی ئەو جۆرە فەرمایشانەیان لە زار ناکەوێ، بە تەمان بە چ بگەن؟ ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە کە ئەو جۆرە قسانە لە پێش هەموو شتێکدا بە مەبەستی فریودان دەکرێن. فریودانی خەڵکی ساویلکە لە لایەك‌و فریودانی کاربەدەستان‌و مەقاماتی پایە بەرزی ڕێژیمی ئاخوندی لە لایەکی دیکە.

بە وتەیەكی دیكە ئەو كەسانەی ئەو جۆرە قسانە دەكەن بۆ خۆشیان دەزانن كە قسەكەیان مانایەكی ئەوتۆی نیە. بۆ نموونە ئەوە كە ئینسان دەبێ لە خۆی دیفاع بكا، دیارە مەسەلەیەكی زۆر ئاساییو ئاشكرایەو هیچ پێویستی بەوە ناكا كە ئیسلام بڵێ: "زۆر باش لە خۆتان دیفاع بكەن!" مەگەر چ ئایینو یاسایەك دژی ئەوەیە كە ئینسان دەبێ لە خۆی دیفاع بكا؟ كەوابوو كابرایەك كە بە قسەیەكی ئاوا ئاسایی كە هەموو كەس دەیزانێو لێی روونە، وشەی "دەستووری ئیسلام"ی پێوە دەنێ، غەیری فریودانی خەڵكو كەڵكی خراپ وەرگرتن لە ناوی ئیسلام هیچ مەبەستێكی دیكەی نیە.

یان لە بارەی باسو لێكۆڵینەوە لە سەر شەڕەكانی زەمانی پێغەمبەری ئیسلامو فێر كردنیان بە ئەرتەشو پاسداران، راستی‌یەكەی ئەوەیە كە ئەو شەڕانە هەر چەندەش لە باری ئایینیو لە باری مێژووی ئیسلامەوە گرینگ بن، مەعلووم نیە چۆن لە زەمانی ئێستادا كە ساڵەكانی ئاخری چەرخی بیستەمەو فەننی شەڕو كەرەسەی شەڕ بەو جۆرەیە كە دەیبینینو دەیزانین، دەتوانن شت فێری شەڕكەران بكەن؟ ئایا ئەگەر مەبەست درۆ كردنو فریودان نەبێ، گریمان یەكێك هەموو "جزئیات"ی شەڕی خەندەق بزانێ، ئەوە لە بەرەكانی شەڕ لەگەڵ عێراقدا هەموو تانكو تۆپو فڕۆكەی بۆمب هاوێژو هێلیكۆپتێرو مینو تفەنگی جۆراوجۆر چۆن كەڵكی لێ وەردەگیرێو چۆنو لە كوێ بە كار دەبردرێن؟ ئەوە شتێكە كە ئەگەر كەس نەیزانێ، لانی كەم فەرماندەرانی سوپای پاسدارانو ئەرتەش كە مەیدانی شەڕیان دیتوەو كەمو زور تێ گەیشتوون كە شەڕی ئێستا چیە، باش دەیزانن.

كەوابوو ئاشكرایە كە زۆر لەو قسە پڕو پووچو بێ نێوەرۆكانە كە بە ئیسلام نیسبەت دەدرێنو بە ناوی ئیسلامەوە تەحویلی خەڵك دەدرێن، هیچ پێوەندی‌یەكیان بە ئیسلامەوە نیەو ئەگەریش پێوەندی‌یان بە ئیسلامەوە هەبێ،

هیچ ڕەبتی بەو مەسەلەیە کـە لـە گـۆڕی دایـە نیـەو لـە ڕاسـتیدا ئـاخونده پایـە بەرزەکان لە خومەینیڕا بگرە هەتا ئەوانی دیکە، بۆ خۆیان زۆر باش دەزانـن کـە ئەو جۆرە قسەو فەرمایشانە هەر بۆ ڕیایی کردنو خۆ بە موسوڵمان نیشان دانن. بەڵام بە ئەنقەست وا نیشان دەدەن کە باوەڕیان بەو قسانە هەیـەو ئـەو کەسـانە کـە ئـەو ڕیاییيانـە دەکـەن، موسـوڵمانی بـاشو موخلیسـن! یـانی خومـەینیو ئاخوندەکانی دارودەستەی بۆ خۆیان دیارە بەو قسانە فریو نـاخۆن، بـەڵام نـەك هەر پێشی ناگرن، بەڵکوو پێشیان خۆشەو تەنانەت ئەفراد هان دەدەن کە ڕیایی بکەنو خۆیان بە موسوڵمان نیشان بدەن. چونکە ڕیایی کردنو خەڵکی ئاسـاییو ساویلکە فریودان لە ڕاستیدا کارو پیشەی ئەساسیی ئاخوندەکانـە. ئـەو خەڵکـە باوەڕێکی لە دڵدا بە ئیسلام هەیەو پێی وایە بەڕێوە بردنی دەستووراتی ئیسلام دەبێتە هۆی خۆشبەختیو ڕزگاریی دنیـاو ئاخیرەتیـان. بـەڵام ئـەو دەسـتوورانە چنو چۆنن؟ ئەوانە لە لایەن ئاخوندکانەوە دیاری دەکرێنو بە خەڵك دەگوترێـن. لـە ئاکامدا ئـاخوندە ڕیاکارەکـان هـەرچی پێیـان خۆشـەو هـەرچی بـە قـازانجو مەسڵەحەتی خۆیانە بە ناوی ئیسلام کـە بـۆ زەمـانی ئێسـتا هیـچ کـەڵکێکی لـێ وەرناگیرێو بۆ بەڕێوە بردنی وڵاتێك لەم زەمانـەدا بـە کـاری هیـچ نایـە، گرینـگ نیە. بە بیروبڕوای ئاخوندەکـان ئێسـتا کـە خەڵکەکـە موسـوڵماننو باوەڕیـان بـە ئیسلام هەیە، دەبێ هەرچی پێمان خۆشەو پێمان باشە بە ناوی ئیسلام بیکەین. بەڵام ئاشکرایە کە ئەم کارە لە پێش هەموو شتێکدا بـە زەرەری خـودی ئیسـلام تەواو دەبێ. چونکە لە لایـەك ئیسـلام دەبێتـە وەسـیلەی گاڵتـەو گـەپچاڕو وەك نموونەکەمان نیشانی دا هەر کەس هەرچی بـە عـەقڵی ناقیسـیدا هـاتو هـەرچی پێـی خـۆش بـوو - هـەر چـەندەش بـێ مانـاو بـێ نێـوەڕۆك بـی - بـە ئیسـلامەوە هەڵدەبەسـترێو لـە پاشـانیش بـەرە بـەرە کـە ئاکـامی حکوومـەت کـردنو سیاسەتەکانی چەوتی ئاخوندەکان دەرکەوتو بە تەواوی بۆ هـەموو کـەس ڕوون بۆوە کە وڵات کەوتۆتە هەڵدێری نەمان، ئەمجار بیروبڕواو عەقیدەی بە ئیسلام لە

لای خەڵك كز دەبێ‌و بێ ئێعتبار دەبێ. بەڵام ئایا بە راستی بۆ ئەو ئاخوندانەی ئێستا لە دەوروبەری خومەینی بە سەر ئێراندا حكوومەت دەكەن، ئێعتباری ئیسلام لە داهاتوودا هیچ گرینگە؟

ئەم وتارە رێكەوتی ١٣٦٤/٧/٨ لە رادیۆ دەنگی كوردستانی ئێرانەوە بڵاو كراوەتەوە.

# چەند قسەیەك لە سەر هەڵوێستی جینایەتكارانەی ڕێژیم سەبارەت بە خەڵكی كوردستان

بە گوێرەی ئەو خەبەرانەی هەر ڕۆژە بە دەنگی كوردستانی ئێران دەگەن‌و بۆ گوێگرە بەڕێزەكان بڵاو دەبنەوە، فشاری ڕێژیم بۆ سەر خەڵكی گوندەكانی كوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ پتر پەرە دەستێنێ. ئەم فشارە بە تایبەت لە بەشەكانی مەركەزیی كوردستان زۆر توندترو بەرچاوترە.

ئەگەر بمانەوێ بە كورتی لە چند خەتدا خاڵە ئەسڵی‌یەكانی سیاسەتی زەبروزەنگ نواندنی ڕێژیم لەم چەند مانگەی دوایی‌دا نیشان بدەین بریتین لە: یەكەم ـ زیاد كردنی ژمارەی پایەگاكان؛ ڕێژیم لەم ساڵەدا بە ڕاستی بە ئەندازەیەك ژمارەی پایەگاكانی لە كورستان‌دا زیاد كردوە كە دەكرێ بڵێین ئێستا كەم گوندی لە ٤٠ ـ ٥٠ ماڵ بەرەو ژوورتر لە كوردستان‌دا ماوە كە ڕێژیمی ئاخوندی پایەگایەكی لێ دانەنابێ. دووهەم خاڵی بەرچاو لەم سیاسەتەی ڕێژیم‌دا دانانی پایەگا لە نێو گوندەكان دایە. تا ئێستا ڕێژیم زۆرتر لە سەر بەرزایی‌یەكان پایەگای دادەنا هەتا بە خەیاڵی خۆی بتوانێ لەو پایەگایانەڕا چاوەدێری بە سەر ناوچەیەك بریتی لە چەندین گوندو ڕێگای هاتوچۆی خەڵكی ئەو چەند گوندە بكا. بەڵام ئێستا پایەگاكانی هەروەك گوتمان كێشاوەتەوە نێو گوندەكان‌و بەم كارە لە لایەك پێ لەوە دەنێ كە دانانی پایەگا لە سەر كێوەكان‌و بەرزایی‌یەكان نەی‌توانیوە ببێتە هۆی كونترۆڵ كردنی خەڵكی كوردستان‌و بە تایبەتی هۆی بەرگری كردن لە تێكۆشانی پێشمەرگەكانی كوردستان‌و هەربۆیە بە پێویستی زانیوە لە نزیكترەوەو لە نێو خەڵكەكەدا پایەگای سەركوت دابنێ. دووهەم ـ لە لایەكی دیكەش نیشان دەدا كە ڕێژیم لە تەئمینی ئەو پایەگایانە بە تایبەتی لە

باری ئازووقــەوە عـاجزەو ئێسـتا بـەو جـۆرە دەیهـەوێ بـەكرێگیراوانی خـۆی بـە خەڵكی كوردستان بـەخێو بكـاو لـە بـاری ئابووریشـەوە فشـار بـۆ خـەڵك بێنــێ. سێهەم خاڵی سیاسەتی زەبروزەنگی رێژیم ئەوەیە كە لە بەر ئەوە كە ناتوانێ لـە تەواوی گوندەكانی كوردستان پایەگا دابنێ، ئێستا بێجگە لەو گوندانەی تێیاندا جێگیر دەبێ، گوندەكانی دیكە چۆل دەكا. بە پێــی ئـەو خەبەرانـە كـە بـە ئێمـە دەگا، رێژیم فشارێكی زۆری بۆ سـەر خـەڵكی ژمارەیـەكی بـەرچاو لـە گوندەكـان هێنـاوە كـە گوندەكـەیان چـۆل بكـەن‌و بـە جێـی بێڵـن. بـۆ ئـەم كــارە رێژیمــی سەرەڕۆی ئاخوندی بە فاشیستترین شێوە دەجووڵێتەوە. بەم جۆرە كـە هـەروا بە سووك‌و هاسانی دە سەر خەڵك دەكا كە لـەو گونـدە بـڕۆن، چونكـە دەیهـەوێ گوندەكە بڕووخێنێ. بەڵام نە پێیان دەڵێ بۆ كوێ بچن، نە هیچ ئیمكانێكیان بـۆ گوازتنەوەی ماڵ‌و حاڵەكانیان بۆ جێگایەكی دیكە لە ئیختیار دەنێ‌و نـە بـە هیـچ جۆر بە لای ئەوەدا دەچێ كە زەرەرو زیانی ئەو خەڵكە جوبران كاتـەوەو ئێسـتا كـە بـە زۆری دەیهـەوێ وەدەریـان بنــێ‌و ئاوارەیــان بكــاو هــەموو ماڵ‌وحــاڵ‌و ئازووقەی زستانی‌و مووچەو مــەزرایان لـە بـەین بـەرێ، بـێ ئـەوەی لانیكـەم لـە جیاتی خەسارەتی هێندێك لەوانــەی لـە دەسـتی دەدەن شـتێكیان بداتــێ. ئەمـە جینایەتێكی یەكجار گەورەیەو ئــەركی هـەموو ئینسـانێكی بـە شـەرەف‌و هـەموو رێكخراوێكی سیاسی یا غەیرە سیاسیی ئازادیخوازە كـە لـە سەرانسـەری جیـهان ئەم جینایەتە فاشیستی‌یەی رێژیم لەقاو بداو نێوەرۆكی چەپەڵ‌و دژی ئینسـانیی رێژیمـی سـەرەڕۆو گـەندەڵی ئـاخوندی پـتر بـۆ بــیروڕای گشــتیی جیــهان روون بكاتەوە.

راستی‌یەكەی ئەوەیە كە تاكتیكی چۆڵ‌و وێران كردنی گونـدی بچـووك بچـووك یان دوور لە یەك‌و كۆ كردنەوەی خەڵك لە هێندێـك گونـدی تایبــەتی‌دا، تـاكتیكێك نیـە كـە لـە لایـەن رێژیمـی فاشیسـتیی ئاخوندی‌یـەوە بـۆ بەربــەرەكانی لەگــەڵ جووڵانەوەی كوردســتان‌و بـەرگری لـە تێكۆشـانی پێشـمەرگە دیترابێتـەوە. ئـەم

تاکتیکـە لـە مێـژ سـاڵە لــە لایــەن دەوڵەتــە گــەورەو ئیســتعمارچی‌یەکان بــۆ سەرکوتکردنی جووڵانەوەکانی رزگاریخوازانەی گەلانی ژێردەست لە دنیادا بە کار براوەو بە کار دەبرێ. ئێمە جارێ کارمان بەو نیە کە ئەم تاکتیکە بــە هیــچ جـۆر ناتوانێ سەرکەوتوو بێ، چونکە ئەگەر سەرکەوتوو بووبایە تا ئێســتا ئـەو هـەموو وڵاتانە نەیاندەتوانی خۆیان لە ژێر دەستی ئیســتعمار ئـازاد بکـەن‌و ئـەو هـەموو گەلانـە نـەیاندەتوانی رزگـاریی خۆیـان‌و سـەربەخۆیی خۆیـان بــە خــەبات دژی داگیرکەرانی ئیستعمارچی‌و ئیمپریالست وەدەست بێنن. ئیمپریالیزمی ئەمریکا بە هەموو هێزو توانای خۆیەوە ویستی ئــەم تاکتیکـە لـە ویـەتنام پیـادە بکـاو لـەم رێگایەدا خەرج‌و زەحمەتێکی لە ڕادەبەدەری کێشا، بەڵام دیتمان کـە چـۆن تێـك شـکاو ناچـار بـوو لـە بەرامبـەر ویسـت‌و ئـیرادەی خـەڵکی شۆڕشــگێرو نەبــەزی ویەتنام‌دا کە بۆ رزگار بوونی خۆی خەباتی دەکـرد، بـە سەرشـۆڕی‌یەوە تەسـلیم بێ. گومانی تێدا نیە کە پێشمەرگە نەبەزەکانی کوردستانیش بە ڕێنوێنیی حیزبە خــەباتگێڕو تێکۆشــەرەکەی خۆیــان حــیزبی دێموکـــرات‌و بـــە پشـــتیوانیی‌و یـاریدەدەریی خـەڵکی ئـازادیخوازو خۆڕاگـری کوردسـتان لـــە بەرامبــەر هــەموو پیلانێکی دوژمن‌دا ڕادەوەستن، هەروەك تا ئێستا راوەستاون‌و بۆ هەر تاکتیکێکی رێژیم رێگایەکی باشـی بەربـەرەکانی‌و پووچـەڵ کردنـەوە دەبیننـەوەو لـە کـات‌و جێگای خۆی‌دا بــە کـاری دەبـەن. بـەڵام ئـەوەی کـە لـەم وتـارەدا بـە پێویسـتی دەزانــین ئیشــارەی پــێ بکــەین، شــێوەی دڕندەیــی‌و بــێ شــەرمی رێژیمـــی جینایەتکاری ئاخوندی‌یە کە تـا ئێسـتا لـە هیـچ جێگایـەك نـەبینراوە. چونکـە هەروەك گوتمان ئەم تاکتیکە لە مێژە لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی "دژ بـە" جووڵانـەوەکان لـــە هــەموو دنیــادا بــە کـار بـراوەو بـە کـار دەبـرێ، بــەڵام بەڕێوەبردنەکەی بـە شـێوەی ئاسـایی ئەوەیـە کـە لـە لایـەك زەرەرو زیـانی ئـەو خەڵکـە ناچـار بـە چـۆل کردنـی گوندەکانیـان دەکرێـن زۆر جـار بـە شــێوەیەکی زیاتریش جوبران دەکرێتەوەو لە لایــەکی دیکـەش خەڵکەکـە بـۆ هێنـدێ جێگـای

تایبەتی دەبڕێن كە لانیكەم لەواندا وەكوو شارێك ئیمكاناتێك بۆ ژیانی خەڵك پێك هاتوە وەك ئاوو بەرق‌و مەدرەسە بۆ خوێندنی منداڵان‌و هەروەها خانووبەرەو جێگاو ڕێگا بۆ جێگیربوونی خەڵك‌و شتی وا. لە حاڵێكدا ڕێژیمی فاشیستیی ئاخوندی كە ڕووی هەموو فاشیستەكانی جیهانی بە جینایەتەكانی خۆی سپی كردۆتەوە، هیچ كام لەوانە ناكاو زۆر بێ بەزەیی‌یانە خانووەكان بە سەر خەڵكدا دەڕووخێنێ‌و هەموو دارو نەداری خەڵكەكە لە بەین دەبا بێ ئەوەی چووكترین مەسئوولییەتێك لە بەرامبەر ژیانی ئەو خەڵكەدا وەئەستۆ بگرێ! كارێك كە تەنانەت لەشكرێكی داگیركەریش كە وڵاتێكی دیكەی لە شەڕدا داگیر كردوە، نایكا.

بەڵام ئایا ئەو كارانەی ڕێژیم لە كوردستاندا هەموویان بە مانای ئەوە نین كە ڕێژیم هیچ هیواوهۆمێدێكی بەوە نەماوە كە بتوانێ لە نێو خەڵكی كوردستاندا جێگایەك بۆ خۆی بكاتەوەو هەر بۆیە بە ناچار سیاسەتی سەركوتكردن‌و لە نێو بردنی یەكجاریی گەلی كوردی گرتۆتە پێش؟

ئەم وتارە ڕێكەوتی ١٣٦٤/٧/٢٩ لە ڕادیۆ دەنگی كوردستانی ئێرانەوە بڵاو كراوەتەوە.

# ئاگادار كردنی خەڵكی ئێران لە سەر جووڵانەوەی كوردستان

# هەنگاوێك بەرەو سەركەوتنە

لە هەواڵەكانی دەنگی كوردستانی ئێراندا زۆر جار گوێمان لێ دەبێ كە پێشمەرگەكان یەك یا چەند سەربازی بە دیل گیراویان پاش چەند رۆژێك ڕاگرتن‌و روون كردنەوە لە سەر ئامانج‌و مەبەستەكانی جووڵانەوەی كوردستان ئازاد كردوە. ئەم خەبەرانەو هێندێ خەبەری دیكە لەم بابەتەوە جێگای سەرنجدان‌و لێكۆڵینەوەن‌و بە گشتی نیشانەی ئاگاهی‌و شارەزایی سیاسی‌و شۆڕشگێرانەی پێشمەرگە نەبەزەكانی حیزبن كە لە وتاری ئەمڕۆماندا تێدەكۆشین چەند خاڵێكی ئەساسیی لێ بخەینە بەرچاو. هەر لەو كاتەشدا بە هێندێك رێنوێنی كە بە بڕوای ئێمە پێویستە لە لایەن پێشمەرگەكانەوە لەم پێوەندی‌یەدا لەبەر چاو بگیرێ، ئیشارە پێ دەكەین.

یەكەمین خاڵ كە لە رەفتارو كردەوەی پێشمەرگەكاندا جێگای رێزە، شێوەی رەفتاری ئینسانیی ئەوان لەگەڵ ئەسیرانە. شتێكی روون‌و ئاشكرایەو لە وتارێكی دیكە لە حەوتووی ڕابردووشدا ئیشارەمان پێ كرد كە كاتێك لەگەڵ دوژمن شەڕ دەكەین، ئەو كارە دەبێ بە رق‌و تینی شۆڕشگێڕانەوە بكەین‌و بە قارەمانەتی‌و ئازایەتی، بە بێ دوو دڵی، بە توندترین‌و بێ رەحمانەترین شێوە لە دوژمن بدەین. بەڵام كاتێك نەفەراتێك لە دوژمن دەست لە شەڕ هەڵدەگرن‌و خۆ تەسلیم دەكەن، ئەمجارە ئیسنانێكن كە خۆیان بە ئێمە ئەسپاردوەو گیان‌و شەرافەت‌و حەیسی‌یەتیان لە دەست ئێمە دایەو بەستراوەتەوە بە شەرافەت‌و ئینسانیەتی ئێمە. بۆیە لە هەموو یاساو قانوونێكی شەڕدا گونجاوە كە لەگەڵ

ئەسیر دەبێ بە شێوەیەكی ئینسانی رەفتار بكرێو شەرافەتو كەرامەتی ئینسانی لە بارەیاندا بەڕێوە بچێ. ئاكارو كردەوەكانی پێشمەرگە نەبەزەكان لەم بارەیەوە جێگای ڕێزو نیشانەی ئەوپەڕی شۆڕشگێر بوونو هەست بە مەسئوولیەتی ئینسانی كردنە. ئەم مەسەلەیە بە تایبەتی لەم بارەیەوە گرنگە كە وەبیرمان دێنێتەوە ئێمە لەگەڵ ڕێژیمی پاشكەوتووی خومەینی، شەڕێكی هەمە لایەنە یانی شەڕی فەرهەنگو "تمدن"و بۆچوونمان سەبارەت بە مەقامی ئینسانو ئینسانیەت هەیە. رەنگ بێ كەسانێك لە نێو ئێمەدا هەبن كە بڵێن كاتێك ڕێژیمی چەپەڵو دژی ئینسانیی ئاخوندی لەگەڵ خەڵكی ئێران بە گشتیو خەڵكی كوردستان بە تایبەتی ئاوا وەحشیانە رەفتار دەكاو لەگەڵ كەسانێك كە وەبەر دەستی دەكەون، ئاوا بە دڕندەییو بێ بەزەییانە دەجووڵێتەوە، ئێمەش دەبێ لەگەڵ ئەفرادی ئەو هەر بەم جۆرە رەفتار بكەینو بە قەولی مەعرووف "وەلامی تەحا بە پەحا" بدەینەوە. بەڵام ئەمە قسەیەكی ڕاست نیە. بەو دەلیلە ئێمە لەگەڵ ئەو ڕێژیمە لە شەڕ داین كە نیشان بدەین فەرقمان هەیەو لە بەرامبەر ڕێژیمێكدا كە ڕێز بۆ هیچ مافێكی ئینسانی دانانێ. ئێمە بۆ مافو ئازادییەكانی ئینسانیو بۆ شەرافەتو كەرامەتی ئینسانی خەبات دەكەینو تێدەكۆشین. جا بۆیە ئەگەر وەك ڕێژیم بجووڵێینەوە چ فەرقێكمان لەگەڵ ئەو دەبێ؟

دووهەم خاڵی گرینگ لە پێوەندی لەگەڵ ئەم مەسەلەیە ئەوەیە كە رەفتاری پێشمەرگەكان لەگەڵ ئەسیرانی دوژمن نێوەرۆكی سیاسیی جووڵانەوەكەمان جوانترو باشتر دەردەخاو لە هێندێك بارەوە تەنانەت دەتوانین بڵێین كە رەفتاری باش لەگەڵ ئەفرادی ئەسیری دوژمنو روونكردنەوەیان لە سەر ئامانجو مەبەستەكانی جووڵانەوەی كوردستان رەنگ بێ تەئسیری لە خودی شەرەكەو ئەو زەبرەی لە باری گیانیو ماڵی لە لایەن پێشمەرگەكانەوە وەشێندراوە، پتر بێ. چونكە نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ كە بە گشتی شەڕ بۆ خۆی ئامانج نیە، بەڵكوو وەسیلەیەكە بۆ گەیشتن بە ئامانجێكی سیاسی. ئامانجی سیاسیی

ئێمەش بریتی‌یە لە دابین کردنی دێموکراسی لە ئێران‌داو وەرگرتنی خودموختاری بۆ کوردستان. ئێمە بۆیە شەڕ دەکەین چونکە ناچار بەم کارە کراوین‌و لە جیاتی ئەوە وەڵامی داخوازە ڕەواکەمان بدەنەوە، لەشکریان بۆ سەر کێشاوین‌و شەڕیان پێ فرۆشتووین. ئەگینا ئێمە بە هیـچ جـۆر خوازیـاری شـەڕو براکـوژی نـەبووین‌و نین. جا ئێمە ئەو شەڕە کە لە راستی‌دا دیفاعێك لە خۆمانە تـا ئـەو کاتـە درێـژە پێ دەدەین کە رێژیم لێی حاڵی بێ بە زۆرو بە لەشکر کێشی ناتوانێ ئێمە ناچـار بکا دەسـت لـە داخـوازە ڕەواکانمـان‌و لـە مافـە سـەرەتایی‌یەکانمان هـەڵبگرین. کەوابوو ئەوە کە رێژیم لە مەیدانی شەڕی کوردستان‌دا سەرنەکەوێ‌و بزانێ کە بە زۆر ناتوانێ ئێمە ناچار بکا واز لە داخوازە ڕەواکانمان بێنـین، تـەنیا یـەکێك لـەو رێگایانەیـە. رێگـای ئەساسـیی دیکـە بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـە پیرۆزەکانمـان ئاخرەکەی ئەوەیە کە خەڵکی ئێران بە گشتی‌و برایانی هاوولاتیمان لە ئـێران تـێ بگەن کە ئەوەی ئێمە داوای دەکـەین، حەقـە. ئێمـە دێموکراسـی‌و ئازادیمـان بـۆ هەموو ئێران دەوێ. ئەمە شتێکە کە هەموو ئێرانی‌یەك دیارە پێـی خۆشـەو پێـی داخوازێکی ڕەوایە. ئێمە بۆ دێموکراسی‌و ئـازادیی هـەموو خـەڵکی ئـێران خـەبات دەکەین‌و شەهید دەدەین‌و خۆمان قوربانی دەکەین. ئەمە بێگومـان شـتێکی زۆر جێگـای شـانازی‌یەو هـەموو هاوولاتیـانی ئێمـە لـە ئـێران دەبـێ قـەدری ئـەم فیداکاری‌یەی ئێمە بزانن‌و بە چاوی رێزو ئێحترامەوە چاومان لـێ بکـەن. پاشـان ئێمـە کوردیـن‌و لـە چواچێـوەی ئـێران‌دا دەمانـەوێ چارەنووسـی خۆمـان بـە دەسـتەوە بگریـن، بـە زمـانی خۆمـان بخوێنـین‌و بنووسـین، کاروبـاری نێوخـۆی کوردستان بۆ خۆمان بەڕێوە بەرین، ئەو کەسانەی لـە کوردسـتان کاربەدەسـتن‌و کوردسـتان ئیـدارە دکـەن، بـۆ خۆیـان کوردسـتانی بـن‌و هـەڵبژاردەی خـودی کوردستان بن. ئاداب‌و رسووم‌و عـادەت‌و رەسمـی خۆمـان وەك لیبـاس‌و شـایی‌و شین‌و هەستان‌و دانیشتن بەڕێوە بەرین‌و شـتە جـوان‌و باشـەکانمان ڕابگریـن‌و لـە فەوتان بیان‌پارێزین. ئەمانە هەموویان داخوازی بەحەق‌و ڕەوان‌و بێگومان ئەگـەر

هاووڵاتیانی ئێمە لە بەشەكانی دیكەی ئێران غەیری كوردستان باش لێی حاڵی بن، نەك دژایەتیمان ناكەن، بەڵكوو بۆ وەدیهاتنیان هاوكاریمان دەكەنو دەستمان لە دەست دەنێن. یانی بە كورتی كاتێك خەڵكی بەشەكانی دیكەی ئێران تێ بگەن كە ئێمە كافر نین، نۆكەری بێگانە نین، پیاو كوژ نینو بە پێچەوانە ئێرانیی تەواوینو بۆ ئازادیو دێموكراسیی هەموو خەڵكی ئێرانو بۆ خودموختاریی خۆمان كە مافێكی ڕەوایە خەبات دەكەینو قوربانی دەدەین، ئەو كاتەیە كە حكوومەتی ئێران ناچارە مافی ئێمە بدا. چونكە كەس بۆی نایەتە شەڕی كوردستان كە شەڕێكی براكوژیو دژی حەقو عەدالەتە. جا كاتێك ئێمە بتوانین ئەم شتانە لە ئەفرادی ڕێژیم حاڵی بكەین، یانی هەر وەك لە پەیامی پێشمەرگەكاندا دێ كە لە سەر ئامانجو مەبەستەكانی جووڵانەوەی كوردستان روونمان كردنەوە، ئەوە بێگومان سەركەوتنێكی گەورەیەو هەنگاو بە هەنگاو ئێمە لە گەیشتن بە ئامانج نزیك دەكاتەوە.

ئەم وتارە ڕێكەوتی ١٣٦٤/٨/١٣ لە رادیۆ دەنگی كوردستانی ئێرانەوە بڵاو كراوەتەوە.

# شینی کوژرانی ١٣ لاوی سەقزی

چەند رۆژ لەمەوبەر لە بەشی خەبەرەکانی ئەم رادیۆیەوە خەبەرێك بڵاو کرایەوە کە مەیتی ١٣ کەس لە خەڵکی شاری سەقزی خوێناوی تەحویلی خەڵکی ئەم شارە دراوەتەوە. ئەم ١٣ کەسە لە لیباسی سەربازی بۆ رێژیمی خومەینی لە جەبهەکانی شەڕدا کوژرابون‌و مەیتەکانیان لە لایەن بەکرێگیراوانی رێژیمەوە وەك دیاری‌یەك بە خەڵکی دڵسووتاوی سەقزی خوێناوی درابۆوە. دیارە هاورێ لەگەڵ بڵاو کردنەوەی ئەم خەبەرە ناخۆشانە لە بەشی خەبەری رادیۆی دەنگی کوردستانەوە چەند مەسەلەیەکیش کە لەم پێوەندی‌یەدا ئیشارە پێ کردنیان پێویست بوو ئیشارەیان پێ کرا. سەرەڕای ئەوە ئەم مەسەلەیە جێگای ئەوەیە کە زۆرتر باسی لە سەر بکرێ‌و خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان هێندێك وردتر سەرنجی بدەنێ.

هەموو کەس دەزانێ کە لەو کاتەوە کە لە زەمانی رەزا خانی پەهلەوی‌دا چوونە سەربازی لە ئێراندا بوو بە ئیجباری، خەڵکی کوردستان بە داییم دژی چوون بۆ سەربازی هەڵوێستیان گرتووەو تا ئەو کاتەی بۆیان کراوە خۆیان لێ پاراستوە. ڕەنگ بێ هێندێك کەس کە تەنیا ڕواڵەتی مەسەلەکان دەبینن‌و کەمتر دەچنە نێوەرۆکی ئەو مەسەلانەوە، ئەو کارە لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە بە کارێکی خراپ‌و دوور لە مەسئوولییەت بزانن. بەو بەهانەوە کە پاراستنی وڵات ئەرکی هەموو دانیشتوانی ئەو وڵاتەیەو هەموو کەس لە خەڵکی ئێران دەبێ ماوەیەك لە تەمەنی لاویی خۆی بۆ خزمەتی سەربازی تەرخان بکاو نەك هەر خۆ لەو کارە نەپارێزێ، بەڵکوو شانازیشی پێوە بکا. بەڵام هەروەك گوتمان ئەم

جـۆرە بۆچوونـە بۆچوونێكـی زۆر ویشـكو ڕواڵەتی‌یـەو لەبـەرچاو گرتنـــی وەزعو نێوەرۆكـی ڕێژیمـی مەركـەزیی ئـێرانو ڕەفتــاری ئــەو ڕێژیمــە لەگــەڵ خــەڵكی كوردستان بە هیچ جۆر لەگەڵ ڕاسـتی‌یەكان یـەك ناگرێتـەوە. چونكـە چـوون بـۆ سـەربازی لــە جیـاتی ئــەوەی ئــەركێكی سـادەو ئاسـاییو نیشـتمانی بـێ، مەسەلەیەكی پڕمانایە كە هەم لایەنی سیاسیی هەیەو هەم لایەنی ئابووری.

لایەنی ئابووری‌یەكـەی ئەوەیـە كـە خـەڵكی كوردسـتان بـە گشـتی خـەڵكێكی فەقیرو هــەژارنو كوردسـتانی ئـێران هـەر وەكـوو زۆر جـار گوتـراوە ناوچەیـەكی وەپاش كەوتوو لە نێو ئێرانێكی پاشكەوتوودایە. هەر بۆیــە هـەموو بنەماڵەیـەكی كوردستان بە تایبەتی لە گوندەكاندا پێویستی‌یەكی زۆری بەهێزی شانو بازووی كوڕی لاوی خۆی هەیە كە كار بكاو یارمەتی‌یەك بدا بە بەڕێ چوونی بنەماڵەكەی. چوونی هەر لاوێكـی كوردسـتانی بـۆ سـەربازی بـۆ مـاوەی دوو سـاڵان بـە مانـای مـەحرووم كردنـی بنەماڵەكـەی بـە تایبـەتی دایكو بـابی پــیرو نــەخۆشو پــەك كەوتوویەتی لە یارمەتی دەرێكو نـان پەیداكـەرێك. بـە تایبـەتی كـە دەزانـین لـە دەورەی دوو سـاڵەی سـەربازی‌دا هـەتا ئـەم سـاڵانەی دوایـی زەمـانی حەمـەرەزا شاش وەزعی ژیانو بژیوی سەربازەكان زۆر خراپ بووو بنەماڵەی هەر سـەربازێك ناچار بوو بە گوێرەی ئیمكاناتو دەسـت ڕۆیشـتنی خـۆی بـە داییـم یارمـەتی بـە ژیانی كوڕە سەربازەكەی بدا.

بەڵام لە باری سیاسـی‌یەوە مەسـەلەكە زۆر لـەوەش روونتـرە. ئاشـكرایە كـە خزمــەت بــە نیشــتمانو پاراســتنی وڵات ئــەركی هــــەر هاووڵاتی‌یـــەكو هـــەر دانیشتوویەكی ئەم وڵاتەیە. بەڵام خزمەت بــە نیشـتمانو پاراسـتنی وڵات لەگـەڵ خزمەت بە ڕێژیمی مەركەزیو پاراستنی حكوومەتی لە سەر كار نەك هەر فـەرقی زۆرە، بەڵكوو گەلێك جار مومكینــە بـە تـەواوی بـە پێچەوانـەی یـەكتر بـن. یـانی

کاتێك دەتوانین خزمەت بە حکوومەتی دەسەڵاتدار راستەوخۆ خزمەت بە نیشتمان‌و بە وڵات بزانین کە ئەو حکوومەتە دەسەڵاتدارە بە راستی حکوومەتێکی نیشتمانی بێ‌و لە خزمەت قازانج‌و مەسڵەحەتی وڵاتدا بێ، مەسەلەیەك کە بە داخەوە تا ئێستا لە ئێراندا وەدی نەهاتوە. حکوومەتی رەزاخانی پەهلەوی کە بۆ یەکەم جار سەربازیی بۆ لاوەکان لە ئێراندا کردە ئیجباری، حکوومەتێك بوو بە تەواوی دژی گەلی. ئەو حکوومەتە گەندەڵە سەرەڕۆیە ئەرتەشی بۆیە دەویست کە خەڵکی ئێران بە تەواوی بخاتە ژێر چۆکی خۆی‌و هەر جۆرە دەنگێکی ئازادیخوازی‌و پێشکەوتن‌خوازی لە ئێراندا لە گەروودا خەفە بکا. ئەم زەبروزەنگ‌و فشارەی پەهلەوی بۆ سەر خەڵکی ئێران بە گشتی هەر چەندێك بوو، بۆ سەر خەڵکی کوردستان یەکجار زۆرتر بوو. سیاسەتی سەرکوتکردن‌و تواندنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران یەکێك لە سیاسەتە رەسمی‌و ئاشکراکانی پەهلەوی بوو. دیارە لە وەزعێکی ئاوادا چوونە سەربازی نەك هەر خزمەت بە وڵات‌و نیشتمان بە حیساب نەدەهات، بەڵکوو خەیانەت بە نیشتمان‌و بە گەل بوو. لە ئاکامدا خۆ پاراستنی خەڵکی کوردستان لە چوون بۆ سەربازی یان بۆ "ئیجباری" (بەو جۆرە کە لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە ناو نراوە) کارێکی زۆر پیرۆزو نیشتمانپەروەرانەیە.

بە دوای رەزاخانی پەهلەوییش‌دا هەم حکوومەتی حەمە رەزای کوڕی‌مان دیت‌و هەم زەبروزەنگی حکوومەتی رەش‌و دژی ئینسانیی ئاخوندی دەبینین. کەوابوو بە ڕاشکاوی‌و بە ئیمانێکی تەواوەوە دەتوانین بڵێین کە چوون بۆ سەربازی لە رێژیمێکی وەك رێژیمی ئاخوندی‌دا نەك هەر خزمەت نیە، بەڵکوو خەیانەتی بێ ئەم‌لاوئەولا هەم بە نیشتمان‌و هەم بە گەل‌و هەم بە خودی ئەو کەسەیە کە دەچێتە سەربازی. چونکە رەنگ بێ لە زەمانی پەهلەوی یان حەمە

رەزا شای كوڕیدا هێندێك ئەو فكرەیان كردبێ كە ئەگەرچی سەربازی كردن بۆ شاكارێكی خراپو بێ قاعیدەو بە هەدەردانی دوو ساڵ ژیانە، بەڵام دیسانیش چار نیەو دوو ساڵ هەر چۆنێك بێ ڕادەبریو ئینسان دەتوانێ بێتەوە سەر ماڵی خۆیو ژیانی خۆی. بەڵام لە ڕێژیمی كۆنەپەرستو دژی گەلیی خومەینیدا ئەم حیسابەش ڕاست نیە. ئەم ڕێژیمە ڕێژیمێكی شەڕ هەڵایسێنو ئینسان كوژەو هەر لاوێك ئەمڕۆ لە هەلومەرجی ئێستادا دەچێ بۆ سەربازی دەبێ خۆی بۆ بە كوشت چوون لە بەرەكانی شەڕ لەگەڵ عێراق یان شەڕ لە كوردستاندا ئامادە بكاو چاوەڕوانی ئەوە بێ كە بە سەر ١٣ لاوی سەقزیدا هاتوە.

جا ئاخر قسەمان لەم پێوەندییەدا لەگەڵ لاوە خوێنگەرمەكانی كوردستانە. ئەگەر هەروەك گوتمان لە وەزعی ئێستاو لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا چوون بۆ سەبازی بۆ ڕێژیمی ئاخوندی بە گشتی بۆ هەموو لاوەكانی ئێران كارێكی غەیرە مەسئوولانەو بێ مانایە، بێگومان بۆ لاوەكانی كوردستان خەیانەتێكی ئاشكرای بێ ئەملاوئەولا بە حیساب دێ. خەڵكی ڕاپەڕیوی كوردستان ئەمڕۆ لە خەباتێكی سەختو خوێناوی لە دژی ڕێژیمی چەپەڵی ئاخوندی دایە. ئەم خەباتە بە ڕاستی خەباتی مانو نەمانە. چونكە دەبینین كە ئەو ڕێژیمە بە هەموو تواناو ئیمكاناتییەوە قۆڵی بۆ لە نێو بردنو تواندنەوەی گەلی كورد لە هەموو بارێكەوە هەڵماڵیوە. ئەركی هەموو لاوێكی كورد لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا لە پێش هەموو شتێك ڕاپەڕین بە دژی ئەو ڕێژیمە ڕەشەو لەبەركردنی لیباسی پیرۆزی پێشمەرگایەتییە، بۆ ئەوەی لە شەرەفو ناموسو لە مانو مەوجوودییەتی گەلەكەی دیفاع بكا. بەڵام ئەگەر بە هەر دەلیلێكی شەرافەتمەندانە نەیتوانی بێتە نێو ریزی پێشمەرگە نەبەزو شانازی خوڵقێنەكانی گەلەكەیەوە، لانی كەم دەبێ لە خزمەت كردنو یارمەتیدان بە ڕێژیمێكی ئەوتۆ بە هەموو توانایەوە خۆی بپارێزێو بە هەموو توانایەوە بەرگری بكا لەوە كە ئینسانی نەفامو هەڵخڵەتاوی دیكە خزمەت بەڕێژیم بكەن. ئەگینا بە داخەوە هەر وەك لە بارەی ئەم ١٣ لاوە

ناکامەی سەقزی خوێناوی‌یەوە دیتمان، نەك مەرگێکی پڕ لە شانازی‌و سەرفیرازییان بە "نصیب" نابێ، بەڵکوو دەبنە جێگای سەرشۆڕیی بنەماڵەو شارو گوندەکەیان‌و بە گشتی هەموو گەلەکەیان. با هیوادار بین لاوی کوردستان‌و ڕۆڵەی کورد هەرگیز تووشی سەرشۆڕی نەبێ‌و وەك هەمیشە رەسم بووە، بە سەربەرزی‌و سەرفیرازی بژی. ئینشەڵڵا.

ئەم وتارە رێکەوتی ١٣٦٤/١١/٢٠ لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانەوە بڵاو کراوەتەوە.

# تێرۆریزم بە چ دەڵێن؟

لە وتارێكماندا سەبارەت بە هێرشی ئەمریكا بۆ سەر وڵاتی لیبی گوتمان كە ئەگەرچی بەهانەی ئەمریكا بۆ ئەو كارە ئەوەیە كە لیبی پشتیوانو هاندەری تێرۆریزمی نێونەتەوەیی‌یەو بەڵام لە راستی‌دا كاری ئەمریكا بۆ خۆی وێنەیەكی زۆر ئاشكرا لە تێرۆریزمی حكوومەتی یان تێرۆریزمی دەوڵەتی‌یە كە زۆر لە تێرۆریزمی فەردی خراپترو خەتەرناكترە، لێرەدا جێگای خۆیەتی كە هێندێك پتر لەم مەسەلەیە بدوێین. چونكە بە راستی وا دیارە حكوومەتە زۆردارو سەرەڕۆكان خەریكن بە مەیلی خۆیان مانای تێرۆریزم دەگۆڕنو سنووری بەینی ئەوە كە چ شتێك تێرۆریزمەو چ شتێك تێرۆریزم نیە، بە قازانجی خۆیان تێك دەدەن. مومكینیشە لە لێكدانەوەیەكی وردتردا دەربكەوێ كە پێویستە مانایەكی دیكە بۆ تێرۆریزم ببیندرێتەوە، یان وشەیەكی دیكە لە جێگای تێرۆریزم دابنرێ.

بەڕاستی تێرۆریزم بە چ دەڵێن؟ بە پێی مانا تێرۆریزم بریتی‌یە لە ئەنجامدانی كارێك لە رێگای هەڕەشەو پێكهێنانی ترسو خۆفەوەو بە هۆی ئەنجامدانی كاری توندوتیژ كە "احیاناً" كوشتنی ئەفرادیشی بە دواوە بێ. تا ئێستا تێرۆریزم لە باری سیاسی‌یەوە بەو كارو كردەوانە گوتراوە كە كەسێك یان تاقمێك لە رێگای زەبروزەنگو بە زۆری چەك كە زۆر جار كوشتنی خەڵكیشی تێدا بووە، ئەنجامیان داوە. بە پێی ئۆسووڵی ئەخلاقیو ئینسانیو تەنانەت سیاسی، ئەم كارە كارێكی مەحكوومە. چونكە كارێكی غەیرە قانوونی‌یەو غەیرە ئاسایی‌یە كە ئەساسەكەی لە سەر زۆرو داسەپاندنی نەزەرێكی تایبەتی دانراوە كە گیانی ئەفرادو زۆر جار گیانی بێگوناهو بێدیفاع دەخاتە مەترسی‌یەوە. بەڵام بە

کردەوە ئەو مەحکوومییەتە هەمیشەو لە هەموو جێگایەك بە یەك شێوە بەرێوە نەچووە. چونکە هەروەك لە سەرەتای وتاردا ئیشارەمان پێکرد، زۆرداران بە کەیفی خۆیان هەرچی بە زەرەریان بووەو لە دژی خۆیان بووە، بە تێرۆریزمیان داناوەو حکوومەتیان کردوەو هەرچی بۆ خۆیان کردوویانەو بە قازانجی خۆیان دیتوە، بە ڕەوایان زانیوە. بۆ نموونە: حکوومەتە دیکتاتۆرو سەرەڕۆکان بە مەیلی خۆیانو تا ئەو جێگایە دەستیان دەڕوا خەڵك دەگرن، ئەشکەنجە دەدەن، دەکوژن، دەربەدەرو ئاوارە دەکەنو زۆر کاری دیکە. بەڵام بە هیچ جۆر ئەوە بە تێرۆریزم ناو نابەن. لە بەرامبەردا هەر کات کەسێك یان تاقمێك لە ناچاری دژی زەبروزەنگی حکوومەتو تاقمی زۆردارو دەسەڵاتدار ڕاپەڕیو بە ناچار دەست بۆ چەكو کاری توندوتیژ بەرێ، ئەوە دەستبەجێ ناوی تێرۆریزمی لە سەر دادەنرێو هاواری مەحکوومییەتی بۆ بەرز دەبێتەوە. دیارە بۆیە دەڵێین بە ناچار، چونکە شێوەی خەباتو بەربەرەکانی هەمیشە لە لایەن دەسەڵاتدارو بەهێزترەوە بە ژێردەستو کەمهێز "تحمیل" دەکرێو بە سەریدا دەسەپێندرێ.

بە هەر حاڵ مەعلووم نیە بۆچی حکوومەتە سەرەڕۆو دیکتاتۆرەکان لە حکوومەتی ئاخوندیی ئێرانڕا بگرە هەتا ئەنواعی حکوومەتە سەرەڕۆو وردو درشتەکانی دیکەی دنیا حەقیان هەیە لە زەبروزەنگ هەرچی پێیان خۆشە سەبارەت بە خەڵك بیکەن. بەڵام ژێردەستو ژێر چەپۆکە کە هیچ ڕێگایەکیان نیە بۆ بەربەرەکانی غەیری پەنا بردن بۆ چەكو کاری توندوتیژ حەقیان نیەو کارەکانیان بە ناوی تێرۆریزم مەحکوومە! بە وتەیەکی دیکە لە وڵاتێکدا هیچ قانوونێك لە گۆڕێدا نیە غەیری مەیلو داخوازیی دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆ کە بە زۆر خۆیان بە سەر وڵاتدا سەپاندوەو هیچ ڕێگایەکی قانوونیو ئاشتیخوازانە بۆ دەربڕینی نارەزایەتیو لابردنی زوڵمو زۆر نیە، خەڵکی ژێردەست دەبێ بۆ ڕزگاریی خۆی چ بکا کە ناوی تێرۆریزمی لە سەر دانەنرێ؟

كەوابوو شتێكی روونە كە تێرۆریزمی نێودەوڵەتی یانی زەبروزەنگو كوشتاری خەڵك كە لە لایەن حكوومەتەكانەوە سەبارەت بە خەڵك بەڕێوە دەچێ، زۆر خراپترو مەحكوومتر لە تێرۆریزمی فەردی‌یە كە هەم لە چوارچێوەیەكی زۆر بچووكتردا بەرێوە دەچێو هەم زۆر جارانیش لە ڕاستی‌دا تێرۆریزم نیە، بەڵكوو ڕاپەڕینێكی عادڵانەی بە ناچارە. حكوومەتی ئەمریكا بی پێی چ ئەسڵێك حەق بە خۆی دەدا كە لە سەرانسەری دنیادا ئەنواعی حكوومەتی فاشیستو دیكتاتۆر بێنێتە سەر كار كە خەڵكی وڵاتەكەیان بە سەدان هەزار قەتڵوعام دەكەنو سەروەتو سامانی وڵات بە با دەدەنو تازە خۆی بە تێرۆریست نازانێ. بەڵام ئەوانەی كە هاواریان لە چنگ زۆڵمو زۆری ئەمریكاو بە گشتی ئیمپریالیزمی جیهانی بڵێندە بە تێرۆریزم دادەنێ!

بە پێی چ ئەسڵو چ قانوونێك گەلی بەشخوراوو زۆڵم لێكراوی فەلەستین تێرۆریستە، بەڵام ئێسرائیلو ئەمریكا كە هۆی ئەساسیی چارەڕەشیو دەربەدەریی ئەو گەلەن، تێرۆریست نین؟

مومكینە بڵێین كە تێرۆریزم گیانی ئەفرادی عادی، یانی ئەفرادی بێگوناهو بێدیفاع دەخاتە مەترسی‌یەوە. بەڵام ئایا لە هێرشی هەوایی ئەمریكا بۆ سەر لیبی چەندەها كەس لە خەڵكی بێدیفاعو بێگوناه كوژراون؟ مەگەر منداڵی بچووكی یەك دوو ساڵەی سەرهەنگ قەزافی بە پێی قسەی خودی ئەمریكا لەم هێرشە دڕندانەیەدا نەكوژراونو بریندار نەبوون؟ ئەگەر ئەوە تێرۆریزم نیە، ئەدی تێرۆریزم بە چ دەڵێن؟ یان حكوومەتی ئێسرائیل كە هێندە باسی مەحكووم كرانی تێرۆریزم دەكاو سازمانی رزگاریخوازی فەلەستین بە تێرۆریست دادەنێ، بۆ خۆی تا ئێستا چەندەها كەسی لە فەلەستینی‌یەكان لە سەرانسەری دنیادا تێرۆر كردوەو هەروەها لە رێگای بۆمبارانو هێرشەكانی دیكەی چەندەها كەسی لە خەڵكی بێدیفاعو بێگوناه كوشتوە؟

دیاره خۆ ئیشارەمان بە رەفتاری فاشیستیی حکوومەتە سەرەڕۆکان لە نێو خودی وڵاتەکانیان‌دا کردو ئیتر چی دیکە دووپاتی ناکەینەوە، چونکە ئێمە بە چاوی خۆمان دیتوومانەو بە ڕەگو پێستی خۆمان هەستمان پێ کردوە کە حکوومەتی سەرەڕۆی شاو حکوومەتی دژی ئینسانیو کۆنەپەرستی ئاخوندی چیان بە سەر گەلانی ئێران‌دا هێناوەو دەی‌هێنن‌و لە حکوومەتە فاشیستی‌یەکانی دیکەی دنیاش‌دا هەروا.

بە کورتی تا کاتێك لە دنیادا مافو ئازادی‌یەکانی ئینسانی "تابع"ی هەواو هەوەسی زۆرداران بێو قانوون لە لایەن زۆردارانەوە بنووسرێ، نەك هەر تێرۆریزم، بەڵکوو زۆر کاری دیکەش مانایەکی روون‌و دیاریکراویان نابێو زۆرداران دەتوانن هەموو جووڵانەویەکی عادڵانەو هەموو ڕاپەڕینێك‌و کردەوەیەکی شوڕشگێرانە بە خیلافی قانوونەکانی خۆیان دابنێن‌و بە عینوانی تێرۆریزم مەحکوومی بکەن، لە بەرامبەردا هەموو جینایەتێکی خۆیان بە ڕەواو عادڵانەو قانوونی لە قەڵەم بدەن. تازەترین نموونەی هەرە بەرچاوی ئەمەش هێرشی ئەمریکای زۆردار بۆ سەر وڵاتی بچووکی لیبی‌یە.

ئەم وتارە رێکەوتی ١٣٦٥/١/٢٨ لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانەوە بڵاو کراوەتەوە.

# با هەموو بەشی خۆمان لە خەباتدا بەشداری بكەین

جارێكی دیكەش وەرزی بەهار هاتەوەو هەل خۆشتر بوو بۆ ئەوەی پێشمەرگە نەبەزەكان پاش وچانو حەسانەوەی زستان بۆ زەبرلێدان لە نەیارانو دوژمنانی گەلەكەمان پتر لە جاران وەگەڕ كەونو بە قریشكەی تفەنگو گرمەی ئارپیجیو نركەی شێرانەیان بە تەواوی خەو لە چاوی دوژمنانی ئازادی بتارێنن.

بەڵام دیارە ئەگەرچی پێشمەرگە لە خەباتدا نەخشی پێشەنگی لە ئەستۆیەو تا ئێستاش شێلگیرانەو سەربەرزانە ئەو ئەركەی بەڕیوە بردوەو بەڕیوە دەبا، ئەوە بە هیچ جۆر بەو مانایە نیە كە قورسایی باری گرانی خەبات هەر لە ئەستۆی ئەوەو هێزی پێشمەرگە دەبێو دەتوانێ بە تەنیایی پشتی هێزی دوژمن تێك بشكێنێو تەمی خەم لە دڵان بڕەوێنێ. خەبات بۆ رزگاریو ئازادیو تێكۆشان بە دژی دوژمنی سەرەڕۆو كۆنەپەرست ئەركی هەموو كەسێكەو گەلی قارەمانی ئێمە پێویستە لەو خەباتە پیرۆزەدا بە گشتیو بە تێكڕایی بەشداری بكا. بە تایبەتی لە هەلومەرجێك وەك هەلومەرجی ئێستادا كە دوژمن لە هەموو بارێكەوە پتر لە پێشوو كەوتۆتە ژێر فشارو پشتی لە ژێر باری قەیرانەكاندا زۆرتر چەماوەتەوە.

كەوابوو هاوكات لەگەڵ بەربەرەكانیی هەمە لایەنەی پێشمەرگەكان، كۆمەلانی خەڵكیش دەبێ رێكوپێكتر لە جاران پاڵ وێك دەنو چالاكانە بێنە مەیدانی خەبات.

ئاشكرایە كە خەبات شێوەو رێگای جۆراوجۆری هەیەو هەر كەس بە پێی هەلومەرجو لە پێوەندی لەگەڵ وەزعو كارەكەیدا دەتوانێ بە شێوەیەكی تایبەتی لە خەبات دژی رێژیمدا بەشداری بكا. لەو پێیەدا هەڵبەت ئەركی لاوەكان لە هەموان پترەو ئەوانن كە دەتوانن لە سەرەوەی هەمووانەوە دەورێكی باش بگێڕن، لە كۆ كردنەوەی ئیتیلاعاتو ئاگاداری لە سەر وەزعی رێژیمو گەیاندنی ئەو ئاگاداریانە بە كۆمیتەكانی حیزبیو هێزی پێشمەرگە ڕا بگرە هەتا زەربەی نیزامی لێدان لە دوژمن.

لە راستیدا کارو ئەرك ئەوەندە زۆرن کە هەر ئیشارە پێکردنێکی بچووکیش پێیان، لیستێکی دوورو درێژ پڕ دەکاتەوە. لە نێو شارەکاندا پێکهێنانی هەستەی بچووك بۆ هاوکاریو تێکۆشانی رێکوپێكو لە رووی بەرنامە، نووسینی دروشمی هاندەرو دژی رێژیم لە دەركو دیواران، پیادە کرانی هێندێك وتاری رادیۆییو بڵاو کردنەوەی لە نێو خەڵكدا، بڵاو کردنەوەی دەنگو باسو خەبەر سەبارەت بە خەباتی حیزبیو تێکۆشانی هێزی پێشمەرگە، تێکۆشان بۆ ئەوەی خۆبە دەستەوەدەرانو خۆفرۆشان بایکوت بکرێنو بە تەواوی لە کۆمەڵدا تەریك بکەونەوە، هاندانی ئەفرادی بێلایەنو دوورە پەرێز بۆ بەشداری لە خەباتدا، ئەو کەسانەی کە بە هەر شێوەیەك بە تایبەتی بە چەك هەڵگری بۆ رێژیم لە ژێر هەر ناوێكدا وەك چوون بۆ سەربازی یان خزمەت لە دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی دیکە وەك سوپای پاسدارانو بەسیجدا خزمەت بە رێژیم دەکەن، نابێ بۆ سەعاتێکیش هەست بە ئەمنییەت بکەنو خۆیان لە ئاگری بەتینی رقو بێزاریی خەڵك بە دوور بزانن. چ ئەفرادی دوژمنو چ ئەوانەی هاوکاریی دوژمن دەکەن نابێ لە هیچ جێیەك خاترجەم بنو لە کەس دڵنیابن.

ئەو کەسانەی لە کارگەو ئیدارەکانی دەوڵەتیدا کار دەکەن نابێ بە هیچ جۆر دڵیان بۆماڵو کەرەسەی رێژیم بسووتێو بە پێچەوانە بە هەر شێوەیەك کە ئیمکانی هەبێ، دەبێ بۆ لە نێو بردنو زایەکردنی ماڵو کەرەسەی رێژیم هەنگاو هەڵێننەوە. زەرەر پێ گەیاندن هەتا ئاگر تێ بەردانی ئەو شوێنانە کە لە خزمەتی بەرێوە بردنی سیاسەتەکانی رێژیم دان کارێکی گرینگە بە تایبەتی ئەو بنکەو بنیاتانە کە بۆ بەرێوە بردنی بەرنامەی شەڕ دژی پێشمەرگە کەڵکیان لێ وەردەگیرێ.

بە کورتی دەبێ تێ بکۆشین کە لە هەر جێگایەك لە گوندو لە شار، مزگەوتو شەقام، وەرزشگاو مەدرەسە، نەخۆشخانەو ئیدارە، کارگەو کاراژو هەموو شوێنە گشتییەکان هەر کەس بە گوێرەی تواناو ئیمکان لە پێناوی ئازادیو بەختەوەریی گەلەکەیدا ئەرکێك بەرێوە بەرێو ئەنجامی بدا.

گومان لەوەدا نیە كە گەلی قارەمانو سەرفیرازی كورد توانای ئەوەی هەیە كە دوژمنانی خۆی بە چۆكدا بێنێ. با توانای هەموومان لێك هاڵێین، با رووبارەكان تێكەڵ بنو ببنە شەپۆلی بەهێزی دەریا كە لووتكەی شەقو شڕو سەرلێشێواوی دوژمن لە ژێر تەوژمی خۆیدا نوقم بكا.

ئەم وتارە رێكەوتی ١٣٦٥/١/٣٠ لە رادیۆ دەنگی كوردستانی ئێرانەوە بڵاو كراوەتەوە.

# یەكەمی مانگی مای، رۆژی كرێكارانی جیهان

رۆژی ١١ی مانگی بانەمەڕی هەر ساڵ بەرامبەر بە یەكەمی مانگی "مای" میلادی بە رۆژی كرێكار دەناسرێ. راست ١٠٠ ساڵ لەمەو بەر یانی لە ساڵی ١٨٨٦ی میلادی لەم رۆژەدا كرێكارانی شاری "شیكاگۆ" لە ئەمریكا بۆ وەرگرتنی هێندێك لە مافەكانیان كە یەكێك لەوان ٨ سەعات كار لە رۆژدا بوو، خۆپیشاندانێكیان وەڕێ خست. بەڵام ئەو خۆپیشاندانە بە ئەمری سەرمایەداران لە لایەن پۆلیسەوە بە توندی سەركوت كراو بە تەقەكردن لە كرێكارانی خۆپیشاندەر ژمارەیەكیان لێ كوژراو بریندار كرا.

٣ ساڵ پاش ئەو جەرەیانە یانی لە ساڵی ١٨٨٩ی میلادیدا لە كۆبوونەوە بۆ پێكهێنانی "ئەنتەر ناسیۆناڵ"ی دووهەمدا لە سەر پێشنیاری "ئەنگلیس" ئەم رۆژە وەك رۆژی جیهانیی هاوپێوەندیو هاوخەباتیی كرێكاران دیاری كرا. ئێستا كە سەد ساڵ لەو رۆژە ڕادەبرێ خەباتی كرێكارانی جیهان بۆ ئەستاندنی مافەكانیان بە دژی سەرمایەداریی چەوسێنەر رێگایەكی دوورو درێژی بڕیوەو سەركەوتنی بە دەست هێناوە.

لە لایەك بە دوای شۆڕشی مەزنی ئۆكتۆبردا كە بوو بە هۆی پێكهاتنی حكوومەتی گەورەی سوسیالیستیی یەكیەتیی شووڕەوی، كرێكاران بۆ یەكەم جار بە رەسمی دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرتو حكوومەتێكی سوسیالیستییان پێك هێنا كە لەو دا حكوومەت بە پێی ئۆسووڵو بە رەسمی نوێنەری ئەوانە. ئەو شۆڕشە مەزنە هەروەك دەزانین بوو بە سەرتایەكی نوێ لە جیهاندا بە جۆرێك ئەمڕۆ زیاتر لە یەك بەش لە ٣ بەشی جیهاندا حكوومەتی سوسیالیستی دامەزراوە.

لە لایەكی دیكە لە وڵاتانی سەنعەتی‌و سەرمایەدارییش‌دا چینی كرێكار وەك چینی هەرە ئەساسیی كۆمەڵ هێزو توانای خۆی بە روونی نیشان داوەو رۆژ بە رۆژ زیاتر مافو ئازادی‌یەكانی خۆی لە سەرمایەداری دەستێنێ‌و بەرەو پێش دەڕوا.

لە نەتیجەدا كرێكاران‌و زەحمەتكێشان ئەمڕۆ لە جیهان‌دا نەك هەر خۆیان بە شانازی‌و سەربەرزی‌یەوە وەك هێزی بەرهەم هێنەر كە هێزی ئەساسیی كۆمەڵی مرۆڤایەتی‌یە ناساندوە، بەڵكوو بە كردەوە سەلماندوویانە كە داهاتوو هی ئەوانەو دنیا رۆژ بە رۆژ خێراترو لێبڕاوانەتر بەرەو لە نێو چوونی زوڵم‌و زۆرو چەوسانەوە دەچێ.

ئەم راستی‌یە بە تایبەت كاتێك روون‌ترو گرینگ‌تر دێتە بەرچاو كە بزانین گەلانی ژێردەست‌و ستەم لێكراوی جیهانیش بە گشتی لە خەباتی بێ پسانەوەی خۆیان بۆ ئازادی‌و بەختەوەری‌دا هێزی كرێكاریی جیهان بە هاوپەیمان‌و هاوخەباتی خۆیان دەزانن‌و دەست لە نێو دەستی یەك‌و پشت بە پشتی یەك، وڵاتانی سوسیالیستی، چینی كرێكاری وڵاتانی سەرمایەداری‌و جووڵانەوەی رزگاریخوازیی گەلانی جیهان بەرەو ساز كردنی دنیایەكی ئازادو دوور لە زوڵم‌و زۆرو چەوسانەوە هەنگاو هەڵدێننەوە. لە سایەی سەركەوتنە گەورەكانی زەحمەتكێشان‌دا كە ئیشارەمان پێ كرد، ئێستا رۆژی یەكەمی مانگی مای وەك رۆژی هاوپێوەندی‌و یەكگرتوویی كرێكاران بە رەسمی لە لایەن زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە دەناسرێ‌و جێژن دەگیرێ. لەم رۆژەدا كرێكارانی جیهان بە داخستنی كارخانەكان‌و هەموو بنكەو بنیاتەكانی كرێكاری لە ریزی یەكگرتووو یەكپارچەدا وەڕێ دەكەون‌و خۆپیشاندان ساز دەكەن.

راست لە وەزعێکی ئاواو لە هەلومەرجێکی گرینگی جیهانیی ئەوتۆدا کە لە ئێراندا ڕێژیمێکی کۆنەپەرستی پاشکەوتوو وەك ڕێژیمی ئاخوندی کە لە تاریکایی سەدانو هەزاران ساڵ لەمەو بەرەوە سەری هەڵداوە، باڵی ڕەشی بە سەر هەموو خەڵکی ئێراندا کێشاوەو بە دڕندانەترینو سەرەتاییترین شێوە کرێکاران، زەحمەتکێشانو هەموو گەلانی ئێران دەچەوسێنێتەوە.

کرێکارانی جیهان ئەمڕۆ سەد ساڵ پاش ڕاپەڕینی کرێکارانی شیکاگۆ لە حاڵێکدا ڕۆژی یەکەمی مانگی مای جێژن دەگرن کە لە ئێراندا کرێکاران لە ئاساییترین ماف بێ بەشنو زۆر خراپتر لە کرێکارانی قەرنی ڕابردوو زوڵمو ستەمیان لێ دەکرێ.

لە ئێرانی ئاخوندیدا زۆربەی زۆری کارگاکان داخراونو لە نەتیجەدا بێکاری دەردی هەرە سەرەکیی کرێکارانو زەحمەتکێشانی ئێرانە. ئەگەر بەو بێکارییە گرانییەکی بێ وێنەش کە ئەمڕۆ لە گۆڕی دایە زیاد بکەین، ئینجا بۆمان دەردەکەوێ کە زەحمەتکێشانی وڵاتەکەمان لە چ وەزعێکدا دەژین. حکوومەتی دیکتاتۆرو سەرەڕۆی ئاخوندی لە لایەکی دیکە بە لە نێو بردنی هەموو ئازادییە دێموکراتییەکان حەقی هەر جۆرە ڕەخنەو خۆپیشاندانێکی لە خەڵك بڕیوە، بە جۆرێك کە تەنانەت باسی کرێکارو مافی کرێکارانیش بە ناوی ئیسلامەتی، تاوان دەژمێردرێ. وەزعی گەلانی ئێرانیش کە باش لەبەر چاومانەو دەبینین کە چۆن گەلی کورد بە تاوانی داخوازی سەرەتاییترین مافەکانی ئینسانیی خۆی سەرکوت دەکرێو قەتڵو عامی لە نێو دەخرێ.

ئاشکرایە کە لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا تەنیا ڕێگا بۆ ڕزگار بوون، یەکگرتوویی زەحمەتکێشان، کرێکارانو گەلانی ستەم لێکراوی ئێرانو خەباتی

یەكدەنگو یەك پارچەیان بە دژی رێژیمی ئاخوندی‌یە. كرێكارانی ئێران لە لایەك پێویستە خۆیان بە بەشێك لە كرێكارانی جیهان بزانن كە ئەوە بێگومان هەم دەبێتە هۆی وشیار بوونەوەی زۆرترو ئاگاداریی پتریان لە سەر مافەكانیان‌و هەم تێیان دەگەیەنێ بە تەنیا نین‌و هێزی یەكگرتووی هەموو كرێكارانی جیهانیان لە پشتە. لە لایەكی دیكەش دەبێ هاوپەیمانی تەبیعیی خۆیان كە گەلانی ستەم لێكراوی ئێرانن، باشتر بناسن‌و بزانن كە یارمەتیدان بە خەباتی گەلی كورد بەشێك لە خەباتی خۆیان بۆ گەیشتن بە مافە رەواكانیانە. جووڵانەوەی كرێكاریی جیهان بە درێژایی ئەو ساڵانەی ڕابردوو نیشانی داوە كە كرێكاران‌و زەحمەتكێشان‌و گەلانی ژێردەست بۆ رزگاری‌و گەیشتن بە مافە ڕەواكانیان یەك رێگایان پتر لە پێش نیە، ئەویش بریتی‌یە لە پشت ئەستوور بوون بە هێزی خۆیان كە ئەویش لە پێش هەموو شتێكدا بە یەكگرتوویی‌و هاوپێوەندی پێك دێ.

پیرۆز بێ جێژنی یەكەمی مانگی مای، رۆژی یەكگرتوویی‌و هاوپێوەندیی كرێكارانی سەرانسەری جیهان

سەركەوێ خەباتی یەكگرتووی هەموو چەوساوەكان‌و ستەم لێكراوانی جیهان بۆ رزگاری‌و بەختەوەری

بڕۆخێ رێژیمی كۆنەپەرستو دژی گەلیی ئاخوندیی ئێران

ئەم وتارە رێكەوتی ١٣٦٥/٢/١١ لە رادیۆ دەنگی كوردستانی ئێرانەوە بڵاو كراوەتەوە.

# له نیزامی ئاخوندیدا قانوون چیه؟

به دوای هەڕەشەکانی خومەینی له حەوتووی ڕابردوودا که ئێمه له وتارێكدا باسمان کرد، هەروەك چاوەڕوان دەکرا به پێی عادەت دارو دەستەی کاربەدەست وەکار کەوتن‌و دەستیان به شیکردنەوەو مانا لێدانەوەی فەرمایشەکانی جەنابی ئیمام کرد. لەو نێوەدا ڕەفسەنجانی به پێی عادەت کلکە سووتەی له هەمووان زیاتر کردو ڕووهەڵماڵاویی گەیاندە ئەوپەڕی خۆی. بەڵام ڕەفسەنجانی هەر لەو حاڵەدا زۆر شتی باس کرد که نیشاندەری وەزعی شپرزی ڕێژیم‌و دەوڵەتە بێ ئیختیارو سەر لێشێواوەکەیەتی. ئەو شتانەی ڕەفسەنجانی به ئیشارە باسیان دەکا له ڕاستی‌دا هەر ئەو ڕاستی‌یانەن که ئێمه به داییم قامکمان له سەر داناون‌و بۆ نیشان‌دانی نێوەڕۆك‌و وەزعی ڕاستەقینەی ڕێژیم وەك بەڵگەو دەلیل هێناومانن‌ەوە. هەر بۆیە چاوخشاندنێك به قسەکانی ڕەفسەنجانی‌و وتارێکی ڕادیۆ تاران که له سەر قسەکانی ڕەفسەنجانی بڵاو کراوەتەوە بۆ خۆی وەك ئەوەیە که سەرو بنێکی وەزعی ڕێژیمان کردبێ‌و به گشتی ڕووی ڕاستەقینەی دزێوی دەسەڵاتدارەتیی ئاخوندەکانمان له زمان خۆیانەوە بیستبێ.

ڕەفسەنجانی له قسەکانی له مەجلیس‌دا گوتی: "ئەو کەسانەی ڕووی قسەکانی ئیمامیان لێیە، هێندێکیان لێرەن." یانی ڕەفسەنجانی به ڕاشکاوی هەڕەشە له نوێنەرانی مەجلیس دەکا که زمانیان درێژەو ئەگەر نایانەوێ بکەونە بەر شەپۆلی تووڕەیی ئیمام، دەبێ زاری خۆیان ببەستن! جا له وڵاتێکدا که نوێنەری مەجلیس (که به پێی ئوسووڵ نوێنەری خەڵکەو ئەرکی ئەوەیە

كاروباری دەوڵەت لە ژێر چاوەدێری بگریٚو تەنانەت ئەگەر دەوڵەتی پیٚ باش نەبوو، بیگۆڕیٚ) هەڕەشەی لیٚ دەكریٚ كە بێدەنگ بیٚو سەبارەت بە دەوڵەت قسەی زیادی نەكا، دیارە كە خەڵكی دیكە چۆن رەفتاریان لەگەڵ دەكریٚ؟

رادیۆ تاران لەم بارەیەوە دەڵیٚ: "بە داخەوە هەر لە رۆژەكانی هەوەڵی دەست پیٚكرانی كاری دەوڵەتەوە رێنوێنییەكانی رێبەری ئینقلاب خێرا لە بیر چوونەوەو جەوسازیو جەبهەبەندی دژی دەوڵەت جێگای هەڵوێستی ئوسووڵیی برایانەی گرتەوە". ئەم قسانە نیشان دەدەن كە وەزع ئێستا وای لیٚ هاتوەو دوو بەرەكی وا توندە كە جار جار قسەكانی ئیمامیش وەك با دێنو دەڕۆنو گرینگییەكی ئەوتۆیان لە لایەن كاربەدەستانەوە پیٚ نادریٚ. جا چ شتێك لەوە باشتر شپرزە بوونو لێك هەڵوەشانی دامودەزگای رێژیمی ئاخوندی بە سەرۆكایەتیی ئاخوندی گەورە نیشان دەدا؟

رەفسەنجانی پاش ئەوەی دەڵیٚ: "ئیمام هەر قسەیەك دەیكا لە رووی حیسابەوە دەیكاو دواییەكەی لەبەر چاو دەگیریٚ." یانی پیٚتان وانەبیٚ ئەو هەڕەشانەش هەر بان!، بە یەكجاری پەردە لە سەر هەتیو لادەباو دووكانی ئازادیو دێموكراسی بە سووكو هاسانی تەختە دەكاو دەڵیٚ: "ئێستا رەنگە دوژمنان ئەم مەسەلەیە بەرنەوە سەر ئازادیی بەیانو دێموكراسیو ئەو جۆرە قسە بیٚ مانایانە." یانی بە نەزەری جەنابی رەفسەنجانی دێموكراسیو ئازادیی بەیانو شتی وا هەموو قسەی بیٚ مانان كە دیارە ئێمە دەمانزانیو دەزانین كە نەزەری ئاخوندەكان لەم بارەیەوە چۆنە، بەڵام ئاوا بە ڕاشكاوی ئیقرار پیٚكردن، بە ڕاستی روو هەڵماڵاویی دەویٚ.

بە دوای ئەو قسانەدا ئەمجار جەنابی رەئیسی مەجلیس ئیقرار بە هێندێك ڕاستیی دیكە دەكا كە هێندێكیان بریتین لە: "ئێمە ئێستا نزیكەی ٢ بەش لە ٣ بەشی داهاتی ئەرزیی ئێران بۆ شەڕ خەرج دەكەین، پتر لە نیوەی بوودجەی

ولآت كه له مەجلیسدا پەسند کراوە، بۆ شەڕ تەرخان دەکرێ، ئیمکاناتی وەزارەتخانەکان وەردەگرینەوەو دەیدەین بە شەڕ! کەوابوو حەتمەن ولآت کەموکووڕیی زۆری دەبێ."

هەروەك دەبینین قسەکانی ڕەفسەنجانی هێندە ڕوونو ئاشکران کە هیچ مانا لێدانەوەو ڕوون کردنەوەیەکیان پێویست نیە. بۆ خۆی دەڵێ کە چۆن هەموو شتێکیان بۆ شەڕ تەرخان کردوەو ولآتیان تووشی کەموکووڕی کردوە.

ڕەفسەنجانی تەنانەت برێك زیاتر لە سەر وەزعەکە دەڕواو دەڵێ: "دیارە ئەگەر شەڕ بیهەوێ بەم پانو بەرینییەوە بەرێوە بچێ، ژیانی ڕۆژانەی خەڵك بە ناچار تووشی زۆر کەموکووڕی دەبێ، سووتەمەنی کەم وەگیر دەکەوێ، ئیمکانی هاتوچۆو هێنانو بردنی شتوومەك نامێنێ، گەلآڵەو بەرنامە بۆ ئاوەدان کردنەوەی ولآت لە گۆڕیدا نابێو زۆر لەم شتانە! ئەوانە شتێك نین کە ئێمە بۆ خۆمان نەزانین، چونکە لە مەجلیس داینو ئامارو ئەرقاممان لەبەر دەست دایە."

ڕەفسەنجانی پاش پێڵێنان لەم ڕاستییانە کۆتایی بە قسەکانی دێنێو دەڵێ: "هەموومان دەبێ پشتیوانی لەم شەڕە بکەین، ئینشائەڵڵا پاش تەواو بوونی شەڕو ئاوەدان کردنەوەی ولآت زەمانێکیش دێ کە هەر کەس هەرچی هەیەتی مافی ئەوەی هەبێ کە بیڵێ.

بەڵێ گوێگرە خۆشەویستەکان! هەروەك دەبینینو لە زمان دەمڕاستی هەرە گەورەی ڕێژیمی ئاخوندی دەبیسین، هەموو ئێمکاناتی ولآت بۆ درێژە پێدانی شەڕ تەرخان کراوە کە لە نەتیجەدا کەموکووڕییەکی یەکجار زۆر لە هەموو بارێکەوە لە ولآتدا هەیە، بەلآم هیچ کەس مافی ئەوەی نیە ڕەخنە بگرێو دەنگی هەڵێنێ. هەر کەسێك ئیراد بگرێو ڕەخنەیەك نەك لە ئیمام، بەڵکوو

تەنانەت لە دەوڵەت بگرێ ـ ئەگەر نوێنەری مەجلیسیش بێ ـ، زمـانی دەبڕدرێو دەنگی لە گەروودا خەفە دەكرێ.

بـە فەرمایشـی ئیمـامو دارو دەسـتەكەی هـەتا شـەڕ هـەبێ، وەزعیـش هـەروا دەبێ. بەڵام خومەینیو دارو دەستەكەی بە هیچ جـۆر بـۆ لای یـەك شـت نـاچن. ئەویش ئەوەیە كە باشە بۆچی دەبێ ئەو شەڕە هەروا درێـژەی هـەبێ هـەتا ئـەو هەموو كەموكووڕییەش لە گۆڕێدا بێ؟

بە وتەیەكی دیكە ڕاستە كە ئەگەر وڵاتێك لە شەڕدا بێ، هەڵبەت كـەموكووڕی لە گۆڕێدا دەبـێو هەڵبـەت دەبـێ لـە حـاڵی شـەڕدا گـێرەو كێشـەی نێوخۆیـیو وردەگلەیی نەمێنێو یەكیەتیو یەكگرتووییو یەكدەنگی هـەبێ. بـەڵام پرسـیاری هەرە ئەساسی ئەوەیە كە پێویستیی درێژەدانی ئەو شەڕە چیە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەساسییە، هەر وەك دەبینین نە ڕەفسـەنجانیو نـە ئـەوانی دیكـە هیـچ قسـەیەكیان نیـە! لـە ڕاسـتییشدا لـە نـیزامێك وەك نـیزامی ویلایـەتی فەقیـهیدا نـەك بـۆ ئـەم پرسـیارە، بـەڵكوو بـۆ زۆر پرسـیاری گرنگـی دیكەش قەت وەڵام نابێ. ئەوە مەیلو داخوازی ئیمامـەو بـەس. هـەموو كەسـێك دەبێ بە بێ پرسیار پەیرەوی لە مـەیلو داخـوازی ئیمـام بكـا. ئەمەیـە قـانوونی ئەساسی لە ڕێژیمی ولایەتی فەقیهیدا.

ئەم وتارە ڕێكەوتی ١٣٦٥/٦/١٦ لە ڕادیۆ دەنگی كوردستانی ئێرانەوە بڵاو كراوەتەوە.

# جێگای تایبەتیی هەر کەس لە جووڵانەوەدا

ئەگەر بمانەوێ لە نێو تایبەتمەندییەکانی جووڵانەوەی ئەمڕۆی کوردستاندا یەکێکیان وەك گرنگترینو بەرچاوترین تایبەتمەندی هەڵبژێرین، بێگومان ئەم تایبەتمەندییە "گشتی بوون" یان "گەلی بوون"ی جووڵانەوەیە. جووڵانەوەی کوردستان جووڵانەوەی تاقمێك یان چینو توێژێکی تایبەتی بۆ داخوازێکی تایبەتی نیە. ئەم جووڵانەوەیە جووڵانەوەیەکە بۆ ئازادی، بۆ رزگاری لە ژێردەستیو بۆ گەیشتن بە سەرەتاییترین مافی ئینسانی. ئەمانە ئاواتو ئارەزووی هەموو کۆمەڵ، یانی هەموو ئەندامانی کۆمەڵی کوردەواری لە ژنو پیاوو وردو درشت لە شارستانیو لادێییو لە دەوڵەمەندو هەژارن. هەر بۆیە جووڵانەوەش جووڵانەوەیەکی گشتیو گەلییە. چونکە ئامانجو مەبەستەکانی ئامانجو مەبەستی گشت خەڵکی کوردستانو گەلی کورد بە گشتییە.

ئاشکرایە کە کاتێك جووڵانەوەیەك گەلی بێ، یانی ئامانجو داخوازەکانی ئامانجی گشتیی هەموو گەل بێ، لەو لاشەوە بەشداریی لە جووڵانەوەو تێکۆشان بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی جووڵانەوە دەبێتە ئەرکێکیی گشتی، یانی ئەرکی هەموو ئەفرادی گەل. بە وتەیەکی دیکە ئەگەر لە سەر بەشداریی خەڵکی کوردستان لە جووڵانەوەی ئازایخوازیی ئەمڕۆی کوردستاندا پرسیار بەم جۆرە بێتە گۆڕی کە: ئەم بەشدارییە ئەرکی کێیە؟ بە بێشك وەڵامەکەی ئەمەیە کە ئەرکی هەموو کەس، یان هەر کەسێك کە چووکترین هەستی ئازادیخوازی و نیشتمانپەروەریی هەبێ.

کاتێك مەسەلەیەك هەموو ئەفرادی کۆمەڵ دەگرێتەوە، هیچ کەس بە هیچ بەهانەیەك مافی ئەوەی نیە خۆی لێ لابداو ئیددیعا بکا کە لەو مەسەلەیەدا بێ

لایەنە. ئەگەر وڵاتو نیشتمانی گــەلێك بكەوێتــە بــەر هێرشــی دوژمنــی خــاریجیو بەشێك یان تەواوی ئەو وڵاتە لــە لایــەن ئــەو دوژمنــە جاریجییــەوە داگیر بكــرێ، چۆن كەسێك كە خۆی بە خەڵكی ئەو وڵاتە دەزانێ دەتوانێ خۆی لە ئــەنجامدانی ئــەركی سەرشــانی كــە بەربــەرەكانی لەگــەڵ دوژمــنو خــەبات بــۆ ئــازاد كردنــی نیشتمانەكەیەتی بپارێزێو بڵێ كــە بــێ لایــەنم؟ لــە حــاڵێكدا دەبینــین كــە وڵاتــی ئێران بــە گشــتی كەوتۆتــە بــەر چنگــاڵی بــە خوێنــی هێندێك كۆنەپەرستی دژی هەموو مافو ئازادییەكی ئینسانیو لەو نێــوەدا گــەلی كــورد بــە تایبــەتی بــە بــێ بەزەییانــەترینو دڕندانــەترین شــێوە دەچەوســێتەوەو زوڵمــی لــێ دەكــرێو لــە وەڵامی ویستی ڕەوای ئازادیدا سەركوت دەكرێ. چلۆن كەسێك كە ئــێرانی بــێو كورد بێ ئیددیعا دەكا كە ئەمن كارم بە هیچ نیەو هیچ نابینمو هیــچ نــازانمو هیــچ هەســت پــێ ناكــەم؟ ئێمــە كــە وەك خـــەڵكی ئــێران بـــە گشـــتیو وەك خـــەڵكی كوردستان بە تایبــەتی هــەم ڕێژیمــی نگریســی دیكتــاتۆری شــامان دیتــوەو هــەم ئێستا ڕێژیمی ڕەشو سەرەڕۆو دژی ئینسانیی ئاخوندی دەبینین، چۆن دەتوانین لە یەكێك قبوڵ بكەین كە بڵێ من كارم بە سیاسەت نیە، هیچ شتێك لە نێوەڕۆكو لە كردەوەی ڕێژیم سەرنجم ڕاناكێشێو تێكۆشان بۆ ڕزگاری لە ژێــر بــاڵی ڕەشــی سەرەڕۆییو زۆڵمو زۆر بە ئەركی خۆم نازانم؟

كەوابوو بەشــداری لــە جووڵانــەوەی ڕزگــاریخوازیی ئــەمڕۆی كورســتاندا یــانی جووڵانەوە بۆ ئازادیو دێموكراسی. جووڵانەوە بۆ هاتنـــە دەر لــە ژێــر چــەپۆكیو ژێردەستی ئەركی هەموو خەڵكی كوردستانو هەموو كوردێكی بەشەرەفە. بـــەڵام دیارە ئەمە بە هیچ جۆر بەو مانایە نیە كــە شــێوەی ئــەو بەشــدارییە بــۆ هــەموو كــەس وەك یەكــە. بــە وتەیــەكی دیكــە هــەر كەســێك كــە خــۆی بــە كوردێكــی شــەرافەتمەندو نیشــتمانپەروەر دەزانــێ، دەبــێ لــەم جووڵانـــەوە پـــیرۆزەی

ئـەمڕۆماندا بەشداری بکـا. بـەڵام هـەر کـەس بـە شـێوەی خـۆیو بـە گوێـرەی ئیمکاناتو توانای خۆی.

جووڵانـەوەی کوردسـتان ئـەمڕۆ لـە بـەرزترین پلـەی خـۆیدا کـە خـەباتی چەکدارانەیە بـەرێوە دەچـێ. شـێوەی خـەباتی چەکدارانـە هـەر لـەو کاتـەدا کـە پڕشکۆترینو بەرزترین شێوەی خەباتە، دژوارترین شێوە بـە حیسـاب دێ. بۆیـە ئەگەرچی هەموو کەس ئەرکی سەرشانیەتی کـە لـە جووڵانـەوەدا بەشـداری بکـا، دیارە کـە هـەموو کـەس ناتوانـێ بـە شـێوەی چـەکدار ئـەرکی خـۆی بـە ئـەنجام بگەیەنێ.

لە راستیدا ئەگەر وردتر مەسـەلەکە شـی بکەینـەوە، خـەڵکی کوردسـتان لـە هەلومەرجی ئەمڕۆی خەباتدا لـە دوو دەسـتە پـتر نـین. دەسـتەیەك کـە خۆیـان فرۆشتوەو شەرافەتو کەرامەتو هەستی نیشتمانپەروەریو کوردایـەتیی خۆیـان بـە تـەواوی لـە پێنـاوی پـارەو دنیـاو مـەقام نـاوە، ئێمـە لـە بـارەی ئەوانـەدا قسەیەکمان نیە، ئەوانە لە هەر لیباسێکدا بنو بە هەر جۆرێك قسـە بکـەنو هـەر بەهانەیەك بێننەوە، لە هەر حـاڵدا خـائینو خۆفـرۆش بـە حیسـاب دێـن. ئەوانـە ریزی خۆیان لە ریزی گەل بە ئاشکرا جیا کردۆتەوەو گەلیش دیارە دەبێ ئەوانـە لە ریزی خۆیدا بە تـەواوی وەدەربنـێو وەك خـائین چاویـان لـێ بکـا. هـەروەك گوتمان ئەوانە لە کاتو ساتی خۆیدا پێویستە بە سزای خەیانەتی خۆیان بگەنو هیچ بەهانەیەکیان لەم بارەیەوە لـێ قبووڵ نەکرێ، جـا لـە هـەر لیباسـێکدا بـنو هەر مەقامێکیان هەبێ.

غەیری ئەم دەستەیە لە خەڵکی کوردستان ئەوەی دەمێنێتـەوە لـە دەسـتەی دووهەمە، یـانی ئەوانـە کـە ئـەرکی بەشـداریان لـە جووڵانـەوەدا لـە ئەسـتۆیەو پێویستە بەش بەحاڵی خۆیانو بە گوێرەی تواناو ئیمکاناتی خۆیـان ئـەم ئەرکـە

بەرێوە بەرن. تواناو ئیمكاناتیش زۆرو زەوەندو جۆراوجۆرە كە ئێمە لە زۆر وتاردا باسمان كردوون‌و لە هێندێك هەلومەرجدا هێندێك شێوەی گرینگ‌و بەرچاومان ئیشارە پێ كردوە. مەبەستمان لەم وتارەدا زۆرتر روونكردنەوەی ئەم ئەسڵەیە كە لە بەینی ئەو دوو دەستەیەدا، دەستەی دیكە یانی دەستەی بێلایەن نیەو ناتوانێ ببێ. بێلایەن لە بەرامبەر زۆڵم‌و زۆر، لە بەرامبەر چەوسانەوەو كوشتار، لە بەرامبەر كۆنەپەرست‌و سەرەڕۆ چۆن دەبێ؟ یان كەسێك هەستی ئینسانیی هەیە كە لەو حاڵەدا ناتوانێ لە بەرامبەر خەیانەت‌و جینایەت‌و زۆڵم‌و سەرەڕۆییدا بێ لایەن بێ، یان هیچ هەستێكی نیە كە لەم حاڵە لە ئینسان بوونی‌دا شك‌و گومان هەیە.

هەروەك بە ڕاشكاوی گوتمان، مومكینە هێندێك كەس بەهانە بێننەوە كە توانای بەشداری لە خەباتی توندوتیژو دژواری چەكدارانەیان نیە. لە وەڵامی ئەم جۆرە كەسانەدا دەبێ بڵێین كە لە پێش هەموو شتێكدا دەبێ روونی بكەنەوە كە بۆچی ئەو توانایەیان نیە؟ ئەوانەی كە لەو شێوە خەباتەدا بەشداری‌یان كردوەو دەكەن، چی‌یان هەیە كە ئەوان نیانە؟ یانی بە راستی ئەگەر كەسێك ئیددیعا بكا كە ناتوانێ بە ئاشكرا بێتە ریزی شورشگێران‌و هەموو وەخت‌و ئیمكاناتی خۆی بۆ خەبات تەرخان بكا، دەبێ بۆ ئەم ئیددیعایەی دەلیلی روون‌و قابیلی قبووڵی هەبێ. ئەگینا چ دەلیلێك هەیە كە ئەم بەهانەیە بۆ پاكانەو خۆ بواردن ناهێنێتەوە؟ بە دوای ئەوەدا، یانی كاتێك روون بێتەوە كە كەسێك بە راستی ناتوانێ لە خەباتی چەكدارانەدا بەشداری بكا، ئەو دەم هەر بە گوێرەی وەزعی تایبەتی خۆی ناتوانێ ئەركێكی تایبەتی دیكە بۆ بەشدار خۆی لە خەباتدا دیاری بكاو ئەم ئەركە بە سەربەرزی‌یەوە بەڕێوە بەرێ‌و شانازیی پێوە بكا.

جیا لەو دەستەو تاقمانەی كە باسمان كردن، كەسانێكیش هەن كە بە قسە، خۆیان لە هەموو كەس نیشتمانپەروەرترو شۆڕشگێرتر دەناسێنن، بەڵام بە

کردەوە خزمەت بە رێژیمی زۆردار دەکەن‌و فەرقێکی ئــەوتۆیان لەگـەڵ دەسـتەی یەکەم یانی خائینانی بە ئاشکرا نیە.

ئەم وتارە رێکەوتی ١٣٦٥/٧/٢٧ لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانەوە بڵاو کراوەتەوە.

# هێزی ئەساسیی جووڵانەوە

هێزی ئەساسیی جووڵانەوەی كوردستان لە چ دایە؟ ئەمە پرسیارێكە كە ئەگەرچی مومكینە زۆر كەم ئاواو بەم جۆرە بێتە گۆڕێ، بەڵام بێگۆمان لە فكری هەموو كەس دایە، لە فكری دوژمن، لە فكری دۆستو تەنانەت لە فكری خۆشماندا كە بە كردەوە لە ریزی جووڵانەوە داین.

لە پێشدا ئەوە بڵێین كە كاتێك باسی هێزی جووڵانەوەی كوردستان دەكەین، ئەمە دروشمێكی بێپایەو مایە نیە كە هەروا بە سەر زارماندا بێ. هێزی جووڵانەوەی كوردستان راستییەكی روونو حاشالێ نەكراوە كە "آثار"و شوێنەواری زۆر بە جوانیو بە ئاشكرایی لەبەر چاوە. ئەم هێزە پتر لە هەموو شتێك لە درێژەكێشانو مانەوەدا خۆی دەنوێنێ. لە درێژەدان بە خەباتو تێكۆشانی دژوارو لە مانەوەو ڕاوەستانی قایمو قورسو پتەو لە گۆڕەپانی حەماسە خولقاندنو نەبەزیدا.

بۆ نیشاندانی گرینگیی ئەم مانەوە لە مەیداندا باشترە جارێ هێزەكانی دیكەی ئێرانی وەلانێین كە لە درێژایی ساڵانی ڕابردوودا هەركامەی بە نۆبەی خۆیان هاتوونە مەیدانی خەباتو تێكۆشان، بەڵام پاش ماوەیەك ئەستێرەی گەشیان بەرەو ئاوا بوون ڕۆیشتوە، بە جۆرێك كە ئێستا لە سەرانسەری ئێراندا وەزعەكە بەم جۆرەیە كە دەیبینینو پێویست بە قامك لەسەر دانان ناكا. با چاوێكی خێرا بخشێنینە جووڵانەوەكانی كورد بە درێژایی مێژوو، بە تایبەت لەم دووسەد ساڵەی دواییدا. راستی ئەوەیە كە كورد جووڵانەوەی زۆر گەورەو بەرینی بە تایبەت لە ١٥٠ ساڵی دوایی دا هەبووە كە لە كاتی خۆیاندا جێگای هیواو هۆمێدێكی یەكجار زۆر بوونو فیداكاریو قارەمانەتیی گەورەیان تێدا

نواندوه. بەڵام دەزانین‌و دەیبینین کە ئەم جووڵانەوانە نەك هەر بە ئاکامی هیوا لێ کراو نەگەیشتوون، بەڵکوو پاش ماوەیەك بە تەواوی لە نێو چوون‌و تەنیا ناوێکیان لە مێژوودا ماوەتەوە. جووڵانەوەکانی بەدرخان، میری ڕەواندز، شێخ عۆبەیدوڵڵای نەهری لە چەرخی ڕابردوودا‌و جووڵانەوەکانی شێخ سەعیدی پیران، ئارارات، دەرسیم‌و شێخ مەحموودی نەمر لەم چەرخەدا هەموویان نیشانەی ئەو پەڕی فیداکاری‌و ئازایەتین، بەڵام نەك هەر سەرنەکەوتن، بەڵکوو پاش شکستێك کە بە سەریاندا هات، بە یەکجاری کۆتایی‌یان پێ هات‌و چرای هەڵکراویان بە تەواوی کوژایەوە. لە حاڵێکدا کە جووڵانەوەی کوردستانی ئێران لە ٤٠ ساڵ لەمەوبەر پاش پێکهێنانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بە دەست ڕێژیمی بەستراوە بە ئیمپریالیزمی پاشایەتی تووشی شکست هات، بە هیچ جۆر چراکەی بە یەکجاری نەکوژایەوە، ئەم جووڵانەوەیە کەم‌وزۆر جارجار بە توندی‌و گەشەداری‌و جارجار بە ئەسپایی‌و بە نهێنی، بەڵام بە هەر حاڵ بێ پسانەوە‌و بێ وچان بە درێژایی ساڵانی خۆش‌و ناخۆشی هەر درێژەی کێشاوە، ئێستاش هەر ئەو جووڵانەوە کە پتر لە ٤٠ ساڵ لەمەو پێش لە دایك بووو وەڕێ کەوت، ئەوە پتر لە ٧ ساڵە لە بەرامبەر یەکێك لە دڕندەترین هێزەکانی سەرکوتکەری دژی ماف‌و ئازادیی گەلی کورد ڕاوەستاوە. ڕاوەستانێك کە جێگای شانازی بۆ هەموو گەلی کوردو بۆ هەموو گەلانی ئێرانە. ڕاوەستانێك بەرامبەر بە ڕێژیمێك کە پتر لە ٢٠٠ هەزار کەسی بە هەموو چەك‌و چۆڵ‌و ئیمکاناتەوە لە کوردستان جێگیر کردوەو، لە بە کوشت دانی گیانی ئەفرادی خۆیدا چووکترین دوو دڵی‌و دەست ڕاگرتنی نیە. ئەمە ئەگەر نیشانەی بە هێز بوونی جووڵانەوەی کوردستان نەبێ، چیە؟

کەوابوو هەر وەك بە کورتی ئیشارەمان پێ کرد "آثار"و نیشانەی بەهێز بوونی جووڵانەوەی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات دیارن‌و پێویست بە بەڵگەو دەلیل هێنانەوە لەم بارەیەوە ناکا. ئەوەی جێگای باس‌و

لێكۆڵینەوەیە ئەوەیــە كـە ئـەم هـێزە لـە چڕا دێو پایـەو بناغـەی لـە سـەر چـی داكوتاوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە ئەگەر بمانەوێ لە یەك جوملـەدا بدەینـەوە ئەوەیـە كـە جووڵانەوەی ئەمڕۆی كوردستانی ئێران بە رێبەرایـەتیی حـیزبێكی سیاسـیی وەك حـیزبی دێموكــرات بــەڕێوە دەچــێ، نــەك بــە رێبەرایــەتیی مــیرێكو ســەرۆك عەشیرەتێك یان شێخێك. بـەڵام مانـای روونـی ئـەم قسـەیە چیـە؟ یـانی ئەسـڵی جیاوازی بەینی رێبەرایەتی‌یەكی حیزبیو رێبەرایەتی‌یەكی خێڵــەكیو عەشـیرەتی لە چ دایە؟

ئـەم جیاوازی‌یـە لـە زۆر شـت دایـە كـە بـە بێشـك گرینگترینیـان بۆچــوونو تێگەیشتن لە جەوهەرو نێوەڕۆكی هێزە. بۆچوونی خێڵەكیو عەشیرەتی هەمیشە ئەوەیە كە هێز بریتی‌یە لـە پـووڵو لـە چـەك! هـەر بۆیـە فكـرو زكریـان، كـە لـە راستی‌دا ئاخرەكـەی دەبێتـە مەبەسـتو ئامـانج، پـەیدا كردنـی هـەرچی زۆرتـری چەكو پارەیە. لە حاڵێكدا لە بۆچوونی حیزبی سیاسی‌دا هێز لە خەڵكــەوەڕا دێ، یان بە وتەیەكی روونتر هێز بریتی‌یە لە هێزی خەڵك. لەم بۆچوونەدا چـەكو پـارە عامیلی ئەساسی نین، چەكو پارە وەسیلەیەكن لە دەست خــەڵكدا. یـانی كـاتێك دەتوانن كارایی‌یان هەبێ كە هێزی خەڵك بە كاریان بەرێ، هێزی خەڵكەكەیـە كـە بێپایانە نەك چـەكو پـارە. تەنانـەت چـەكو پـارە شـتێكە كـە ئەگـەر خـەڵك لـە گۆڕی‌دا بێو هێزی خۆی بخاتە كار، هەمیشە دەتوانێ وەدەستیان بێنێ.

كەوابوو هێزی ئەساسیی جووڵانەوەی ئەمڕۆی كوردستان، بریتی‌یە لـە هـێزی خـەڵك. یـانی لـە پشـتیوانیی بـێ دریغـی خــەڵك لــە جووڵانــەوە. جووڵانــەوەی كوردستانو حیزبی دێموكرات وەك بەڕێوەبەری ئەم جووڵانەوەیە هەتا پشتوانیی خەڵكی كوردستانی بەو جۆرە كە تا ئێســتا بوویـەتی هـەبێ، نـەك هـەر وا قـایمو

پتەو لە مەیدانی خەباتو تێکۆشاندا هەر چەندە سەختو دژواریش بێ ڕادەوەستێ، بەڵکوو بێگومان سەردەکەوێ. هێزی خەڵك هێزێکی بێپایانو لە بن نەهاتوە، هەر بۆیە دەتوانین دڵنیا بین کە سەرکەوتنو بە ئامانج یانی بە ئازادی گەیشتن "قطعی"و دەستەبەرە. بە شەرتێك کە ئەو هێزە هەروا لە گۆڕێدا بێ، یانی ئەو پشتیوانییەی گشتیی خەڵك لە حیزبو لە جوولانەوە هەر درێژەی هەبێ.

بە لەبەر چاوگرتنی ئەم ڕاستییە، ئەرکی ئەساسیی هەر تێکۆشەرێکی حیزبی بریتییە لە تێکۆشان بۆ پاراستنو پەرەپێدانی پشتیوانیی خەڵك لە حیزبو جوولانەوە، ئەمەش بە ئەنجام ناگاو سەرکەوتوو نابێ، مەگەر ئەوە کە خەڵك جوولانەوەکە بە هی خۆی بزانێ، یانی تێبگا کە جوولانەوە چی دەوێو بەرەو کوێ دەچێو ئامانجو مەبەستەکانی جوولانەوە لەگەڵ ئامانجو داخوازەکانی ئەو یەك دەگرنەوە یان نا؟ ئەم کارەش پێویستیی بە هەوڵو تێکۆشانێکی زۆر تێگەیشتووانەو لە رووی بەرنامەو لە لایەن تێکۆشەرانی حیزبییەوە هەیە. بە وتەیەکی روونتر مەسەلەکە بریتییە لە چۆنیەتیی ئەرکی تێکۆشەرانی حیزبی سەبارەت بە خەڵك کە دەبێ لە وتارێکی دیکەدا باسیان بکرێ.

ئەم وتارە ڕێکەوتی ١٣٦٥/٩/١١ لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانەوە بڵاو کراوەتەوە.

# ڕێكخراوی ڕاستین چیە؟

پتر لـە ٧ سـاڵە كـە جووڵانـەوەی كوردسـتان قـورس‌و قـاییم درێـژەی هەیـە. جووڵانەوەیەك بـۆ وەدەسـتهێنانی دێموكراسـی‌و خودموختـاری‌و بـۆ رزگـاری لـە زۆڵـم‌و زۆرو ژێردەسـتی، بـۆ گەیشـتن بـە مـافی سـەرەتایی هـەر ئینسـانێك كـە ئازادی‌یە. لەم ماوەیەدا جووڵانەوەی كوردستان توانیویەتی لە بەرامبەر یەكێك لە دڕندەترین‌و هارترین ڕێژیمەكانی ئەمڕۆی دنیادا كە ڕێژیمی ئاخوندی‌یە، بـە سـەر بڵینـدی‌و سـەربەرزی‌یەوە ڕاوەسـتێ. جووڵانەوەیـەكی دژوارو خوێنـاوی، بـەڵام سەرفیرازانەو پڕ لە شانازی. لە ڕاستی‌دا ئەم جووڵانەوەیە تەنیا حەوت ساڵ نیـە كە دەستی پێ كردوە، ئەم جووڵانەوەیە درێـژەی خـەباتێكی دوورو درێـژو لانـی كەم چل‌ویەك ساڵەیە. خـەباتێك كـە نزیكـەی ٤١ سـاڵ لەمەوبـەر بـە ڕاگـەیاندنی كۆماری خودموختاری كوردستان لە مەهاباد پێی نایە قۆنـاغێكی بـەرز. كۆمـاری كوردستان لە مـەهاباد تەمـەنێكی درێـژی نـەبووو چـرای عومـری زوو كوژایـەوە، بـەڵام خـەبات كۆتـایی پـێ نـەهات، درێـژەی كێشـا، هـەورازو نشـێوی بـڕی‌و سەرەنجام گەیشتە ئەم قۆناغەی ئێستا كە لووتكەیەكی زۆر بەرز لەم ڕێگا درێژو پڕ كەندوكۆسپە دایە.

كەوابـوو جووڵانـەوەی رزگـاریخوازیی خـەڵكی كوردسـتان بـەو خۆڕاگـری‌و شێلگیری‌یەوە جووڵانەوەیەكی زۆر بە هێزو توانایە. ئەمە راستی‌یەكە كە دۆست‌و دوژمن هەستی پێ دەكەن‌و دەی‌بین‌و راستی‌یەكە حاشای لێ ناكرێ، بـەڵام ئـەم هێزو توانایە لە چڕا سەرچاوە دەگرێ؟ ئەم پشوو درێژی‌یەو قورس‌و قاییمی‌یە لە كوێڕا دێ؟

ئاشكرايه كه وەڵامی ئەم پرسیارانه له یەك وشەدا بریتیيه له "خەڵك". یـانی خەڵكـه كـه سـەرچاوەی ئـەو هـێزو توانایـەو ئـــەو خۆڕاگـیریو شـێلگیریيەیە، جووڵانـەوەی كوردسـتان جووڵانەوەیـەكی گشـتیو خەڵكیيـــە، جووڵانەوەیـــەكی فەردی یان خێڵەكیو عەشیرەتی نیە، میرێك یان شێخێك یان سەرۆك عەشیرەتێك سازی نەكردوە كه به كـوژران یـان مـردن یـان مـاندوو بـوونو واز لـێهێنانی ئـەو كۆتایی بێو چرای عومـری بـه یـەكجاری بكوژێتـەوە. ئەمـە جووڵانەوەیەكـە كـە حیزبێكی سیاسیی مەسئوول وەك حیزبی دێموكراتی كوردستان بـەڕێوەی دەبـا. حیزبێك كه له نێو قووڵایی جەرگی كۆمەڵی كوردەواری هـــەڵقولیوەو دارێكـه كـه شیرەی گیـانی لـه خـاكی پـڕ پیـتو بەرەكـەتی كوردسـتانو لـه شـیرەی گیـانی خەڵكی كوردستان بەگشتی هەڵمژیوەو هەڵدەمژێ. ئەمـە ئیددیعـا یـان دروشـم نیـە، حەقیقەتێكـە وەك رۆژی روونـاك كـە هـەر ئـەوەندە بەسـە چـــاو هـــەڵێنیو بیبینی. له راستیدا ئەمە جەوهەرو نێوەرۆكی رێكخراوێكی سیاسی راستین، یان بـە وتەیـەكی دیكـه فـەرقوجیاوازیی ئەسڵیی رێبەرایەتیيـەكی سیاسـی لەگـــەڵ رێبەراتیيەكی تاكەكەسی یان خێڵەكيیـە. رێبەرایـەتیی خێڵـەكی هـێز لـە پـارەو چـەكدا دەبینـێو پێـی وایـە ئەگـەر پـارەو چـەك هـەبوو، سـەركەوتن هەیـە. لـە حـاڵێكدا رێبەرایـەتیی سیاسـیو حـیزبی، هـێز لـە خـەڵكو یـان روونـتر بڵێـین لـە بەشداریی خەڵكدا دەبینێو پێی وایە ئەگەر خەڵك له مـەیداندا بـێ، هـەم پـارەو هـەم چـەك لەگـەڵ خـۆی دێنـێو سـەرەنجام ســەركەوتنیش وەدەســت دەخـــا. نموونەی خەباتی سیاسیو حـیزبی، جووڵانـەوەی درێژخایـەنو قـورسو قـاییمی كوردستان به رێبەرایەتیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێرانە. بۆ جووڵانەوەی تاكه كەسیو خێڵەكییش كه بــە داخـەوە لـە مێـژووی كوردسـتانو گـەلی كـورددا نموونه كەم نیە.

ئەگـەر بمانـەوێ فـەرقوجیاوازی بـەینی جووڵانـەوەی خێڵـەكیو عەشـــیرەتی لەگـەڵ جووڵانـەوەی سیاسـیو حـیزبی روونتـــر بكەینـــەوە، دەبـــێ بڵێـــین كـــە رێبەرایەتیی تاكه كەسی یان خێڵەكی، هێزو توانا له پارەو چەكدا دەبینێ، بەڵام

رێبەرایەتیی حیزبی هێزو توانا لە "رێكخراو"دا دەبینێ. چونكە ئەگەر قەرار بێ هێزو توانا لە خەڵكڕا بێو خەڵك لە رێگای نوێنەرانی خۆیەوە جووڵانەوە رێبەری بكا، هەڵبەت دەبێ وەسیلەیەك بۆ ئەم پێوەندییە هەبێ.

حیزبی سیاسیی راستین، یان حیزبێكی خەڵكیی وەك حیزبی دێموكرات، پێویستە لە لایەك بە داییم بیروبڕواو مەبەستەكانی خۆی بەرێتە نێو خەڵكو بڕیارەكانی بە خەڵك ڕابگەیەنێ، لەم لاشەوە نەزەری خەڵو بیروڕای گشتی لە سەر رەوتی جووڵانەوەو لە سەر بڕیارو كردەوەكانی حیزب وەربگرێو بیانكاتە رێنوێن بۆ خۆی كە وەسیلەی ئەم كارە "رێكخراوە".

لە سەرانسەری كوردستاندا خەڵكی كوردستان بە داییم كەسانێك لە نێو خۆی هەڵدەبژێرێو دەیاننێرێ هەتا ببنە پێشمەرگە، چەكی شەرفو سەربەرزی بە دەستەوە بگرنو بۆ رزگاری خەبات بكەن، ئەفرادی بە بیروباوەڕو لێزان ڕەوانە دەكا هەتا وەك كادری سیاسی بڕیاری سیاسی بدەن، هەڵوێستی سیاسی بگرنو حیزب بەرێوە بەرن. بێجگە لەوە دیارە خەڵك بە داییم ئاگاداری لەو ڕۆڵە هەڵبژێراوانەی خۆی دەكا، یارمەتییان دەدا، لە باوەشی خۆیدا جێگاو رێگای بۆ دابین دەكا، بژیویان پێ دەگەیەنێ، ئاگادارییان لە سەر وەزعی دوژمن بۆ كۆ دەكاتەوە، خەڵك لە لایەكی دیكە بە داییم نەزەرەكانی خۆی وەك رێنوێنی بۆ رێبەرایەتیی حیزب دەنێرێو بە گشتی بە حیزب دەڵێ چ بكاو چ نەكاو چ باشەو چ خراپە، چ هەڵوێستێك بگرێو چ شێوەیەك بۆ درێژە پێدانی خەبات ڕەچاو بكا. هەروەها خەڵك چاوەڕوانە بزانێ لە بەرامبەردا رێبەرایەتیی حیزب چ بڕیارێكی لە سەر فلان مەسەلەی تایبەتی داوە، چ رێنوێنییەكی بۆ ئەو هەیە، وەزع چۆن دەبینێو بۆ درێژەدانو بە سەركەوتن گەیاندنی خەبات چی پێویستە.

هەروەك دەبینین هەمووی ئەوانەی ئیشارەمان پێ كردنو زۆر شتی دیكەش وەك جەرەیانێكی دوو لایەنە وایە كە لە كۆمەڵانی خەڵكەوە بەرەو رێبەرایەتیی

جووڵانەوەو لە بەڕێوەبەرایەتیی جووڵانەوەڕا بەرەو خەڵك دەچێ. بەمە دەڵێن ڕێکخراو. یانی ئەم کارانەو ئەم جەرەیانە دوو لایەنەو دوو سەرەیە، ئەرکی ڕێکخراوو تەنانەت دەتوانین بڵێین خودی "ڕێکخراو"ە.

کەوابوو نیسبەتی هەر حیزبێکی سیاسی بە نیسبەتی هێزی ڕێکخراوەکەی یانی تەشکیلاتەکەیەتی، بە شەرتێك کە ئەو ڕێکخراوە بۆ ئەو ئەرکە ئەساسی‌یە بێ کە باسمان کرد. یانی بۆ پێوەندی لەگەڵ کۆمەلانی خەڵك. ئەگەر قبووڵمان بێ کە هێزی جووڵانەوە لە خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێ، ڕێکخراو جۆگەیەکە کە ئەو هێزە وەك ئاوێکی روون بۆ لای ڕێبەرایەتیی جووڵانەوە دێنێ.

ئەمەیە فەرقی ئەساسیی جووڵانەوەیەکی بە هێزی گەلی لە لایەك لەگەڵ ڕێبەرایەتی‌یەکی تاکە کەسی‌و خێڵەکی کە هەر بڕوای بە ڕێکخراو نیەو لە لایەکی دیکە لەگەڵ ڕێبەرایەتی‌یەکی دوور لە گەلی کە بە ڕواڵەت بڕوای بە ڕێکخراو هەیە، بەڵام نەك بۆ پێوەندیی لەگەڵ کۆمەلانی خەڵك.

ئەم وتارە ڕێکەوتی ١٣٦٥/٩/١٨ لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانەوە بڵاو کراوەتەوە.

# پێوەندیی دێمۆكراسی لەگەڵ نەزم و دیسیپلین

لە ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆكراتی كوردستانی ئێراندا سەبارەت بە كۆبوونەوەی بەرینی كۆمیتەی ناوەندیی حیزب هاتوە كە كۆمیتەی ناوەندی خەبات و تێكۆشانی هێزی پێشمەرگە لە یەكساڵی رابردوودا بە یەكێك لە شانازییەكانی حیزب دەزانێ. لە راستییشدا خەباتی هێزی پێشمەرگە لە ساڵدا بە حەق جێگای سەرفیرازی و سەربەرزی نەك هەر بۆ حیزب، بەڵكوو بۆ هەموو خەڵكی شۆڕشگێری كورستان و تەواوی گەلانی ئازادیخوازی ئێرانە. زەبری پەیتا پەیتای پێشمەرگەكان لە پەیكەری هێزەكانی رێژیم و گرتن و تێكدانی ئەو هەموو پایەگایانەی رێژیم نیشانی دا كە پێشمەرگەكانی كوردستان چەند نەبەزو تا چ ئەندازە شۆڕشگێرو لێوەشاوەن.

بەڵام هۆیەكانی ئەساسیی ئەم سەركەوتنانەی هێزی پێشمەرگە چین؟

كۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە كۆبوونەوەی خۆیدا ئەم هۆ ئەساسییانەی لە ٣ شتدا كۆ كردوەتەوە: یەكەم هەڵسووڕی و چالاكی. دووهەم: نەزم و دیسیپلین، یانی رێكوپێكی. سێهەم: پشتیوانی و یارمەتیی خەڵكی خەباتگێڕی كوردستان. هەركام لەم هۆیانە جێگای ئەوەن كە بە وردی شی بكرێنەوە و بە درێژی باسیان لە سەر بكرێ بۆ ئەوەی هەموومان باش لێیان حاڵی بین و تایبەتمەندییە بەهێزو لاوازەكانی جووڵانەوەكەمان بناسین و لە گۆڕەپانی خەباتدا كەڵكیان لێ وەربگرین.

لێرەدا ئێمە باس لە سەر خاڵی یەكەم یانی "هەڵسووڕی و چالاكی"ی پێشمەرگە بە پێویست نازانین. هەلومەرجی تایبەتیی شەڕی پارتیزانی بە ناچار

پێویستیی بە هەڵسووڕ بوون هەیە. پێشمەرگەکانی کوردستان نیشانیان داوە کە لە باری بیروبڕواوە ئەوەندە قایمن کە هەم سەختیو دژواریی هاتوچۆو رێڕۆیشتنی داییمو هەڵسووڕان تەحەممول دەکەن و هەم خۆیان زوو لەگەڵ هەر ئاڵوگۆڕێك کە لە وەزعی شەڕو خەباتدا پێك دێ، رێك دەخەن.

بەڵام لە سەر دوو خاڵەکەی دیکە یانی "نەزمو دیسیپلین"و "پشتیوانیی خەڵك" هەروەك گوتمان باسو روون کردنەوە پێویستە.

لە پێشدا با ئیشارە بە نەزمو رێکوپێکی بکەین. گومانی تێدا نیە کە لە هەر کارێکدا نەزمو دیسیپلین پێویستیەکی هەرە ئەساسییە، بە تایبەتی لە کاری نیزامیو پێشمەرگایەتیدا. هەموو پێشمەرگەیەکی تەنانەت زۆر کەم ئەزموونیش دەزانێ کە چووکترین غەفڵەتو کەمتەرخەمی لە کاری پێشمەرگایەتیدا مومکینە بە نرخێکی زۆر گران، یانی بە قیمەتی گیانی پێشمەرگە تەواو بێ. زەمانی ئەوە نەماوەو نیە کە پێشمەرگە هەروا بە بێ نەخشەو بەرنامە شەڕ بکا، هەڵمەت بەرێتە سەر دوژمن یان لە ئاخردا پاشەکشە بکا. هەموو عەمەلیاتێکی پێشمەرگە بە تایبەتی لە هەلومەرجی دەقیقو دژواری پارتیزانیدا پێویستە لە پێشدا بە وردیو بە جوانی بەرنامەی بۆ دابڕێژرێ، بۆ هەر کەس ئەرکی روونو تایبەتی دیاری بکرێو مەسئوولییەتی هەرکەس، لە فەرماندە ڕا هەتا پێشمەرگەیەکی سادە مەعلووم بێو هەموو لەبەر چاوی بگرن. ئەمە بە گشتی بریتییە لە نەزمو رێکوپێکی.

مەسەلەیەکی زۆر گرینگ کە لەم بەینەدا پێویستە روون بکرێتەوە، پێوەندیی دێموکراسی لەگەڵ نەزمو دیسیپلینە. زۆر کەس وا بیر دەکەنەوە کە دێموکراسیو نەزمو دیسیپلین پێکەوە ناسازێن، چونکە گۆیا نەزمو دیسیپلین یانی دیاریکردنی فەرماندەو فەرمانبەر. یەکێك دەبێ دەستوورو فەرمان بداو

یەكێكی دیكە ئەو دەستووره وەربگرێ‌و فەرمانەكەی بەرێوه بەرێ‌و، ئەمە یانی دیكتاتۆری كە دژی دێموكراسی‌یە.

بەڵام كەسانێك كە ئاوا بیر دەكەنەوە لە راستی‌دا لە مانای دێموكراسی تێنەگەیشتوون. دێموكراسی بە هیچ جۆر بە مانای تێكەڵ پێكەڵی‌و كەس بە كەسی نیە. بە پێچەوانە دێموكراسیی راستینی‌و نەزمو رێكوپێكی دوو شتن كە بە تەواوی پێكەوە بەستراونەوە، چونكە ئەگەر دێموكراسی بەو مانایە بگرین كە هەموو كەس خۆی لە نەزمی مەوجوود دا بە بەشدار بزانێ، دیارە رێزدانان بۆ ئەو نەزمەش دەبێتە ئەركی هاوبەشی هەموو كەس. بە وتەیەكی دیكە ئەگەر لە كۆمەڵێك‌دا هەموو ئەندامان بڕوایان بەوە هێنابێ كە هەر كامەی ئەركێكیان لە سەر شانەو پێویستە بۆ ڕاگرتن‌و گەشەپێدانی كۆمەڵەكەیان ئەو ئەركە بە جوانی بەرێوە بەرن، ئەوە دەبێتە لەبەر چاو گرتنی نەزمو دیسیپلین لە كۆمەڵێكی دێموكراتی‌دا. لە دێموكراسی‌دا هەر مەسەلەیەك هەبێ دەخرێتە بەر باس‌و نەزەری هەموو ئەندامانی كۆمەڵ تا ئەو جێگەی مومكینەو پێویستە نەزەری هەركەس لە بارەی ئەو مەسەلەیەدا وەردەگیردرێ‌و پاشان بە لەبەرچاوگرتنی هەموو نەزەرە جۆراوجۆرەكان سەرەنجام بڕیارێك دەدرێ كە زۆربەی دەنگی لەگەڵ بێ. ئینجا ئەگەر چەند كەسێكیش كەوتنە بەر كەمایەتی‌یەوەو نەزەرەكەیان لە لایەن زۆربەوە رەد كرابێتەوە، بە پێی ئەسڵی ئەساسیی دێموكراسی یانی "تبعیت" كردنی كەمایەتی لە زۆرایەتی "اقلیت" لە "اكثریت"، نەزەری زۆربە قبووڵ دەكەن‌و بەرێوەی دەبەن. لە نیوەی كارەكەش‌دا بەهانە دەرهێنان مانای نابێ‌و كارەكە تا تەواو بوون بە پێی رەسمو قاعیدەی دیاریكراو بەرێوە دەچێ، یانی بە كورتی بڕیارەكە لە رێگای دێموكراتیانەوە دەدرێ‌و پاشان لە رووی نەزمو دیسیپلینەوە هەر كەس ئەو بڕیارە بە گوێرەی ئەو ئەركە تایبەتی‌یەی بۆی دیاری كراوە، بەرێوە دەبا.

ئەمە بە رێوشوێنی كار لە حیزبێكی وەك حیزبی دێموكراتدا كە هەم ناوی دێموكراتەو هەم نێوەڕۆكی، یان ئەگەر دروستتر بڵێین نێوەڕۆكەكەی

دێموکراتەو هەر بۆیە ناویشی دێموکراتە، هەموو کەس دەزانێ بۆچی هاتۆتە ریزی خەبات؟ یانی بەشداریی هەر ئەندامێکی حیزب لە کارێکی سیاسیی هەرە بەرز ڕا بگرە هەتا پێشمەرگەیەکی ساکار لە خەباتو تێکۆشاندا بەشداری‌یەکی دڵخوازەو کەس بە زۆری‌و لە ترسان نەهاتۆتە ریزی خەبات. جا دیارە لە رێکخراوێکی ئەوتۆدا پێویستە هەموو کەسیش بە زانایی‌و ئاگاداری‌یەکی تەواوەوە ئەرکی پێ ئەسپێردراوی بەرێوە بەرێ‌و ئەمە دەبێتە نەزمو دیسیپلینی ئاگاهانە کە لە هەموو نەزمو دیسیپلینێکی دیکە باشترو قاییمترە.

یەکێك لە رۆژنامەنووسانی ئوروپایی کە لە بەهارو هاوینی ئەمساڵدا سەری لە کوردستان داوەو زۆر لە بنەکەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی دیتوە، دەنووسێ: ئەوەی بۆ من زۆر سەیر بوو ئەوە بوو کە دەمدیت لە بنکەی پێشمەرگەکانی حیزبدا ئازادی‌یەکی تەواو هەیەو هەموو پێکەوە وەك برا دەژین، بە جۆرێك کە زۆر بە زەحمەت دیاری دەکا کێ مەسئوولەو کێ ئەندامی سادەیە. بەڵام هەر ئەو پێشمەرگانە لە حاڵی کارو ئەرکەکانیاندا زۆر بە رێکوپێکی‌و بە نەزمو دیسیپلینێکی نموونەوە کار دەکەن‌و هەر کەس زۆر بە جوانی‌و بە دڵخۆشی ئەمری مەسئوولی سەرەوەتری بەرێوە دەبا.[. . .] بەڵام لێرەدا هەر ئەوەندە دەڵێین کە ئایا ئەوە بۆ حیزبی دێموکرات، بە تایبەتی بۆ پێشمەرگە نەبەزەکانی حیزب جێگای شانازی نیە کە رۆژنامەنووسێکی بێگانە ئاوا ڕێز بۆ دێموکراسی‌و لە عەینی حاڵدا نەزمو تەرتیب لە نێو حیزبی ئێمە دابنێ؟ ئاکامی ئەو رێکوپێکی‌یە، یان دروستتر بڵێین ئەو رێکوپێکی‌یە دێموکراتی‌یەش لە سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەدا دیارەو پێویست ناکا دووپاتیان بکەینەوە.

ئەم وتارە رێکەوتی ١٣٦٥/١٠/٩ لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانەوە بڵاو کراوەتەوە.

# چەند قسەیەك
# لەگەڵ موعەللیمەكانی كوردستان

پێمان وایە ئەم راستی‌یە كە: "لە هەلومەرجی ئێستای ئێران‌و بە تایبەت كوردستان‌دا بێ لایەنی‌و بێ‌تەفاوەتی هیچ مانایەكی نیە"، هەرچەندە دووپات بكرێتەوە هێشتا هەر كەمە. لە لایەك رێژیمێكی سەرەڕۆ كە بە چاوی لانی كەم هەزار ساڵ لەمەو بەرەوە دەڕوانێتە دنیاو ئینسان‌و كۆمەڵگای ئینسانی، لەگەڵ دێموكراسی بە تەواوی بێگانەیەو هیچ جۆر ئازادی‌یەكی سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی، كۆمەڵایەتی‌و شەخسی بۆ هیچ كەس ناناسێ. لەم لایەش كۆمەڵانی بەرینی گەلانی ئێران كە بە دڕندانەترین شێوە كەوتوونەتە ژێر فشارو زەبروزەنگ، هەموو مافێكیان خراوەتە ژێر پێ‌و رۆژ نیە سەدان‌و هەزاران كەسیان لە كوشتارگا جۆراوجۆرەكان‌دا نەكرێنە قوربانیی هەواو هەوەسی ئاخووندەكان.

لە بەرامبەر ئەم وەزعەدا بێ لایەنی‌و بێ تەفاوەتی یانی چی؟! هەر كەس كە خۆی پێ ئینسانەو نەفەس دەكێشێ، بێگومان‌و بە ناچار دەبێ لە بەرامبەر بەشێك كە هەموو ژیانی دەگرێتەوە هەڵوێست بگرێ. بە وتەیەكی دیكە هەڵوێست گرتن لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا نەك شتێكی شورشگێرانە، بەڵكوو شتێكی زۆر ئاسایی‌و دەتوانین بڵێین ناچاری‌یە. كەوابوو لە جووڵانەوەیەكی گشتی كە ئەمڕۆ بۆ رزگاری لە چنگ سەرەڕۆیی كۆنەپەرستانە لە كوردستان‌دا لە گۆڕێ دایە هەموو خەڵكی كوردستان دەبێ هەڵوێست بگرن كە ئەم هەڵوێستە بەبێ شك لە

لایـەن هـەر کەسـێکەوە کـە چووکـترین هەسـتی ئینسـانیو ئـازادیخوازیی هــەبێ بریتیـیە لە بەشداری لە خەباتو بەربەرەکانی بە دژی ڕێژیمـی ڕەشـی ئـاخوندی. ئەمڕۆ لە کوردستاندا خەبات بۆ ئازادیو دێموکراسـی لـە پلـەی هـەرە بـەرزو لـە شێوەی هەرە شورشگێرانەی خۆیدا کە بریتییە لە خەباتی چەکدارانە لە گـۆڕێ دایە، بەڵام ئاشکرایە کە بۆ هەموو خەڵکی کوردستان ناگونجـێ بـەم شـێوەیە لـە خەباتدا بەشداری بکا. چونکە بەشداری لە خەبات بەم شێوەیە بێجگە لـەوە کـە پێویسـتیی بـە گەیشـتن بـە ئـاخرین پلـەی شورشـگێریو بـە فیداکـاریو لــەخۆ بردوویییـەکی تـەواو هەیـە، لـە بــاری وەزعــی جیســمیو هــەروەها لــە بــاری هەلومەرجی ژیانیشەوە هێندێك تایبەتمەندی پێویستە کە لە هەموو کەسدا نیــە. هــەر بۆیـە هـەموو کـەس خـەباتی چەکدارانـەی بـۆ نـاکرێ، بـەڵام دەتوانــێ بــە شـێوەیەکی دیکـە لـەو خەباتـەدا بەشـداری بکـاو ئـەرکی خـۆی بـەش بـە حـاڵو ئێمکاناتی خۆی لەم ڕێیەدا بە ئەنجام بگەیەنێ.

هەر وەك زۆر جار گوتوومانە شێوەکانی خـەباتی غـەیرە چـەکداری ئـەوەندە زۆرو جۆراوجـۆرن کـە لـە یـەك یـان چـەند وتـاری رادیۆیـیدا نـە دەگونجـێو نــە ئیمکانی هەیە باسیان بکرێ. هەر ئینسانێك کە بیهەوێ ئەرکی خۆی لەم بارەیەدا بە ئەنجام بگەیەنێ، دیـارە لـە لایـەك وەزعـی تایبـەتی خـۆیو لـە لایـەکی دیکـە هەلومـەرجی تایبـەتی هەڵدەسـەنگێنێو ئینجـا لــە ڕووی ئەمانــەوە هەڵوێســت دەگـرێو ئیقـدام دەکـا. کـەوابوو لـە یـەك ڕوانگـەوە شـێوەکانی خـەباتی غـەیرە چەکداری بە ئەندازەی ئینســانەکانو بـە ئـەندازەی هەلومەرجـە جۆراوجۆرەکـان ڕەنگاورەنگنو دیاری کردنیان لە پێشترداو لە لایەن ئێمەوە مومکـین نیـە. بـەڵام هێندێك ئوسووڵو قاعیدە هەن کە گەیشتنو لەبەر چاو گرتنو بەڕێوەبردنیان بۆ هەموو کەس یان بۆ لانی کەم زۆری خەڵك لە زۆربەی هەلومەرجەکاندا دەگونجێ کە ئێمە تێکۆشاوین لــە وتارەکانمـاندا باسـیان بکـەینو بیانخەینـە بـەرچاو. بـۆ

نموونە هێندێك كارو شوغڵ هەن كە خاوەنی هێندێك تایبەتمەندین‌و خاوەنی ئـەم شوغڵ‌و كارانە دەتوانن نەخشێكی گرینگ‌و بەرچاو لـە خـەباتی گشـتی‌و هـاندانی خەڵك بۆ بەربەرەكانی لەگەڵ دوژمن‌دا بگێڕن. لـە نێـو ئەوانـەدا شـوغڵی پـیرۆزی موعەللیمی‌و مامۆستایەتی یەكێك‌و دەتوانین بڵێین گرینگ‌ترینیانە.

موعەللیمان بە گشتی لە نێو هەموو كۆمەڵێك‌دا، بە تایبـەتی لـە نێـو كۆمـەڵی كوردەواری‌دا لەو كەسانەن كە بە رووناكبیری شورشـگێر نـاودەبرێن‌و حیسـابیان لە سەر دەكرێ. هۆی ئەمەش روونە: موعەللیم‌و مامۆستا دەبێ خوێنـدەوار بـێ‌و شت بزانێ‌و بیر لە مەساییل بكاتەوە هـەتا بتوانـێ ئـەركی مامۆسـتایەتیی خـۆی ئەنجام بداو شاگردان‌و قوتابی‌یەكانی پـەروەردە بكـا، یـانی موعوللیـم بـە ناچـار هەلومـەرج‌و كەرەسـەی رووناكبـیریی لـە دەسـت دایـە. لـە لایـــەكی دیكەشـــەوە موعەللیمان كەسانێكن كە داهـاتێكی كـەمیان هەیـە، یـانی بـە گشـتی لـە چینـی دەوڵەمەند نین‌و داهاتێكی ئەوتۆشیان نیە كە پێی دەوڵەمـەند بـن. لـە نەتیجـەدا ئاگاداری وەزعی ژیانی چین‌و توێـژە موحتـاج‌و دەسـتكورتەكانی كۆمـەڵن. ئەمـە وێڕای ئەوە كە موعەللیم لەگەڵ شۆڕشـگێرترین‌و بـە هەسـت‌ترین توێـژی كۆمـەڵ یـانی لاوان سـەروكاری هەیـە، دەبێتـە هـۆی ئـەوە كـە موعوللیمـەكان هەسـتی شورشگێری‌یان زۆر تێدا بێ‌و لەگەڵ بیروڕای شورشگێرانە بە داییم لـە پێوەنـدی‌دا بـن. هـەر بۆیـە موعـەللیمانی راسـتەقینە بـە گشـتی رووناكبـیری شۆڕشـگێر بـە حیساب دێن.

بەڵام ئەو رووناكبیرە شۆڕشگێرانە هەروەك گوتمان خاوەنی تایبەتمەندی‌یەكی زۆر گرینگن‌و ئەویش ئەمەیـە كـە ئیمكـانی كـارو كـردەوەی شۆڕشـگێرانەیان لـە رادەیەكی هەرە بەرزدا بۆ فەراهەمە، چونكە لەگەڵ لاوان بەرەو روون كە هەروەك دەزانین شۆڕشگێرترین‌و بە هەسـت‌ترین توێـژی كۆمـەڵن‌و توانـاو ئامادەیی‌یـەكی یەكجار زۆریان بۆ كارو كردەوەی شۆڕشگێرانە هەیە.

ئەمانەی بە گشتیو بە کورتی لە سەر تایبەتمەندییەکانی شوغڵی موعەللیمی باسمان کـرد، ئـەرکێکی زۆر قـورسو گـران دەخاتـە سەرشـانی موعەللیمـە بەڕێزەکان.

لـە پێش هـەموو شـتێکدا شـاگردو قوتـابی چـاو لـە رەفتـارو ئـەخلاقی مامۆسـتاکەی دەکـا. ئەگـەر موعـەللیمو مامۆسـتا ئینسـانێکی بـە شەخسـییەتو شۆڕشـگێر بـێ، ئەمـە لـە ئاکـارو کردەوەکـانی رۆژانـەیدا دەردەکـەویو بـۆ قوتابییەکان دەبێتە سەرمەشقو نموونە. موعەللیمەکانی کوردستان ئەگەر سـەر بـۆ رێژیـم دانـەنوێننو لـە بەرامبـەر نۆکـەرانو دەسـتو پێوەندەکـانی رێژیـمدا هەڵوێستی وا بگرن کە لێوەشاوەی شەخسییەتی موعـەللیمی بـێ، گومـانی تێـدا نیە کە شوێنێکی زۆر لەبارو باش لە سەر شاگردە لاوەکانیان دادەنێن. ئەم کارە بە دەیانو سەدان شێوە لە لایەن موعەللیمە بە شەخسـییەتو بەشـەرەفەکانەوە دەتوانێ ئەنجام بدرێ. لە بەشداری‌نەکردن لـە شـانۆگەرییەکانی رێژیـمڕا بگـرە هەتا بێ ئێحترامیو وەلانانو بایکوت کردنی نۆکەرانو جاسووسانی رێژیم کـە لـە مەدرەسەکاندا هەن.

پاشان دیـارە مامۆسـتاکان بـە داییـم لەگـەڵ قوتابییـەکانیان قسـە دەکـەنو شتیان فێر دەکەن، هەر بۆیە کێ باشتر لە مامۆستایەکی بە شەرەفی شۆڕشـگێر دەتوانێ شاگردان بە بیروباوەڕی شۆڕشـگێرانەوە بـار بێنـێو بـۆ کـاروکردەوەی شۆڕشگێرانەو نیشتمانپەروەرانە هانیان بدا؟

ئێمە دیارە بە پێویست نازانین لەم بارانـەوە زۆر لەگـەڵ مامۆسـتا بـەڕێزەکان بدوێین، قسـەیەکی بەناوبانگـە کـە دەڵـێ: "بـۆ عـاقلان ئیشـارەیەك بەسـە". موعەللیمە بە شەخسییەتو بـەڕێزەکانیش بێگومـان زۆر عـاقڵنو لـە مانـای ئـەم "ئیشارانەی" ئێمە باش تێدەگەنو، مەبەستمان لـەم ئیشـارەیە تـەنیا ئـەوەندە

بوو کە وەبیریان بێنینەوە جووڵانەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان لە هەلومەرجی ئێستادا تا چ ئەندازە چـاوی هیـواو هۆمێدی بڕیوەتـە مامۆسـتا بەشـەرەفەکان. ئەرکی دیکە بۆ خۆیان باشتر دەزانن ئەنجامی بدەن.

ئەم وتارە رێکەوتی ١٣٦٥/١٠/٣٠ لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانەوە بڵاوە کراوەتەوە.

# دێموكراسیو سوسیالیزم

ئـەو جەرەیانانـەی ئـەم ڕۆژانـە لـە چـیندا ڕادەبـرن لـە زۆر بـارەوە جێگـای سەرنجو لێكۆڵینەوەن، بەڵام بە تایبەت لە دوو بارەوە گرنگیەكی زۆریان هەیـە. یەكەم لەو بارەیەوە كە چین پڕحەشیمەتترین وڵاتی دنیایەو بە تەنیایی نزیكەی یەك لە ششی تەواوی حەشیمەتی دنیای لە خۆیدا كۆ كردۆتەوە. هەر بۆیـە هـەر ئاڵوگۆڕێكی گرینگ كە لەو وڵاتە گەورەو پڕحەشیمەتەدا ڕووبـدا ڕاسـتەوخۆ یـەك لـە ششـی حەشـیمەتی دنیـاو، دیـارە ناڕاسـتەوخۆ بـاقیی حەشـیمەتی دنیـاش دەگرێتەوە.

دووهەم لەو بارەیــەوە كـە چـین وڵاتێكـی سوسیالیسـتییەو ئـەو جەرەیانانـە ئەمڕۆ لە چیندا ڕادەبرن، لە ڕاستیدا بریتین لە كێشەو باس لــە سـەر نێـوەڕۆكو ئاكامی سوسیالیزم یان بۆچوونو تێگەیشتن لە سوسیالیزم. ئەمەش شـتێكە كـە بێگومان هەموو خەڵكی دنیا دەگرێتــەوە، چونكـە سوسـیالیزم ئامـانجی ئێسـتاو دوارۆژی میلیونهاو میلیاردها كەس لە ئەفرادی بەشەر لـە دنیـای ئـەمڕۆ دایـە بـۆ ڕزگـاری لـە چەوسـانەوەو بـۆ پێكـهێنانی كۆمـەڵێكی یەكسـانو دادپەروەرانـــەی ئینسانی.

هـەروەك دەبینـین حكوومــەتی سوسیالیسـتیی چـین ئــەمڕۆ لــە بەرامبــەر جووڵانـەوەی ڕەخنەگرانـەی دانیشـجوویانو خوێندكـارانی دانیشـگای "پكـن" پێتەختی ئەو وڵاتەدا بە ئاشكرا دەستەوەسـتان ماوەتـەوە. ڕەخنـەو دەربڕیـنو ناڕەزایەتیی دانیشجوویان چەندین مانگە بە شكڵو شـێوەی جۆراوجـۆر درێـژەی

هەیەو، لەم ئاخرانەدا شكڵی مانگرتن لە خواردنو دانیشتن لە مەیدانی هەرە گەورەی ئەو شارەی بە خۆیەوە گرتوە. چەند رۆژ لەمەوبەر سەرۆك وەزیری چین بڕیاری دا كە لە شاری پێكەندا حكوومەتی نیزامی ڕابگەیندرێو دانیشجوویانی مانگر ئەگەر بە مەیلی خۆیان نەڕۆیشتن، بە زۆر لەو مەیدانە وەدەر بنرێن. بەڵام ڕاگەیاندنی ئەم بڕیارە دەست بەجێ لەگەڵ رەخنەو بەربەرەكانیی ژمارەیەكی زۆر لە خەڵكی ئاسایی بەرو روو بوو، بە جۆرێكە كە خەڵك سەر رێگای سەربازانی ئەرتەشیان گرتو لە دەوروبەری دانیشجوویانی مانگر لە مەیدانی گەورەدا دیوارێكی گەورەی ئینسانی‌یان پێك هێناو سەرتاسەری شەوەكانو رۆژەكان لە دەرەوە مانەوە بۆ ئەوەی ئەرتەش نەتوانێ هێرش بەرێتە سەر دانیشجووەكان. هەڵوێستی ئەرتەشی چینیش لەم بەینەدا جێگای سەرنجی تایبەتی‌یە. وادیارە ئەرتەش كە تا ئێستا بە تەواوی ئەرتەشێكی گەلی بووەو هیچ كاتێك بەرەو رووی خودی هاووڵاتیانی چینی رانەوستاوە، ئێستاش نایهەوێ ببێتە گۆپاڵی دەستی حكوومەت بۆ سەركوت كردنی خەڵكو هەر بۆیە سەرەڕای ئەوە كە چەند رۆژ لە ڕاگەیاندنی حكوومەتی نیزامی ڕادەبرێو، سەرەڕای ئەوە كە سەربازان ئامادەو تەیار لە هەموو جێگا گرینگەكانو كووچەو شەقامە ئەساسی‌یەكانیاندا جێگیر بوون، بە وریایی‌و وشیاری‌یەكی تەواوەوە خۆیان لە تێك هەڵچوونی توندوتیژ لەگەڵ دانیشجوویانو خەڵكی پشتیوانیكەر لە دانیشجوویان بە جۆرێك كە ببێتە هۆی خوێنڕێژی‌و سەركوتكەری، پاراستوە.

داخوازی دانیشجوویان، كە لە راستی‌دا دیارە داخوازی بەشێكی زۆر لە خەڵكی چینەو هەر بۆیەشە حكوومەت لە بەرامبەری‌دا ئاوا دەستەوەستان ماوەتەوە ئازادی‌و دێموكراسی‌یە. دانیشجوویانی چینی كە بوونە زمانی بەشێكی زۆر لە خەڵك هاوار دەكەن كە ئاڵوگۆڕ لە وەزعی ئابووریی چین‌دا كە بە تایبەتی

نزیکەی ١٠ ساڵ دەبێ بە شێوەیەکی جیددی لە لایەن حکوومەتی سوسیالیستیی چین دەستی پێ کراوە، بەڕێوە دەچێ، دیارە شتێکی زۆر باشە. بەڵام ئاڵوگۆڕی ئابووری بە تەنیایی بەس نیەو لەگەڵ ئاڵوگۆڕ لە وەزعی سیاسیی نێوخۆییشدا تێکەڵ بێ، یانی ئازادیی سیاسیو دێموکراسییش بە خەڵك بدرێ. یانی چینییەکان بەم جۆرە جارێکی دیکەش بە روونی نیشان دەدەن کە: لە لایەك باشتر کردنی وەزعی ئابووریو ژیانی خەڵك بە بێ ئازادیو دێموکراسی کە دەبێتە هۆی بەشداریی دڵخوازانەو گەرمو گوڕی خەڵکی وڵات لە تێکۆشانی ئابووریدا بە تەواوی سەرناکەوێ. لە لایەکی دیکەش مرۆڤ دەتوانێ کەمو کوڕیو گیروگرفتی ئابووری لە ژیاندا تەحەممول بکا، بەڵام ناتوانێ بە بێ ئازادی بژی. بە وتەیەکی روونتر تەنیا پڕ کردنی زگی برسی هەموو دەردێکی ئینسانی دەرمان ناکاو، ئینسانی دەستو پێ زنجیر کراوو بێ بەش لە ئازادی تەنیا بە خاتری ئەوە کە لە برسان نەمرێ حازر نیە واز لە ئازادیی خۆی بێنێو، لە خەبات بۆ رزگاریی خۆی دەست هەڵگرێ. جەوهەری ئەسڵیی گیروگرفتی ئەمڕۆی چین هەمان مەسەلەی "دێموکراسی" لە سوسیالیزم دایە. گومانی تێدا نیە کە کاربەدەستانی حیزبیو حکوومەتی لە چیندا لە بەرامبەر جووڵانەوەی دێمۆکراسیخوازیی دانیشجوویانی چینیدا پێ لە سەر ئەو هەموو دەسکەوتە دادەگرن کە نیزامی سوسیالیستی لە ماوەیەکی نزیك بە چل ساڵدا بۆ خەڵکی چین بە دیاریی هێناوە. ئەمە دیارە شتێکی روونو حاشاهەڵنەگرە. کاتێك لە ساڵی ١٩٤٩ی زایینیدا یانی چل ساڵ لەمەوبەر لە ئاکامی خەباتی شێلگیرو قارەمانانەی خەڵکی چیندا بەرێوەبەرایەتیی حیزبی کمونیستی چینو بە رێنوێنیو سەرپەرستیی "مائوتسەتۆنگ" حکوومەتی سوسیالیستیی لە چیندا راگەیەندرا، چین وڵاتێکی گەورەی بێ سەرەوبەرە، هەژارو رووت، رۆخاوو وێرانو، ژێردەستو چەوساوە بوو. چین کە یەکێك لە کونترین وڵاتانی جیهانو، چینییەکان لە باری "تمدن"و عیلمو سەنعەتەوە یەکێك لە بەناوبانگترینو

پڕشانازیترین گەلانی جیهانن، لە وەزعێكی زۆر شپرزەدا دەژیان، شەخسییەتیان بە هۆی داگیركەران و چەوسێنەرانی ئوروپایی و ئەمریكایی و ژاپونییەوە لە ژێر پێ نرابووو وڵاتەكەیان دابەش دابەش بوو. نیزامی سوسیالیستی لە ماوەی ئەو چل ساڵەدا هەمووی ئەو كەموكوڕیانەی تا ڕادەیەكی یەكجار زۆر لە بەین بردوەو چینی سەر لە نوێ هێناوەتەوە ریزی گەورەترین و پێشكەوتووترین وڵاتانی دنیا. چین ئەمڕۆ وڵاتێكی سەربەخۆیە، خاوەنی شەخسییەت و جێگای تایبەتی خۆیەتی، لە بارەی چارەنووسی خۆیدا بە سەربەستییەكی تەواوە بڕیار دەدا، خەڵكی چین ئەمڕۆ لە دنیادا سەربەرزو سەربڵیندن، لە باری ئابوورییشەوە ئیدی لە چینی ئەمڕۆدا نەك هەر كەس لە برسان نامرێ و، كەس ژن و منداڵی خۆی نافرۆشێ بۆ ئەوەی بۆ خۆی لە برسان نەمرێ، بەڵكوو تا ڕادەیەكی بەرچاو پلەی ژیانی خەڵك چووەتە سەرو عەدالەتی كۆمەڵایەتی لەو چینە بەربڵاوو پڕ حەشیمەتەدا جێگیر بووە. بەڵێ ئەوانە هەموو ڕاستن و هەروەك گوتمان كەس ناتوانێ حاشایان لێ بكا. بەڵام پرسیار ئەوەیە كە ئەدی ئەم ناڕەزایەتییە گەورەیەو ئەم شڵەژاوی و ئاژاوە نێوخۆییە چییە؟ حكوومەتی سوسیالیستیی چین بە تایبەتی و، هەموو لایەنگرانی سوسیالیزم و نیزامی سوسیالیستی دەبێ تێ بكۆشن وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە! ئایا ئەم هەراو هەنگامەو ناڕەزاییەی ئەمڕۆی چین بە دەست دوژمنانی چین و ئیمپریالیزمی جیهانییەوە وەڕێ كەوتوە؟ ئاشكرایە كە نا. بە وتەیەكی ڕاستتر بێگومان دوژمنانی سوسیالیزم تێدەكۆشن ئاژاوە بنێنەوەو خەڵك بە دژی نیزام هان بدەن و ئاگری ناتەبایی خۆش بكەن. بەڵام ڕوونە كە هیچ تووێك ئەگەر زەویی موناسبی نەبێ، شین نابێ و بەر نادا. كەوابوو هاندان و دەستێوەردانی خاریجی و ئیمپریالیزم و سەرمایەداری شتێكی فەرعی و لاوەكییەو، ئەسڵی مەسەلە هەر ئەوەیە كە گوتمان. یانی پێویستیی هاورێ كردن و تێكەڵ كردنی دێموكراسی و سوسیالیزم. خەڵك دیارە نانیان دەوێ، كاریان دەوێ، سەربەخۆیی

ولاتەکەیان دەوێ، پێشکەوتنی عیلمیو سەنعەتییان دەوێ، بەڵام هەمووی ئەوانە بە بێ ئازادیو دێموکراسی، بە بێ هەستی قووڵی بەشداریی هەر فەردێك لە ئەفرادی ولات لەم پێشکەوتنانەدا "ناقص"و ناتەواوە.

رەوتی گێرەو کێشەو جەرەیاناتی ئەمڕۆی چین جارێ مەعلووم نیە، مومکینە حکوومەتی چین بتوانێ لە رێگای زۆرو فشارەوە بۆ ماوەیەکی دیکەش دەنگی ڕەخنە ببڕێو رەخنەگران سەرکوتو بێدەنگ بکا. بەڵام گومانی تێدا نیە کە ئەوە ماوەیەکی زۆر ناخایەنێو داوای دێموکراسی لە ولاتی سوسیالیستیی چیندا سەرەنجام سەر دەکەوێ. سوسیالیزمو دێموکراسی دوو شتی لێك جیا نەکراونو شتێکی زۆر ئاساییە کە ئەگەر بە هەر دەلیلێك لە یەك جیا کرابنەوە، سەرەنجام یەك بگرنەوە.

ئەم وتارە رێکەوتی ١٣٦٧/٣/٤ لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانەوە بڵاو کراوەتەوە.

# ڕێژیمی ئاخوندیو
# بەربەرەكانی لەگەڵ مەسرەفی مەواددی موخەددیر

ماوەیەكە لە لایەن كاربەدەستانی ڕێژیمی ئاخوندییەوە بازاڕی تەبلیغات لە سەر بەربەرەكانی لەگەڵ مەواددی موخەددیر زۆر گەرم بووە ! بە جۆرێك كە ڕۆژ نیە شتێكی لە سەر نەگوترێو، لایەنی جۆراوجۆری بەرنامەی دەوڵەت بۆ بەرگری لە كڕینو فرۆشتنی مەواددی موخەددیر لە لایەن ئەمو ئەوەوە باسی لە سەر نەكرێ !

ئاشكرایە كە ئەو هەموو باسو خواسو تەبلیغاتە لە پێش هەموو شتێكدا نیشاندەری ڕاستییەكی زۆر تاڵە كە بریتییە لە پەرەگرتنی بێوێنەی مەسەرەفو بەكار هێنانی مەواددی موخەددیر وەك تریاك، هێرۆئینو شتی وا لە ئێراندا. بەڵایەكی زۆر گەورەی كۆمەڵایەتی كە ڕەواج پەیدا كردنی بەم شێوە بەربڵاوە یەكێك لە دیارییەكانی ڕێژیمی ئاخوندی بۆ خەڵكی ئێرانە. ئەم بەڵا پڕمەترسییە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە لایەن هەموو ڕێكخراوە سیاسییەكانی ئۆپۆزیسیونو ئەفرادی مەسئوولەوە لە بەرامبەر چارەنووسی وڵاتەكەماندا گەلێك جار خراوەتە بەر نەزەر. ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان زۆر جار لە سەری قسەمان كردوەو شتمان نووسیوە.

بۆیە هەر هەوڵو تێكۆشانێك بۆ بەرگریو بەربەرەكانی لەگەڵ پەرەگرتنی مەسرەفی مەواددی موخەددیر لە لایەن هەر كەسێكەوە، دەبێ وەك خاڵێكی باش چاوی لێ بكرێو بۆ سەركەوتنی هەر گەڵاڵەو بەرنامەیەك كە لەم پێیەدا هەیە، پێویستە یارمەتیو هاوكاری بكرێ. بەڵام ئایا ڕێژیمی ئاخوندی بەو نێوەڕۆكەوە

که هەیەتی‌و بەو دام‌ودەزگا ئیداری‌و نیزامی‌یەوە که لە دەستی دایە، بە راستی لەو دەنگ‌و هەرایەدا کە لە سەر بەربەرەکانی لەگەڵ مەسرەفی مەواددی موخەددیر وەڕێی خستوە سەداقەتی هەیەو ئەگەریش سەداقەتی هەبێ، لە دەستی دێ؟

یەکەمین خاڵی بەرچاو لە هەراوهوریای تەبلیغاتیی ڕێژیمدا ئەوەیە کە ڕێژیمی دژی گەلی‌و جینایەتکاری ئاخوندی دەیهەوێ لە پەناو لە ژێر پەردەی بەربەرەکانی لەگەڵ مەسرەفی مەواددی موخەددیردا تا ئەو جێگایەی بۆی دەکرێ موخالیفانی سیاسی‌و خەباتگێڕانی دژی خۆی سەرکوت بکاو لە نێو بەرێ. ئەمە دیارە شتێکی تازە نیەو لە بیرمانە کە ڕێژیمی شاش بۆ ئەوەی دەنگی ئێعدام‌و کوشتاری زیندانیانی سیاسی لە دنیادا زۆر دەنگ نەداتەوە، خەباتگێڕان‌و تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی بە ناوی قاچاغچیی مەواددی موخەددیر ئێعدام دەکرد. ڕێژیمی زەبروزەنگی ئاخوندییش بێجگە لەم کارە خەباتی چەکدارانەی شورشگێرانی هێندێك لە ناوچەکانی ئێران وەك بەلووچستان بە قاچاغی مەواددی موخەددیر ناودەباو دەنگ‌و باسی ئەو خەباتە ئازادیخوازی‌یە بە شێوەی بەربەرەکانی‌و تێك‌هەڵچوون لەگەڵ قاچاغچیان بڵاو دەکاتەوە!

هەر لەم چەند ڕۆژەی دوایی‌دا ڕێژیم رای‌گەیاند کە دەیهەوێ بە قەولی خۆی بۆ بەرگری لە هاتنی مەواددی موخەددیر بۆ نێو وڵات لە لای ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە، یانی لە ڕێگای پاکستان‌و ئەفغانستان را بەشێکی زۆر لە نەواری مەرزیی ئێران لەگەڵ ئەم دوو وڵاتە بە تەواوی چۆل بکا، یانی بە درێژایی نزیکەی ٩٠٠ کیلومیترو بە پانایی ٥ کیلومیتر سەرتاسەری مەرز چۆل بکاو نەهێڵێ کەس هاتوچۆی پێدا بکا! لە حاڵێك‌دا مەسەلەی چۆلکردنی سنوورەکانی وڵات لە خەڵك‌و بەرگری لە هاتوچۆ بەو سنوورانەدا ئێستا ئیدی شتێکە کە لە دنیادا

ناسراوەو هەموو كەس دەزانێ كە مەبەستی سەرەكیی هەر حكوومەتێك كە ئەم كارە بكا ئەوەیە كە پێشی نفووزو هاتوچۆی ئەو خەباتگێڕانە كە لە وڵاتی دراوسێ وەك پایەگا كەڵك وەردەگرن، بگرێ.

هەر لەم پێیەدا كاربەدستانی رێژیم رادەگەیەنن كە لە ئۆستانی ئازەربایجانی رۆژئاواشدا بەرنامەیەكی بەربڵاویان بە مەبەستی بەرگری لە هاتوچۆی قاچاغچیی مەوادی موخەددیر هەیەو بە قەولی خۆیان دەیانهەوێ لە دەیان "گلوگاه"دا هێز دامەزرێنن كە چاوەدێری بە سەر تێكۆشانو هاتوچۆدا بكا. لە حاڵێكدا كێ هەیە كە نەزانێ لەو بەشە لە ئازەربایجانی رۆژئاوادا كە بەم جۆرە باسی لێ دەكرێ بەشێك لە كوردستانە كە ئەمڕۆ خەباتێكی توندوتیژی بە دژی رێژیم بۆ ئازادیو دێموكراسیو خودموختاری تێدا بەرێوە دەچێ؟ كەوابوو بەم بەهانەیە رێژیم دەیهەوێ بەربەرەكانیی نیزامیی خۆی لەگەڵ جووڵانەوەی رزگاریخوازیی كوردستان بشارێتەوە، چونكە تا ئێستا بە دەیان جار رایگەیاندوە كە جووڵانەوەی بە تەواوی تێك شكاندوەو بە قەولی خۆی لە دژی شورش شوێنەوارێك نەماوە، كەچی بە كردەوە جووڵانەوە نەك هەر لە جێگای خۆیەتی، بەڵكوو رۆژ بە رۆژ پتر خۆی لەگەڵ هەلومەرجی نوێ رێك دەخاو زەبری كاریگەر لە هێزەكانی كۆنەپەرستی دەوەشێنێ. یانی بە كورتی هەراو هەنگامەی رێژیم لە جیاتی ئەوەی بۆ پێشگیری لە قاچاغی مەوادی موخەددیر بێ، ڕیاكاریو درۆیەكی گەورەیە بۆ شاردنەوەی كردەوەی سەركوتكەرانەو جینایەتكارانەی خۆی بە دژی جووڵانەوەی رزگاریخوازانەی گەلانی ئێران!

ئەمە بە تایبەت كاتێك باشتر دەردەكەوێ كە سەرنج بدەینە قسەی كاربەدەستانی رێژیم لە سەر كونترۆڵ كردنو لە ژێر چاوەدێری گرتنی ناوچەكانی نێو قووڵایی خاكی وڵاتیش. بە قەولی رێژیم چۆل كردنی نەواری مەرزی بە تەنیایی بۆ پێشگیری لە هاتوچۆی قاچاغچیان بەس نیەو هەر بۆیە دەوڵەت

دەیهەوێ ڕێگاکانی نێو قووڵایی وڵاتیش بە هێزی نیزامی بتەنێو کونترۆڵیان بکا.

دیارە ئێستا بۆ ئەم کارە لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتدا تەنیا باسی ئۆستانەکانی کرمانو یەزد دەکەن، بەڵام ڕوونە کە ئەمە یانی کونترۆڵ کردنی ڕێگاکان لە نێو وڵاتدا هیچ چوارچێوەو سنوورێکی ڕوونی نیەو، بەرەبەرە هەموو وڵات دەگرێتەوە. جا ئەمە غەیری تەفتیشی دایمی خەڵك بە بەهانەی بەرگری لە قاچاغی مەوادی موخەددیر چی دیکەیە؟

سەرەڕای هەموو ئەم خاڵانە کە ئیشارەمان پێکردنو گوتمان کە مەبەستیان زۆرتر پیادە کردنی سیستەمێکی بەربڵاوی زەبروزەنگ نواندنو تەفتیشو سەرکوت کردنی دایمی خەڵکە هەتا بەربەرەکانی لەگەڵ قاچاغی مەوادی موخەددیر، با وا دابنێین کە ئەوانە هەموویان بەراستی تەنیا بۆ بەرگری لە هاتوچۆی قاچاغچیانە، بەڵام ئایا بەم کارانە دەکرێ پێشی قاچاغی مەوادی موخەددیر بە شێوەیەکی کاریگەر بگیرێ؟ ئاشکرایە کە نا. چونکە ڕێژیم بە چ هێزێكو بە کەڵك وەرگرتن لە چ ئیمکاناتێك دەیهەوێ بۆ نموونە بە درێژایی ٩٠٠ کیلومیترو بە پانایی ٥ تا ١٠ کیلومیتر سنوورەکان وا کونترۆڵ بکا کە کەس نەتوانێ هاتوچۆیان پێدا بکا؟ کارێکی ئاوا نەك هەر لە دەست ڕێژیمی شپرزەو بێ سەرەوبەرەی ئاخوندی نایە، بەڵکوو بۆ ڕێژیمێکی زۆر ڕێکوپێكو بەهێزو بە دیسیپلینیش مومکین نیە.

جیا لە مەبەستی سیاسیو سەرکوتی موخالیفانی سیاسیو خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادیو دێموکراسی، ڕوونە، بەم جۆرە بەرنامانە کە هەموویان لە خەتی توندوتیژی نواندن لە سەر خەڵكو فشارو زەبروزەنگو سەرکوت کردنو تەفتیشو کوشتاردان هیچ کارێکی کاریگەرو بەرچاو بۆ بەرگری لە ڕەواجی مەوادی موخەددیر بە ئەنجام ناگا. ئەم جۆرە کارانە لە باشترین حاڵەتدا

دەتوانێ بڵاو بوونەوەو كڕین و فرۆشتنی مەوادی موخەددیر دژوار بكەن و نرخیان بەرنە سەرتر. بەلام ناتوانن هۆیەكانی ئەسڵیی پەرە گرتنی مەوادی موخەددیر لە بەین بەرن. ئەو هۆیانەی كە ڕێژیمی ئاخوندی بۆ خۆی عامیلی ئەساسی و بنەڕەتی لە پێك هاتنیان دایە.

ئەم وتارە ڕێكەوتی ١٠/١٠/١٣٦٧ لە رادیۆ دەنگی كوردستانی ئێرانەوە بڵاو كراوەتەوە.

# ئایا ڕێژیمی ئێران ڕێژیمێکی جەمهووری‌یە؟

دەنگۆی دەستێوەردانێك لە قانوونی ئەساسیی ڕێژیمدا هەروا بەردەوامە. ئەم دەستێوەردانو گۆڕانە دیارە لە چەندین بارەوە باس دەکرێ. بەڵام لە هەمووان پتر لە بارەی دەسەڵاتو ئیختیاراتی سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیری‌یەوەیە. مەسەلەکە بە کورتی ئەوەیە کە دووهەمین دەورەی سەرۆك کۆماریی ئاخوند خامنەیی لە چەند مانگی داهاتوودا تەواو دەبێ‌و بە پێی قانوونی خودی ڕێژیم ناوبراو ناتوانێ جارێکی دیکە لەو پۆستەدا بمێنێتەوەو، کەسێکی دیکە دەبێ لە جێگای‌دا دابنیشێ. یەکێك لەو کەسانە کە گۆیا مەیلی بەو کارە هەیە ڕەفسەنجانی‌یە. بەڵام بە شەرتێك کە سەرۆك کۆمار دەسەڵاتی پتر لە ئێستا بێ‌و ڕێگایەك بۆ ئەم کارە ئەوەیە کە دوو مەقامی سەرەك کۆماری‌و سەرۆك وەزیریی، هەردوو ببنە یەك. یانی سەرۆك کۆمار لە عەینی کاتدا بۆ خۆی سەرۆك وەزیریش بێ.

ئەگەر بمانەوێ لە چوارچێوەیەکی بچووك‌و لە ڕوانگەی خودی کارگێڕانی ڕێژیمەوە بڕوانینە ئەم مەسەلەیە، ڕاستی ئەوەیە کە ئەم ئاڵوگۆڕە زۆریش بێ‌جێ نیە. چونکە لە وەزعی ئێستادا سنووری ئەرك‌و دەسەڵاتی سەرۆك کۆمار بە تەواوی ڕوون نیە. بە ڕواڵەت لە ڕێژیمی ئێستای ئێراندا وەك زۆربەی حکوومەتەکانی دنیای ئەمڕۆ سێ هێز، یان "قوه"ی جیاواز لە یەکتر هەن. "قضائیه" یان قووەی دادپەروەری، "قوه مقننه" یان قانوون دانان کە مەجلیس بێ‌و، سەرەنجام قووەی "اجرائیه" یانی قوەیەك کە بەڕێوە بردنی کاروباری وڵاتی لە چوارچێوەی قانووندا لە ئەستۆیە. بە پێی قانوونی ئێستا سەرۆك کۆمار بەرپرسی قووەی ئیجرایی‌یەی وڵاتە، بەڵام بە کردەوە سەرۆك وەزیر، یانی بەرپرسی دەوڵەت کاروبارەکانی وڵات بەڕێوە دەباو نەقشی سەرۆك کۆمار لەم بەینەدا لە چاوەدێری‌یەك پتر نیە. لە نەتیجەدا بە داییم لە نێوان سەرۆك کۆمارو

سەرۆك وەزیردا لە سەر ئەوە كە ئەنجامدانو بەرێوەبردنی فڵان كار لە سەلاحییەتی سەرۆككۆمار ناكۆكیو ناتەبایی هەیە. لە بیرمانە كە لە نێوان "بنی صدر" یەكەمین سەرۆك كۆماری رێژیمو "رەجایی" كە سەرۆك وەزیر بوو گێرەوكێشە لە سەر ئەم مەسەلەیە چەندە زۆر بووو هەر ئەمە نیشانی دا كە ئەم سیستەمە تا چ ڕادە ناتەواوو تێكەڵە. هەتا كاتێكیش لە قووەی ئیجراییدا دوو كەسی وەك سەرۆك كۆمارو سەرۆك وەزیر هەبن، ئەم ناكۆكییە هەر بەردەوام دەبێ. مەگەر ئەوە كە یان سەرۆك كۆمار وەك هێندێك كەس عینوانی یەكەمین شەخسی وڵاتی هەبێ كە دیارە لەم وەزعەدا چاوەدێری بە سەر هەر سێ قووەدا دەكاو ئەمە دیارە لە ئێراندا بە وجوودی "ولی فقیە" ناگونجێ چونكە "ولی فقیە" كە ئێستا ئەم نەقشەی هەیە، یان ئەوە كە وەك باس دەكرێ سەرۆك كۆمار بۆ خۆی وەك بەرپرسی قووەی ئیجرایییە ئەركی سەرۆك وزەیرییشی پێ بسپێردرێ.

بەڵام راستی ئەوەیە كە نێوەرۆكی رێژیم بە جۆرێكەو وەزعەكە بە ئەندازەیەك شپرزەو بێ سەرەوبەرەیە كە نەك بەم كارە، بەڵكوو بە دەیان كاری ئاواش رێكوپێك ناكرێ. چونكە بە پێچەوانەی ئەوە كە ئیددیعا دەكرێ، لە ئێرانی ئەمڕۆدا ئەوە قانوونی ئەساسی نیە كە حدوودی دەسەڵاتو ئێختیاری هەر كەس دیاری دەكا.

بە وتەیەكی روونتر لە رێژیمی ئێستای ئێراندا، دیارە بە رواڵەت قانوونێكی ئەساسی هەیە كە چوارچێوەی قانونیی بۆ بەرێوەچوونی كاروباری وڵات دیاری دەكاو بە پێی قاعیدە هیچ كارێكو هیچ قانونو بڕیارێك نابێ لەو چوارچێوەیە دەربچێ. بەڵام لە عەینی كاتدا رێژیم، رێژیمێكی مەزهەبییەو هەموو قسەو ئیددیعای ئەویە كە كاروباری وڵات دەبێ لە چوارچێوەی قانوونو رێورەسمی ئیسلامدا بێو بەس. لە ئاكامدا قانوونی ئەساسیی رێژیمی ئیسلامیی ئێران لە واقیعدا قانوونەكانو رێوشوێنەكان ئیسلامین كە شارەزاو پسپۆڕ لەو قانوونەشدا ئاخوندەكانو لە بەر ئەوەی هەر ئاخوندێكی پایەبەرز دەتوانێ بە تێگەیشتنی خۆی ئەو قانوونە لێك

بداتەوەو نەزەری تایبەتی لە سەر بدا. ئـەم وەزعـە بـە كـردەوە ماناكـەی ئەوەیـە كـە قانوونی ولات لە ئەسلدا بریتی‌یە لە بڕیارو نـەزەری ئاخوندەكـان، نـەك ئـەو شـتە كـە ناوی قانوونی ئەساسیی لە سەر دانراوە.

لە ماوەی ئەم ١٠ ساڵەدا كە لە تەمەنی ڕێژیمی ئاخوندی رابردوە، دەیـان‌و سـەدان شـوێنەوارمان لـەم وەزعـە تایبەتی‌یـە دیتـوەو پێویسـت ناكـا نموونـەی بـۆ بێنینـەوە. ڕێژیمی ئاخوندی لە راستی‌دا بێ قانوون‌ترین ڕێژیمی دنیایـە، چونكـە هـەروەك گوتمـان هەر ئاخوندێك بە گوێرەی مەقام‌و وەزعی تایبەتی خۆی دانەرو بەرێوەبـەری قانوونـەو لە واقیعدا بە ئەندازەی ئاخوندەكان لەم ولاتــەدا قـانوون هەیـە. هـەر بۆیـە چ قـانوونی ئەساسـی ئـاڵوگۆڕی بـە سـەردا بـێ‌و چ وەك خـۆی بمێنـێ، بـە كـردەوە ئـاڵوگۆڕێكی بەرچاوو كاریگەر لەو وەزعە شپرزەو بێ سەرەو بەرەیەدا پێك نایە.

ئەگەر بمانەوێ بە شێوەی گشتی‌ترو واقیع‌بینانەتر بڕوانینە ڕێژیمی ئەمڕۆی ئـێران، راستی ئەوەیە كە ئەم ڕێژیمە بە هیچ جۆر ڕێژیمێكی جمهووری نیەو عینوانی كۆمار یـا "جمهوری" بۆ ئەم ڕێژیمـە عینوانێكـی زۆر بـێ مانایـە. چونكـە لـەم ڕێژیمـەدا تـەواوی دەسەلات‌و ئیختیارات بە رەسمـی لـە دەسـت "ولی فقیـە" دایـە كـە ئـەویش لـە لایـەن خەڵكەوە دیاری ناكرێ. "ولی فقیە" بۆ خۆشی خۆی بە هەڵبژاردەی خەڵك نازانـێ. بـە پێچەوانەوە ئەو خۆی وەك جێنشـینی پێغەمبـەرو ئیمامـان‌و نوێنـەری خـودا لـە سـەر عەرز دەزانێ كە ئەو خەڵكە دەبێ بێ ئەم‌لاوئەولا "اطاعت"ی لـێ بكـەن‌و لـە ئـەمری‌دا بن. ئەمە چ شتێكی وەك جمهووری دەچێ كە لەودا بە پێی ئوسووڵ جەماوەری خـەڵك بۆ خۆیان نوێنەرو ڕێبەری ولاتی خۆیان هەڵدەبژێرن، بەلام "ولی فقیـە" هەمەكارەیـە. یانی بە وتەیەكی دیكە فەرقی ڕێژیمی ئێستای ئـێران بـە وجـوودی "ولی فقیـە" لەگـەڵ ڕێژیمە سەڵتەنەتی‌یە هەر دیكتاتۆرەكانی پێش شۆڕشی مەشرووتە لـە ئـێران‌دا چیـە؟ بۆچی ئەوان ناویان سەڵتەنەتی ئیستبدادی بووو ڕێژیمی ئێستا ناوی كۆمارە؟

كــەوابوو لــە ڕێژیمێــك وەك ڕێژیمــی ئــەمڕۆی ئـێران‌دا كـە نــە هیــچ كــام لــە تایبەتمەندی‌یەكانی ڕێژیمێكی "جمـهوری"ی هەیـە، هەرچـەند نـاوی جمهوورییشـی لـە

سەر دانرابێ‌و نە هیچ قـانوونێكی روون‌و دیـاری‌كراوی هەیـە كـە لـە چواچێـوەی ئـەودا كاروباری وڵات بەرێوە بچێ، هەرچەند بە ڕواڵەت‌و لە سەر كاغـەز شتێكیشـی بـە نـاوی قانوونی ئەساسی هەبێ، هیچ ئاڵوگۆڕێكی ئەساسی‌و ئوسووڵی ناتوانێ پێك بێ، مەگەر ئەوە كە ئەو رێژیمـە لـە بنـەڕەتدا ئـاڵوگۆڕی بـە سـەردا بـێ. رێژیمـی ئـەمڕۆی ئـێران رێژیمی ئیستبدادیی ویلایەتی فەقیهی‌یە نـەك رێژیمـی جمـهووری ئیسـلامی. هـەر بۆیـە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی ئەگەر قەرارە پێك بێ، ئەو ئاڵوگۆڕە بریتی‌یـە لـە لابـردن‌و فرێدانـی سیستەمی ویلایەتی فەقیهی‌و بەس. غەیری ئەوە هــەر كـارێكی دیكـە لـە شانۆسـازی‌و ڕەنگ‌گۆڕینێكی رواڵەتی پتر تێناپەڕێ!

ئەم وتارە رێكەوتی ١٣٦٧/١٠/٢٦ لە رادیۆ دەنگی كوردستانی ئێرانەوە بڵاو كراوەتەوە.

# بۆ خەبات چ زۆرە؟ ڕێگا!

چـەند مەسـەلەیەك وەك پێشـینەی مێژوویـی‌و وەزعــی جوغرافیــایی لەگــەڵ هێندێك تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی‌و مەزهەبی پلەی بەرزی تێگەیشتوویی سیاســی بوونە هۆی ئەوە کە خەڵکی کوردستان نەك هەر زۆر زۆرتر لە خەڵکی بەشــەکانی دیکەی ئێران لە نێوەڕۆکی کۆنەرپەرستانەو دژی گەلیی ڕێژیمی ئاخوندی بگــەن، بەڵکوو بتوانن قارەمانانە لە بەرامبەری‌دا رابوەستن‌و لە ماوەی ئەم ٩ـ ١٠ ساڵەدا لـە هـەموو شـێوەکانی خـەبات بـە دژی ئــەو ڕێژیمــەو بــە تایبــەت بــەرزترین‌و توندوتیژترین شێوە کە خــەباتی چەکدارانـە بـێ، کـەڵك وەربگـرن. لـە نەتیجـەدا خەباتی گشتی لە کوردستان‌دا بۆتە جێگای هیواو هۆمێدی هەموو خەڵکی ئێران. بە جۆرێك کـە ئـەمڕۆ مێـژوو دوو ئـەرکی زۆر گرینـگ‌و لـە عـەینی کـاتدا دژواری خستۆتە سەر شانی گەلی کـورد لـە کوردسـتان ئـێران. یەکـەم: جێگـیر بـوون لـە سـەنگەری هـەرە پێشـەوەی خـەبات بـۆ ئـازادی‌و دێموکراسـی لــە سەرانســەری ئێران‌داو بۆ هەموو خەڵکی ئێران. دووهەم: ئاڵا هـەڵگریی خـەبات بـۆ ئەسـتاندنی مـافی نەتەوایـەتیی گـەلانی مـافخوراوو ژێردەسـتی ئـێران وەك گـەلانی بــەلووچ، تورکمەن، عەرەب‌و ئازەری.

خەڵکی تێکۆشەرو قارەمانی کوردستان دەبێ لە گرنگی‌و لە عەینی کاتدا لــە پڕشـانازی بوونـی ئـەم ئەرکانـە کــە هــەروەك گوتمــان هەلومــەرجی مێژوویــی خستوونیە سەر شــانیان، بـاش ئاگـادار بـن‌و تـێ بکۆشـن کـە بـە لێوەشـاوەیی‌و تێکۆشانی شوڕشــگێرانەی بێ‌وچـانی خۆیـان ئـەم ئەرکـە قورسـە مێژووییـە بـە

ئەنجام بگەیەنن. ئەمە ئەركێكە كە لە سەر شانی فەرد بە فەردی خەڵكی كوردستانە، نەك هێزی پێشمەرگە بە تەنیایی. خەباتی چەكدارانەی هێزی پێشمەرگە تەنیا روانگەیەك لە خەباتی گشتیو جەماوەریی كورستانو شێوەیەك لە ئەنواعی شێوەكانی خەباتو بەربەرەكانییە.

بە وتەیەكی دیكە یەك یەكی خەڵكی كوردستان بە ژنو پیاوو لاوو پیر پێویستە نەخشی تایبەتی خۆیان لە بەرێوە بردنی ئەم ئەركە گشتییەدا كە كەوتۆتە سەرشانی هەموو خەڵكی كوردستان بگێڕن. ئاشكرایە كە لێرەدا دیاریكردنی ئەم نەخشانە بە وردی مومكین نیە. هەروەك گوتمان گرینگ ئەوەیە كە هەركەس لەوە بگا لەم پێیەدا ئەركی لە سەرشانەو پێویستە بەرێوەی ببا. ئەگەر ئەم تێگەیشتنەو هەست بە مەسئوولییەت كردنە هەبێ، ئەو دەم هەر كەس بە پێی هەلومەرجو بە گوێرەی ئیمكاناتو وەزعی تایبەتی خۆی رێگایەك بۆ بەرێوەبردنی ئەركی سەرشانی دەبینێتەوە، چونكە مەیدانێكی پانو بەرین بۆ خەبات لە پێش چاوەو شێوەی خەبات رەنگاورەنگو جۆراوجۆرن.

لە وتارێكی وەك ئەم وتارەدا ئەگەریش قامك لە سەر شتێك یان چەند شت دابنرێ، تەنیا وەك نموونە وایەو بەس. هەر چەند هێندێك شتی گشتی هەن كە وەك ئەسڵێك یان بناغەیەك پێویستە هەمیشە لەبەر چاو بن. سەرەتای ئەم ئەسڵانە دیارە خەباتو تێكۆشان لە ریزەكانی حیزبی دێموكراتو لە نێو هێزی پێشمەرگە دایە. حیزبی دێموكراتی كوردستان نەك بە قسە، بەڵكوو بە كردەوە نیشانی داوە كە حیزبی پێشڕەوو شورشگێری گەلی كورد لە كوردستانی ئێرانە. ئامانجەكانو هەڵوێستە سیاسییەكانی حیزبی دێموكرات ئێستا ئیتر بۆ هەموو خەڵك روونو دیارە. بۆ كەسێك كە هەستی نیشتمانپەروەریو ئامانجی رزگاریی لە دڵو مێشكی دایەو خەبات لە رێگای ئازادیو دێموكراسیو وەرگرتنی مافە سەرەتاییە ئینسانییەكانی بۆ خەڵكی ئێران بە گشتیو خەڵكی كوردستان بە

تایبەتی بە ئەرکی خۆی دەزانێ، چ ڕێگایەك ڕوونتر لە ڕێگای حیزبی دیمۆکراتو چ تێکۆشانێك پڕ لە شانازیترو کاریگەرتر لە تێکۆشان لە ریزەکانی حیزبی دیمۆکراتدایە؟ هەر لاوێکی کورد کە ورەو توانا لە خۆیدا دەبینێ، ئەوە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دیمۆکرات، با بێو سەربەرزو قارەمان خەبات بکاو لە کوورەی خەباتی شورشگێرانەدا قاڵ بێ.

لە پاشان ئەگەر هەر کەسێك بە هەر هۆیەك ناتوانێ ڕاستەوخۆ لە ریزەکانی حیزبی دێموکرات و شانبەشانی پێشمەرگەکان ژیانی خۆی تەرخانی خەباتی لێبڕاوو شێلگیردا بکا، خۆ ڕێگای یارمەتیکردن بە تێکۆشەرانی حیزبی دیمۆکراتو پێشمەرگە نەبەزەکانی ئەم حیزبە ئاواڵەیە. کێ هەیە بیهەوێ تێکۆشانی سیاسیو نیزامیی حیزبی شورشگێری دیمۆکرات لە کوردستانی ئەمڕۆدا یارمەتی بداو زۆر ڕێگای بۆ ئەم کارە شورشگێرانەیە لە پێش خۆی نەبینێ؟ بە تایبەت لە گوندەکانی کورستاندا، لە دابینکردنی جێگاو ڕێگاو ئیمکاناتی دیکەی خەبات ڕا بگرە هەتا پێڕاگەیاندنی ئەو ئاگاداریانەی لە سەر وەزعی دوژمن هەیە بە کادرە تێکۆشەرەکانو پێشمەرگە نەبەزەکانی حیزب.

پێویست بە گوتن ناکا کە بە هۆی فشارو زەبروزەنگی ڕێژیم لە لایەکو بەربڵاوی مەیدانی خەبات لە لایەکی دیکە چاوەڕوانی لە حیزبی دیمۆکرات کە لە ڕێگای کاری تەشکیلاتییەوە هەموو ئەو کەسانەی ئاواتەخوازو ئامادەی تێکۆشان لە ریزەکانی حیزبدان سازمان بدا، چاوەڕوانییەکی واقیعی نیە. ئەفرادی شۆڕشگێری ڕاستەقینە بۆ خۆیان زۆر باش دەتوانن لەگەڵ کەسانی وەك خۆیان کەمو زۆر تەشکیلاتو پێکەوە کارکردنی لە شێوەی ڕێکخراوی حیزبی ساز بکەنو بە گوێرەی ئیمکاناتی خۆیان تێبکۆشنو خەبات بکەن هەتا لە کاتی خۆیو لە هەلی موناسیبدا پێوەندی لەگەڵ حیزب دابمەزرێننو بە ڕەسمیو بە یەکجاری لەگەڵ ریزەکانی حیزب بکەون. با لە شارو گوندەکانی ئەم کوردستانە پانو بەرینەدا سەدانو هەزاران شانەی گەورەو بچووك لە شێوەی شانەکانی

حیزبی بە دەستو بە ئیبتكاری خودی ئەفرادی بە هەستو شۆڕشگێر پێك بێو ئەو تێكۆشانە بكا كە شانەو ڕێكخراوی حیزبی دەبێ بیكەن. كوردستانی ڕاپەڕیوی ئەمڕۆ سەبارەت بە بەشەكانی دیكەی ئێران ئەم ئیمتیازەی هەیە كە هەر كەسێك یان هەر تاقمێك لە ئەفرادی شورشگێر كە خەباتو تێكۆشانی لە لای ڕێژیم ئاشكرا بووو گیانی كەوتە مەترسییەوە دەتوانێ بە زوویی‌و بە زەحمەتێكی زۆر كەمەوە خۆی لە چنگ ڕێژیم ڕزگار بكاو خۆی بگەیەنێتە ریزەكانی حیزبو هێزی پێشمەرگە.

بەراستی كێ هەیە كە هەستی نیشتمانپەروەری‌و خەباتگێڕیی هەبێو بیهەوێ بە كردەوە لەو خەباتە پانو بەرینەدا كە ئەمڕۆ لە گۆڕی دایە بەشداری بكاو ئێمكانێك بۆ ئەم كارە نەبینێ؟ كێ هەیە كە بیهەوێ بە تەنیا یان لەگەڵ چەند كەسی وەك خۆی تەبلیغی سیاسەتەكانو هەڵوێستەكانی حیزبی دێموكرات بكا، ئامانجەكانی جووڵانەوە بۆ خەڵك ڕوون بكاتەوە، خەڵك بۆ ڕاوەستانو بەربەرەكانی لەگەڵ ڕێژیم هان بدا، یارمەتی بە بنەماڵەی شەهیدان، زیندانیانی سیاسی‌و تێكۆشەرانی حیزبی بداو دەیان كاری دیكەی لەم بابەتانەو ئیمكانی بۆ نەڕەخسێ؟

هەروەك گوتمان، مەیدانێكی پانو بەرین بۆ خەبات لە بەردەست دایە. ئەنواعی ڕێگا بۆ هاتنە نێو ئەو مەیدانەو بەشداری لە خەباتدا لە پێشە، گرینگ ئەوەیە كە هەستی نیشتمانپەروەری‌و شۆڕشگێریمان هەبێو لەگەڵ خۆمانو گەلە ژێردەستەكەمان پەیمانی خەباتو تێكۆشان بۆ ئازادی‌و ڕزگاری ببەستین. ئەگینا چ زۆرە؟ ڕێگا!

ئەم وتارە ڕێكەوتی ١٣٦٨/٨/١١ لە ڕادیۆ دەنگی كوردستانی ئێرانەوە بڵاو كراوەتەوە.

# بۆچی پێویستە مەزهەب لە دەوڵەت جیا بێ؟

مانگی ڕێبەندان کە پێمان لە ڕۆژەکانی ئاخری ناوە، مانگێك بوو کە بە گشتی هەروا هەنگامەی ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان لە ئێران‌و لە سەرەوەی هەمووان خودی خومەینی لە بارەی نێوەرۆکی ئیسلامیی ڕێژیمی ئێران‌و پێویستیی ناردنە دەرەوەی بە ناو شۆڕشی ئیسلامی لە ئێرانڕا بۆ وڵاتانی دیکەو بە کورتی دامەزرانی ئیمپراتوریی ویلایەتی فەقیهی لە دنیادا برەوی زۆر بوو. ئەم هەڵلاو بگرە کە بە دوای سەفەری ئاخوند خامنەیی بۆ پاکستان‌و یەك دوو وڵاتی ئەفریقاییدا بە توندوتیژیەکی زۆرتر لە پێشوو وەڕێ کەوت. لە جەرەیانی شانۆسازیی ١٠ ڕۆژە کە ناوی "دهەء فجر"ی لە سەر دانرا بوو، زۆر پەرەی پێ دراو ئەم ڕۆژانەی دواییش بە دوای هێرشی هێزەکانی ڕێژیم بۆ سەر "جنووب"ی عێراق بەو پەڕی ریاکاریو فێڵبازیەوە دەهۆڵو زوڕنای بۆ لێ دەدرێ. هەر بۆیە چەند قسەیەك لە سەر ئەم هەڵلاو هەنگامەیەو ئەو نێوەرۆکە بە ناو ئیسلامیەی ڕێژیمی دەسەڵاتدار لە ئێراندا پێویستە.

لە سەر یەك تا ئێستا موخالیفانی خومەینیو ڕێژیمە دەستکردەکەی لە بارەی مەزهەبیەوە، دوو شێوە بۆچوون‌و نەزەریان لە سەر ئەو ڕێژیمە هەبووە. دەستەی یەکەم کەسانێك بوون کە هەر لە بنەڕەتڕا چووکترین لایەنی ئیسلامی بوونی ڕێژیمیان ڕەت کردۆتەوەو دەڵێن کە هیچ کام لە قسەو هەڵوێست‌و ئاکارو کردەوەکانی ڕێژیم‌و کاربەدەستەکانی فڕیان بە سەر ئیسلام یان دروستتر بڵێین ئیسلامی ڕاستەقینەوە نیە. بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە قبووڵ کردنی ئەم جۆرە بڕیارە لە سەر ڕێژیمی ئەمڕۆی ئێران کارێکی زۆر دژوارە. چونکە مەعلووم نیە کە ئەگەر هێندێك لە قسەو هەڵوێستەکانی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم دەستووری ئیسلامی

نین، چین؟ بۆ نموونە ئەوە كە دەبێ دەستی دز ببڕدرێ، یان ژنو پیاوی خەتاكار حەدیان لێ بدرێو رەجم بكرێن، یان ژنان دەبێ لە ژێر حیجابدا بنو خۆیان باش لە چاوی مەحرەمان داپۆشنو هەروەها لە باری "ارث" بردنو شایەدیدان لە كاتی قەزاوەتدا وەك پیاوان حیسابیان لە سەر ناكرێ، یان موسیقیو گۆرانی تا ڕادەیەكی زۆر حەرامو غەیرە شەرعیەو زۆر شتی دیكە لەم بابەتەوە دەستووری ئیسلامین یان نا؟ و ئەگەر دەستووری ئیسلامین، بەڕێوە بردنیان لە لایەن حكوومەتێكەوە كە ئیددیعای ئیسلامی بوون دەكا، بۆچی كاری غەیری ئیسلامی بە حیساب دێن؟

دەستەی دووهەم لە موخالیفانی ئیسلامی بوونی رێژیم ئەگەرچی هێندێك لە نەزەرو هەڵوێستەكانی ئەو رێژیمە وەك ئەوانە كە ئیشارەمان پێ كردن بە ئیسلامی دەزانن، بەڵام زۆر شتی دیكەی بە ئیسلامی نازانن. وەك مەسەلەی ویلایەتی فەقیهیو خەیاڵی دامەزراندنی ئیمپراتوری شیعەی ویلایەتی فەقیهیو ئاژاوەگێڕیو شەڕ فرۆشی. هەروەها ئەو جینایەتانە كە بە ناوی ئیسلامی بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتی دیكتاتۆرانە بەرێوە دەچێ. ئەو بۆچوونە ئەگەر تا ڕادەیەكی زۆر لە سەر رێژیمی ئەمڕۆی ئێران راستە، بەڵام دیسانیش لە دوو لاوە جێگای پرسیار دەهێڵێتەوە. لە لایەك ئەگەر ئەو شتانەی كە ئیشارەمان بە هێندێكیان كردن، دەستووری ئیسلامین. ئایا ئەركی حكوومەتی ئیسلامی ئەوەیە كە بەڕێوەیان بەرێ یان نا؟ و ئەگەر ئەركی بەڕێوە بردنیانی لە ئەستۆیە ئایا لەگەڵ هەلومەرجی ئەمڕۆی دنیاو كۆمەڵی ئێستا دەگونجێ یان نا؟ لە لایەكی دیكەشەوە ئەگەر قووڵ بۆ مەسەلەكە بچینو بە وردی بیری لێ بكەینەوە، ئایا حكوومەتێكی بە تەواوی مەزهەبی ئاخرەكەی بە ناچار هەر بەرەو جۆرە دیكتاتۆرییەك ناڕوا؟

بە وتەیەكی روونتر بیرو بڕوایەكی مەزهەبی كە چوارچێوەكەی نەك لە لایەن بەشەری عادییەوە، بەڵكوو لە لایەن گەورەتر لە بەشەرەوە دیاری كراوەو لانی

کەم هەزارو چەند سەد ساڵ لەمەوبەر ڕێوشـوێنی تـا ڕادەیـەکی زۆر بـۆ دانـراوە، لەگـەڵ دێموکراسـی کـە بیروڕایـەکی سیاسـی‌یەو ئەساسـەکەی لـە سـەر بڕیـاری خەڵكو هەڵبژاردنی شێوەی ژیان بە پێی هەلومەرج لە لایەن بەشـەری عادی‌یـەوە دامەزراوە، چلۆن یەك دەگرێتەوە؟


کـەوا بـوو ئەگـەرچی ڕاسـتە کـە زۆر لـەو شـتانەی ڕێژیمـی ئـەمڕۆی ئـێران ئیددیعایان دەکاو زۆر لە کارو کردەوەکانی ئیسلامی نین، بەڵام دیسانیش ناکرێ هـەموو کەموکوڕیـەکانو عـەیبو عارەکـانی ئـەم ڕێژیمـەش بـەو بەهانەیـە کـە ئیسلامی ڕاسـتەقینە نیـە، داپۆشـینو "توجیـە" بکـەین. واقعییـەت ئەوەیـە کـە مەزهەب چ ئیسـلامی بێو چ غـەیرە ئیسـلامی، ئـەمڕۆ لـە هەلومـەرجی ئێسـتای دنیادا شێوەی حکوومەت کردنو مەملەکەتداری نیەو ئەگەر بمانەوێ بـێ گـرێو گۆڵ قسە بکەینو لەگەڵ ڕاستی بە بێ پێچو پەنا بـەرەو ڕوو بـین، دەبـێ قبـووڵ بکەین کە مەزهەب پێویستە لە دەوڵەت جیا بێ. یـانی بـیروبڕوای مەزهـەبی وەك شتێکی ئیختیاریو شەخسی چاو لـێ بکەین کە هەر کەس لە هـەڵبژادرنو بـاوەڕ پێ بوونی‌دا ئازادە. بەڵام ڕێورەسمی بەڕێوە بردنی وڵاتێك چ لە باری سیاسی‌و چ لە باری کۆمەڵایەتی‌و نیزامی‌و ئابووری‌یەوە شتێکە کە یان هیچ پێوەندی‌یەکی بە دەسـتووراتی دیـاریکراوی مەزهەبی‌یـەوە نیـە یـان ئەگـەر پێوەندییشـی هـەبێ، مومکینە بە کردەوە یەك نەگرنەوەو لەگەڵ هەلومەرجو وەزعی زەمانە نەگونجێ.

ئەمە شتێکە کە کلیسا یانی دامودەزگای مەزهەبیی مەسیحیەت لە مێـژە لێـی حاڵی بووەو هەر بۆیە قبووڵی کردوە کە خۆی بە ڕەسمی لە دەوڵەتو حکوومەت کردنی ڕاستەوخۆ جیا بکاتەوە. دیارە ئەمە بە هیچ جۆر بەو مانایە نیە کە کلیسا کاری بە سیاسەت نیە، چونکە سیاسەتو بیروڕا لە بارەی شێوەی ژیانو بەڕێوە چوونی وڵاتێك ئەرکی هەموو کەسێك لە دانیشتووانی ئەو وڵاتەو بە گشتی هەموو

خەڵكی جیهانە، بەڵام دەوڵەت كە بە كردەوە وڵات بەڕێوە دەبا، ئەگەر بۆچوونی مەزهەبیی هەبێ بە ناچار بۆچوونەكەی دەبێتە شتێكی دیاریكراوی تایبـەتی‌و لـە چوارچێوەیەكی تەنگەبەرداو هەر ئەو عەیبانەی دەبێ كە باسمان كردن.

لە دنیای ئەمڕۆدا مەزهـەب لـە جیـاتی ئـەوەی دانـەرو بەڕێوەبـەری قـانوون‌و یاسای ئابووری‌و سیاسی‌و نیزامی بێ، زۆرتر ڕاگری هێندێك "معیـار"و ئەرزشـی ئەخلاقی‌و كۆمەڵایەتی‌یـە كـە وەك نموونەیـەك یـان وەك ئاوێنەیـەك لـە بەرامبـەر ئەفرادی بەشـەرو كۆمـەڵانی ئینسـانی‌دا ڕادەگـیرێ. بـەڵام مەسـاییلی ئـەخلاقی‌و روحی تـەنیا بەشـێك لـە ژیـانی ئینسـانی ئەمڕۆیـە نـەك هـەمووی ژیـانی. ئەگـەر خەڵكی ئێران بە هەموو هـێزو توانایانـەوە بـە دژی ڕێژیمـی پاشـایەتی ڕاپـەڕین، تەنیا لە بەر مەساییلی ئەخلاقی ئەوەیان نەكردو زۆرتر بۆ ئەوە بـوو كـە وەزعـی ژیانیـان بـە گشـتی‌و بەتایبـەتی لــە بـاری ئابووری‌یــەوە بگـۆڕن. خومـەینی‌و ئاخوندەكـانی دەوروبـەری زۆر لـە هەڵـەدان ئەگـەر پێیـان وایـە خــەڵكی ئـێران ئیسلامیان تەنیا بۆ ئیسلامەتی دەوێ نەك بۆ باشتر كردنی ژیانیان. هیچ گومـانی تێدا نیـە ئـەو ڕۆژەی كـە كۆمــەڵانی خــەڵك تــێ بگــەن ئیســلامی خومــەینی‌و دارودەستەكەی نەك هەر ژیانی ئــابووری‌و كۆمەڵایـەتیی ئـەوان ناتوانـێ بگـۆڕێ، بـەڵكوو بـەرەو خراپـتری دەبـا، (كـە دیـارە ئـەوە بـەو شــێوەیە كـە ئــاخوندە دەستەڵاتدارەكان لە ئێران‌دا ڕەفتاری پـێ دەكـەن زۆر زوو دێتـە پێـش) واز لـەو ئیسلامەش دێنێ. ئەودەم دیارە تــاوانی وێ كـەوتنی ئـەو زەبـرە لـە ئیسـلام لـە پێش هەموو كەس‌دا لە ئەستۆی خومەینی‌و ئەو ئاخوندانەی وەك خومەینی‌یە كە یان لە مانای ڕاستەقینەی مەزهەب تـێ نەگەیشـتوون یـان تـێ گەیشـتوون بـەڵام فێڵبازانەو ریا كارانە دەیانـەوێ لـە مەزهـەب بـە قـازانجی خۆیـان كـەڵكی خـراپ وەربگرن.

ئەم وتارە رێكەوتی ١٣٦٤/١١/٢٨ لە رادیۆ دەنگی كوردستانی ئێرانەوە بڵاو دەكرێتەوە.



دوكتور شەرەفكەندی

لە سالآنی سكرتێری گشتیی حیزب لە شوێنی ژیان‌و تێكۆشانی رۆژانەیدا.

كوردستان ـ بۆڵێ

# ژیاننامەی

# شەهید دوكتور سادق شەرەفكەندی،

# سكرتێری گشتیی حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران

تێكۆشەری مەزن هاورێ دوكتور "صادق شرفكندی"، سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران‌و خەباتگێڕی بەناوبانگی گەلی كورد، رۆژی ٢١ی بەرفرانباری ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی (١١ی ژانویەی ١٩٣٨ی زایینی) لە بنەماڵەیەكی نیشتمانپەروەردا لە گوندی تەرەغەی بۆكان لەدایك بوو. لە تەمەنی منداڵی‌دا باوكی لەدەست داو سەرپەرستی‌یەكەی كەوتە سەرشانی براگەورەكەی، شاعیرو نیشتمانپەرەوەری گەورەی كوردستان خوالێخۆشبوو مامۆستا "هەژار"ی نەمر. سەردەمی منداڵیی نەمر"محمد صادق شرفكندی" هاوكات بوو لەگەڵ پەرە ئەستاندنی خەباتی رزگاریخوازانەی خەڵكی كوردستانی ئێران‌و دامەزرانی كۆماری كوردستان. رێنوێنی‌و ئامۆژگاری‌یەكانی برا زاناو خەباتگێڕەكەی‌و زۆر دیمەن لە خەباتی مێژوویی ئەو كات لە بیرو زەینی‌دا نەخشی بەست.

پۆلی یەك‌و دوویی سەرەتایی لە شاری بۆكان‌و پاشان كە بنەماڵەكەی لە مەهاباد گیرساوە، خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی لەو شارەو ساڵی ئاخری دەبیرستانی لە تەورێز تەواو كرد. شایانی باسە كە لە هەموو

پلەکانی خوێندندا قوتابیو خوێندکارێکی زیرەكو وریا بوو، یا خاوەنی پلەی یەکەمو یا یەکێك لە باشترین قوتابیانو خوێندکاران بوو. ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی (١٩٥٩ی زایینی) لە "دانیشسەرای عالی"ی تاران لیسانسی شیمیی وەرگرت. هەر لەو ساڵەدا بوو بە مامۆستای دەرسی شیمی هەتا ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی (١٩٦٥ی زایینی)و لە شارەکانی ورمێو مەهاباد بە ئەرکی مامۆستایەتیەوە خەریك بوو. لەو ماوەیەدا وەك مامۆستایەکی شارەزا ناوی دەرکردو بۆ پێگەیاندنی قوتابیانی کوردستان زەحمەتێکی زۆرو بەرچاوی کێشا، بەجۆرێك کە ئەو قوتابیانەی کە ئەو دەرسی پێدەگوتنو لە زانستگاکان قبووڵ دەبوون، ساڵ بە ساڵ زیاتر دەبوون. سەرەنجام "ساواك" دەزگای جاسووسیی ڕێژیمی حەمەرەزاشا ئەو خزمەتەی لە کوردستان پێ ڕەوا نەدیو لەگەڵ ژمارەیەك مامۆستای دیکەی هاوبیرو هاوکاری بۆ شارەکانی "اراك"و "کرج"و چەند شاری دیکەی دوور خستنەوە. هاورێی تێکۆشەر "محمد صادق شرفکندی" ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی (١٩٧٠ی زایینی) بۆ زانستگای "تربیت معلم" نەقڵ کراو وەك ئاسیستانی بەشی شیمی کاری پێ ئەسپێردرا. پاش نیشان دانی لێوەشاوەیەکی تەواو لەو ئەرکەدا، ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی (١٩٧٢ی زایینی) بەکەڵك وەرگرتن لە بورسی وەزارەتی علووم چوو بۆ فەرانسەو پاش چوار ساڵ مانەوە لەو وڵاتە توانی دوکتورای شیمیی ئانالیز (شیمی تجزیه) لە زانستگای ژمارە ٦ی پاریس وەربگرێ.

دوکتور "صادق شرفکندی" ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی (١٩٧٦ی زایینی) گەڕایەوە تارانو وەك "استادیار"ی شیمی لە زانستگای "تربیت معلم" درێژەی بە کاری مامۆستایەتی دا کە لە بەجێ هێنانی ئەو ئەرکەشدا بە تەواوی سەرکەوتوو بوو. هەر بۆیە بوو بە خۆشەویستی مامۆستایانو

خوێندكـارانی ئـــەو زانســـتگایەو وەك مامۆســـتایەكی دڵســـۆزو لـــە هـــەمان كـاتیشدا خـەباتگێڕ نـاوی دەركـرد.

تێكۆشــەر دوكتــور "محمــد صــادق شــرفكندی" ســاڵی ١٣٥٢ی هـــەتاوی (١٩٧٣ی زایینـی) كـاتێك لـە پـاریس دەورەی دوكتـــورای دەدیـت، لـە ڕێگـای مامۆسـتای مـەزن دوكتـور "عبدالرحمن قــاسملو"ی ڕێبــەر، لەگــەڵ بەرنامــەو پـێرەوی نێوخـۆی حـیزبی دێموكراتـــی كوردســـتانی ئـێران ئاشـنا بـووو داوای ئەندامـەتیی حـیزبی دێموكراتـی كوردســـتانی ئـێرانی كـرد. پـاش گەڕانــەوەی بـۆ ئـێران، بـوو بــە ڕابیتــی نێــوان دوكتــور قـــاسملوو وئـــەندامانی كۆنـــی ڕێبەرایـــەتیی حـــیزبو لـــەو پێوەندیـــەدا زەحمـــەتێكی زۆری كێشـــاو زۆر جـــاریش گیـــانی خـــۆی خســـتە مەترســـییەوە. دوای ڕووخـــانی ڕێژیمـــی پاشـایەتیو دەســت پێكردنــەوەی تێكۆشـانی ئاشـكرای حـیزبی دێموكـرات، سـاڵی ١٣٥٨ی هــەتاوی (١٩٧٩ی زایینـــی) بـــوو بـــە موشـــاویری كومیتـــەی نـــاوەندیو ڕەشـــەمەی ســـاڵی ١٣٥٨ (فێوریـــەی ١٩٨٠ی زایینـــی) لـــە كۆنگـــرەی چوارەمـــی حیزبەكـــەماندا بـــە ئـــەندامی كومیتـــەی نـــاوەندی هـەڵبژێردراو بەرپرسـایەتیی كومیتــەی حـیزب لــە تــارانی پێئەسـپێردرا كـە ئـەو بەرپرسایەتییەشـی بـە لێوەشـاوەییو كارزانیـــەوە بەئــەنجام گــەیاند.

ســەرەتای هــاوینی ســاڵی ١٣٥٩ی هــەتاوی (١٩٨٠ی زایینــی) لــە لایـــەن ڕێبەرایـەتی حیزبـــەوە بـۆ كـاری تــەواو وەخـت بـانگ كرایــەوە كوردســتانو هـەموو وەختو توانـای خـۆی لـە خزمـەت حـیزب نـا. لــە پلینۆمــی كومیتــەی نـاوەندی لـە هـاوینی سـاڵی ١٣٥٩ی هـەتاوی (١٩٨٠ی زایینـــی)دا بــە ئــەندامی دەفتـــەری سیاســـی هـــەڵبژێردرا. لـــە كۆنگرەكـــانی پێنجـــەم، شەشـــەم،

حەوتـەم، هەشـەتمو نۆهـەمی حـیزبدا هـــەموو جـارێ بـە ئـەندامی کۆمیتــەی ناوەندی‌و لـە کومیتــەی نـاوندییش‌دا هـــەموو جـارێ بـۆ ئـەندامی دەفتــەری سیاســی هەڵبژێردراوەتــەوە.

دوکتـور "صـادق شـرفکندی" لـە مـاوەی بوونـی لـــە رێبەرایــەتیی حــیزبدا زۆرتـر بەرپرسـایەتیی بەشـی تـەبلیغات (رادیـۆو ئینتشـارات)ی لـــە سـەر شـان بـووو لـــە سـالّی ١٣٦٥ی هـــەتاوی هـــەتا کـاتی شـــەهید بوونــی مامۆســتای گـەورەمان دوکتـور "قـاسملوو"ی نــەمر ئــەرکی جێگـری سـکرتێری گشــتیی حیزبی بــە ئەستۆوە بـوو.

هـاوڕێی خۆشەویست دوکتـور "صـادق شـــرفکندی" لــە یەکــەم پیلینۆمــی دوای شـــەهید بوونــی دوکتـــور قــاسملوودا بـــە تێکـــڕای دەنگـــی ئـــەندامانی کومیتـەی نـاوەندی بـە سـکرتێری گشـتیی حـیزب هـــەڵبژێردراو لــە کۆنگــرەی نۆهـەمی حیزبیشـەوە هـــەتا کـاتی شـــەهید بوونـــی (٢٦ی خــەرمانانی ١٣٧١ی هـــەتاوی، ١٧ی سـیپتامبری ١٩٩٢زایینــی) ئـــەرك‌و بەرپرســـایەتیی قورســـی "سـکرتێری گشـتیی حـیزبی دێموکراتـی کوردسـتانی ئـێران"ی بـــەڕێوە بــرد.

خـەباتگێڕی مـەزنی گەلەکـەمان دوکتـــور "صـــادق شـــرفکندی" لـــە مـــاوەی ئـەو ١٢ سـاڵەی دوایـی‌دا تـا کـاتی شـەهید بوونـی هەمیشـە ڕۆڵێکـی بنـــەڕەتیی لــە رێبەرایــەتیی حــیزب‌و جووڵانــەوەی گەلەکـــەمان‌دا هـــەبوو. یـــەکێك لـــە بـــەوەجترین‌و شــارەزاترین رێبــەرانی نێــو ریزەکـــانی بزووتنـــەوەی میللـــی ـ دێموکراتیکـی گەلەکـەمان بـووو بەحــــەق دەبــێ بلێــین کــە قوتابی‌یــەکی لێوەشـاوەو یـارێکی وەفـاداری دوکتـور قـاسملووی نـەمر بـــووو پــاش دوکتـــور قـاسملووش بـوو بـــە مامۆســتای ئیدامــەکاری‌و درێــژەدان بــە رێبــازو رێگــای

دوكتور قاسملووو بە لێهاتوویی‌و لێوەشاوەیی خۆی نەیهێشت بۆ قاسملوویی بەم جۆرە كە ئاواتی دوژمنانی بزووتنەوە بوو، بە حیزبەوە دیار بێ.

دوكتور "صادق" هەر لەو كاتەوە كە هاتە ریزی رێبەرایەتیی حیزب یەكێك لە دارێژەرانی سیاسەت‌و هەڵویستەكانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران بوو. لە سەر پاراستنی ئوسوول‌و پرنسیپەكانی حیزب شێلگیرو پێداگر بوو. ئەو كادرو پێشمەرگەكانی حیزبی خۆش دەویستن، بەڵام ئەو خۆشەویستی‌یە هەرگیز شوێنی لەسەر هەڵسەنگاندنی واقیع‌بینانەی كادرو پێشمەرگەكان‌و كاروباری ئەوان دا دانەدەنا. دڵپاكی‌و بێغەرەزیی كاك دوكتور سەعید بۆ هەموو هاورێیانی حیزب بە تەواوی دەركەوتبوو هەربۆیەش ئامۆژگاری‌یەكانی بەدڵ‌و بەگیانەوە وەردەگیران. نەخشی گرینگی تەشكیلاتی لە حیزب‌و بزووتنەوەدا زۆر بەباشی هەست پێكردبوو، بەڵام هەرگیز تەشكیلاتی لە جێی خەڵك دانەدەناو لە دەمارگرژی‌و سكتاریستی بەدوور بوو، چونكە ئەو تەشكیلاتی حیزب‌و خودی حیزبیشی بۆ رێبەرایەتی كردنی خەباتی گەل دەویستن.

تێكۆشەری نەمر دوكتور "صادق"، ئینسانێكی شوجاع، بەورە، بەئەخلاق، راستگۆو دروست كارو بەراستی "صادق" بوو. لە حەق‌و عەدالەت پشتیوانیی دەكردو لە هەموو ئەو تایبەتمەندی‌یانە لە سیاسەت‌و كردەوەدا كەڵكی وەردەگرت. ئینسانێكی پڕكار بوو، ماندوویی نەدەناسی، هەموو كات‌و وەختی خۆی بۆ جێبەجێ كردنی ئەركە حیزبی‌یەكان تەرخان كردبوو. شۆڕشگێڕێكی بە تەواو ماناو

دێموکراتیێکی واقیعی بوو کە لە هەر کارو کردەوەو هەڵوێستێکیدا ئەو تایبەتمەندییانە خۆیان دەنواند. بڕوایەکی قووڵی بە دێموکراسیو مافی گەلانی ئێران هەبوو، هەر بۆیە لە ڕوانگەی ئەوەوە پێوانەی هەر حەرەکەتێکی خەباتگێڕانە لە ئێرانو کوردستاندا بریتی بوو لە تێکۆشان بۆ سەقامگیر کردنی ئازادیو دێموکراسیو وەدەیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کوردو گەلانی ئێران. سیاسەتو تاکتیك بۆ دوکتور "صادق"، زاراوەو دەستەواژەی خەیاڵیو زەینی نەبوون، لە ڕوانگەی ئەوەوە سیاسەت کردەوەی خەباتگێڕانە بوو، هەر بۆیەش بەحەقو بەکردەوە ببوو بە ئاوێنەی تایبەتمەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

ڕۆڵەی هەڵکەوتووی گەل کاك دوکتور "صادق" ئینسانێکی خاکیو خەڵکیو بە "تواضع" بوو، بەڵام هەرئەوەندەی کە لە ڕاست دۆستانو هاوڕێیانیدا روو خۆشو بە گوزەشت بوو، لە ڕاست دوژمنانی حیزبو گەلدا توندو بێ لێبوردن بوو، قورسو قایم لە بەرامبەریاندا ڕادەوەستاو زەڕەیەك "نرمش"و هەنگاوێك گەڕانەوەی بۆ نەبوو. ئەو خەڵکی کوردستانی بە ڕەگو پێستەوە خۆش دەویست، هەر بۆیەش گیانو ژیانی بۆ خزمەت بەوان تەرخان کردبوو. ئەو لەو سیاسەتمەدارانە نەبوو کە خەڵکیان وەك ئامرازی بردنە پێشی مەبەستەکانی خۆیان دەوێ. ئەو بۆخۆی پێشڕەوی خەباتی خەڵکی کوردستان بووو جگە لە قازانجو بەرژەوەندییەکانی گەل هیچ قازانجو بەرژەوەندییەکی شەخسی بەلایەوە گرینگ نەبوو.

تێکۆشەر دوکتور "صادق" بۆ کادرو پێشمەرگەکانی حیزب هەر تەنیا سکرتێری گشتیی نەبوو، ئەو دۆستو هاوڵی هاوڕێیان بووو بەڕادەیەك لەگەڵیان

تێکەڵاوو لـێیان نزیك بوو کە هەر هاوڕێیـەك بـە ڕاشـکاوی دەیتوانـی پرێسـکەی دڵی خۆی لەلای هەڵڕێژێو لە ڕێنوێنییە بەکەڵکەکانی کەڵك وەربگرێ. . .

کـاك دوکتـور "صـادق" بڕوایـەکی قووڵـی بـە هاوکـاریی گـەلانو هـەموو ئازادیخوازانی ئێران هەبوو، لەو بڕوایەدا بوو کە ڕووخانی ڕێژیمی ئاخوندی بە بـێ نیزیکیو هاوکاریو هاوپێوەندیی هێزە نیشـتمانپەروەرو خـەباتگێڕەکانی ئـێران، کارێکی مومکین یان لانی کەم هاسان نیە، هەر بۆیـە لـە هـەر دەرفـەتێك بـۆ ئـەو مەبەستە کەڵکی وەردەگرتو بە کردەوە هەوڵی بۆ دەداو سەرەنجام لەو ڕێیـەدا گیانی بەختی ئازادی ئێرانو خودموختاریی کوردستان کرد.

یادو ناوی شەرەفکەندیی مـەزن هەمیشـە بـە نـەمری دەمێنێتـەوەو خـەباتو تێکۆشـانی پڕشـنگداری لــە پێنـاو ئامانجـە پیرۆزەکـانی حـیزبی دێموکراتــی کوردســتانی ئــێرانو گــەلی کــوردو خــەڵکی ئــێرانداو تایبەتمەندیـیــە شۆڕشـگێڕانەکانی دوای نەمانیشـی ڕێنوێـنو ئیلـهامدەری تێکۆشـەرانی حـیزبو شۆڕشگێڕانی وڵاتەکەمان دەبێ.

لە شەپۆلانی ئەو خوێنە لە سەر حەقو بەناحەق ڕێژراوانەوە، لە تاریکایی ئەو شـەوە ئەنگۆسـتە چـاوەی کۆتاییـیـەکانی سـەدەی بیسـتەمدا، ئەلـەندەکانی رووناکی دەبریسکێنەوەو سەردێڕیکمان بۆ دەنووسن لـە هـەتاو، پـەڕاوێکمان بـۆ دەکەنەوە لە وانەکانی فەلسەفەی ئازادی.

☆☆☆

# پێڕست

✪ وتەیەك لەبارەی ئەم كتێبەوە ٣
✪ "كوردستان" سەنگەرێكی دیكەی تێكۆشانی ڕێبەری شەهیدمان ٦

**هەڵبژاردەی وتارەكانی دوكتور سادق شەرەفكەندی لە ڕۆژنامەی "كوردستان" ئۆرگانی كومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێراندا:**

✪ خەیاڵی خاو ١٣
✪ مۆژدەی سەڵتەنەتخوازەكان بە گەلانی ئێران ١٩
✪ فیشاڵی "بازسازی" ٢٤
✪ دیكتاتۆریو سەربەخۆیی ٣٠
✪ ساڵڕۆژی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ ٣٦
✪ ساڵی تازەی جیهانی ٤١
✪ دووی ڕێبەندان ٤٨
✪ رابردووو دوارۆژی ئەفغانستان ٥٢
✪ دووسەدەمین ساڵی شۆڕشی فەرانسە ٦١

✪ پەیامی سوپاس‌و پێزانینی دوكتور سادق شەرەفكەندی جێگری سكرتێری گشتیی حیزب بە بۆنەی هاودەردیی خەڵك‌و دۆستان‌و دڵسۆزانی حیزبی دێموكرات بە دوای شەهید بوونی دوكتور قاسملووی نەمردا ٧٣
✪ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران ٧٩

**هەڵبژاردەی وتارەكانی دوكتور سادق شەرەفكەندی كە لە رادیۆی دەنگی كوردستانی ئێران بڵاو بوونەوە:**

✪ ئێران، ئاڵاهەڵگری تێرۆریزمی نێونەتەوەیی ٨٣
✪ كونگرەی شەشەمی حیزبی دێموكرات‌و "سوسیالیزم" ٨٧
✪ ٢٩ی رەشەمە، ساڵڕۆژی میللی بوونی سەنعەتی نەوتی ئێران ٩٦
✪ خومەینی‌و بزووتنەوەی جیهانی ئیسلام ١٠٢
✪ بزنی مەلا نەسرەدین! ١٠٧
✪ یەكگرتوویی كۆمەڵانی خەڵك زامنی سەركەوتنە ١١١
✪ ئازادیی دەربڕینی بیروڕا لە كۆماری ئیسلامی‌دا ١١٥
✪ چەرخی مێژوو بەرەو پێشەوە دەڕوا ١١٩
✪ مەجلیسی شووری ئاخوندی‌و كاروباری وڵات ١٢٣
✪ فەرهەنگی غەربی‌و فەرهەنگی ئیسلامی ١٢٨
✪ رەفعی فیتنە لە نەزەر خومەینی‌یەوە ١٣٢
✪ رۆژی جیهانیی ژن ١٣٦
✪ یادێك لە دوو ٢٨ی گەلاوێژ ١٤٢
✪ ئایا بەڕاستی ئێعتباری ئیسلام بۆ دەسەڵاتدارانی كۆماری ئیسلامی گرینگە؟ ١٤٦

✪ چەند قسەیەك لە سەر هەڵوێستی جینایەتکارانەی ڕێژیم سەبارەت بە خەڵکی کوردستان ١٥٠
✪ ئاگادار کردنی خەڵکی ئێران لە سەر جووڵانەوەی کوردستان، هەنگاوێك بەرەو سەرکەوتن ١٥٤
✪ شینی کوژرانی ١٣ لاوی سەقزی ١٥٨
✪ تێرۆریزم بە چ دەڵێن؟ ١٦٣
✪ با هەموو بەشی خۆمان لە خەباتدا بەشداری بکەین ١٦٧
✪ یەکەمی مانگی مای، ڕۆژی کرێکارانی جیهان ١٧٠
✪ لە نیزامی ئاخوندیدا قانوون چیە؟ ١٧٤
✪ جێگای تایبەتیی هەر کەس لە جووڵانەوەدا ١٧٨
✪ هێزی ئەساسیی جووڵانەوە ١٨٢
✪ ڕێکخراوی ڕاستین چیە؟ ١٨٧
✪ پێوەندی دێموکراسی لەگەڵ نەزم و دێسیپلین ١٩١
✪ چەند قسەیەك لەگەڵ موعەللیمەکانی کوردستان ١٩٥
✪ دێموکراسی و سوسیالیزم ٢٠٠
✪ ڕێژیمی ئاخوندی و بەربەرەکانی لەگەڵ مەسرەفی مەواددی موخەددیر ٢٠٥
✪ ئایا ڕێژیمی ئێران ڕێژیمێکی جمهووریە؟ ٢١٠
✪ بۆ خەبات چ زۆر؟ ڕێگا! ٢١٤
✪ بۆچی پێویستە مەزهەب لە دەوڵەت جیا بێ؟ ٢١٨

ژیاننامەی شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی ٢٢٣